بیرەوەرییەکانی
سەفەرخان

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com



سیودوو ساڵ خۆڕاگریی لە زیندانەکانی شای ئێراندا
لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ عەلی ئەشرەف دەروێشیان

و: تەها عەبدوڵڵا فەرەج/ سێکانیانی

بیرەوەریی

بیرەوەرییەکانی سەفەرخان

سیودوو ساڵ خۆڕاگریی لە زیندانەکانی شای ئێراندا
لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ عەلی ئەشرەف دەروێشیان

وەرگێڕانی لە فارسییەوە:

تەها عەبدوڵڵا فەرەج/ سێکانیانی

سلێمانی

٢٠٢٢

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرێتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

بیرەوەرییەکانی سەفەرخان

چاوپێکەوتنی: عەلی ئەشرەف دەروێشیان
وەرگێڕانی: تەها عەبدوڵڵا فەرەج/ سێکانیانی
بابەت: بیرەوەری
نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆك: پەیام ئەحمەد
سەرپەرشتیاری چاپ: کارزان عەبدوڵڵا
قەبارەی کتێب: A5
ژمارەی لاپەڕە: (۲۹۰)
تیراژ : (٥٠٠) دانە
ساڵی چاپ: ۲۰۲۲
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی کارۆ
نرخ: (٦٠٠٠) دینار
لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (۲۰۰۰)ی ساڵی ۲۰۲۲ی پێدراوە

بەڕێوەبەرێتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
شەقامی وەیس، نزیك کتێبخانەی گشتی سلێمانی
۳۲۰۱۹٤۹

پێشەکی وەرگێڕ

سـەفەرخان، یان سـەفەری قارەمانیان، یەکێکە لە نـاوە دیارەکانی وڵاتی ئێران، ئەو بووە بە ڕەمزی خۆڕاگریی و قارەمانێتی زیندانەکانی شای ئێران. ئەم قارەمانە کە نازناوی بنەماڵەکەشیان (قارەمانی) بووە، کەسـێکی قارەمان و شۆڕشگێڕ و تێکۆشـەری ناوچەی ئازەربایجانی وڵاتـی ئێران بووە. ئەو لەگەڵ دەسـتپێکی شۆڕشـی ئازەربایجان، کە هـاوکات بـووە لەگەڵ کۆماری مهابـاد، چەکی هەڵگرتـووە و لە دژی جەور و سـتەمی ئاغا و دەرەبەگەکانی ئەو سـەردەمەی ئازەربایجان وەستاوەتەوە.

چەندین سـاڵ بوو ناوی سـەفەرخانم بیسـتبوو، دەمزانی کەسێکی ئازەرییـە و خەڵکـی ئازەرشـەهر و تەبرێـزە، دەمزانـی ئەویـش هەر وەکـو غەنی بلوریان، عەزیز یوسـفی، جەلیلی گادانی، بێژەنی جەزەنی و خوسـرەوی گوڵسـورخی زیندانییەکـی ئـازا و بـەورە و خۆڕاگری زیندانەکانی ئێران بووە، بەڵام هیچ زانیارییەکی ئەوتۆم لەسەر شێوازی خەبات و تێکۆشـان و ئاوارەیـی و دەسـتگیرکردن و خۆڕاگرییەکانی ناو زیندانی نەبوو. زۆر بەدوای سـەرچاوەیەکدا دەگەڕام؛ بەڵکو شتێک لەبـارەی ژیانی ئەو پیاوە قارەمانەوە بزانم، بەڵام هیچ شـتێکم نەهاتە بەرچـاو، ئەوەی لەبارەی ژیانی ئەوەوە دەمزانی هەر ئەوە بوو، کە لە دەمی چەند کەسـێکەوە گوێبیسـتی ببووم. ئەو کەسێکی ئازەریی بوو، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشـدا خەڵکی زۆر بە کەمی ئەویان دەناسـی. ئەوەبوو لە مانگی تەممووزی سـاڵی (٢٠٢١) هەواڵیان پێدام؛ کە هاوڕێی بەڕێز و خۆشەویسـتم کاک ئیسماعیلی قادری خەڵکی شارە جوانەکەی

سەردەشــت تووشــی کارەســات بووە و لــە نەخۆشــخانەی ئورومیە خەوێنراوە، منیش بە زوویی ڕێگای وڵاتی ئێرانم گرتەبەر و خۆم گەیاندە هاوڕێ بەڕێز و خۆشەویستەکەم. دوای بینینی هاوڕێ بەڕێزەکەم، وەک پیشــەی هەموو جارێکم لە شاری ئورومیە ڕۆیشتم بۆ سەردانیکردنی کتێبخانەکانی شــار، بە هەڵکەوت لە جامخانەی کتێبخانەیەکدا چاوم بە کتێبــی (خاطرات ســفر قهرمانیــان) کەوت، منیــش وەک حەوت هەنگم لــە دارێکــدا دۆزیبێتەوە، بــە خێرایی خۆم کرد بە نــاو کتێبخانەکەدا و گووتم: ئاغا گیان ئەو کتێبەم پێ بدە. هێندە تامەزرۆ بووم بۆی، هەر لە گەڕانەوەمدا تا گەیشتمەوە سلێمانی کتێبەکەم خوێندەوە، چونکە خۆشم زۆر ئاوارەیی و دەربەدەرییم بینیبوو، هەروەها زیندانیی سیاسی بووم و دەرد و مەینەتی ناو زیندانەکانی ڕژێمی بەعســم بینیبوو، شــاهیدی قارەمانێتی و خۆڕاگریی دەیان کوڕە کوردی سەفەرخانئاسا بووم، بۆیە کتێبەکە زۆر ســەرنجی ڕاکێشــام و بڕیارم دا وەریبگێڕمە سەر زمانی شــیرینی کــوردی. تاکو زیندانییانی سیاســی و قارەمانە خۆڕاگرەکانی گەلەکــەم زانیارییەکیان هەبێت لەبــارەی زیندانییانی خۆڕاگر و زیندانە تاریکەکانی وڵاتانی تر.

دیــارە دیکتاتــۆر لــە هەر ســەردەم و لە هــەر شــوێنێک بێت، هەر دیکتاتــۆرە، لــە زیندانەکانــی ڕژێمــە دیکتاتۆرەکانــدا جیاوازییەکی وا نابینیت لەبارەی ئەشکەنجە و لێدان و فەلاقەکردن و سوکایەتپێکردنی زیندانییان. چۆن لە زیندانەکانی بەعسدا داوایان لە زیندانییان دەکرد کە ببنە سیخوڕ بەسەر هاوڕێ زیندانییەکانیانەوە و هەوڵیان دەدا زیندانیی بــە زیندانیی ئەشــکەنجە بدەن، بــۆ ئەنجامدانی ئــەو کارەش؛ چەندین بەڵێنــی درۆیان بــە زیندانییــان دەدا، دیارە زۆر بە دەگمەن کەســێکی خاوەن بیروباوەڕ هەبووە خــۆی بدۆڕێنێت و ملکەچی داواکارییەکانی ئەوان بێت. هەڵســوکەوتی جەللادەکانی ســاواکیش هــەر وەها بووە و هیچیان لە هەڵسوکەوتی جەللادەکانی ڕژێمی بەعس کەمتر نەبووە.

شــای ئێران بە دەســتوخەتی خۆی لەســەر دۆســیەی سەفەرخان

دەنووسێت: بە هیچ شێوەیەک ئازاد ناکرێت و دەبێت تەواوی ژیانی لە زینداندا بەسەربەرێت، بەڵام دوای چەندین ساڵ مانەوەی لە زینداندا، ساواک فشارێکی زۆری لێ دەکەن تاکو پاکانەی پێ بنووسن و ئازادی بکەن، بەڵام ئەو ملکەچی داواکانیان نابێت، هەر بۆیە لەسەر نەنووسینی پاکانە جۆرەها ئەشکەنجە دەدرێت، ئەو دەڵێت: جارێکیان لەگەڵ (١٢٠) زیندانیی تردا منیان برد تاکو پاکانە بنووسین و ئازادمان بکەن، ئەوان هەموو پاکانەیان نووسی و سوپاسی شایان کرد، تەنها من نەمنووسی، دەڵێت: گەرچی ئەوان هەموویان بە ئازادبوونیان خۆشحاڵ بوون، بەڵام من لە هەموو ئەوانە خۆشحاڵتر بووم، چونکە توانیبووم لووتی ساواکییەکان بشکێنم و ویژدانی خۆم ئاسوودە بکەم. ئاسودە بووم بەوەی کە لە سەردەمی کۆماری ئازەربایجاندا ئەو بەڵێنەی بە خەڵکم دابوو، توانیبووم بەڵێنەکەم بەرمە سەر و خیانەت لە گەل و نیشتمانەکەم نەکەم...

سەفەرخان باسی هەڵوێست و ئازایەتی و خۆڕاگریی زیندانییانی وەکو بێژەنی جەزەنی و خوسرەوی گوڵسورخی و چەندین زیندانیی تر دەکات، کە چۆن لە زینداندا لەسەر پێداگرییان لە هەڵوێستەکانیان لەسێدارە دراون، هەروەها باسی کەسانی وەکو عەزیز یوسفی و غەنی بلوریان و جەلیل گادانی دەکات، کە هەرسێکیان کورد بوون و خەڵکی شاری مهاباد بوون و هەریەکەیان ماوەی (٢٥ تا ٢٨) ساڵ لە زینداندا مابوونەوە و ئامادە نەبوون ملکەچی داواکانی ساواک بن، بە جۆرێک باسی عەزیز یوسفی دەکات و دەڵێت: دوای (٢٥) ساڵ زیندانیی، بۆئەوەی نوێنەرانی خاچی سوری جیهانی چاویا پێی نەکەوێت، ساواک بە ناچاریی ئازادی دەکەن، بەڵام عەزیز یوسفی لەبەردەم سەرۆکی زینداندا دەڵێت: بۆ ئازادم دەکەن؟ خۆ من پاکانەم نەنووسیوە، دیارە تۆ و ساواک لە ناچارییدا ئازادم دەکەن.

پێویستە ئەوەش بڵێین، بیرەوەرییەکانی سەفەرخان پێشتر لەلایەن کەسێکی ترەوە بە ناوی (بەهرۆزی حەقی)یەوە لە وڵاتی ئەڵمانیا

چاپکـراوە، بەڵام سـەفەرخان ڕەخنەی لێی هەبووە و نەیویسـتووە لە وڵاتـی ئێران بڵاوی بکاتـەوە، هەر بۆیە دواتر نووسـەری بەناوبانگی ئێرانی عەلی ئەشرەف دەرویێشیان، کە هاوڕێی زیندانی بووە، سەرلەنوێ چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکاتەوە و ئەم کتێبەی هێناوەتە بەرهەم.

تەها عەبدوڵلا فەرەج/ سێکانیانی
٢٠٢٢/٧/١

پێشەکی نووسەر

کتێبی بیرەوەرییەکانی سەفەرخان ساڵی (١٣٧٢/ ١٩٩٣) لە وڵاتی ئەڵمانیا بە هەوڵ و تێکۆشانی (بەهرۆزی حەقی) لەچاپدراوە، بەڵام کتێبەکە جێگای ڕەزامەندیی سەفەرخان نەبوو، من لە مانگی ئازەری (١٣٧٤) لە دیداریکمدا کە لەگەڵ سەفەرخان ئەنجامم دا، ئەو گووتی: زۆربەی ئەو نووسینانەی ناو کتێبەکە قسەی من نین و بەهرۆزی حەقی چەندین وشە و ڕستەی تێکەڵ بە قسەکانی من کردووە، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە من نەتوانم بیرەوەرییەکانم بۆ هاوڵاتییانی خۆم بە چاپ بگەیەنم.

هەرچۆنێک بێت کتێبەکەی بەهرۆز لە چاوەڕوانی سەفەرخاندا نەبوو، من ماوەیەکی زۆرم لەگەڵ سەفەرخان لە زیندانەکانی ئەوین، قەسر و کۆمیتەی هاوبەش بەسەربردبوو، بۆیە نەمتوانی بەرامبەر ئەو دەستەوەستان بمێنمەوە، ئەگەرچی دەمزانی کارێکی گرانە و کاتێکی زۆری دەوێت، بەڵام لە یەکێک لە دیدارەکانمدا لەگەڵ ئەودا بەڵێنم پێ دا کە دووبارە بۆ ئامادەکردنی کتێبێک دەستبەکاربم. سەفەرخان دەیگووت: من تەواوی ئەو دەستنووس و بەڵگانەی کە چەندین ساڵ بوو کۆمکردبوونەوە لەگەڵ چەندین کاسێت هەموویم داوە بە بەهرۆز و ئیتر دەستم ناکەونەوە. من بەڵێنم بە سەفەرخان دا کە لە سەرەتاوە دەست پێبکەمەوە، بۆیە تەسجیلەکەم هەڵگرتوو لە هاوینی ساڵی (١٣٧٤/ ١٩٩٥) دوای نەشتەرگەرییکردنی و دابەزینی نزیکەی چل کیلۆ لە کێشی، هەفتانە دوو جار لای دادەنیشتم و بە ورەیەکی بەرزەوە یادەوەرییەکانی خۆی بۆ دەگێڕامەوە. لە کۆتاییدا یادەوەرییەکانیم

لەسەر (٢٣) کاسێتی یەک کاتژمێریی تۆمارکرد، دواتر یادەوەرییەکانیم خستە سەر کاغەز، دیارە سوودم لە کتێبەکەی بەهرۆزی حەقیش وەرگرتووە، زۆرێک لە بەڵگە مێژووییەکان و ناوی کەسایەتییەکان و بەڵگەکانم لە کتێبەکەی بەهرۆز وەرگرتووە.

ماوەیەک لە بیری ئەوەدا بووم کە بیرەوەرییەکانی سەفەرخان چۆن بنووسم، نووسینی ڕۆمانێک لەسەر بیرەوەرییەکانی ئەوم هەڵگرت بۆ کاتێکی تر، سەرەتا ویستم ئەم یادەوەرییە بە شێوەی ڕۆمان – یادەوەریی بنووسم، بەڵام دوای نووسینی نزیکەی دووسەد لاپەڕە، هەستم کرد لە ئێستادا توانای ئەو کارەم نییە. سەفەرخانیش پەلەی بوو دەیویست هەرچی زووترە کتێبەکەی بۆ ئامادە بکەم، دواتر بۆم دەرکەوت هەمان گووتە سادە و ڕاستگۆییەکانی ئەو باشترین ستایلە بۆ نووسین.

هیوادارم ئەم کتێبە بتوانێت ڕابردووی مرۆڤێکی تێکۆشەر و خاوەن بەڵێن بە زیندوویی بهێڵێتەوە، مرۆڤێک کە ماوەی (٣٢) ساڵ تەمەنی خۆی لەپێناوی ئازادیی گەلەکەی لە زیندانە تاریکەکانی ڕژێمی پەهلەوییدا بەسەر بردووە.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوەش بڵێین، کە نووسەر و وەرگێڕ و لێکۆڵەر (پەروێزی بابایی) دوای خوێندنەوەی کتێبەکە؛ بەشێک لە بابەتە مێژووییەکانی وەبیر هێنامەوە و زۆرێک لەو بەسەرهاتانەی کە سەفەرخان بیری چووبوون، یان لەسەر کاسێتەکان سڕابوونەوە، بە هاوکاریی ئەو و نووسەر (مورتەزای زەڕبەخت) تەواوم کرد.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان
١٣٧٥/٩/٢٠
١٩٩٦/١٢/١١

ئەو کەسەی گووتی (نەخێر)

خوێنەرانی بەڕێز:

چاپی چوارەمی بیرەوەرییەکانی سەفەرخان لەکاتێکدا دەگاتە دەستی ئێوە؛ کە خۆی لەناو ئێمەدا نەماوە. سەفەری قارەمانیان (سەفەرخان) مێژووی دەرد و ڕەنجی ئێمە بوو، مێژووی زیندان و ئەشکەنجەکانی ئێمە و مێژووی لەسێدارەدان و سەرکوتکردنی ئێمە بوو. ئەو کەسێکی لادێیی بوو، کەسێکی سادە و دڵپاک بوو، هەشتاو یەک ساڵ لە ژیاندا بوو. لە تەمەنی بیست ساڵییدا بۆ ئازادیی جووتیاران و زەحمەتکێشان دەستی داوەتە خەبات، لەژێر ستەمی دەرەبەگەکانی ئازەربایجان لە تەمەنی بیستوپێنج ساڵیدا لەگەڵ هێرشە دڕندانەکەی سوپای شا بۆ سەر ئازەربایجان ئاوارە دەبێت و دەڕوات بۆ وڵاتی عێراق. دوای بەرگەگرتنی دوو ساڵ زیندانیی و ئاوارەیی دەگەڕێتەوە بۆ ئێران و لە ساڵی (١٩٤٨/١٣٢٧)، واتە لە تەمەنی بیستوحەوت ساڵیدا دەستگیر دەکرێت و دەخرێتە کونجی زیندانەوە. لە تەمەنی پەنجاوحەوت ساڵیدا دوای مانەوەی (٣٢) ساڵ لە زینداندا، بەهەمان شێوە کە خۆی ئارەزووی بۆ دەخواست بە دەستی ئازادیخوازانی خەڵکی ئێران لە زیندان ئازاد دەکرێت. دوای ئازادبوونی تا کۆتایی ژیانی بە دەرد و ئازار و نەخۆشیی سیودوو ساڵەی زیندانەوە دەتلایەوە. ئەو لە زیندانی تووشی نەخۆشیی سییەکان ببوو. لە کاتژمێر (٣)ی بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممەی (١٩ی ئابانی ١٣٨١) (٢٠٠٢/١١/١٠) کۆچی دوایی کرد.

سەفەری قارەمانیان، قارەمانی زیندان و ئەشکەنجە و سیاچاڵەکانی زیندان، لەنێوان هەست و هاودەردیی هەزاران کەس، ڕۆژی چوارشەممەی (٢٢)ی ئابان تەرمەکەی لە نەخۆشخانەی ئێران

شەهرەوە گواسترایەوە و لە ئیمامزادەی تاهر کەرەج بەخاک سپێردرا.

قســەکردن لەســەر (٣٢) ســاڵ خۆڕاگریی لە هەلومەرجی سەختی نامرۆڤانــە و تاقەتپڕووکێنــی زینــدان، هەروا ئاســان نییــە. ئەو کاتێک کەوتــە کونجی زیندانــەوە، تەمەنی لە لوتکەی گەنجــی و جوانیدا بوو، بەدرێژایی ئەو ســاڵە ترســناکانە حەز و ئارەزووەکانی لەناوبران، ئەو بەورە و ئازایەتییەکی زۆرەوە ڕووبەڕووی ژیان وەستایەوە و گووتی: ((نەخێر)). کاتێکیش ئازادکرا پیرەمێردێک بوو.

دوای تێپەڕبوونی بیستوپێنج ساڵ لە زیندانییکردنی لە ساڵی (١٣٥٢/ ١٩٧٣)، کاتێک پاسەوانانی شا ناڕەزاییەکانی زیندانییانی سیاسیی تاران و شارەکانی تری ئێرانیان سەرکوت کرد، شەوێک سەفەرخان خەونێک دەبینێــت. (لــە خەونمدا ســاڵی ١٣٤٦/ ١٩٦٧ لە زیندانــی ئورمیەم، دار هەنارەکانــی ناو حەوشــی زینــدان گوڵێکی زۆریان کــردووە، تەواوی حەوشــەکە پــڕ ببوو لە گوڵە هەناری ســور، هیچ کاتێــک خەوی ئاوها خۆشــم نەدیوە، خەونەکــەم زۆر جوان بوو)، ئەو تــا چەند ڕۆژێک بە دڵێکی خۆشەوە خەونەکەی بۆ هاوڕێکانی دەگێڕایەوە.

ئــەو لەنــاو ئێمــەدا ڕۆیشــت، یــاد و یادەوەرییــە پــڕ شــکۆکانی ڕووبەڕووی ســتەمکاران دەوەستێت و ڕیسوایان دەکات. ئەو هەمیشە یادەوەرییەکانــی لەناو دڵی زەحمەتکێش و ســتەمدیدە و ڕۆشــنبیرانی ئازادی و دادپەروەرانی ئێرانی خۆشەویستمان بەزیندوویی دەمێنێتەوە.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان

مانگی ئابانی (١٣٨١/٢٠٠٢)

یادەوەرییەکانی سەفەرخان

لە شەقامی سەربەداران لە بەردەم کۆشکی ژمارە هەشت وەستاوم، پەنجــە دەنێم بە دووگمەی جەرەســی قاتی پێنجەمــدا، دەنگی دەرگاکە دێت و دەکرێتەوە. بە شەستوهەشــت پلیکانەدا ســەردەکەوم، لە پشتی دەرگاکەوە دەوەســتم و هەناســەبڕکەمە، لە دەرگاکە دەدەم، کەســێک لــە پشــتی دەرگاکــەوە وەســتاوە، زووتر لــە شووشــەی دەرگاکەوە ســێبەرەکەی دەبینم و دەرگاکە دەکاتەوە، هەروەکو کێوی (ســەبەلان) ڕاســت بە پێوە وەســتاوە، دەســتی بۆ لای من درێژ دەکات، دەســتم لەنێــو دەســتیدا ون دەبێت. دادێتەوە و ڕووخســاری دێنێتە پێشــەوە، لەســەر پەنجەکانی قاچم دەوەســتم و ئەملاولای ماچ دەکەم، دەرگاکە پێوەدەدرێتەوە. هاوسەری دووەمی سەفەرخان لە لایەکی ژوورەکەوە ڕاکشــاوە و ئازاری پشــتی هەیە، دەیەوێت هەڵســێت، بەڵام من ناهێڵم. دوودڵ بووم لەوەی هەڵسم و بڕۆم لە چێشتخانەکە چایی بهێنم. ئاخر ســەفەرخان لەنــاو ماڵدا هەمــوو کارەکان هەر خــۆی ئەنجامی دەدان. ئەگــەر من بچم چایی بهێنم نیگەران دەبێت، هیچ پەلە ناکەم، ئەو خۆی دەڕوات لە چێشتخانە لەسەر سینییەک سێ چایی دەهێنێت. دەستەکانی دەلــەرزن و چایەکان بەســەر پیاڵەکانــدا دەڕژێن، لەســەر قەنەفەکان دادەنیشین و هەواڵی یەکتری دەپرسین. وێنەیەکی سەردەمی لاوێتی لە بەرامبەرمان بە دیوارەکەدا هەڵواسراوە، کە بە جلوبەرگی سەربازییەوە گیراوە، لە وێنەکەدا چەکێکی بەدەستەوەیە و دەمانچەیەکیشی لە کەمەر بەستووە. چەکەکەی بە دەستی ڕاستی گرتووە و جگەرەکەشی لەنێوان پەنجەکانی دەســتی چەپیدایە. لەلایەکــی وێنەکەوە ئەم دێڕە هۆنراوەیە نووسراوە و پێشکەش بە سەفەرخان کراوە:

عەشق کە لە سەرەتادا ســەرکێش و خوێناویی بوو
هەرکەســێك ئارەزووی نەدەکرد، دووردەکەوتەوە.

لەلای سـەرەوەی ژوورەکەشـدا تابلۆیەکی جوانی سـەفەرخان بە دەستی پەروێزی حەبیب پوور نەخشێنرابوو، چوارچێوەی تابلۆکە یەک مەتر بە هەشتا سانتیمەتر بوو.

سـەفەرخان لەلای چەپمەوە دانیشتووە، هەروەک هەمیشە هێمن و لەسـەرخۆیە، بە هێواشـی مژی لە جگەرەکەی دەدا. من هەمیشە ئەوم بـە هێمنی بینیـوە، ئەو هێمنییەی ئەو وانەیەک بـووە بۆ من و زۆرێک لە هاوڕێکانی. تەنانەت لە زیندانیشـدا و کاتێک کە پۆلیس هەڵیکوتاوەتە سەریان، ئەو ئارامیی خۆی لەدەست نەداوە. تەسبیحە بچکۆلانەکەم لە گیرفانم دەردەهێنم. هەوا گەرمە، ئاو سـەرناکەوێت بۆ نهۆمی پێنجەم، موبەریدە کار ناکات. سەفەرخان بەردەوام بە دەستەسڕەکەی ئارەقەی ناوچاوانی دەسڕێت. تەسجیلەکە پێدەکەم و دەڵێم: سڵاو سەفەرخان، من ئەمڕۆ دەمەوێت یادەوەرییەکانی تۆ تۆمار بکەم، بفەرموو: سەفەرخان، بزانم تۆ لەکوێ لەدایک بوویت؟

ئەو هەمیشـە جگەرەکـەی بە دەمییەوەیەتی، مژێـک لە جگەرەکەی دەدات و ڕووخساری لەنێو دووکەڵدا ون دەبێت، تاکو باشتر گوێبیستی وتەکانـم ببێـت، گوێی چەپی لە من نزیک دەکاتەوە. ئەو گوێی ڕاسـتی هیچ نابیسـتێت. (دواتر ئەمەم بۆ دەرکەوت) سەریم لێ نزیک دەکاتەوە و دەڵێـت: ئەمەی تۆ دەیکەیت پرسـیار و وەڵامە، من حەز لە پرسـیار و وەڵام ناکەم، چونکە من تەمەنێکە پرسـیارم لێدەکرێت، وا باشترە بە ئازادانە قسە بکەم.

بەهەرحاڵ ئێسـتا تۆ دەسـت پێ بکە. چۆنت پێ باشـە پرسیار بکە، منیـش وەڵامت دەدەمـەوە. تاقەتت هەیە قسـە بکەیـت... مەڵێ تاقەتت هەیە... ئاخر نامەوێت ماندووت بکەم.

سەیرێکی پەنجەرەکان دەکات و چاوی بۆ دوور دەڕوانێت...

سەفەرخان: من ساڵی (١٩٢١/١٣٠٠) لە گوندی شیشوان لەدایک بووم. شیشوان گوندێکی گەورەیە، بەستراوەتەوە بە دەریاچەی ئورمیەوە. گوندێکی زۆر خۆشە. خاکێکی بەپیت و سەر سەوزی هەیە. لە شارەکانی بناو و ئازەرشەهر و مەراغەوە نزیکە، بە تەنیشت شاری عەجەبشێرەوەیە، ڕووباری قەلاچای بەناو گوندەکەدا تێدەپەڕێت.

باوکم ناوی حوسێنە و دایکیشم ناوی گەوهەر تارجە. ماڵەکەمان قەرەباڵغ بوو، ژمارەمان زۆر بوو، باوکم بە تەنها نەبوو، ئەوان سێ برا بوون، هەریەکەیان چەند منداڵێکیان هەبوو، ئێستا ناوەکانیانم لەیاد نییە. هەندێکیان ئێستاش هەر ماون، هاوڕێیانی سەردەمی منداڵیم، مندالانی گەڕەک بوون و هەموویان نەخوێندەوار بوون، هیچ شتێکیان لەبارەی ژیان و ئەم جیهانەوە نەدەزانی. نەیاندەزانی لە ژیانیاندا چی دەگوزەرێت، ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە دەبێت هەمیشە لە خزمەت ئاغاکاندا بن، هەمیشە لە خزمەتدا بن و لەژێر سایەی ئاغاکاندا بن. ئەگەر خوانەکردە ڕۆژێک ئاغا لە کەسێک دڵگیر ببووایە، ئەوا ئەو کەسەی دەکردە گەوڕی ئاژەڵەکانەوە و لەوێ زیندانیی دەکرد. زۆرێک لە ئاغاکان لەناو گەوڕەکانیاندا زیندانی تایبەتیان دروستکردبوو، ئێستاش شوێنەواری ئەو زیندانانە هەر ماون. ئەو زیندانانە قفڵ و زنجیر و هۆکارەکانی ئەشکەنجەدانیان تیادا بوو. لەدوای شۆڕشی (١٩٧٩/١٣٥٧) خەڵکی ئەو کەلوپەلی زیندانانەیان هێنایە دەرەوە و زنجیرەکانیان لە قاچیان دەبەست و وێنەیان پێوە دەگرتن و لە ڕۆژنامەی کەیهان-دا بڵاویان دەکردنەوە.

ئەو سەردەمە خەڵکانی هەژار لە ژیانێکی دژواردا بوون، لەوپەڕی بەهێزیی حکومەتی پەهلەوییدا لە (٤٧٦) گوندی ناوچەی ماکۆ، (٣٥٠) گوندیان لەژێر دەسەڵاتی (ئانال خانم)و کوڕەکانیدا بوو، لە ناوچەی خومسەی ئازەربایجان زولفەقارییەکان (٣٦٣) گوندیان لەسەر تەملیک کرابوو.

باوکی ئاغاکانی ئێمە لە قاجارەکان بوون، لەدوای عەباس میرزا،

ئیمام قولی میرزا کرا بە والی ئازەربایجان، ئەو، شـوێنی پشـوودانی، گوندەکـەی ئێمە بوو، بەڵام لە شـاری تەبرێـزەوە حکومڕانیی دەکرد. دامـودەزگا و بەڕێوەبردنی ناوچەکـەی لە تەبریز بوو. ئەم ئیمام قولی میرزایـە دوانزە کـوڕی هەبوو، کـە هەریەکێکان لە گوندی شیشـوان کۆشکێکی بۆ خۆی دروستکردبوو. ئەوان بە تەواویی دەستیان بەسەر بـاخ و زەوی خەڵکیـدا گرتبـوو. ئـەو خەڵکە هـەژارە دەبووایە سـاڵ دوانزەی مانگ بێگاریی بۆ ئاغا بکەن. دەبووایە لە هەر ماڵێک کەسـێک بـڕوات و کار بـۆ ماڵـی ئاغا بـکات، گیایان بۆ بدوورێـت، گێرەیان بۆ بکات، ترییان بۆ بڕنێت و خزمەتی باخەکانیان بکات. کاتێک ئاغا دەهات بۆ ناو گوند، هەموو خەڵکی لەبەری هەڵدەسـتان و کڕنووشـیان بۆی دەبرد، خۆ ئەگەر کڕنووشـیان بۆ نەبردایە، ئەوا دارکارییان دەکردن و زیندانییان دەکردن.

کاتێک تەمەنم هەڵکشا و کاتی چوونە قوتابخانەم هات، هەروەکو هەر منداڵێکـی تر ئارەزووی فێربوونم هەبوو، بـەڵام ئاغاکان لە ناوچەکەدا هەموو دەسـەڵاتێکیان هەبـوو، حەزیان بەهۆشـیاربوونەوەی منداڵان نەدەکـرد، لە گوندەکاندا دژی کردنەوەی قوتابخانە بوون، هەربۆیە من ناچـار بووم ماوەی حەوت سـاڵ لە حوجرە و لـەلای مەلاکان وانەی گوڵسـتان و بووستان بخوێنم، بەڵام لەبەرئەوەی من زمانەکەم تورکی بوو، هیچ شـتێک فێر نەبووم. دوای ئەوە لە شاری عەجەبشێری نزیک گوندەکەمـان قوتابخانـە کرایەوە، منیش چووم بۆ ئـەو قوتابخانەیە و خوێندنی سـەرەتاییم لەوێ تـەواو کرد، بەڵام بەهۆی دەسـتکورتی و نەبوونییەوە بەختی ئەوەم نەبوو بەردەوام بم لە خوێندن. باوکم چەند پارچە زەوییەکی هەبوو، بەهۆی چاندنی ئەو زەوییانەوە ژیانی خۆمان دابین دەکرد. هێز و ماندووبوون لە ئێمە بوو، بەرهەمیش بۆ ئاغا بوو. هەروەکو چۆن ئەبولقاسـمی لاهوتی شاعیری کرماشانی هاوشاری تۆ دەڵێت:

هەوڵ و تێکۆشان لە ئێمە، بەرهەمیش بۆ کەسانی تر.

جووتیـارەکان ناچـار بوون کاری بێگاریی بـۆ ئاغا ئەنجام بدەن و خواسـتەکانی ئەوان جێبەجێ بکەن. ئاغاکانیش بەردەوام بەهانەیان بە جووتیاران دەگرت.

بیـرم دێـت کاتێـک تەمەنـم حەڤـدە- هـەژدە سـاڵان بـوو، بـۆ بەدەسـتهێنانی پاروەوە نانێک لـە کاری جووتیاریـدا، هاوکاریی باوکم دەکـرد. ئەو کات پۆلیسـەکان دەهاتـن و ئـازاری خەڵکەکەیان دەدا و دواتـر تەواوی گوندنشـینەکانیان بە پێی پەتی دەبرد بـۆ مەراغە. لەو کاتەدا ناچار دەبووین بۆ ڕزگارکردنیان لە دادگا و زیندانیی نەکردنیان ڕەشوە بدەین. ئەو بەرهەمەی ساڵانە لە زەوییەکان بەرهەممان دەهێنا، زۆربـەی لەکاتی پاییزدا و لەژێر بەفر و باراندا لەناو دەچوون، ئەوەی دەمایەوە بەشـی زۆری بۆ ئاغاکان دەبوو، هەربۆیە بەشێکی زۆر کەم بۆ خۆمان دەمایەوە. ئەو بەشە کەمەی خۆمان ناچار بووین بیدەین بە ڕەشـوەی پۆلیس و دادگا. هەندێک جار گوندنشـینەکان ناچار دەبوون خۆیان نامە بۆ ئاغا بنووسن، ئەمەش نموونەیەکە لەم نامانە.

ئێمـە ماوەیەکە بەرهەمی کشـتوکاڵمان کۆکردووەتەوە، چاوەڕوانی مۆڵەتی بەڕێزتانین. ئێوە تاکو ئێسـتا مۆڵەتتان پێ نەداوین کەمێک لەو بەرهەمە ببەینەوە بۆ ماڵەوە، تاکو بۆ خواردنی خۆمان بەکاری بهێنین، ئێمە زۆر برسین و پێویستمان بە خواردن هەیە.

جووتیارانـی ناوچەکە زۆربـەی تەمەنیان لـە زیندانەکانی دەوڵەت بەسەر دەبرد، یان پێوەنی زنجیریان لە پێ دەکرا و لە زیندانی ئاغاکان زیندانیـی دەکـران، خـۆ ئەگەر لـە زیندانـدا نەبوونایە، ئـەوا ئاوارە و سـەرگەردان هەر ڕۆژەو لە بنکەیەکی پۆلیس لە تەبریز و مەراغە، یان دادگاکاندا بەدوای کەسوکاریاندا دەگەڕان.

ئەوکات گرنگترین ئامرازی بەرهەمهێنان، مانگا بوو، بەهۆی ئەوەی ئاغاکان مۆڵەتیان نەدەدا مانگاکان لەو کایە بخۆن کە بەرهەمیان دەهێنا، ئـەو ئاژەڵە داماوانە لە برسـاندا بە بەرچـاوی خاوەنەکەیانەوە مردار دەبوونەوە. تەواوی پارێزگای ئازەبایجان لەژێر دەسـەڵاتی ئیمام قولی

والــی تەبرێزیدا بوو، گوندی شیشــوانیش بە چەقــی فەرمانڕەوایی ئەو ئەژمار دەکرا.

لە سەردەمی لاوێتیمدا بەردەوام خەریکی کارکردن بووم، ڕۆژێکیان ئەوەنــدەم کا و وێنجە دابوو بە ئەســپی پۆلیســەکان، تەواو شــەکەت بووم. ڕووم کردە باوکم و پێم گووت: باشە بۆچی دەبێت ئێمە هەرچی هەمانە دەرخواردی ئەم مفتەخۆرانەی بدەین؟ باوکم کەسێکی دنیادیدە بوو، گووتی: کوڕم جارێکی تر ئەو قسانە نەکەیت، ئاغاکان وەک میوان ئەم پۆلیســانە دەهێننــە گوندەکەمان، ئەگەر ئێمــە ناڕەزایی دەرببڕین، دەمانکەنــە گەوڕەکانیانەوە و دارکارییمان دەکەن و زیندانییمان دەکەن و هەرچی هەمانە و نیمانە دەیبەن.

منیش لێم پرسی: مەگەر حکومەت نییە بە هانامانەوە بێت؟

باوکم بە پێکەنینێکــی تاڵەوە گووتی: حکومەتی چی؟ حکومەت واتە ئەم شــازادانە، ئەم پۆلیسانەش لەژێر دەســەڵاتی ئەواندان، ئەوان چی بڵێن پۆلیسەکان لە قسەیان دەرناچن.

خۆ تەنها ڕەنج و ماندووبوونمان لەلایەن ئاغاکانەوە بەتاڵان نەدەبرا. ئــەوان بــەردەوام زوڵم و ســتەمیان دەکــرد، ناموســی جووتیارانیان دەشــکاند، هــەر ڕۆژە و بەهانەیەکیــان دەگرت، هەر شــەوە و دەرد و مەینەتییەکیان پێ دەداین، شــەوانە بە خەم و خەفەتی تازەوە سەرمان دەخســتە ســەر ســەرین. ئەم هەموو چەوســانەوە و نادادپەروەرییە، ئێمەی بەرەو خەباتێکی حەتمی دژی نادادپەروەریی پەلکێش دەکرد.

گووتم باوکم جووتیار بوو، زەوییەکەش هی خۆمان بوو، بەڵگەشمان هەبــوو، بەڵام ئاغاکان موڵکانەیان لێوەردەگرتین. ئێمە زەویمان دەکێڵا، تۆومان دەچاند، ئاومان دەدا، تەواوی کارەکان لە ئەستۆی جووتیاراندا بــوو. دوای ئەوەی کە بەروبووم کۆدەکرایەوە، ئاغا، یان نوێنەری ئاغا دەهــات و بەرهەمەکــەی دەکردە ســێ بەش. دوو بەشــی بۆ جووتیار و بەشــێک بۆ ئاغا. جووتیار ناچاربوو بەشــی ئاغا لەگەڵ بەشــەکەی خۆیــدا ببــات بۆ عەمبار. تەنانەت کای گەنمەکەشــیان بەهەمان شــێوە

دابەش دەکرد. کاتێک کە گەنمەکەمان دەکردە عەمبارەوە، نوێنەری ئاغا دەهات دارێکی درێژی لە عەمبارەکە دەدا و لەناو گەنمەکەدا دەیچەقاند، بۆئەوەی هیچ کەسێک مافی ئەوەی نەبێت دەستکاریی گەنمەکە بکات. واتە ئەگەر ئاژەڵێک، یان باڵندەیەک لە گەنمەکەی بخواردایە، ئەوا ئەو دارەی کە دایان نابوو، گۆڕانکاریی تیا بەدی دەکرا. ئەوکات بەهانەیان پێ دەگرتین، کە بۆچی ڕێگرییمان لە ئاژەڵ و باڵندە نەکردووە.

شاعیری جووتیاران ئازەر ئوغلی چەندین هۆنراوەی بە زمانی ئازەری هەیە لەسەر چەوسانەوەی جووتیاران.

ئێمە بەردەوام لەگەڵ ئاغاکاندا لە ڕووبەڕووبوونەوەی یەکتریدا بووین. ئێمە دەمانگووت ئەم زەوییانە موڵکی خۆمانە. ئەوانیش دەیانگووت بەشێک لە داهاتەکەی بدەن بە ئێمە. تەواوی ئەرک و ماندووبوون لە ئەستۆی ئێمە بوو، خۆ ئەگەر بە ڕێکی حسابی بکەیت، نزیکەی سێ بەشی بۆ ئەوان دەبوو، بەشێکی بۆ ئێمە دەمایەوە. هەمیشە لە دادگای مەراغە ڕووبەڕووی یەکتری دەبووینەوە. ئەوان دەڕۆیشتن قران بە قران پارەیان لە جووتیاران کۆدەکردەوە و جووتیارەکانیشیان دەبردن بۆ مەراغە و لەوێ لە دژی جووتیارەکان ڕەشوەشیان دەدا بە دادگا. ئاغاکان دەسەڵاتیان هەبوو، حکومەتیش بە دەست ئەوانەوە بوو، لە کۆتاییدا تەواوی هەوڵەکانی جووتیاران دەبووە نەخشی سەر ئاو و لە دادگادا ئاغاکان دەبوونە براوە و جووتیارانیش دەدۆڕان.

ئیمام قولی میرزا خاوەنی سەر و ماڵی ئێمە و خاوەنی ناوچەی ئازەربایجان بوو، ئەو خزمی موزەفەرەدین شا بوو، هەر ئەویش ئەو شوێنە بەپیت و بەرەکەتەی بە ئەو بەخشیبوو. نازانم شا خاڵی بوو، یان کوڕە خاڵی بوو. دەریاچەی ئورمیەش هەر موڵکی ئەوان بوو، موڵکی ئاغا بوو، خۆیان کەشتییان هەبوو، ئەو کەشتییانە هی ڕووسەکان بوو، کە لە جەنگی دووەمی جیهانیدا لە ڕێگای کەسێکی ئەرمەنی تەبرێزی گەیشتبووە دەستی ئاغای قاسمییەکان. ئەو کەشتییانە لەنێوان ئورمیە و دانالو هاتوچۆیان دەکرد و گەشتیاریان دەهێنا و دەبرد.

به منداڵی له دەرەبەگەکان دەترســام، چونکه هەرکات بیانویســتایه دەهاتن و دەیانبردین له گەورەکانیاندا زیندانیی و دارکارییان دەکردین، تا ئێره یادەوەرییەکانم تایبەتن به ژیانی خۆم.

عەلی ئەشــرەف دەروێشیان: له کەســانی بنەمەڵەکەت ئەگەر کەســێکت لەیادە بۆمان باس بکە، دایــە گەورەت، بابە گەورەت، یان هەر کەسێکی تر...

سەفەرخان: بابە گەورەی خۆمم بیرنایەت، بەڵام دایە گەورەم زۆر پیر بوو، هیچ شتێکی ئەوتۆشم لەبارەی ئەوەوە بیر نییە. کاتێک من له زیندانیی بووم، دایکم کۆچی دوایی کرد. باوکم تا ســاڵی (١٩٦٢/١٣٤١) له ژیاندا مابوو، کاتێک ئەویش کۆچی دوایی کرد من له زینداندا بووم، هــەر له زیندانــدا بووم که هاوسەرەکەشــم کۆچی دوایــی کرد. دواتر باسی دەکەم که چۆن کۆچی دوایی کرد.

گووتم له حوجرە، مەلا وانەی گوڵســتان و بوستانی پێ دەگووتین، من ماوەی هەشت ساڵ لای مەلا خوێندم، یەک وشە فێر نەبووم، بەڵام قورئانــم خوێند، ســاڵێک لەلای مەلاباجییەک قورئانــم خوێند. که ژنێک بوو ڕۆژانەیەک نانمان پێدەدا و ئەویش فێری قورئانی دەکردین.

کاتێک دەوڵەت هات له عەجەبشــێر قوتابخانه بکەنەوە، دەربەگەکان ڕێگەیــان نــەدا. له ناوچەکــەی ئێمەدا حەفتــا گوند هەبوو، لــەم حەفتا گوندەدا یەک مامۆستا نەبوو، ئەگەر کەسێک بیویستایه شتێک بخوێنێت، دەڕۆیشت بۆ لای مەلا، یان ئاخوند. دواتر چەند میرزایەک پەیدا بوون کــە تەنها یەک کتێبی فارســییان هەبوو، ئێمــە دەچووین بۆ لای ئەوان. هەرچۆنێک بێت ماوەیەک ڕۆیشــتم بۆ لای ئەوان، بەڵام یەک وشە فێر نەبــووم. تاکو ڕەزا شــا له عەجەبشــێر قوتابخانەی کــردەوە و منیش ڕۆیشتم بۆ ئەو قوتابخانەیە و تاکو پۆلی شەشەمی سەرەتاییم خوێند. من پێشتر لای مەلاباجییەک قورئانم خوێندبوو، هەرکەسێک که قورئانی خەتم دەکرد، هاوڕێکانی به کۆمەڵ دەچوون بۆماڵیان و مەراسیمێکیان

دروســـت دەکرد و نانی نیوەڕۆیان لەوێ دەخوارد. بەو مەراســیمەیان دەگووت (قورئان چیخما)، واتە قورئان خەتمکردن.

هەرچەندە ئێمە لە ئاغاکان دەترساین، بەڵام جووتیارەکان لایەنگری ئێمە بوون. ڕاستە کە ئێمە جووتیار بووین، بەڵام لە گوندەکەدا لایەنگرمان زۆر بوو. خزم و کەســمان زۆر بوو، گەنجی باشــمان هەبوو، گەنجی ئازا و جەســور، زۆربەی زۆری دانیشــتووانی گوندەکە یەک بەرەباب بووین. هەموومان یەک عەشیرەت بووین. هەر بەو هۆیەشەوە ئاغاکان نەیاندەتوانی وەک خەڵکانی تر زۆر ئازاری ئێمە بدەن، بەڵام هەر کاری خۆشــیان دەکرد. بۆ نموونە ڕۆژێک پۆلیس هاتن بۆ گوندەکەمان. ئاغا پۆلیسێکی هێنا بۆ ماڵی ئێمە، ئەو پۆلیسە ماوەی دە ڕۆژ لە ماڵی ئێمەدا مایەوە. کا و جۆ و وێنجەمان دەدا بە ئەســپەکەی، دەبووایە گۆشـــت و قبوڵیش بدەین بە خۆی. هەموو ڕۆژێک مریشــکێکمان بۆ ســەردەبڕی. ئەو ســـەردەمە پۆلیس هەموو شــتێک بــوو. کاتێک ئــەوان دەهاتن بۆ گوندەکە، ئاغا ئەوانی بەسەر ماڵاندا دابەش دەکرد، بۆئەوەی ئەو خەڵکە خەرجییان بکێشــێت. ئەوان هەرگیز پۆلیســەکانیان نەدەبردە ماڵەکانی خۆیــان. ئەی کەواتە پۆلیس بۆچی دەهاتنــە گوندەکەمان؟ چونکە ئێمە بەردەوام لەگەڵ دەرەبەگەکاندا لەکێشــەدابووین، کێشە و شەڕ لەسەر باخ و زەوییەکان.

ژیانی ئێمە بەردەوام ڕەنج و کارکردن بووە. لە تەمەنی دە ســاڵیدا کە ڕۆیشتم بۆ لای مەلاباجی فێری قورئان بووم، کاریشم دەکرد. ئێمە ڕەزی ترێی زۆرمان هەبوو، خۆت هاتوویت و بینیوتە، ئێمە سێ جووت گاجووتمان هەبوو، خەڵکانی تر یەک جووتیان هەبوو، ئێمە یەک چرکە بێکار نەبووین.

باوکــم بەردەوام جوێنــی دەدا و لێی دەداین، دەیگــووت کە بڕۆین ئاڵف بهێنین و گوێرەکەکان ببەین بۆ لەوەڕ و ئەســپەکان تیمار بکەین. تــەواوی لێپرســـراوێتی ئەو ئاژەڵانە لە ئەســتۆی من بــوون، ئەو کاتە تەمەنم چواردە ساڵ بوو.

ڕۆژێک سکم ئازاری هەبوو، ڕۆیشتم بۆ لای حەکیم، لە گوندەکەماندا یــەک حەکیم هەبوو، ناوی حەکیــم کەریم بوو، ئەو گیادەرمانی هەبوو، ئەو ســەگبابە دەرمانی پێ نەدام. منیش لەبەر خۆمەوە گووتم: خودایە ڕۆژێک بێت من تۆڵە لەم حەکیمە بکەمەوە. هەرچۆنێک بێت ئەو دەرمانی پــێ نــەدام و منیش ئــازارم زۆر بوو. حەکیم کەریم کەســێکی بەهایی بــوو، کوڕەکــەی تا ماوەیــەک لەمەوبەر لە تاران دوکانــی گیادەرمانی هەبــوو و دەرمان گیایی دەفرۆشــێت، ئەو کوڕێکــی باش بوو، لەدوای شۆڕش چەند جارێک هات بۆ ماڵمان، لەوانەیە ئەویش ئێستا هەڵاتبێت و وڵاتــی جێهێشــتبێت. باوکــی کتێبێکی بــە زمانی تورکــی هەبوو، کە دەســتنووس بــوو، چاپ نەبوو. ئەو ســوود و گرنگیــی گیایەکانی لەو کتێبەدا دەخوێندەوە، لە دوای خۆی ئەو کتێبە بۆ کوڕەکەی جێما و بۆی بوو بە خێر و بەرەکەت.

عەتارەکان بە ناوی دەرمانەوە کەمێک تەپوتۆزیان کۆدەکردەوە، کە دەیانکردە ناو پاکەتی بەتاڵی جگەرەوە و دەیان دا بە ئێمە و دەیانگووت ئەمە ئەسپرینە، لەو سەردەمەدا کەپسول نەبوو، ئێمە ئەو تەپوتۆزەمان دەخوارد، هەر بۆیە ئەو کات مردن زۆر بوو. نیوەی خەڵکی گوندەکەمان کەچەڵ بوون، کوێریی و تەراخوما زۆر بوو، نەخۆشــیی ئاوڵە هەبوو، ئێستاش ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشیی ئاوڵە بوون، چەند کەسێکیان ماون و دەموچاویان کونج بووە.

ئــەو ئیمام قولــی میرزایەی کــە والــی ئازەربایجان بــوو، تەواوی گوندەکانی دەوروبەری دەریاچەی ئورمیە موڵکی ئەو و دەرەبەگەکانی تــر بوون، ئــەوان لە کوردســتانیش موڵکیــان زۆر بوو، لێــرەوە تاکو مهابــاد زیاتــر لــە (٣٠) گوندیــان هەبوو. لەم شــوێنەی ئێمــەوە تاکو مهابــاد ژمارەیەکــی زۆر گوند هەیە. تــەواوی دەوروبەری دەریاچەی ئورمیە موڵکی ئاغاکان بوو، (خوێ)ی دەریاچەی ئورمیەش هەر ئەوان دەیانفرۆشت. زەوییەکانیش بە تەواویی موڵکی ئەوان بوو.

ئێمــە دەڕۆیشــتین بۆ ئەو دەشــتە، دڕک و گیامــان کۆدەکردەوە و

دەمانبرد بۆ ماڵی ئاغا. ئەوان زیاتر لە دووسەد ئەسپیان هەبوو، یەک مێگەل مانگا و وڵاخیان هەبوو، ئەوان مێگەلەکەیان مافی ئەوەی هەبوو بچێتە مولک و باخی هەرکەسێکەوە و بە ئارەزووی خۆیان تیایدا بلەوەڕێن، هیچ کەسێکیش مافی ئەوەی نەبوو لە باخەکەی خۆی دەریان بکات. ئەو مێگەلە وڵاخە ئازاد بوون و مۆڵەتیان پێدرابوو. ئێستا بڕۆن لە خەڵکانی ئەو سەردەمە بپرسن و بزانن ڕۆژگارێکی چەند سەخت و پڕ لە نەهامەتییان هەبووە. لەوانەیە هەموو کەس باوەڕ نەکات کە خەڵکی ئازەبایجان چۆن لەژێر ستەمدا بوون، لە نەبوونی و برسێتیدا لە ڕیزی نانەواکاندا دەمردن. حاجی زادەی ئازەربایجان هونەرمەندێکی شانۆکار بوو، لەسەر ئەو نانە بۆگەن و ڕەق و خراپەی کە خەڵکی لە نانەواکان ڕیزیان بۆ دەگرت، بە تەنزەوە دەڵێت: هیتلەر هەر ڕۆژە دەست بەسەر وڵاتێکدا دەگرێت، ئەگەر ڕەزا شا پیاوی مەیدانە، با بێت یەک نان لەم نانە وەربگرێت، ئەگەر زۆر زۆر پیاویشە با بێت و یەک پاڕووی لێ بخوات.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: لەو ساڵانەدا هاوڕێکانت کێ بوون؟

سەفەرخان: لەو ساڵانەدا هاوڕێکانی من تەنها منداڵی جووتیارەکان بوون، بەیەکەوە دادەنیشتین و گفتوگۆمان دەکرد، کە ئاغاکان بە سواری ئەسپەکانیان دەهاتن، ئێمە ڕامان دەکرد، وامان هەست دەکرد دێن و دارکارییمان دەکەن و پێمان دەڵێن بۆچی لێرە کۆبوونەتەوە.

کاتێک ژن و کچانی ئاغا دەچوون بۆ حەمام، هیچ کەسێک مافی ئەوەی نەبوو لەناو گوندەکەدا بێت. دەبووایە هەرکەس بە زوویی بڕواتە ماڵەکەی خۆی و نەیەتە دەرەوە. خۆ ئەگەر کەسێک لە دەرەوە بووایە، دەبوو ئەو کەسە ڕووە و دیوارێک بوەستایە تاکو ئەوان تێدەپەڕین. حەمامەکەش لە کۆشکەکەیانەوە نزیک بوو، دوای گەڕانەوەی ئەوان لە حەمام، ئینجا خەڵک بۆیان هەبوو لە ماڵ بچنە دەرەوە.

هاوسەری سـەفەرخان: ئێمە لەگەڵ سـەفەرخان ڕۆیشتبووین بۆ شیشوان، لەمماڵەوە دەچووین بۆ ئەو ماڵ. دەچووینە هەر ماڵێک گوێم لێبوو دەیانگووت مەلەک قاسـمی مـردووە، نەفرەتی خودای لێبێت. من پرسیارم دەکرد بۆچی نەفرەتی لێ دەکەن، ئەو پیاوە کێ بووە، ئەوەندە نەفرەتـی بـۆ دەنێرن. دەیانگـووت ئەو نەدەبوو وا بە ئاسـانی بمرێت، دەبووایـە تۆڵـەی لـێ بکرێتەوە. منیـان برد بۆ ژوورێـک، ئەو ژوورە ئێستاش لە خانووەکەی سەفەرخاندایە. گووتیان کاتێک کە سەفەرخان لاو بوو شـەوێک لەگەڵ هاوسـەری خوشـکەکەی- حەیـدەر ئاغاقی و ئەحمـەد فەخری نەژاد و محەمەد نووری لـە کێڵگەکەوە گەڕابوونەوە و دەیانویسـت لەو ژوورەدا نانی ئێوارە بخۆن، لەپڕێکدا خزمەتکارێکی ئاغـا بە شـڵەژاوییەوە خۆی کـردووە بە ژووردا، لێی دەپرسـن چییە بۆچـی وا شـڵەژاویت؟ خزمەتکارەکـە دەڵێت: دوێنێ شـەو هاجەریان کردبـوو بە بووک، پیاوانی ئاغا بە هێزی چەک هاجەریان لە ماڵی زاوا وەرگرت و بردیان بۆ ئاغا.

سـەفەرخان: بەڵـێ، ئـەوە ڕاسـتە، هەمـان خزمەتـکار کـە ئـەو بەسـەرهاتەی بۆ گێڕاینەوە، خۆشـی لەگەڵیدا بوو. گووتی: ئەو شەوە بڕیـار وابـوو کچە بچێتە ماڵی زاوا، بەڵام ئاغا ئێمەی نارد و لە پێشـدا بووکمان برد بۆ ئاغا. خۆ هەر ئەو ئاغایە ئەو جۆرە کارەی نەکردووە، لـە تـەواوی گوندەکانـی ئازەربایجان ئاغا دەسـەڵاتدار بـوون و هەر کارێکیان پێخۆشبووایە ئەنجامیان دەدا.

هاوسەری سەفەرخان: دوای ئەوەی کە خزمەتکارەکە باسی بردنی بووک و دارکاریکردنی زاوا و هەڵاتنی زاوای کرد، حەیدەرخان دەستی لـە خواردن کێشـایەوە، گووتـی: ئیتر ئێرە جێگای دانیشـتن نییە، ئێمە تا ئێسـتا لەگەڵ ئەمانەدا مەدارمان کردووە، بەڵام ئێسـتا دەستدرێژیی دەکەنە سـەر ناموسـمان، ئەم ئاغایانە تا ئێستا برسـییان دەکردین و ڕەنجی ئێمەیان دەخوارد، بەڵام لە ئێسـتا بەدواوە ئەوا ناموسیشـمان دەبەن. هەر لەوێ هەرچواریان دەست لە خواردن هەڵدەگرن و سوێند

دەخـۆن تـا تۆڵـە نەکەنەوە دانانیشـن. بەڵێ، ئەو کەسـەی کە ئێسـتا نەفرەتـی لێدەکەن، ئەو ئاغایە بوو کە ژیانی ئێمەشـی تێکدا. ئەو چوار کەسـە چەکیان کردە شـانیان و لەو ڕۆژەوە دەسـتیان کرد بە خەبات تـا لە کۆتاییـدا حەیدەرخانی ئافاقـی لەسـێدارەدرا و ئەحمەد فەخری نەژاد بێسـەر و شـوێن کرا و دیاریش نییە چی بەڵایەک بەسەر ژن و منداڵەکانیدا هاتووە. کەسـی سێیەمیش محەمەد نوری گوللەباران کرا. سـەفەرخانیش چارەنووسی بەوە گەیشت کە ماوەی سیودوو ساڵ لە زینداندا بێت.

سەفەرخان: ئاغاکان لە گوندەکەی ئێمەدا بەرنامەیەکی نوێیان پیادە دەکرد کە زۆر سەرنجڕاکێش بوو، ئەویش ئەوە بوو هەرکەسێک ئەگەر مەڕێکی هەبووایە، دەبوو یەک قڕان بدات، هەرکەسێک باخی هەبووایە، دەبـوو یـەک تومەن بدات. ئەسـپیش بڕێک باجی لەسـەر بوو. لە هەر ماڵێک کەسێک دەڕۆیشت جۆگە ئاوەکانی پاک دەکردەوە. هەموو بەهار و پاییزێـک ئەوە کارمان بـوو. ئەگەر پەتاتەمان بچاندایە بەشـێکی بۆ ئاغا بوو. هەرشتێکی ترمان بچاندایە لە گەنم و جۆ و نیسک، دەبووایە بەشـێکی بـۆ ئاغا بێت. دیارە تەنها لە گوندەکـەی ئێمە بەو جۆرە بوو، دەنـا لـە گوندەکانی تر وا نەبوو، چونکـە ئاغاکەی ئێمە لە هەمان کاتدا والی ئازەربایجان و ناوچەکەش بوو.

دواتـر ڕەزا شـا ژەهـری بۆ کـردە خواردنەوە و ئـەم ئیمام قولی میرزایەی کوشـت، هەر بەو جۆرە کەسـێکی تریشـی کوشت کە ناوی سەولەت سـەڵتەنە بوو. سەولەت سـەڵتەنە دوو سێ هەزار چەکداری هەبـوو، پێویسـتە ئـەوەش بڵێیـن کـە ڕەزا شـا چەندین کەسـی لەو چەکدارانەش کوشت، بۆئەوەی خۆی ببێتە دەرەبەگێکی گەورەتر. دواتر پاشـماوەی چەکدارەکانی هەڵاتن بۆ کوردسـتان و هەر لە کوردستان ئەوانی تریشی گرتن و خستنییە زیندان و دووری خستنەوە.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: ئەو باجەی باست کرد، ساڵانە بوو؟

سەفەرخان: بەڵێ، ساڵانە پارەکەمان دەدا، ئەو گاجووتانەی جووتیان پێ دەکرا، باجیان نەدەخرایە سەر. دەیانگووت ئەوانە زەوی دەکێڵن، بەڵام باجیان خستبووە سەر مانگا و ساڵانە بۆ هەر مانگایەک دوو تومەنیان وەردەگرت. ئەو خەڵکە ئەوەندە لە ئاغاکان تووڕەبوون لە ڕاپەڕینی ساڵی (١٣٥٧) هێرشیان کردە سەر کۆشکی ئاغا و هەر شتێکی بەردەستیان کەوت، شکاندیان. بۆ نموونە قاپی چینی کە نرخەکەی زۆر گران بوو، هەڵیان دەگرتن و دەیانکێشان بە زەویدا و دەیانشکاندن. فەرش و قاڵی گرانبەهایان بە چەقۆ دەبڕی و ئاگریان دەدان. هیچ شتێکیان لە ماڵی ئاغادا نەهێشت و هەموویان سووتاند. ڕێگەیان نەدا کەسێک شقارتایەکیش لەگەڵ خۆیدا بەرێت. ئەو هەڵکوتانە سەر ماڵی ئاغاکان هەمووی کەڵەکەبووی ئەو ڕق و قینەی خەڵکی بوو دەرهەق بەو زوڵم و چەوسانەوەیەی لەسەریا بوو. وەک باسمان کرد جووتیارەکان بەردەوام دەچەوسانەوە، ئەگەر قڕانێکیان شک ببردایە لەپێناوی سەلامەتیی گیانی خۆیان، وەک ڕەشوە دەیان دا بە پۆلیس. لەو بارە ناهەموارەدا ڕۆژێک گوێبیستی دەنگی فڕۆکە بووین لە ئاسمانەوە، ئەوە یەکەمجار بوو فڕۆکە ببینین، دوای کاتژمێرێک دەنگی تەقە دەهات لە نزیک گوندەکەمانەوە.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: تۆ ئەو کاتە لەکوێ بوویت؟

سەفەرخان: من لەسەر خەرمان بووم، خەرمانم شەن دەکرد، دەمویست کایەکە لە گەنمەکە جیا بکەمەوە. ئاسایشێک هەبوو ناوی حەسەن بوو، کەسێکی زۆر باش بوو، سەیرم کرد بەرەو لای ئێمە دێت. ئەو هاوڕێی باوکم بوو، باوکم لێی پرسی هەواڵ چییە؟ ئەویش گووتی: من هیچ نازانم، بەڵام لەم لایەوە دەنگی تەقەی تفەنگ دێت، وا دەردەکەوێت جەنگ ڕوویدابێت. دەنگی تەقەکان تەواو لە ئێمە نزیکبوونەوە، تەنها پێنج کیلۆمەتر لێمانەوە دوور بوون. ڕوسەکان

لەگــەڵ ســەربازانی ئێرانی لە شــەڕدا بــوون، ئێمــەش خەرمانەکەمان جێهێشت و گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە، لە گوندەکەدا هەرکەسە و دەستی ژن و منداڵی خۆی دەگرت و دەڕۆیشــت بۆ ناو باخ و دارســتانەکان، تاکو لە پەنایەکدا خۆیان حەشــار بدەن. چەندین ســەرباز لە (شــاخی قارقا بازاڕ)ی پشــتی عەجەبشــێرەوە هاتنــە خوارەوە. ســەربازەکان ئێرانی بوون، بەرەو دێهاتەکانی ناوچەی (دیزجەرود) ســەرەوخوار بوونەوە، خۆیان دەخســتە نــاو دارســتانەکە و چەکەکانیان لە کەنــار جادەکەدا فڕێــدەدا. ئەوان داوای جلوبەرگی ئاســاییان دەکرد، تاکو لەبەری بکەن و بــەرەو ماڵەکانی خۆیان بڕۆن. ئەوان چەک و جلوبەرگیان فڕێ دەدا و هەڵدەهاتن. لە هەر شــوێنێکەوە بڕۆشتیتایە چەک کەوتبوو. من خۆم زیاتر لە (٥٠) چەکم کۆکردەوە. خۆتان دەزانن لەشــکری (٣)ی تەبریز چەندە چەکی هەبوو، بەهۆی ئەو چەکانەوە زۆر کەس دەوڵەمەند بوون. هەر بەهۆی ئەو چەکانەوە بوو کە ئێمەش چەکدار بووین و دواتر کەم کەم فشــارمان خستە سەر دەرەبەگەکان و کەوتینە بەرگریکردن، تاکو پێــش بە زوڵــم و زۆرداریی ئاغاکان بگرین. چەند کەســێک لە ئاغاکان هەڵاتبــوون و ڕوویان کردبووە گوندەکانی تــر. کوڕەکانی ئیمام قولی میــرزا دوانزە کوڕ بوون، دوانزە کۆشــکیان هەبــوو، ئەوان هەموویان هەڵاتبوون و هیچ کەســێکیان لــە گوندەکەدا نەمابوو. ئێمە ماوەی یەک ســاڵ چەکــدار بووین، لە ماوەی ئەو ســاڵەدا هیــچ هەواڵێک لە پۆلیس و حکومــەت نەبــوو. لــە هەر ناوچەیەکدا کەســێک حکومڕانــی دەکرد. هەرکەسێک چەکداری زیاتری لەگەڵدا بووایە، ئەو براوە بوو و خەڵکی زیاتــر لــە دەوری کۆدەبوونــەوە. ئێمەش ئەو کاتە نزیکــی دوو هەزار چەکــدار بووین و لــە دەوروبــەری گوندەکەی خۆمــان بووین. دواتر هێــواش هێــواش خەڵکەکە چەکەکانی خۆیان فرۆشــت، نرخی چەک لە ســێ تومەن زیاتــر نەبوو. تەنانــەت بە یەک تومــەن و دوو تومەنیش فرۆشتبوویان.

عەلی ئەشــرەف دەروێشــیان: بەو هەموو چەکەوە چیتان کرد؟ ئەگەر ماندوو بوویت گفتوگۆکەمان هەڵدەگرین بۆ ڕۆژێکی تر.

ســـەفەرخان: نەخێـر مانـدوو نەبـووم، ئـەو دەرەبەگانـەی کـە حکومڕانییـان دەکـرد، ئەوانیـش چەکداریان هەبـوو، جووتیارەکانیان دەچەوسـاندەوە. جووتیـارەکان سـاڵ دوانزە مانگ کاریـان دەکرد و ڕەنجیـان دەدا، کەچی هیچ شـتێکیان نەبوو. پەندێکـی تورکی هەیە کە بە فارسـی دەبێتە (ما امسـال پس خرمن با جووک امدیم خانە)، واتە: (ئێمە ئەمساڵ دوای خەرمان کوتان، تەنها بە شەنەکەمانەوە گەڕاینەوە بـۆ ماڵـەوە)، واتە هیچ شـتێکمان بۆ نەمایەوە جگە لە (شـەن)ەکەمان. لەو سـەردەمەدا زۆربەی هەرە زۆری خەڵکـی بەهۆی نەبوونی ڕادیۆ و ڕۆژنامـە و نەخوێندەوارییـەوە هیـچ زانیارییەکیـان نەبوو لەبارەی چۆنییەتی هەڵگیرسـانی جەنگی دووەمی جیهانییەوە. زوڵم و سـتەمی ڕەزا شـا و دەرەبەگەکان بوونە هۆی ئـەوەی کە خەڵکی ئازەربایجان چـەک هەڵگـرن و دژی ئەو هەمـوو چەوسـانەوەیە بەرگریی بکەن و داوای مافی خۆیان بکەن.

عەلی ئەشــرەف دەروێشیان: لەو کاتەدا تۆ تەمەنت چەند ساڵ بوو؟

ســـەفەرخان: من تەمەنم بیست ساڵ بوو، کاتێک هاوپەیمانان هاتنە ئێرانەوە و ڕەزاشاش هەڵات. وەک باسم کرد تەواوی چەکەکانی تەبرێز لە گوندەکانی دەوروبەر و لە گوندەکەی ئێمەدا فرێدرابوون، کاتێک ئێمە لە بەرامبەر دەرەبەگەکان چەکدار بووین، ئیتر ترسمان لێیان نەبوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: کاریگەریی شۆڕشی سۆڤیەت لەسەر ناوچەکەی ئێوە چی بوو؟

ســـەفەرخان: لە سەردەمی ڕەزا شادا زۆرێک لە ئازەربایجانییەکان بـۆ کارکـردن بـەرەو چەمـی ئـاراس، بەتایبەت بـۆ تەفلیـس و باکۆ

ڕۆیشــتبوون، کــە گەڕانەوە بۆ ئێــران؛ کۆڵێک ئەزموونیــان هەبوو لە خەبــات و بەرگریکــردن. ئەو کاتــە ئازەربایجانی باکوور و باشــوور نەبــوو. بۆ نموونــە دەیانگووت فلان کەس ڕۆیشــتووە بۆ (ئون تاش)، واتە بۆ ئەوبەری ڕووبار، ئەوان دەڕۆیشتن لەوێ کاریان دەکرد و برە پارەیەکیان کۆدەکردەوە، ئەوکات سنوور نەبوو، هەندێکیان ڕۆیشتن و هەر لەوێ هاوســەرگیرییان کرد و ئێستا دەستە دەستە دەگەڕێنەوە و کەســوکاریان دەدۆزنەوە. بە ئەوانیان دەگووت: ڕۆیشتووەکان. ئەوان گەڕانــەوە و بــە ئازەربایجانــدا بڵاوبوونەوە. دەچوونە هەر شــوێن و شــارێک باسی شۆڕشی سۆڤیەتیان دەکرد. بۆ نموونە دەیانگووت ئیتر ســەرمایەداران لەناوچوون و بەلشــەویکەکان بەســەر هەموو شتێکدا ســەرکەوتن و حکومــەت حکومەتــی گەلە و دەرەبەگــەکان بۆیان نییە جووتیــارەکان بچەوســێننەوە، تــەواوی دەرەبەگــەکان هەڵاتــوون بۆ وڵاتانی تر و کۆشکەکانیان جێهێشتووە و لە وڵات دوورکەوتوونەتەوە. ئەوان ئەو جۆرە هەواڵانەیان بۆ ئێمە باس دەکرد، کەوا لەوێ شــۆڕش ڕوویــداوە و دەرەبەگــەکان بەرگرییــان کردووە و دواتر تێکشــکاون. بەلشــویک و مەنشــەویک لێرەشــەوە دەرکەوتــن. ئەوان مــاڵ بەماڵ دەگەڕان و قسەیان بۆ خەڵکی دەکرد، باسی ڕووداو و بەسەرهاتەکانیان بــۆ خەڵکی دەگێڕایەوە، هەرکەســە و ئــەوەی بینیبووی، بۆ خەڵکەکەی دەگێڕایــەوە. من لە فلان شــوێن بــووم، فلان ئاغا ئــەو کارەی کرد و شەڕی کرد و دوایی هەڵات بەرەو ئێران. زۆر لەو قسانەیان بۆ خەڵکی کــرد. هەر بەهۆی ئەمانەشــەوە خەڵکانی ناوچــەی ئێمە بەئاگا هاتنەوە و دەیانویســت خۆیان لە زوڵم و ســتەمی دەرەبەگــەکان ڕزگار بکەن. ئەوکاتــە نە ڕادیــۆ هەبوو، نــە ئۆتۆمبێل، نە تەلەفــۆن، خەڵکی بەهۆی گێڕانــەوەوە گوێبیســتی هەواڵەکان دەبوون. بــۆ نموونە من دەچوومە گوندێک؛ کەســێکیش لــە باکۆوە هاتبوو، ئەو دەیگــووت: دەرەبەگەکان هەڵاتــوون و جەمــاوەر خۆیان حکومەتیــان دامەزراندووە و حکومەت هەموو ئازادییەکی بۆ جەماوەر دەستەبەر کردووە.

پێشـــتر ئەوەم بۆ باســـکردیت، کە ئێمە هەمیشـــە لەگەڵ ئاغاکاندا لە ململانێـدا بووین و بەردەوام بە ڕێـگای دادگاوە بووین. ئەوان خۆیان بــە خاوەنــی ماڵ و خاوەن ژنی ئــەو خەڵکە دەزانــی. ماڵەکانیان تالآن دەکردن و دەیانبرد. دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی و هاتنی ئــاوارەکان لــە ســۆڤیەتەوە، جووتیارەکان چوونە ســەر ئەو باوەڕەی کــە دەکرێت دژی شــا و دەرەبەگەکان خەبات بکەن و ســەرکەوتنیش بەدەســت بهێنــن، بەڵام بەو مەرجەی ڕێبەرێکیــان هەبێت. لەم ئاوارانە چەند کەســێکیان لە گوندی شیشوانی ئێمە نیشــتەجێ ببوون. شەوانە ئێمــەی خەڵکــی گوند ســەردانمان دەکردن و بە لایانەوە دادەنیشــتین. ئەوانیــش باســی ڕاپەڕینــی جووتیــاران و کرێکارانــی ئازاربایجان و باکۆیان بۆ دەکردین لە دژی ڕوســیای تزاری و سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالســتی. من و هاوڕێ زەحمەتکێشــەکانی ترم هەر هەلێکمان بۆ هەڵکەوتایــە، دەچووینە لایــان و گفتوگۆمان لەگەڵدا دەکردن. بیســتنی خەبات و ئەزموونی ئەوان و ســەرکەوتنی شۆڕشــی ئۆکتۆبەر؛ ئێمەی خســتە ســەر ئەو باوەڕەی کە ئێمــەش دەتوانین لــە بەرامبەر زوڵم و ستەمدا بەرگریی بکەین و سەرکەوتنیش بەدەست بهێنین.

لــە ناوچەکــەی ئێمەدا حەفتــا گوند هەبوو، ڕۆژێــک هەموو خەڵکی گونــدەکان کۆبووینــەوە تاکو بڕۆین بۆ مەراغە بــۆ یادی ڕۆژی یەکی ئایار، ئەوکات ئۆتۆمبێل نەبوو، ناچار هەمووومان بە پیادە ڕۆیشتین.

لە پڕێکدا حەوت هەشــت ئۆتۆمبێلی پڕ لە چەکدار گەیشــتنە لامان، منیش دەمانچەیەکم پێبوو، دەمانچەکەم دەرکرد و پێشم بە ئۆتۆمبێلەکان گــرت، چەکدارەکان دابەزیــن و چواردەوریان گرتین، منیش بە زوویی دەمانچەکەم دایە دەست حاجی ئاغایەک، کە تا ئێستاش لە ژیاندا ماوە و لــە گوندەکەی خۆمــان دەژی. چەکدارەکان چەند کەســێکیان گرتین و ســواری ئۆتۆمبێلیــان کردیــن و بردیانیــن. ئاخــر ئێمــە تەنها چەند کەســێک نەبووین، ژمارەمان زۆر بوو، کە دوو هەزار کەس دەبووین، ژمارەیەکــی زۆرمــان بــە پــێ هاتبووین. لەنێــوان میانــدواو و بناو و

مەراغــەدا چوارڕێیانێک هەیە، لەوێ لێپرســراوی چەکدارەکان دابەزی و چوو بۆ لای لێپرسراوی ئەو ناوچەیە. لەوێ ئاماژەیەکی بۆ من کرد و گووتــی: ئەو کەســەیان دەمانچەی لێ ڕاکێشــاوین. ئەو لێپرســراوە بۆئەوەی تەمبێمان بکات، گووتی: ئادەی دەســت لە ملی یەکتری بکەن و یەکتری ماچ بکەن. لە مەراغەوە ڕۆیشتین بۆ لای جەنەڕاڵ (کەبیری) و بەســەرهاتەکەم بــۆ گێڕایــەوە. ئەویش گووتی: هیچ کێشــە نییە، تۆ دەتوانیت دەمانچە هەڵبگریت.

لە سەرەتای شۆڕشی (١٣٥٧) زۆر شت ڕوویداوە، کە من نەمتوانیوە باســی بکــەم. لەو کتێبەی کە لــە ئەڵمانیا چاپ کراوە، زۆر شــت هەیە باسم نەکردووە. من ناوەڕۆکی ئەو کتێبەم بەدڵ نییە، زۆربەی وتەکان قسەی بەهرۆزە و هی من نییە. ئەوکات هەلومەرجەکە وای دەخواست کە هەندێک شت هەیە باسی نەکەم، بەڵام ئەوەی ئەوکات نەمگووتووە، ئێســتا دەیڵێم. ئێســتا ئەو ســەردەمە نەماوە. ئێستا پێیان خۆشە باسی بکەم و ڕاستییەکان بڵێم.

عەلی ئەشــرەف دەروێشیان: ســەفەرخان، بێلایەنانە هەرچی دەزانیت بۆم باس بکە؟

ســەفەرخان: بەڵــێ، باســی دەکــەم، بەهەرحــاڵ ئەو شــەوەی کە خزمەتکارەکانــی ئاغا بووکەکەیان بــرد بۆ ماڵی ئاغا، ئێمە بڕیارمان دا چەک هەڵبگرین. من و حەیدەرخانی ئافاقی و محەمەد نوری و ئەحمەدی فەخــری نەژاد بوویــن. ئەو کاتە لە مەراغە کەســێک هەبــوو بە ناوی (داداش تەقــی زادە)، ئەو لە کۆچەرییەکان بوو لە باکۆوە گەڕابووەوە، نــە نووســینگەیەکی هەبوو، نە ئیدارەیەک، بە خــۆی و بە جانتایەکەوە گوند بە گوند و شار بەشار دەگەڕا و پڕوپاگەندەی کۆمۆنیستی دەکرد. ڕۆژێک هەواڵ هات کە داداش تەقی زادە لە مەیدانی موسلیم بە ئاشکرا لە دژی دەرەبەگەکان و حکومەت وتاری داوە و جوێنی بە دەرەبەگ و حکومەت داوە و پۆلیسیش کاریان بەسەرەوە نەبووە. ئێمەش گووتمان

مانای بەچی ئەو کەسە جوێن بە دەرەبەگەکان و بە شا بدات و پۆلیس کاریــان بەســەرییەوە نەبێــت، دواتر هۆکارەکەشــی دەرکەوت کە چی بووە.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: هۆکارەکەی چی بوو؟

سەفەرخان: ئەو لەلایەن چەند کەسێکی زەحمەتکێشەوە هاندرابوو، تەنانەت چەند کەسێکیش لە دەرەبەگەکان کە لە ئەنجامی خوێندنەوە و هۆشــیاریی چینایەتییەوە نەفرەتیان لە ئاغاکان دەکرد و هانیان دابوو. هەندێــک لەو دەرەبەگانە لــە گوندەکانی خۆیان زۆرێک لە موڵکەکانیان بەســەر جووتیارەکاندا دابەشــکردبوو. لەو ڕێگایەوە خۆیان پەیوەست کردبــوو بە جووتیارەکانەوە. یەکێک لەوانە دەرەبەگێکی گەورە بوو بە ناوی (سەید مەهدی هاشمی)، کە خەڵکی سەراب بوو، دواتر لەسەر ئەو هەڵوێســتەی ماوەی (٢٣) ســاڵ زیندانیی کرا. یەکێکی تریشیان (میرزا ڕەبیعی کەبیری) بوو، کە لە کۆتایی ساڵەکانی (١٩٤٣/١٣٢٢) لە مەراغە چووە ڕیزی جەماوەرەوە و دەستی کرد بە خەبات و جووتیارانی هان دەدا دژی ئاغا و دەرەبەگەکان بوەستنەوە.

ئێمەش کە ئەو هەواڵەمان بیســت، بە چەکەوە و بە نهێنی ڕۆیشتین بۆ مەراغە و پەیوەندییمان کرد بە داداش تەقی زادەوە. چووینە لای و گووتمان دەمانەوێت لای تۆ ببین بە ئەندام. ئەویش زۆر خۆشحاڵ بوو، کارێکی وای لە خودا دەویست، منیش ئەو کاتە وەک ئێستا نەبووم کە تۆ دەمبینی، ئەو کات بە سەفەرخان، سەفەرخان بانگیان دەکردم.

عەلی ئەشــرەف دەرویشیــان: ئێستاش تۆ ســـەفەرخانیت، تۆ هەمیشە سەفەرخانیت.

ســـەفەرخان: نا، ئەو کاتە چەکدارم هەبــوو، خەڵکم لەگەڵدا بوو، بە کورتــی هەموو شــتێکم هەبوو. ئەو (تەقی زادە)یە لە خوای دەویســت ئێمــە لەگەڵــی کەوین، ئەو پێــی گووتین بڕۆین کۆمیتەیــەک پێکبهێنین.

ئەومـــان لەگەڵ خۆماندا هێنا بــۆ گوندەکەی خۆمان، لەوێ وتاریکی دا، ئەوەندە بە حەماســـەوە قســـەی دەکرد؛ ئاو بە دەمیدا دەهاتە خوارەوە، کەســێکی زۆر لێهاتــوو بوو، لە کتێبەکاندا زۆر لەســـەر شـــەهامەت و لێهاتوویی ئەو نووسراوە.

کاتێک دەســـتگیر کرا و بردیان بۆ گوللەبارانکردن، ئاگر و عەشـــقی لێ دەباری.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: هەمان داداش تەقی زادە؟

سەفەرخان: بەڵێ، هەمان داداش تەقی زادە.

عەلی ئەشـــرەف دەروێشـــیان: ئەو هیچ پەیوەندییەکی هەبوو لەگەڵ حەسەن تەقی زادەی سەردەمی مەشروتە؟

ســـەفەرخان: نەخێـر، ئـــەو جووتیارێک بـــوو خەڵکـــی دێهاتەکانی دەوروبـــەری مەراغـــە بـــوو، بۆ کارکـــردن ڕۆیشـــتبوو بۆ باکـــۆ. هیچ پەیوەندییەکـــی بـــەو تەقـــی زادەیـــەوە نەبوو، ئـــەم خەڵکـــی گوندەکانی دەوروبـــەری خۆمـــان بـــوو. ئێمـــە کۆمیتەمـــان دروســـتکرد و خەڵکی بەلێشـــاو دەهاتن خۆیان ناونووس دەکرد، خەڵکی ڕیزیان بەستبوو بۆ خۆناونووســـکردن، وەک چۆن ئێستا خەڵکی ڕیز دەگرن بۆ وەرگرتنی مریشـــک و هێلکـــە. خەڵکەکـــە دەیانگـــووت: ناوی ئێمەش بنووســـن. لە هەمووی ســـەیرتر ئەوە بوو نە حکومەت، نـــە پۆلیس، نە دەرەبەگەکان کاریان بەســـەر هیچـــەوە نەبوو، بە هیـــچ کەســـێکیان نەدەگووت ئێوە بۆچـــی وا دەکـــەن. دیارە ئەوەش ئاکامی ئـــەو هەموو زوڵمە زۆرە بوو کە لە خەڵکی دەکرا. ئێمە دەمانویست لە دەست چەوسانەوەی ئاغاکان ڕزگارمـــان ببێـــت و بیرمـــان لـــە دوارۆژی خۆمان نەدەکـــردەوە، ئێمە ئـــەو چوار کەســـە کە بە چەکەوە هاتبووین بـــۆ مەراغە، تەقی زادەمان دۆزییـــەوە و پێمـــان گووت: ئێمە لەگـــەڵ تۆداین و هەرچـــی تۆ بیڵێیت ئێمە لە قســـەت دەرناچین، ئەویش زۆر خۆشـــحاڵ بوو کە ئەو هەموو

خەڵکــە لــە دەوری کۆبوونەتــەوە. ئیتــر ئێمەش چووینە نــاو تیپەکەی ئــەوەوە. (میــرزا ڕەبیع کەبیری) هەبــوو، ئەویش یەکێک بــوو لە ئاغا گەورەکانی مەراغە (٧٠ تا ٨٠) گوندی هەبوو، لە سەردەمی مەشروتەدا هەموو گوندەکانی فرۆشــتبوو و دابووی بــەو خەڵکە و خواردبوویان. ئەو لایەنگری مەشــروتە بوو، ئــەو لەلایەن حکومەتەوە نازناوی ڕەبیع دەولەی پێدرابوو، هەم دەرەبەگ بوو هەم سەید، قائیمقامی ئەردەبێلیش بوو. کاتێک خەڵکی بینییان کەبیری هات و پەیوەندیی بە تیپەکەوە کرد، ئیتر هەموو خەڵکی هاتن و پەیوەندییان کرد.

عەلــی ئەشــرەف دەروێشــیان: قائیمقامی مەراغــە بوو، یان ئەردەبێل؟

ســەفەرخان: قائیمقامــی ئەردەبێل بوو، مــن ئەو کاتــە تەنها یەک ئۆتۆمبێلــم بینیبوو، ئەویش ئەو ئۆتۆمبێلە بوو کە حکومەت دابووی بە ئەو. کاتێک ئەو هاتە ناو تیپەکەوە، ئیتر خەڵکی دێهاتەکانی (١٨) ناوچە هاتــن و ئەوانیش کۆمیتەیەکیــان دامەزرانــد و هەڵبژاردنێکیان کرد و دوانزە کەســیان هەڵبژارد، ئەم دوانزە کەســەش بڵاوبوونەوە بەســەر دێهات و شارە بچووکەکاندا، کۆمیتەی ناوچەییان دروستکرد و خەڵکیی ســەردانی دەکــردن و خۆیان ناونــووس دەکرد. بــۆ نموونە کۆمیتەی ناوچەی ئێمە لە عەجەبشــێرە بوو، لە ئازەرشــەهر و بناویش کۆمیتەی ناوچەیــی کرابوونــەوە. لــە ئازەربایجان ڕۆژانە کــۆڕ و کۆبوونەوە و ســیمینار هەبــوو. دەرەبەگــەکان متمانــەی خۆیــان لەدەســت دابوو، ڕۆژێکیان ئاغایەک لەو دەشــتەوە بە ســواری ئەسپەکەی گەڕایەوە بۆ گوند، یەک کەس لەبەری هەڵنەســتا. بەناو گونددا بڵاوببووەوە کە ئاغا لە دەشــت گەڕاوەتەوە و هیچ کەســێک لەبەری هەڵنەستاوە. بەم کارە خەڵکــی زۆر دڵخۆش بوون و دەیانگووت ســەیرکەن چ گۆڕانکارییەک ڕوویــداوە. پێشــتر ئێمە بە ســواری ئەســپ دەڕۆیشــتین بۆ شــاری عەجەبشێر، ئاغاکانیش هەر بە سواری ئەسپ لە عەجەبشێرەوە دەهاتن،

که دەگەیشــتینە یەکتری، دەبووایە ئێمە لە ئەســپەکانمان دابەزین تاکو ئەوان تێدەپەڕن. دوایی ئێمە دووبارە سوار دەبووینەوە و دەڕۆیشتین، ئەوکات یاسای ئاغاکان ئاوها بوو.

عەلــی ئەشــرەف دەرویێشــیان: هەر لــەو ســاڵانەدا بوو کە هاوسەرگیرییت کرد؟

ســەفەرخان: بەڵــێ، پێیان گووتــم دەبێت ژن بهێنــم، منیش ئەوەم کەوتبــووە بەر گوێ کە بەم نزیکانە شــۆڕش دەســت پێــدەکات. زۆر هەوڵیــان لەگەڵ دام، بەڵام من قبووڵم نەکــرد، لە کۆتاییدا ژنیان لە مل بەستم و ئەو ژنە داماوەشیان بەهۆی منەوە بێ چارە کرد، هەرچۆنێک بێت ڕۆیشتم و هاوسەرگیرییم کرد. ساڵی (١٣٢٤/ ١٩٤٥) بوو. ڕۆژێکیان جەنەڕاڵ (ئاتا چیف) ســەرۆکی هێزە چەکدارەکانی ســۆڤیەت لە ئێران داوای کردبوو من و حەیدەر ئافاقی و کەبیری بڕۆین بۆ تەبرێز. ئێمەش ڕۆیشتین و داوای لێکردین کە ڕاهێنانی سەربازیی ببینین. ڕاهێنانیان پێ کردین و بە نهێنی هەریەکە و دەمانچەیەکی پێداین و گووتی: لە ئێستا بە دواوە ئەگەر پۆلیس هاتە سەر ڕێگاتان، ئێوە بیانگرن، یان بیانکوژن، بە هیچ جۆرێک خۆتان نەدەن بە دەستەوە. ئامۆژگاریی کردین کە چی بکەین و چی نەکەین. ئەوکات بەری تەمەنی گەیشــتبووە هەشــتا ساڵ، بەڵام ئێمە گەنج بووین. (کەبیری) کەســێکی ناسراو بوو، ئەویش پلەی بەرز بوو، فەرماندە بوو، لەدواییدا شا لەسێدارەی دا. ڕۆژێک (کەبیری) داوای لــە ئێمە کرد هاوکاریی مەلا مســتەفا بکەین و ڕێنمایی بکەین و بیبەین بۆ تەبرێز. ئێمە ئەو ســێ کەســەمان گەیاندە تەبرێز. واتە مەلا مســتەفا و کوڕەکــەی و پیشــەوەری. بردمانن بۆ لای جەنــەڕاڵ (ئاتا چیف) لە ئیدارەی کۆنسوڵگەریی سۆڤیەت. دیارە نەیانهێشت ئێمە بچینە ژوورەوە و لە دەرەوە ماینەوە. مەلا مســتەفا لە قازی محەمەد ناڕازی بــوو، هــەر بۆیــە پەیوەندیی بە (کەبیــری)ەوە کرد و پێــی گووت ئێمە دەمانەوێــت بێین لــە ئازەربایجان خزمەت بکەیــن. کەبیری ڕازی بوو،

ئێمەی ڕاسـپارد هاوکارییان بکەین، ئێمەش بۆ بنەماڵەی مەلا مسـتەفا و هاوڕێکانـی (١٦) ئۆتۆمبێلی بارییمان بەکرێ گرت تاکو ئەوان بهێنین بۆ ئازەربایجان و لە نزیک میاندواو لە گوندی (کوپراتۆ) نیشـتەجێیان بکەیـن و خواردن و ژیانیان بۆ دابین بکەن. ئۆتۆمبێلەکان ڕۆیشـتن و هەموویان هێنان بۆ ئازەربایجان.

لـە لایەکـی تـرەوە، داوایان لە ئێمە کـرد کە لە تەبرێزەوە دەسـت بکەیـن بە هەڵگیرسـانی شـۆڕش، ئێمـەش بەڵێنمـان دا و بەرنامەمان دانـا، بەرنامەکەش بـەو جۆرە بوو، ئەوان بـە ئۆتۆمبێلێک ژمارەیەکی زۆری چەک بۆ ئێمە بنێرن، منیش شوێنێک دیاریی بکەم بۆ وەرگرتنی چەکەکان و بە سـواری ئەسپێکی سپی بچمە سەر ڕێگای ئۆتۆمبێلەکە، لـە عەجەبشـێر شـوێنێک هەیە بـە ناوی (خانیـان)، کە ئێسـتا پایگای عەجەبشـێرە، لـە خانیـان جێگایەکـم دەستنیشـان کرد کـە ئۆتۆمبێلە پـڕ لە چەکەکـە بێتە ئەو شـوێنە و ئێمـە چەکەکانیان لـێ وەربگرین. ئێمەش ڕۆژی پێش گەیشـتنی ئۆتۆمبێلەکە ئەو کەسـانەی کە خزمەتی سـەربازییان کردبوو، ناونووسمان کردن و ئاگادارمان کردن شەو لە شوێنی دیاریکراو ئامادەبن؛ تاکو چەکداریان بکەین. لە باخێکی گەورە، کە کۆشـکێکی تێدا بوو، هەموویانمان کۆکردەوە. من و دوو کەسی تر لەگەڵ کەسـێک کە زمانی ڕوسـی دەزانی لە چاوەڕوانی ئۆتۆمبێلەکەدا بوویـن، بڕیـار بوو ئۆتۆمبێلەکە کاتژمێر (١٢)ی شـەو بگاتە لای ئێمە، ئێمـەش تا کاتژمێر (١٢)ی شـەو لە نزیک جادەکـە چاوەڕوانمان کرد، بەڵام ئۆتۆمبێل نەهات، لەپڕێکدا گوێم لە دەنگی پێی ئەسپ بوو، پۆلیس زانیبوویـان کە ڕووداوێک لە ئازەبایجـان ڕوودەدات. تەنانەت تارانیان لـەو هەوڵە ئاگادار کردبووەوە، کـە جەنەڕاڵ (کەبیری) خەڵکی چەکدار کردووە و دەیەوێت شـۆڕش بەرپا بکات. سـات بەسـات هەواڵەکەیان دابوو بە تاران. بەهەرحاڵ لەکاتی دیاریکراودا ئۆتۆمبێل نەهات، کاتێک پۆلیسـەکان تێپەڕین، من ترسـم لێنیشـت، تەنهـا دەمانچەیەکم لەگەڵ خۆمدا بردبوو، ناچار هەڵسـام و گەڕامـەوە بەرەو گوندەکەی خۆمان،

واتــە بۆ لای هێزەکــەی خۆمان. لە نیوەی ڕێــگادا حەیدەرخانی ئافاقی زاوامــان منــی بینی، بــە تورەییــەوە گووتی: بۆ کــوێ دەچیت؟ منیش گووتــم: ئۆتۆمبێلی چەکەکان نەهات، ئەی تۆ بۆ کوێ دەچیت؟ گووتی: چەند پۆلیســێک دەیانەوێت بە شــوێن ئێمەدا بێن و بمانکوژن، ئێمەش دەبێــت ڕووبەڕوویــان بوەســتینەوە. منیــش گووتــم: هەرچۆنێک بێت دەبێت ئێمە خۆمان بپارێزین و تەقە نەکەین، چونکە بە دەنگی تەقەکان ئاشــکرا دەبین و بەرنامەکەمــان هەڵدەوەشــێتەوە. قەناعەتم پێکرد کە ئــەو کارە نــەکات، چەنــد جوێنێکی پێــدام و گەڕایەوە بــۆ باخەکە. لە بەردەمی باخەکەدا ویستی تەقە بەرەو لای پۆلیسەکان بکات، دیسانەوە ڕۆیشــتم بۆ لای و گووتــم: تۆ ئەگەر ئەوان بکوژیت، پۆلیســەکانی تر بەئــاگا دێنی و بەرنامەکەمان هەڵدەوەشــێتەوە. ئیتر ئێمە گەڕاینەوە بۆ هەمــان باخ، واتە هەمان شــوێنی یەکەمجارمــان. ئەوەندەی پێ نەچوو ئۆتۆمبێلێکــی باری هات. ئۆتۆمبێلەکە دەڕۆیشــت و دەگەڕایەوە. منیش گووتم: ئەوە ئۆتۆمبێلەکەی ئێمەیە، بۆیە بە ســواری ئەسپێکی سپییەوە ڕۆیشــتم بەرەو جادەکە. شــۆفێرەکە دابەزی و نــاوی نهێنی منی هێنا، گووتم: بەڵێ منم. بە تورەییەوە گووتم: بڕیار بوو کاتژمێر (١٢)ی شەو بگەیتە ئێرە، ئێســتاش وا بەرەبەیانە، مــن چی لەم چەکانە بکەم؟ چەند شــوێنێکم پێ گــووت تاکو چەکەکان ببەینە ئەو شــوێنانە. شــوفێرەکە زمانی تورکــی دەزانی. گووتی: ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە، مــن دەبێــت چەکەکان بدەم بە تۆ، تۆش خــۆت دەیزانی چی لێدەکەیت. گووتم: زۆر باشە! ئۆتۆمبێلەکان بهێننە ناو باخەکە. واتە هەمان شوێن کە خەڵکەکەمان لێ کۆکردبووەوە. ئیتر کات بوو بە بەرەبەیان، خەڵکی ورە وردە لە ماڵەکانیان دەهاتنە دەرەوە و دەڕۆیشتن بۆ ئەملاو ئەولا. دوو ئۆتۆمبێلی پڕ لە چەک بوون؛ هاتین بۆ ناوەندی عەجەبشێر، کە پڕ بــوو لە پۆلیس، تایەی یەکێک لــە ئۆتۆمبێلەکان کەوتە جۆگە ئاوێکەوە. بــە هەزار زەحمەت تــا ئۆتۆمبێلەکەمان لە قوڕەکە دەرکرد. گەیشــتینە نێــو باخەکە. من ڕامکرد بۆ ناو کۆشــکەکە، تاکو بانگی برادەران بکەم

و بێن و چەکەکان داگرین. سـەیرم کرد تەنها حەوت هەشـت کەس لە کۆشـکەکەدا ماون. گووتم: ئەم سێسەد کەسـە چییان لێهات! گووتیان ئۆتۆمبێلـەکان نەهاتن و کاتیش بوو بە بەرەبەیان، ئەوانیش ترسـان و ڕۆیشتن. بەو چەند کەسەم گووت کە لەوێ مابوون، گووتم: چەکەکان دابگـرن و لـە دەوری باخەکـەدا ئێشـک بگـرن، هەمـوو چەکەکانیان داگـرت. چەکەکانیـش هەموویان (بڕنەو) بـوون، یەکێک لە بڕنەوەکانم هەلگرت سـەیرم کرد لە ڕۆن هەڵکشـاوە. چەکەکانم جێهێشت و لەگەڵ حەیدەرخانی ئافاقی بەرەو گوندەکە ڕۆیشـتین، لە ڕێگا هەر کەسێکمان دەبینـی دەمانگـووت بڕۆ بۆ باخەکـە و چەک وەربگرە. بـاش بوو لە مـاوەی نیو کاتژمێردا بـرادەران کۆبوونەوە، ئەوانەی ڕۆیشـتبوون و خەوتبـوون هەموویان گەڕانەوە. لە پێشـدا ڕۆیشـتین گەڕاین بەدوای پۆلیسـەکاندا، سەرەتا ئەوانەی لە ماڵەکانیاندا بوون، هەموویانمان چەک کـرد، ئەوانەی لە دەوروبـەری چایخانەکانیش بـوون چەکەکانمان لێ وەرگرتن. هاوڕێیانمان هەموویان سەربازییان کردبوو و شارەزا بوون لـە بەکارهێنانی چەکدا، بـە زوویی چەکەکانیان پاککردەوە و ئامادەیان کـردن. بە فەرماندەیی حەیدەرخانی ئافاقی ڕۆیشـتین گەمارۆی بنکەی پۆلیسـی عەجەبشـێرمان دا، شـەڕە تەقە دەسـتی پێکرد، پۆلیسـەکان لـە پایگاکەیانـەوە تەقەیـان لێدەکردین، لە کاتژمێر حەوتـی بەیانییەوە تاکـو کاتژمێر پێنجی ئێوارە پۆلیسـەکان بەرگرییـان کرد، دوایی چەند ڕیشسپییەکیان بە قورئانەوە ناردە لامان و سوێندیان خوارد کە خۆیان ڕادەسـت دەکەن، تەنها مەرجیان ئـەوە بوو کە ڕێگەیان بدەین مەراغە ئـاگادار بکەنـەوە، کە دەبێت چی بکەن. گووتم ئێمە ڕێگەتان پێ نادەین پەیوەندیی بە مەراغەوە بکەن و ئاگاداریان بکەنەوە، بەڵام لەبەرئەوەی قورئانتان بە دەستەوەیە هیچتان پێ ناڵێین. ئیتر ئەوان تەسلیم بوون و چەکەکانمان لێ وەرگرتن، ڕۆیشتین پۆلیسەکانی بەندەری ئورمیەشمان چەک کرد، واتە ئەو شـوێنەی کە کەشتییەکان لە ئورمیەوە دەهاتن بۆ عەجەبشـێر، بە کارمەندانـی بەندەرەکەمان گووت: ئێمە پاسـەوانین و

هیچ کارێک ناکەین، تەنها لێرە ئێشک دەگرین و کارمان بەسەر ئێوەوە نییــە، بەڵام دواتر هێنامانن و زیندانییمان کردن، دوایی ئاگادارکراینەوە کــە بیانگوازینەوە بۆ (خوجەمیر)، کە هێزەکەی جەنەڕاڵ کەبیری لەوێ بوو، ئێمە تەواوی ئەو پۆلیســانەی دەســتگیرمان کردبوو، بردمانن بۆ ئــەوێ، دواتر هەواڵیان بۆ ناردین کە جــادەکان بگرین. ئێمەش جادەی نێــوان تەبرێز و مەراغە و مەهابادمان گرت، ئەو ســەردەمە ئۆتۆمبێل زۆر کــەم بوو، ئەوەی هەبــوو ئۆتومبێلی باری بوو، ئۆتۆمبێلی تایبەت بوونی نەبوو.

ئاغاکانی ئێمە زۆربەیان لە گوند بوون و لە کۆشــکە هاوینەکانیاندا بوون، ئێمە بە زوویی ڕۆیشتین دەوری کۆشکەکانمان گرت، چووین لە ژوورێکدا دانیشــتین و گووتمان بەڵێ ئەمە کۆتایی زوڵمەکانتانە، ئێستا ئێــوە پاداشــتی خراپەکاریتــان وەردەگرنەوە، ئەوان زۆر ترســابوون. ئەوانمان لە ماڵەکانی خۆیاندا زیندانیی کرد و شەو ئێشکمان لێ گرتن. بــرای یەکێک لە ئەوانەی کــە زیندانییمان کردبوون، لــە نزیک مەهاباد گوندێکی هەبوو ڕۆیشــتبوو بۆ سەردانی گوندەکەی، ئەو لەوێ هەواڵی زیندانییکردنی کەسەکانی زانیبوو، دەڕوات و هەواڵ دەدات کە تەواوی کەســەکانی زیندانیی کراون. ئەم هەواڵە بە ئێمەش گەیشــتەوە. ئێمەش بە دووســەد بۆ سێســەد چەکدارەوە بــەرەو مەراغــە بەڕێکەوتین، لە ڕێــگا بینیم کە ئــەم ئاغایە لەگەڵ قازی محەمەد-دایــە و بەرەو تەبرێز دەڕۆن. منیش هیچم نەگووت، چونکە زانیم لەگەڵ قازی محەمەد-دایە. ئــەو ئاغایە خزمایەتی لەگەڵ قازی محەمــەد-دا هەبوو. قازی محەمەد هەواڵــی بۆ (کەبیری) ناردبوو کە ئێــوە برادەرانتان ئاگادار بکەنەوە لە عەجەبشــێر و شیشــوان ئازاری ئاغاکان نەدەن، هەڵەی ئێمە ئەوە بوو کە لە هەمان ژووردا ئاغاکانمان نەکوشت. بەهەرحاڵ ئەوانیان سواری ئۆتۆمبێــل کرد و بردیانن بۆ تەبرێز. کوردەکان لەگەڵ ئاغاکانی گوندی ئێمە خزمایەتییان هەبوو، ژنی محەمەد حوســێن خانی سەیفی قازی لە ئاغاکانی گوندی ئێمە بوو. محەمەد حوسێن سەیفی قازی هەم وەزیری

پێشـــمەرگەی کوردســـتان بوو، هەم جەنەڕاڵ بوو. ئیتر ئێمە نەمانتوانی هیــچ لەگەڵ ئاغاکاندا بکەین، تەنها ئەســپەکانیانمان برد، دووســەد بۆ سێســەد ئەســپیان هەبوو، هەموویمان بــرد تاکــو چەکدارەکانمان بۆ ســواری بەکاریان بهێنن. ئێمە ناوچەکەمــان ئارامکردەوە و ئاغاکانمان هەمــوو چەک کرد. ڕۆژێک هەمــوو ئاغاکانمان دەســتگیرکرد و چەند ڕۆژێــک ناوچەکە لەژێــر کۆنترۆڵی ئێمەدا بــوو. جادەکانمان کۆنترۆڵ کردبــوو، ڕۆژێکیــان ئۆتۆمبێلێک هــات هەموو سەرنشــینەکانی فارس بوون، ئێمە ئەوانمان گرت و ڕۆیشــتم لە عەجەبشــێرەوە تەلەفۆنم بۆ تەبرێــز کرد، ئەوان لــە وەڵامدا گووتیان کارتان بەســەریانەوە نەبێت، ڕێگەیان بدەن با بڕۆن بۆ کوردســتان، بۆئەوەی مەشقی سەربازیی بە کوردەکان بکەن.

ڕۆژێــک هەواڵمان بۆ هات کە ئەفســەرێکی پلەباڵایان بە برینداریی هێناوەتــە گوندەکەمــان، ئــەو ئەفســەرە ڕۆیشــتبوو بــۆ مەراغە تاکو جەنەڕاڵ کەبیری دەســتگیر بــکات، بە هاوکاریی ڕوســەکان جەنەڕاڵ کەبیری لە دەستی ئەو ئەفسەرە و سوپاکەی ڕزگاری ببوو، ئێمە هێشتا مەراغەمــان نەگرتبوو، بەڵام دەوروبەری شــارەکە لەژێر دەســەڵاتی ئێمەدا بوو، میاندواو و ئازەرشەهر و تەواوی شارە بچووکەکان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتدا بوون.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: مەراغەش لەدەست حکومەتدا بوو؟

سەفەرخان: بەڵێ، مەراغە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتدا بوو، بنکەیەکی بەهێزیــان هەبــوو، بەڵام ئێمــە تەواوی شــارەکانمان گەمــارۆ دابوو، تەواوی شارەکان گەورە و بچووک گەمارۆ درابوون، ئێمە چاوەڕوانی ئەوە بووین کە هێرش بکەین. بەهەرحاڵ ئەو ئەفسەرەی ڕۆیشتبوو بۆ دەســتگیرکردنی (کەبیری)، خۆی لە تێکهەڵچوونەکــەدا بریندار دەبێت. خەڵکــی دەیانگووت: یەکەم بڵێســەی شۆڕشــی ئازەربایجان لە گوندی شیشوان بووە. ئێمە، (١٦) گوند ڕاپەڕین و خۆمان چەکدار کرد.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەوە ساڵی چەند بوو؟

سەفەرخان: ساڵی (١٣٢٤/ ١٩٤٥) بوو. بەهەرحاڵ ئەفسەرە بریندارەکەیان هێنا و بردیان بۆ کۆشکی ئاغاکان، گوایە ئەم ئەفسەرە دەڕۆیشت بۆ سەفارەت تاکو (کەبیری) و ئەوانی تر ببینێت و مۆڵەتیان لێوەربگرێت، کە سەربازەکانی ببات بۆ شیشوان و ئەو پۆلیسانەی کە چەککراون، ڕزگاریان بکات، بەڵام لە سێ ڕێیانی مەراغە و بناو و مياندواو ڕوسەکان پێشیان پێ دەگرن، لە ئۆتۆمبێلەکانیاندا چەند ئەفسەرێکی تێدا دەبێت. نامەیەکیان پێبوو کە کارمەندانی ڕێگای تەبریز (سۆڤیەتییەکان) نووسیبوویان ئەم کەسانەی وا دێن، کارتان بەسەریانەوە نەبێت، بەڵام لە شوێنێکی ترەوە فەرمان دەکەن کە ئەوانە دەستگیر بکەن، ئەوانیش تەواوی جادەکانیان گرتبوو. سەرنشینانی ئەو ئۆتۆمبێلە کەسانی باش نەبوون. ئازەرشەهر لەدەست ئێمەدا بوو، کاتێک ویستیان لە ئازەرشەهرەوە تێپەڕن، ئەو کەسە خراپە دەبینن و دەناسن، تایەی ئۆتۆمبێلەکەی پەنچەر دەکەن و کەسەکە دەستگیر دەکەن و هەر لەوێ جووتیارەکان چەند فیشەکێکی پێوە دەنێن و دەیکوژن.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: هەر هەمان ئەو ئەفسەرە بریندارە.

سەفەرخان: بەڵێ، هەمان بریندار.

هاوسەری سەفەرخان: سەرهەنگ موعین ئازاد.

سەفەرخان: دوایی کە دەستگیر کرام و خستیانمە زیندان، ئەو تاوانەیان خستە ئەستۆی من، چونکە ئازەرشەهر لەژێر دەسەڵاتی ئێمەدا بوو، دەیانگووت من فەرمانی ئەو کارەم کردووە. لەکاتێکدا کە جووتیارەکان دادگاییان کردبوو و کوشتبوویان، هەر بەو هۆیەشەوە چەند کەسێک لە هاوڕێیانی ئێمە لەسێدارە دران. خۆ ئەگەر لە شوێنێکی وەک ماکۆ تۆیان دەستگیر بکردایە، پێیان دەگووتیت کە تۆ دەستت

هەیە لە کوشتنی سەرهەنگ موعین ئازاد. ئەوە بوو کوشتنی سەرهەنگ موعین ئازاد بوو بە ناوێک و ناوی لە دۆسیەی تەواوی زیندانییەکاندا هەبوو، یەکێک لەوانە من بووم، کە دەیانگووت تۆ فەرمانی کوشتنیت دەرکردووە، بەڵام من فەرمانم نەدابوو، بەڵکو ڕوسەکان فەرمانیان دابوو بە کوشتنی، گووتبوویان ئەو کەسە دەیەوێت بڕوات بۆ تاران و لەوێ پڕوپاگەندە بکات، بەهەرحاڵ دادگای بیابانیان پێکهێنا و کوشتیان.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەم سەرهەنگ موعین ئازادە کەسێکی چۆن بوو؟

سەفەرخان: هەموو دەسەڵاتێکی لە لەشکری مەراغەدا هەبوو، هەواڵەکانی مەراغەی دەدا بە تاران، وەک پێشتر گووتم ڕۆیشتبوو بۆ لای جەنەڕاڵ (کەبیری) تاکو مۆڵەتی بدات و بڕوات بۆ شیشوان، بۆئەوەی ئەو چەکانەی کە خەڵکی لە پۆلیسەکانیان وەرگرتبوو، ئەو وەریان بگرێتەوە. ئەم کارەش لە ڕوانگەی جووتیارەکانەوە تاوانێکی گەورە بوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: بۆچی بریندار ببوو؟

سەفەرخان: گووتم: کە موعین ئازاد ڕۆیشتبوو بۆ لای ڕوسەکان، ویستبووی کۆنسوڵگەر بێنێتە دەرەوە. یەکێک لەو کەسانەی کە ئێمە بۆ پاسەوانیی ناردبوومان، پێی دەڵێت بوەستە و تەقەی لێدەکات. سەرهەنگ بریندار دەبێت و فەرمانداریش کە لەلایەوە دانیشتبوو فیشەکێکی بەردەکەوێت و دستبەجێ دەمرێت. من ناوی ئەو سەربازەی کە تەقەی لێکردبوو، لە ڕۆژنامەدا خوێندمەوە، ئێستا ناویم لە یاد نەماوە، ناوی فەرمانداریشم بیرچووەتەوە.

عەلـــی ئەشـــرەف دەروێشـــیان: تۆ بەهـــۆی ئـــەو ڕووداوەوە دەستگیرکرایت؟

ســـەفەرخان: من لە لەشـــکری ئازەربایجان؛ فەرماندەی فیداییەکان بووم.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: دەزانم دوای ئەوەی ئەو کوژرا، تۆ دەستگیرکرایت؟

هاوسەری سەفەرخان: دوای یـەک ســاڵ لە دامەزراندنی حکومەت ئەو دەستگیرکرا.

سەفەرخان: حکومەت لە دەستی خۆماندا بوو، ئەو کوژرا و لێبووەوە، دوای ئەوەی ئەو کوژرا؛ حکومەت ماوەی یەک ســاڵ لە دەستی ئێمەدا بوو، من ئاگاداری ئەو ڕووداوە بووم، بەڵام پەیوەندییم بە کوشتنەکەیەوە نەبوو، ڕوسەکان بەڵگەی جاسوسییان پێ گرتبوو، خەڵکیش کوشتیان. خەڵکیی تورە بوون و زۆر کەســیان گوللەباران کرد، یەکێکیش لەوانە ئەو بوو، من ئەفســـەر بووم، فەرماندەی ناوچەیەک بووم، ڕۆیشـــتم بە هـــەزار زەحمەت حەفتا ئاغام دەســـتگیرکرد و هێنامن بۆ تەبرێز، لەوێ دووانیـــان لەســـێدارەدران. واتە عەلی ئەشـــرەف خان و ســـەمەدخانی ئیفتیخـــاری و ئەوانـــی تریش ئازادکـــران، هەربۆیـــە تاوانبارکردنی من، تاوانێک و دوو تاوان نەبوو، خۆ ئەگەر نەڕۆیشتمایە بۆ عێراق، هەر لە هەمان شـــوێن دەستگیر دەکرام و دەیانکوشتم. میاندواو و ئازەرشەهر و تەبرێز گەمارۆدرابوون، ئێمە خۆبەسەر ئەم کارەمان کرد، گووتم با دەســـت بەسەر ئازەرشـــەهردا بگرین. دووسەد بۆ سێسەد چەکدارمان کۆکـــردەوە و بەڕێکەوتیـــن، پڕی یـــەک ئۆتۆمبێل چەکمـــان پێبوو. ئێمە گەیشتینە ئازەرشەهر و بووین بە دوو بەشەوە، بەشێک بۆ لای چەپی شـــار و بەشێک بۆ لای ڕاستی شار. نزیکی بەرەبەیان بوو، شەوەکەی لە گوندێک بە ناوی (شـــیرامین) پشـــوومان دا. گەیشتینە ئازەرشەهر و هەردوو بەشـــەکە لە یەک شوێن کۆبووینەوە، ڕاست و چەپ گەیشتینە

ئەو شــوێنەی کە بنکەی پۆلیس و سوپای لێبوو، کاتێک ئێمە گەیشتین، ئەوان تەقەیان دەســتپێکرد. لــە تەبریزیش ئەو هەواڵەیــان زانیبوو کە ئێمە ڕۆشتبووین بۆئەوەی دەست بەسەر شاری ئازەرشەهردا بگرین، پۆلیســێکی زۆر کۆببوونەوە. ئێمە پۆلیســەکانمان گەمارۆ دا، شوێنەکە وابوو ئەوان لە بەرزیی بوون و ئێمەش لە خوارەوە، بەبێ ئەوەی ئێمە ئاگادار بین دەســت بەسەر شــارەوانیدا گیرابوو، فەتحی ناوێک هەبوو لێپرســراوی تیــپ بوو، شــەریف زادەیەکیش هەبوو کە ئەفســەر بوو، ســەیرم کــرد فەتحی وا خەریکە شــەریف زادە دەکوژێــت. بە فەتحیم گووت: ئەوە چی دەکەیت؟ ئەو پاسەوانە، با پلەکەشی ئەفسەر بێت. من ئەوم ڕزگار کرد، ئەو کارەشــم حوکمی منی ســوک کرد و لە حوکمی لە ســێدارەدانم کەمی کردەوە. ئەوان تا نزیکی نیوەڕۆ بەرگرییان کرد. چەند ناوچەیەکمان لەناو شاردا گرت، دواتر ئێمە سوێندمان بۆ خواردن کــە گیانیــان پارێزراو دەبێت و ئەوانیش خۆیان دا بەدەســتەوە و ئێمە سواری ئۆتۆمبێلمان کردن و بەڕێمان کردن بۆ گوندی (خوجەمیر)، ئیتر لە (١٨)ی ئازەر بەدواوە شــار لەژێر دەســەڵاتی ئێمەدا بوو. بەردەوام لــە تەبریزەوە فەرمانمان بــۆ دەهات کە نەهێڵین تاڵانیی لە شــارەکەدا ڕووبــدات و نانەواکان بکەینەوە و نەهێڵیــن خەڵکی ئازار بدرێن. چەند پۆلیســێک دیواری ماڵە حاجییەکیان کون کون کردبوو ڕۆیشتبوون بۆ دزی، ئێمەش ئەوانمان دەســتگیر کرد، دواتر ڕوون بووەوە کە حاجی خۆی دەســتی هەبووە لە هاوکاریکردنیان، بۆیە هیچمان بە پۆلیسەکان نەگووت و هیچیشمان بە حاجی نەگووت.

ڕۆژی ١٨ی ئازەر بوو کە فەرمانمان بۆ هات بڕۆین بەرەو تەبریز، ئێمــەش بەڕێکەوتیــن، تەواوی هێزەکانی تر لە مەرەند، میانە، ســەراب کۆبوونــەوە و ئەوانیــش بــەرەو تەبریــز بەڕێکەوتن و شــاری تەبریز گەمــارۆدرا. ســەرەتا بە ئێمەیان گووت لەســەر جادەکان بە ســواری ئەسپ بسووڕێینەوە، دواتر پەشیمان بوونەوە و گووتیان ئەوە کارێکی باش نییە، ئێمە ماوەی حەوت هەشت ڕۆژ لە (سەردرود) بووین، دواتر

فەرمانیـــان پێکردیـــن لە (مارەڵان)ەوە هێرش بکەین بۆ ســـەر بازگەکە. ســـەرتیپ درەخشـــانی فەرماندەی لەشـــکری تەبرێز بوو، بە دوو جۆر باســـی ســـەرتیپ درەخشـــانی دەکرا. یەکێکان ئەوەبوو دەیانگووت ئەو پیـــاوی ڕوســـەکانە، ئەوی تریـــان دەیانگووت لەبەرئـــەوەی نەیتوانیوە بەرگریـــی بـــکات، فەرمانیـــان پێکردووە تەســـلیم ببێت. بـــە هەرحاڵ لە تەبرێز شـــەڕە تەقە دەســـتی پێکـــرد، دواتر فەرمانیان کـــرد ئاگادار بن خراپەکاریی لە شـــارەکەدا ڕوو نـــەدات و خۆتان ڕێک بخەن و مەهێڵن هیچ کەســـێک خوێنـــی لێبێت، بـــا دوکانەکانیش کراوە بـــن. ئێمە بەرەو کێوەکانی (مارەڵان) ڕۆیشـــتین. شـــەڕ دەســـتی پێکرد و گەیشـــتینە ناو ســـەربازگاکە، ســـەیرم کرد ســـەربازگاکە کەســـی تێدا نییـــە، بەڵام پڕ پـــڕە لە چـــەک. کەســـێک ئەســـپەکەی مرداربـــووەوە، ئەســـپێکی تری گرتبـــوو بە زوویی چەکدارەکانی ئێمە تەقەیان لێکرد و کوشـــتیان. ئەو ئەســـپەکەی خۆی مرداربووەوە ئەسپێکی تری حکومەتی گرتبووەوە. ئێمە لە ســـەبازگاکەدا نزیکەی دوو هەزار کەس دەبووین. پێشـــەوەری گەیشـــتە لامـــان و بە زاواکەی ئێمەی گووت: تـــۆ بۆ ماوەی دە خولەک لێپرسراوی ئێرەیت. هەندێک کەس بۆ دزیی و تاڵانیکردن ڕۆیشتبوون، هەندێکیان چەک و فیشەکیان بەردەست کەوتبوو. هەر لەناو حەوشەی ســـەربازگەکەدا دوو کەس گوللەباران کـــران، چونکە چەکیان دزیبوو. پێشـــەوەری بـــە ئێمەی گـــووت: بڕۆین بەرەو گوندی (مـــارەڵان) کە لە نزیـــک تەبرێـــز بوو. گووتی: بـــڕۆن و منیش کاتی عەســـر وتار دەدەم. بەو شـــێوەیە هەرکەســـێک لە هـــەر ڕێگایەکەوە هاتبـــوو، دەبووایە لەو ڕێگایـــەوە بگەڕێتەوە. تەنانەت ڕێگایان پێ نەداین بچینە ناو شـــارەوە. ئێمە زۆربەمان ســـواری ئەســـپ بووین و گوێمان بە قســـەکانیان نەدا. بەهەمان شـــێوە شـــەقامەکەمان گرت. نازانم شـــەقامی پەهلەویی بوو، چی بوو. هاتن ڕێگایان پێ گرتین و گووتیان لە کام ڕێگایەوە هاتوون، هـــەر لەو ڕێگایەوە بگەڕێنەوە. ئێمـــەش گەڕاینەوە و ڕێگامان گرتە بەر بـــە هەمان ڕێگای کە پێیدا هاتبووین. (میر ئەژدەر باقرۆف) ســـەرۆکی

پۆلیسـی تەبرێـز بوو. بە توڕەییـەوە هات و گووتی: سـەروان ئەمانە کێن؟ منیش گووتم: منم، ئەویش گووتی: منم، هەرکەسێک هەیت، خۆت بناسێنە. باقرۆف گووتی: ئەگەر یەک جاری تر بێیتە ئێرە بڕیار دەدەم کەلەپچـەت بکـەن، تۆ مافی ئەوەت نییە قاچ بخەیتـە ناو تەبرێزەوە، لە هەمان شوێنەوە کە هاتوویت، هەر لەوێوە بگەڕێرەوە، بڕۆن بۆ هەمان ئەو گوندەی کە پیشـەوەری بۆی دەستنیشـان کـردوون. ڕێگاکە زۆر سـەخت بوو، هەموو کێو و شـاخ بوو، ڕۆیشـتن پێیدا زۆر ئەسـتەم بـوو. ڕوومـان کردە کێوەکـە، کاتێکمان زانی لـە دەرەوەی تەبرێزین. عەسـری ڕۆژی (٢١)ی ئـازەری (١٣٢٤/ ١٩٤٥) پیشـەوەری کابینەی حکومەتەکەی لە ئازەربایجان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

١-سەرۆک وەزیران: سەید جەعفەری پیشەوەری.

٢-جەنەڕاڵ کەبیری، وەزیری ڕێگا و پۆستە و گەیاندن.

٣- غولام یەحیای دانشیان، وەزیری بەرگریی.

٤-دکتۆر سەلامولڵای جاوید، وەزیری وڵات.

٥-تودەیی جەعفەری کاویان، وەزیری سوپا.

٦-دکتۆر مهتاش، وەزیری جووتیاران.

٧- محەمەد بیریا، وەزیری ڕۆشنبیریی.

٨-دکتۆر ئاورنگی، وەزیری تەندروستی.

٩-غوڵام ڕەزای ئیلهامی، وەزیری دارایی.

١٠-یوسف عەزیما، وەزیری داد.

١١-ڕەزای ڕەسولی، وەزیری بازرگانی.

١٢-وەزارەتی کار، تا وەزیری بۆ دابین دەکرێت، سەرۆک وەزیران سەرپەرشتی دەکات.

١٣- فەرەیدوونی ئیبراهیمی، وەزیری ماف.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: وەزیری دەرەوەتان نەبوو؟

سەفەرخان: نەبابە، خۆ ئێمە وڵات نەبووین.

عەلی ئەشـــرەف دەروێشیان: باشـــە، کاویان وەزیری جەنگی تیپێک بوو؟

سەفەرخان: بەڵێ، غولام یەحیای دانشیان هەموو شتێک بوو، تەواوی چەکدارەکان لەژێر دەسەڵاتی ئەودا بوون. سەربازەکان لەگەڵ (کاویان) دا بوون. غولام یەحیا باوکی پێشمەرگەکان بوو. دواتر ئێمە گەڕاینەوە بۆ گوندەکەمان. شیشوان گوندێکی ناسراو بوو، خەڵکەکەشی زۆر ئازا بوون، لەوێ برووسکەیەکمان بۆ هات کە بە زوویی بڕۆین بۆ مەراغە. ڕۆیشـــتین بۆ مەراغە و دەســـتمان بەسەر شـــارەکەدا گرت، لە ڕاستیدا زیندانییەکانمـــان ئازاد کـــرد و خۆمان گەڕاینەوە بـــۆ بنکەکانی خۆمان لـــە هەمان گوندی شیشـــوان. فەرمانمـــان بۆ هات کە بـــەرەو میاندواو بڕۆین. ڕۆیشـــتین و دەستمان بەسەر میاندواویشدا گرت. لەوێ یەکێک بـــە جەنەڕاڵ (کەبیری) گووت: کەبیری بەڕێز، تـــۆ کە ئازەربایجانت لە دەستی دەرەبەگەکان ڕزگار کرد، ئەی بەرنامەت چییە بۆ ڕزگارکردنی لوڕ و بلوجەکان؟ (کەبیری) گووتی: ئێرە بۆ شۆڕش گونجاو بوو، بۆیە لێرەوە دەســـتمان پێکـــرد. زۆر هۆکاریش هەبوون کە ئێمەی تووشـــی شکست کرد، پێویستە ئەگەر کات هەبێت بەوردیی باسی بکەین.

عەلی ئەشرەف دەروێشـــیان: هەرچییەکت پێخۆشە باسی بکە، من لە خزمەت تۆدام.

ســـەفەرخان: مەبەســـتم ئەوەیە بە ڕۆژێک و دوو ڕۆژ ئەو باســـە کۆتایی نایات.

عەلی ئەشـــرەف دەروێشیان: هیچ کێشە نییە، ئەگەرساڵێک و دوو ساڵ بکێشێت من ئامادەم.

ســـەفەرخان: بەڵێ، لە دووریی (٤٥) کیلۆمەتر لە گوندەکەی ئێمەوە کێوێـــک هەیە بە ناوی (گوردن ئاداســـن) بە مانـــای دوورگە. ئەم کێوە

له ناوەڕاستی دەریاچەی ئورمیەیە، لە سەردەمی کۆندا بزنە کێوییان بردووە و لەو کێوە بەرەڵایان کردوون. ئەو شوێنە پڕ بووە لە مێگەلە بزنە کێویی. ئێستا ئەم سروشتە ببینە، لەناو ئەم دەریاچەیەدا یەک دانە ئاژەڵ نابینی و هەمووی خوێیە، بەڵام لە ناوەڕاستی کێوی ناو دوورگەکە کانیاوێک هەیە، کە ئاوەکەی شیرینە. لە کۆندا زستانان بۆ لەوەڕاندن مەڕەکانیان دەبرد بۆ ئەو کێوە و هاوینان دەیانهێنانەوە، ئەو کێوە هەمیشە سەوزە و لە نزیک شیشوانی گوندی ئێمەیە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: دوای ئەوەی کە تەبریز و مەراغە ومیاندواو و شارە گەورە و بچووکەکانی دەوروبەر کەوتنە ژێر دەستی دیموکراتەکان، ئێوە چیتان کرد؟

سەفەرخان: ئێمە گەیشتینە میاندواو، نازانم میاندواوت بیرە، یان نا، شارێکە نیوەی دانیشتووانەکەی کوردن و نیوەکەی تری تورکن. ڕووبارێک بە ناوی (جەغاتو) بە ناوەڕاستی شارەکەدا دەڕوات و شار دەکات بە دوو بەشەوە. ئەم ڕووبارە لە زاگرۆسەوە هەڵدەقوڵێت و دێتە شاری سنە و دواتر دەڕژێتە دەریاچەی ئورمیەوە. ئێمە لە میاندواو بووین کە فەرمانمان بۆ هات بڕۆین بەرەو ئورمیە. لەوێ سەرتیپ زەنگەنە بەرگریی دەکرد. دیموکراتەکان دەستیان بەسەر هەموو شوێنێکدا گرتبوو، بەڵام ئەو لەوێ بەرگریی دەکرد. کوشتارێکی زۆری کردبوو، لە سوپاکەی خۆشی کوژراوێکی زۆر هەبوو، ژمارەیەکی زۆریش لە لایەنگرانی شا هاوکاریی ئەویان دەکرد، هەربۆیە ئێمەش ئاگادارکراینەوە کە بە زوویی بڕۆین بۆ ئورمیە و دەست بەسەر شارەکەدا بگرین. دوای ماوەیەکی کەم هەواڵ هات کە بە تەواویی دەست بەسەر شاری ئورمیەدا گیراوە و زەنگەنەش دەستگیرکراوە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: کێ گرتی؟

سەفەرخان: دیموکراتەکان.

عەلی ئەشـــرەف دەروێشـــیان: لەو کاتەدا دەرەبەگەکان چییان دەکرد؟

ســـەفەرخان: لــە نزیک میانــدواو بەرەبابێــک دەژین پێیــان دەڵێن (چاردولــو)، نازانــم هیچ لەبــارەی ئەوانــەوە دەزانیت، یان نــا. ئەوانە زمانێکــی تایبەت بە خۆیــان هەیە، بەڵام زمانی تورکیش دەزانن، ئەوان نزیکە (٥٠٠-٦٠٠) گوند دەبن، ئەوان لە هەر ناوچەیەکدا خانێکیان هەیە. لەوێ خانەکان کۆبوونەوە و بەرگرییان دەکرد. ئێمە ڕۆیشــتین بەرەو لای تیکاب، بەڵێ، کە ســەیرمان کرد خانەکان و دەرەبەگەکان بەرگریی دەکــەن، ئەوان چەکدارێکی زۆریان هەبوو. هــەر ئاغایەک (٢٠٠-٣٠٠) چەکداری هەبوو، شــەڕێکی باشــیان لەگەڵ کردین، بەڵام دواتر توانای شــەڕکردنیان نەمــاو هەڵاتن بەرەو تیــکاب. ئێمەش ڕۆیشــتین بەرەو تیکاب کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی شادا بوو. دیارە ئەوان هەموویان نەڕۆیشــتبوون، هەندێکیان وا هەســتیان دەکرد کە هیچ کەسێک کاری بەسەر ئەوانەوە نییە. ئەوانەی مابوونەوە بە نهێنی کۆببوونەوە، یەکێک لەوانــە (یەمین لەشــکر) بوو، ئەو یەکێک بوو لــەو ئاغایانەی کە (٣٠٠) گوندی هەبوو، خەڵکەکەش هەروەکو خودا ئەویان دەپەرست، خەڵکەکەی ئــەوان وەک خەڵکی لای ئێمە نەبوون، هۆکارەکەشــی یــان ئەو ئاغایە کەســێکی باش بووە، یان شــتێکی تر بووە، بە گشتی لە ئەو ڕازیبوون. (یەمین لەشــکر) هەڵات و ڕۆیشت بۆ تیکاب، ئێمەش بەدوای کەوتین و ڕۆیشــتین، گەیشتینە (هۆلاسۆ)، کە وەکو پایتەختیان وابوو. لەو شوێنە کۆشــکێکی هەبوو، هەروەک کۆشکی سوڵتانەکان، کۆشکەکەی پڕ بوو لە فەرشــی گرانبەها. ئەگەر ئەو فەرشــانە ئێستا بفرۆشرانایە هەریەکە و بایــی چــل ملیۆن تومەن[1] دەبــوو. هەموو ئەو مەڕانــەی کە خەڵکی گوندەکــە هەیانبــوو، هەمووی هــی ئەو بوو. ئێمە (هۆلاســۆ)مان گرت و چەکدارمــان تێدا جێگیر کرد. (هۆلاســۆ) لە ئازەربایجاندا شــوێنێکی

١- دیارە چل ملیۆن تومەنی ساڵی ١٩٩٥ی زاینی.

ناسـراوه و له (سـاین قه‌ڵا)وه زۆر نزیکه. هه‌ر له‌و ناوچه‌یه‌دا شوێنێک هه‌یه به ناوی (قه‌ڵای جیقه)، که پێشـتر میرنشـین بووه. ژنێکی پیر به چه‌نـد منداڵێکـه‌وه له‌وێ فه‌رمانڕه‌وایی ده‌کرد. ئـه‌و ژنه یه‌کێک بوو له ژنه‌کانـی عیزه‌ت ده‌ولـه. ئێمه تا نزیکی تیکاب پێشـڕه‌وییمان کردبوو، شـه‌ڕمان له‌گه‌ڵدا کردبوون، کات زسـتان بوو، له نزیک تیکاب گوندێک هه‌بوو به ناوی (سه‌بخ ڕود)، که ئێمه گه‌یشتینه ئه‌وێ شه‌ڕ گه‌رم بوو، شـاخه‌کان هه‌موو به‌فر بوون. له‌و شـوێنه‌دا هه‌واڵمان بۆ هات که ئیتر پێشڕه‌ویی نه‌که‌ین.

به‌شـێکی ناوچه‌که به‌ده‌سـت (سـه‌رهه‌نگ ئارام)ه‌وه بوو، به‌شێکی تریش به‌ده‌سـت ئێمه‌وه بوو. ئه‌و سه‌رهه‌نگه ئه‌رمه‌نی بوو، فه‌رمانده‌ی ئه‌و به‌شـه‌ی جه‌نگ بوو، ئێمه نزیکه‌ی پێنج مانگ له‌و ناوچه‌یه بووین، داوامان کرد ئێمه بگۆڕن، پێشمه‌رگه‌کانمان ماندوو ببوون. شوێنه‌که‌مان به که‌سانی تر سپارد و خۆمان گه‌ڕاینه‌وه بۆ ناوچه‌کانی خۆمان. دوای چه‌ند ڕۆژێک هه‌واڵمان بۆ هات که ده‌ره‌به‌گه‌کان، واته منداڵانی (سوڵه‌ت سوڵته‌نه)، که دواتر ڕه‌زا شا به چێشتی ژه‌هراویی ئه‌وی کوشت، له‌گه‌ڵ ده‌ره‌به‌گه‌کانی تر ده‌سـتیان تێکه‌ڵ کردبوو و ده‌ستیان به‌سه‌ر هه‌ندێک له بنکه‌کانی ئێمه‌شـدا گرتبوو، پێشـمه‌رگه‌کانیان چـه‌ک کردبوو. ناچار ئێمه‌ش گه‌ڕاینه‌وه بۆیان و ماوه‌ی چل ڕۆژ له‌گه‌ڵیاندا له شه‌ڕدا بووین.

عه‌لی ئه‌شره‌ف ده‌روێشیان: له‌گه‌ڵ ده‌ره‌به‌گه‌کاندا؟

سـه‌فه‌رخان: به‌ڵێ، له‌گـه‌ڵ ئه‌و ده‌ره‌به‌گانـه‌دا، ئـه‌وان ته‌نها چه‌ند که‌سـێک نه‌بوون، ئه‌وانه بوون کـه هه‌ڵنه‌هاتبوون و به‌رگرییان ده‌کرد. ئێمـه‌ش ماڵ و زه‌وی و ئاژه‌ڵه‌کانیانمان هه‌موو به‌سـه‌ر جووتیاره‌کاندا دابه‌شـکرد. ئێمـه ماوه‌ی چـل ڕۆژ لـه‌و ناوچه‌یه‌دا له شـه‌ڕدا بووین. جاده‌یه‌کـی خۆڵ لـه میاندواوه ده‌ڕۆیشـت بـه‌ره‌و تیـکاب. ڕێگایه‌کی کوێستانی بوو، به دێهاته‌کاندا تێده‌په‌ڕی. ئێمه زۆرباش له ئاغاکانمان دا و تاکو نزیک تیکاب ڕاومانان. ئیتر له‌وێ پێیان گووتین چیتر پێشڕه‌ویی

نەکەین. (کەبیری) و ســەرهەنگ (جاویدانی) فەرماندای مەڕاغەشــمان لەگەڵدا بوو. چووینە (قەلاچین) و دواتر گەڕاینەوە بۆ مەڕاغە. ڕۆژێکی پێ نەچوو هەواڵمان بۆ هات کە ئاغاکانی (چاردولو) و (نەقشــارەکان) لەگــەڵ تیپەکانــی ئێمــەدا کەوتوونەتە شــەڕەوە، ئێمــەش چەند هەزار کەســێک بە ســواری و بە پیادە بەرەو لای شەڕەکە ڕۆیشتین. لەنێوان هۆلاســۆ و ســاین قەڵاوە گوندێک هەبوو، لەو گوندەدا قەڵایەکی کۆن هەبــوو، چووینە ناو قەڵاکەوە. تەواوی خەڵکی ناوچەکە چەکدار بوون، بــەڵام نەیاندەتوانی هێرش بکــەن. (عزە)خانم لەوێ بوو، ئەو پیرەژنێک بــوو، چووین بۆ لای ئەو. ئەو گلەیی لــە (کەبیری) دەکرد، کە گوایە لە کۆنــدا جەنەڕاڵ کەبیری ئاغا بووە و لەگەڵ ئەواندا بووە، بەڵام ئێســتا هەڵگەڕاوەتەوە.

عەلی ئەشرەف دەرویێشیان: لەگەڵ عیزەت دەولەدا ، هەمان ژن؟

ســەفەرخان: بەڵــێ، هەمــان ژن. ئاخــر (کەبیــری) پێــش ئــەوەی بەرگریــی لە خەڵکی بکات و تەواوی دارایــی و داهاتی لەپێناو خەڵکیدا خەرج بکات، لە ســەردەمی ئاغایەتی خۆیدا دژی مەشــروتە بوو. ئێمە کۆبوونەوەیەکمــان کــرد و بــە (کەبیری)مــان گــووت: پێویســتە ئێمە هەرچۆنێــک بێت، ئەوان چەک بکەین. ئاغاکان هەموویان کۆبوونەوە و دەیانویســت لەناو خۆیاندا وتوویژ بکەن. من و هاوڕێکانم و (کەبیری) دەمانگــووت ئەوانە بە فێڵ لــە دەوری یەکتری کۆبوونەتەوە. (کەبیری) گووتــی: با لە ژوورەکانیاندا هێرشــیان بکەینە ســەر، بەڵام ئێمە ڕازی نەبووین، گووتمان ئەوان تۆ دەکوژن، چونکە هەموویان چەکدارن. بڕیار بوو هەڵســین و بڕۆین بۆ (هۆلاسۆ)، کە (٣٠) کیلۆمەتر لە (باجوق)ەوە دوورە. ئێمــە ئاغاکانمان بــۆ گفتوگۆکردن بۆ ئەوێ دەعوەت کرد. هەر لەوێ پێمان گووتن ئێوە بڕۆن بۆ لای ئەوانی تر کە لە ئازەربایجانەوە ڕۆیشــتبوون، پێیان بڵێن بگەڕێنەوە و لە شــوێنی خۆیان نیشتەجێ بن، بەڵام نەخشــەی ئەوان جۆرێکی تر بوون. یەمین لەشکر و ئاغاکانی تر

دەیانویســـت ناوچەکە لەژێر دەســـەڵاتی خۆیانـــدا بمێنێتەوە. خۆ ئەگەر لەژێر دەسەڵاتیاندا بووایە، ئەوا لەگەڵ کوردستان هاوسنوور دەبوون. هەندێــک لە (چاردولو)ەکان پەیوەندییان بە قازی محەمەدەوە کرد تاکو بەرگرییان لێ بکات، چونکە ئەوانیش کوردزمان بوون. کەسێک هەبوو کە بیســـتبووی شۆڕش دەســـتی پێکردووە، چوو بووە سەر شاخێک و جێگایەکـــی چاک کردبوو لەوێ مابووەوە، ئەو چەند کەســـەی لەگەڵیدا بوون بە نهێنی لەســـەر شاخەکەوە دەهاتنە خوارەوە تاکو خواردنی بۆ بەرن، ئەو ماوەی یەک ساڵ لەوێ مایەوە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ناوی چی بوو؟

سەفەرخان: سام لەشکر، بەڵێ، ئەو لە ناوچەی کوردستان بوو، ئێمە مافی ئەوەمان نەبوو بڕۆین بەرەو کوردســـتان و ئەو دەستگیر بکەین، یان شەڕی لەگەڵدا بکەین. ئیتر ئێمە ئاغاکانمان دەعوەت کرد کە بێن بۆ ماڵی (عزە دولە) تاکو لەوێ بەیەکەوە گفتوگۆ بکەین. نزیکەی سی چل ئاغا هاتن. ئێمە لە (هۆلاسۆ) ماڵی (یەمین لە شکر)مان کردبووە بنکەی خۆمان. ئاغایەکی زۆر خراپ هەبوو بە ناوی (سەمەدخانی ئیفتخاری)، کەســـێکی بەتەمەن بوو، ئەو زانیبووی بەرنامەکە چییە، بۆیە نەهاتبوو بـــۆ کۆبوونەوەکە، دواتر ناردمان بە شـــوێنیدا و بە ناچاریی هات، ئەو نەیدەزانـــی لـــە ژوورەکەی پشـــتەوە چی بەرنامەیەک دانـــراوە. ئێمە لە (هۆلاســـۆ) بڕیارمان دا یەکـــە یەکە ئاغاکان لـــە ژوورەوە بانگ بکەینە دەرەوە. بـــۆ نموونـــە بڵێین فڵان کـــەس تۆی دەوێـــت. عەلیزادەیەکمان هەبوو ئەو کارەمان بە ئەو ســـپارد، کە ئاغاکان یەک یەک بانگ بکات. بەهەرحاڵ یەک یەک بانگمان کردنە دەرەوە و چەکەکانمان لێوەرگرتن و دەمانکردنە زیندانەوە. سەروەرخانی ئیفتخاری کە لە دەرگاکەوە هاتە دەرەوە؛ تێگەیشـــت بابەتەکـــە چییە. ئەو بە نزیکەی بیســـت چەکدارەوە هاتبـــوو. میلـــی تفەنگی هێنایەوە و ڕووی کردە پاســـەوانەکەی ئێمە کە لەبەر دەرگاکە وەســـتابوو. هاوڕێیانی ئێمە بە زوویی دەوریان گرت و

چەکیان کرد، واتە بە زیندوویی دەستگیریان کرد. هەمان ڕۆژ هەموو ئاغاکانمان نارد بۆ تەبریز، کە نزیکەی حەفتا ئاغا دەبوون. خستماننە ناو ئۆتۆمبێلی بارەوە و چادرێکمان بەسەردا دان. لە تەبریز سەمەدخان و کوڕەکەی عزە دەولە و سێ ئاغای تریان لەسێدارە دا. ئەوانی تریش هەریەکە و دە ساڵ و پێنج ساڵ حوکمی زیندانیی دران، کە دواتر خۆیان ئازادیان کردن و فریای ئەوە نەکەوتن حوکمی شا ئازادیان بکات، کاتێک ئازادکران گووتیان ئێمە لە جێگایی خۆمان دەمێنینەوە و ئێوە چی بڵێن ئێمە ئاوها دەکەین.

دوای کوشتنی کوڕەکەی، عزە دەولە وەک سەگی هاری لێهات، هەمان ژن کاتێک ئازەربایجان کەوتەوە دەست ڕژێمی شا لە هەر شوێنێک چەکدارێکی دیموکراتی بدیتایە؛ دەیکوشت و ماڵەکەی تالان دەکرد، ئەو پیرەژن بوو، بەڵام خزماتکاری زۆری هەبوو. تا ناوچەکەی ئێمە دەهات و دەیگووت کێ کوڕەکەمی لەسێدارە داوە؟ دواتر ئێمە گەڕاینەوە بەرەو میانە و قافلانکۆ.

ڕۆژێک لەگەڵ (کەبیری) دەڕۆیشتین بۆ هۆلاسۆ. کەبیری گووتی: ئێمە ئەگەر لەگەڵ قازی محەمەد بووینایە، ئێستا دەستمان بەسەر تەبریزدا دەگرت و هەموو چەکدارەکانمان چەک دەکرد. ئێمەش گووتمان ئەم قسەیە چییە؟ خۆ تەبریز بەدەست خۆمانەوەیە، ئەویش پێکەنی و گووتی: باسی مەکەن با ئەوانی تر نەزانن کە دۆخەکە گۆڕاوە.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: دۆخەکە گۆڕابوو، ئێوە پێتان نەزانیبوو؟

سەفەرخان: بەڵێ، دکتۆر (جاوید) و چەند کەسێکی تر ڕۆیشتبوون بۆ تاران، لەوێ بە گەرمی پێشوازییان لێکرابوو، بڕیار بوو ئێمەش لەگەڵ (کەبیری)دا بڕۆین، بەڵام لە تاران بڕیارێک درابوو، کە هێواش هێواش هێزەکانی ئێمە بکشێنەوە. دیارە وا ڕێکەوتبوون ئۆتۆنۆمییەک بە ئێمە بدرێت. ستالینیش پەیامی ناردبوو کە لە شۆڕشدا هەوراز و

نشیو هەیە، ئێستاش بۆ ئێوە کاتی نشیوە. بەڵێ، ئەوان دەڕۆن بۆ تاران و بڕیار لەسـەر ئەوە دەدرێت لە تارانەوە چەند سـەربازێک بنێردرێت بۆ تەبریز و لەوێ هەڵبژاردن بکرێت و تەبریز نوێنەری هەڵبژێردراوی خۆی بنێرێت بۆ تاران. دکتۆر جاوید کە لێپرسـراوی هێزی چەکداریی بـوو، لەلایـەن حکومەتی شـاوە وەک پارێزگاری تەبریز دەستنیشـان کرابوو، ئەمەش وەک تەسلیمبوونێک وابوو. دواتر چەکە قورسەکانیان کۆکـردەوە و بردیان. سـەدری قازی ئامۆزای قـازی محەمەد، ئەندام پەرلەمان بوو، ئەو پارێزبەندیی هەبوو، دەینێرن بۆ لای قازی محەمەد کە شـەڕ نەکات و ئێمە کوردەکانمان عەفو کردووە، بەڵام کە سـەدری قازی دەگاتە مهاباد دەستگیری دەکەن.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: کوردەکان دەستگیری دەکەن؟

سـەفەرخان: نەخێر، حکومەتی ئێـران دەسـتگیریان کردبوو، ئێمە تێکشـکابووین، هێزەکەی حکومەتی شـا لە پێشدا گەیشتە ئازەربایجان و هێشـتا نەگەیشـتبووە کوردسـتان. کوردسـتان هێشـتا بەدەسـت کوردەکانەوە بوو، حکومەت توانای ئەوەی نەبوو ڕوو بکاتە کوردستان، هەربۆیە سـەدری قازی-یان نـارد بۆ لای قازی محەمەد، کە پێی بڵێت شـەڕ نەکەن و ئێمە لـە ئەوان خۆش دەبین، ئیتـر مهاباد خەریک بوو دەکەوتە ژێر دەسەلاتی حکومەتی شاوە.

حکومەت لەوە دەترسـا قازی محەمەد هاوکاریی مەلا مستەفا بکات و لە کوردسـتاندا بەرگریی بکرێت. ئەو ناپیاوانەی حکومەتی شـا سـەدری قازییان گرت و لەسـێدارەیان دا، لەکاتێکدا ئەو نوێنەری پەرلەمان بوو و پارێزبەندیشـی هەبوو، قازی محەمەد بەرگریی دەکرد، بەڵام سەید عەلی حیجازی کە فەرماندەیەکی سوپای عێراق بوو، دێت بۆ لای قازی محەمەد و لەسـەر سـنوور یەکتری دەبینن، پێی دەڵێت وەرە با بڕۆین بۆ عێراق، ئەگەر لێرە بمێنیتەوە حکومەتی شـا دەتکوژێت، ڕوسـەکانیش سەردانی دەکـەن و پێـی دەڵێن با بڕۆین بۆ سـۆڤیەت. قازی محەمەد قسـەی هیچ

یەکێکیان قبوڵ ناکات و دەڵێت ئەگەر بمرم با لەناو گەلەکەی خۆمدا بمرم.

زۆرباشــــە، ئیتر حکومەت هێرشــی دەست پێکرد و گەیشتنە زنجان، وەک ئەوەی هاتبن بۆ هەڵبژاردن. ئەوان هێرش دەکەنە سەر تیپی یەک، ئیتر هێرش لە ئاسمان و لە زەوییەوە دەست پێدەکات. غولام یەحیا لە (قافلانکۆ) بـوو، پردێک لە نزیک قافلانکۆ هەیە و پردەکە دەتەقێنێتەوە. ئەو پردە ئێســتاش هەر بە وێرانەیی ماوە. ئیتر ســوپای شــا دێتە سێ فەرســەخی تەبرێز. ســوپا لەو شــوێنە دەمێنێتەوە و ژمارەیەکی زۆر لە سەرســەربی و چەقۆکێشــەکان بە جلوبەرگی مەدەنییــەوە دەنێرنە نــاو شــاری تەبرێــز، ئەوانیش لە ماوەی ســێ چــوار ڕۆژدا (٢٥٠٠٠) کــەس دەکوژن، هەرکەســێک دەبینــن، دەیکوژن. (فرۆدۆســت)یش لە یادەوەرییەکانیدا ئەوەی نووســیبوو، ئەویش لەگەڵ دار و دەستەی شا هاتبوو، لەگەڵ ئەفســەرەکاندا قســەی کردبوو، چونکە ئەوان یەکتریان دەناســی. ئەفســەرەکان گووتبوویان ئەم قســانە بــەکاری ئێمە نایات. ئەوانیــش ئەفســەرەکانیان دەســتگیر کردبــوو. ئێمە لەبــەرەی جەنگ بوویــن، لە شــوێنێک کە پێی دەڵێن (حوشــتر چارئولمــاخ)، کە بریتییە لــە حەوت هەشــت ناوچــە. ڕۆژێک ســەیرم کرد دوو ســەرباز بەرەو لام دێــن. گووتم ئێوە لــە کوێوە دێن؟ گووتیان مەگەر نەتزانیوە ســێ چوار ڕۆژە ســوپا هاتووە و هێرشــی دەســتپێکردووە و ئێمە شکاوین و هەڵاتووین. ئێســتا ســوپا گەیشــتووەتە مياندواو، تەبرێزیش گیراوە. بەڵــێ، ئێمە لە هەموو شــتێک بێ هەواڵ بوویــن، نە تەلەفۆن هەبوو، نە ئۆتۆمبێل. ئێمە (٧٠٠-٨٠٠) کەســێک دەبووین لە ناوچەکەدا، کە لەگەڵ دەرەبەگەکاندا لە شــەڕدا بووین. کاتێک ئــەم هەواڵەمان زانی؛ هێواش هێواش دەســتمان کرد بە پاشەکشــە. هێشــتا خەڵــک و دەرەبەگەکان نەیانزانیبوو کە ئازەربایجان گیراوە. چووم بۆ لای هاوڕێکانم و قسەم لەگەڵدا کردن کە چی بکەین، ئایا بەرگریی بکەین و لە کێوەکاندا خۆمان پەنابگرین؟ کێوی ســەهەند کێوێکی بڵندە و چڕە، دەوروبەریشی پڕ لە دێهاتە، لەوێ بمێنینەوە تاکو بزانین چارەنووسمان بەچی دەگات. ئاخر

بڕیارەکە وابوو ئەوان بێن و هەڵبژاردنێکی ئازاد بکرێت، بەڵام ئێستا وا دێن و کوشت و کوشتار دەکەن. ئاخر ئەمە هەڵبژاردنە، یان کوشتاری خەڵکـی ئازەربایجانە؟ زۆرێک لە هاوڕێیانمان ڕازی نەبوون بچینە پاڵ شـاخەکان، هەرکەسـە و لەگەڵ چەند کەسـێک لە خزم و کەسەکانیان ڕۆیشـتنەوە بەرەو ناوچەکانی خۆیان. ئێمـەش هاتین بۆ دەوروبەری مەراغـە. لەو ناوچەیە جووتیارەکان دۆسـتمان بـوون، ئەوان هاتن بۆ لامـان و گووتیان ئێوە لێرە چی دەکەن؟ خۆ مەراغە گیراوە، ئێمە دوو فرسەخ لە مەراغەوە دوور بووین. گووتیان: دەتانەوێت بۆ کوێ بڕۆن؟ بـە لای مەراغـەدا تێپەڕین و هاتین بۆ عەجەبشـێر و ناوچەی خۆمان. عەجەبشـێر کەوتووەتە نێوانی مەراغە و ئازەرشـەهر و تەبریز. هاتینە ئەوێ و بە هاوڕێکانم گووت: هەرکەسێک هەواڵ بنێرێت بۆ ماڵی خۆی و بزانێت هەواڵ چییە؟ ئێمە هێشتا نەماندەزانی کە لە ئازەربایجان چی ڕوویداوە.

ئێمـە بریتـی بوویـن لـە مـن و حەیدەرخانـی ئافاقی و ئەسـغەر نـوری و محەمـەد فەخری نەژاد و مەحمودی مهاجـر. خۆ ئەگەر ئێمە دەستگیربکراینایە، هەر لە هەمان شوێن دەیانکوشتین. دواتر هەموومان بەیەکـەوە ڕۆیشـتین بۆ ماڵە ئاشـنایەکمان لە گونـدی (کوهە). کوهە؛ گوندێکی حەوت هەشـت ماڵی بوو. ئاغای ئەو گوندە ئاشـنای من بوو. (مـن لە ماڵی ئەواندا سـێ ئەسـپ و چەند چەکێکم دانابـوو)، هات بۆ لامـان و گووتـی: کارمەندانی حکومەت هاتوون بـۆ ماڵەکەم و هەموو شـتەکانیان بردووە و خۆشمیان دەسـتگیر کردووە، دوای لێکۆڵینەوە زانییان لەگەڵ ئێوەدا نیم، ئازادیان کردم.

من سێسـەد چەکدارم هەبوو، پێم گووتـن هەریەکەتان بڕۆنەوە بۆ ماڵی خۆتان، ئێمەش چووینەوە بۆ گوندی (کوهە)و چووینە ماڵی میرزا ئاغـا خـان. لەوێ لە یەکتـری جیابووینـەوە، من و ئەسـغەر نوری و مەحمـود مهاجـر چووینە ئەو ماڵـە. مەحمود مهاجر یەکێـک بوو لەو کۆچەرییانەی کە لە سۆڤیەتەوە گەڕابووەوە. لەوێ زانیمان کە ئاغاکان

تــەواوی خەڵکە چەکدارەکانیان چەک کــردوون و بە فەرمانی ئاغاکان ماڵەکانیــان تــالآن دەکرد، خەڵکەکەشــیان دەســتگیر دەکــردن و بەبێ تــاوان دەیانخســتنە زیندانەوە و دارکارییان دەکردن. من ڕۆیشــتم بۆ شیشــوان و بۆ ماڵی خۆمان، لەوێ گووتیان بۆچی هاتوویتەوە، مەگەر ئــاگاداری هەواڵەکان نیت؟ من ئەو کاتە زۆر ســەرگەرم بووم، لاوێکی چــالاک و بزێو بووم، لەلای ماڵەکەمانەوە مزگەوتێک هەبوو، ئێســتاش ئــەو مزگەوتــە هەر ماوە، گووتیان لە گوندەکانی ترەوە مەلاکان دێن و لــە مزگەوت کۆدەبنــەوە و لەگەڵ خەڵکانی تردا دەڕۆن بۆ پێشــوازیی سەرهەنگ (زەرابی)، کە لە مهابادەوە دەچێت بۆ تەبریز.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: بڕۆن بۆ پێشوازیی؟

ســەفەرخان: بەڵێ، ژمارەیەکی زۆر شاپەرســت هەبــوون، ئەوان نزیکەی دووسەد بۆ سێسەد کەس دەبوون. ئەم هەواڵە بە ئێمە گەیشت، من کەسێکی زۆر سەرگەرم بووم، کاتێک ئەوان لە گوندەوە بەڕێکەوتن لــە دواوە تەقەم لێکــردن، یەکێک لە ئەوان کەوت بــە زەویدا و ئەوانی تریــش هەڵاتــن و خۆیان گەیانــدە بناو. لەوێوە برووســکەیان کردبوو بۆ مەراغە و گووتبوویان پێشــمەرگەکان لە گوندی شیشوان بەرگریی دەکەن و تەسلیم نابن. لەکاتێکدا کە ئێمە تەنها دوو کەس بووین. کاتی عەسر بوو سەیرم کرد هێزێکی زۆر لە عەجەبشێرەوە هاتن، بە زوویی لە عەجەبشێرەوە سەربازیان ناردبوو تاکو ئێمە دەستگیر بکەن.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: گووتت مانگی ئازەر بوو؟

ســەفەرخان: بەڵــێ، مانگــی ئــازەر بــوو، هاتــن و گووتیــان لــە عەجەبشێرەوە ئێمەی ڕیشسپیانیان ناردووە، لە فلان سەرهەنگیشەوە پەیامــان پێیــە کــە هەرچی چەکێکتان هەیــە تەســلیمیان بکەنەوە، لە بەرامبــەردا پارەتــان پێ دەدەن و ژیانێکی باشــتان بــۆ دابین دەکەن. ئەوانەی کە هاتبوون یەکێکیان بەنی هاشمی بوو، ئەو نوێنەری ئاغایەک

بوو بە ناوی مەهدی خانی بەسـیر پور، عەجەبشێر موڵکی ئەو ئاغایە بـوو. ڕۆژێک ڕاپەڕین، تـازە حیزب دامەزرابوو. خەڵکی دەیانویسـت بڕژێنە سـەر ماڵی ئەو ئاغایە، منیش پێشـم پێ گرتن. خەڵکی ڕێزیان لە ئێمە دەگرت، من پێشـم پێ گرتن و نەمهێشت بڕۆن. گووتم: ڕاستە ئەمـە ئاغایـە و پێی دەڵێن ئاغا، بەڵام کەسـی ئازار نـەداوە و زوڵمی لە کەس نەکردووە و کەسـێکی باشـە. ئەویش ئـەو پیاوەتییەی لەبیر مابوو، نوێنەرەکەی خۆی، واتە بەنی هاشمی ناردبوو بۆ ناوبژێکردن. حەوت هەشـت کەس هاتبوون، کە ئەگەر من خۆم بەدەستەوە نەدەم، ئەوا دەستگیرم دەکەن. من تەنها بووم، بەڵام ئەوان نەیاندەوێرا بێن و دەسـتگیرم بکەن. عەجەبشێر تاکو شیشـوان نزیکەی یەک کیلۆمەترە. ئەوان وایان هەسـت دەکـرد کە تەواوی گوندی شیشـوان چەکدارن. بەسـیر پـور پەیامی ناردبوو بە سـەفەرخان بڵێن، کێشـەکەی گرانە، تەنانەت محەمەدخانی ئەمیر پەروێزیش کە لێپرسراوی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسـی ئازەربایجانە و دەسـەڵاتی زۆری هەیە، ناتوانێت ئەو ڕزگار بـکات. بە سـەفەرخان بڵێن لێـرە نەمێنێت و بڕوات. مـن ئەو پەیامەم قبـووڵ نەکـرد، بە ئەوانـم گووت: ئەوەنـدە مۆڵەتمان پـێ بدەن تاکو چەکەکانمـان کۆبکەینـەوە و خۆمـان دەناسـێنین. بەڵێ، لـەو کاتەدا سـەرگەرمییەکانم پێیـان دەگووتـم لە جێگای خۆت دانیشـە و مەڕۆ. کاتی شەو ئەوان ڕۆیشتن و خەڵکی گوندەکەی خۆمان ئاخوند و مەلا و ڕیشسـپییەکان هاتـن و گووتیان: ئێمە لە عەجەبشـێرەوە هاتووین. ئەوان تۆپیان هێناوە دەیانەوێت گوندەکە تۆپباران بکەن. چەکداریشیان هێنـاوە تاکو بەدوای ئێوەدا بگەڕێـن. تکایە بڕۆن و گوندەکە جێبهێڵن. شـەو من و ئەسـغەر نوری و مەحمود مهاجر لەگەڵ برا بچووکەکەم و کەسـێکی تر هەر پێنجمان هەڵساین و ڕۆیشتین بۆ کێوەکانی نێوان عەجەبشـێر و ئازەرشەهر. نێوان ئەو دوو شارە هەموو شاخ و کێوە. دێهاتەکانی دەوروبەریشـیان لە دەریاچە دەچن. ڕۆیشتین بۆ گوندێک کە سـێ چـوار ماڵ زیاتر نەبوون. بە ویژدانـەوە هیچ ماڵێکیان لەگەڵ

ئێمــەدا خــراپ نەبوون، خواردنیــان پێداین و جێگایــان کردینەوە. لەو کاتــەدا مەحمود مهاجر گووتی: ئێوە کەســتان هەیــە تاکو بەرگریتان لــێ بکات، بــەڵام ئەگەر من بگیرێم یەکڕاســت دەکوژرێــم. چەکەکەی دانــا و مۆڵەتــی لە ئێمە وەرگرت و گووتی: من لە قەرەداغ و ئاراس و بــاران برایەکم هەیە دەڕۆم لەوێ دەمێنمەوە. لەوێ هیچ کەســێک من ناناسێت. ئەو لەسەر ڕەزامەندیی ئێمە ڕۆیشت بۆ قەرەداغ. بۆ گەیشتن بــە قــەرەداغ دەبووایە لە تەبرێــزەوە بڕوات. لە ڕێگادا خەڵکی باســی چەکــداران و هەڵاتووانــی ئێمەیــان کردبوو. دەیانگووت هەرکەســێک چەکدارێــک بگرێت و تەســلیمی بــکات، خەڵاتێکی باشــی پێ دەدرێت. مەحمود مهاجر بە بیستنی ئەو قسانە قاچەکانی شل دەبێت و ناتوانێت بــڕوات و دەگەڕێتــەوە بــۆ هەمان ماڵ کــە بەیەکەوە بوویــن. ئێمە لە یەک جێگا نەدەماینەوە. دەڕۆیشتینە کێوەکان و خۆمان دەشاردەوە و دەهاتینەوە گوندەکان نان و خواردنمان لە جووتیارەکان وەردەگرت و دەڕۆیشتینەوە بۆ کێوەکان.

مانگی ئازەر بوو، ســەرمای توند دەستی پێکردبوو، سەربازەکان بە شوێنماندا دەگەڕان، دەیانزانی ئێمە لەو ناوچەیەداین. ئەو چەکدارەی کە هەمیشــە لەگەڵ مندا بوو، ناوی مەشــهەدی عەبــاس بوو. دەچووە گونــدەکان و خــواردن و هەواڵی بۆ دەهێناین. جارێکیــان هەواڵی هێنا و گووتی: ســەربازەکان لە دەوروبــەری کێوەکانن و ئاگاداری خۆتان بــن. هەمــوو جیهانمان لەبەر تەســکبووەوە. گەڕاینەوە بــۆ گوندەکەی خۆمان کە دوانزە ماڵە ئاغای تێدا بوو. هەمان شازادە و منداڵانی ئیمام قولی میرزا کە پیشــتر باســم کرد. ئەوان چەکدارێکــی زۆریان هەبوو. کات شــەو بوو، چووینە ماڵی ئەســغەر نوری. چی بکەین چی نەکەین. ئەســغەر نوری کەســێکی ڕۆشــنبیر بوو، گووتی: من ناتوانم چیدی بە شــاخەکانەوە بم. خراپەم لەگەڵ کەســدا نەکردووە. لە سەردەمی شادا ماوەیەک ســەرۆکی شــارەوانی بووم. تەنها یەک شەپازلەم لە کەسێک داوە. منیــش پێــم گووت: ئــەی بیر لەوە ناکەیتەوە تۆ ئەفســەر بوویت

لــە تیپدا. لە ڕاپەڕیندا ڕۆڵت هەبوو، لــە گوندی (تاهیراوا) تۆ مووچە و خواردەمەنیــت دەدا بە بارزانییەکان و ئەفســەری پلەبەرز بوویت و لە (کەبیــری)ەوە زۆر نزیک بوویت، تەنانەت نووســەری ئێمەش بوویت، لەکاتی شۆڕشدا لە تۆ خوێندەوارترمان لەگەڵدا نەبووە. ئەی چی لەمانە دەکەیت؟ تۆ تەنها حســاب بۆ ئەو شەپازلـەیە دەکەیت کە وەشاندووتە! ئیتــر پێم گووت کە دەبێت ئێمە بە زوویی جێگەکەمان بگۆڕین. ئێســتا دەبێت بچین بۆ ماڵی ئەو کەسەی کە زۆر پەیوەندییمان لەگەڵیدا نەبووە و تــا ڕادەیەک دژایەتیمان کردووە، بەڵام ئەو کەســە کەســێکی خراپ نەبوو، ئێمەش چارەمان نەبوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەو ماڵەتان هەڵبژارد؟

سەفەرخان: بەڵێ، نەدەکرا بڕۆین بۆ ماڵی خزم و کەس.

عەلی ئەشــرەف دەروێشیان: دواتر مەحمود مهاجر گەڕایەوە بۆ لای ئێوە؟

ســەفەرخان: نەخێر. مەحمود مهاجر گەڕایەوە بۆ ئەو گوندە و بۆ هەمــان مــاڵ، کە لە ئێمە جیابووەوە. کەســێکی ناپیاو بــە ناوی عەلی خەیــات، یــان مەشــهەدی عەلی خەیات، کــە بۆ ڕاوکردنــی بزنەکێویی ڕۆیشــتبوو بــۆ کێــو. کاتێک لــە ڕاوکــردن دەگەڕێتەوە بۆ ئــەو ماڵە. مەحمود مهاجریش هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ماڵە، عەلی خەیات لوولەی تفەنگەکەی دەخاتە ســەر سنگی و دەســت و قاچی دەبەستێت، خاوەن ماڵیــش ناوێرێت قســە بکات. بەهەرحاڵ ســواری حوشــتری دەکات و لەسەر حوشترەکە دەست و قاچی دەبەستێت و دەیبات بۆ عەجەبشێر و تەســلیمی دەکات. ئێمــە کــە چووینە ئــەو ماڵە حەوت هەشــت ڕۆژ لــە ماڵیــان بووین، خــاوەن ماڵ ناوی حوســێن خانی موشــفەقی بوو. دوای ئــەوەی لە زیندان ئازادکرام، هێشــتا ئەو پیاوە مابوو، چاوم پێی کەوتەوە، دوو هاوســەری هەبــوو، زۆر هاوکارمان بوو. ڕۆژێک کاتی

نیــوەڕۆ نامەیەکمان لەلایــەن (فەخرولعولیا)وە بۆ هات، کە فەرمانداری بنــاو بوو. ئەو (فەخرولعولیا)یە نــە دژی ئێمە بوو، نە لایەنگرمان بوو، بەڵام لایەنگری حکومەت بوو، یەکێک بوو لە ئاغاکانی گوندەکەی ئێمە. ژنەکەشــی خەڵکی گوندەکەی ئێمە بوو، بەڵام ئەو لە ئاغا زۆردارەکان نەبوو، چەند ڕۆژێک بەدواماندا دەگەڕێن و شوێنەکەمان دەدۆزنەوە و نامەکەمان بۆ دەهێنن.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: لە نامەکەدا چی نووسیبوو، داوای چی دەکرد؟

ســـەفەرخان: نامەکە بۆ من و ئەســـغەر نوری نووسرابوو، داوایان لێکردبووین کە بچین بۆ مەراغە و خۆمان تەسلیم بکەین. بەڵێنیان دابوو پارەمان پێ بدەن و ژیانمان دابین بکەن، هەر قســـەکانی پێشـــووتریان دووبارە کردبووەوە، کە برۆین و تەســـلیم بیــن. ئەوان دەیانزانی ئێمە لــە کێوەکانەوە دێینــە خوارەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ناوچەکە دارســـتان بــوو، نەیاندەتوانــی ڕووبەڕوومان ببنەوە، دەنا شـــەڕ ڕووی دەدا، یان دەیانکوشتین، یان دەستگیریان دەکردین. دوای خوێندنەوەی نامەکە ئەم ئەســـغەر نورییە دووبارە دەستی پێکردەوە و گووتی: من هیچ کارێکی خراپــم نەکردووە، تەنها شـــەپازلەیەکم لە کەســـێک داوە. من دووبارە کەوتمەوە قسەکردن بۆی و پێم گووت وریای خۆت بە هەڵنەخەڵەتێیت، بــە دڵنیاییــەوە دەتکوژن. گووتــی: بەخوا من ناتوانم بــەم جۆرە بژیم. گووتم: زۆرباشــە ئەوە مەیلی خۆتە. بەرەبەیان بوو ئەو بە جلوبەرگی ئەفســـەری و دەمانچەکەی لاقەدییەوە ڕۆیشت بۆ ماڵی (فەخرولعولیا)، هەر لەوێ دەســـتگیری دەکەن و ڕەوانەی مەراغەی دەکەن. کاتێک ئەو ڕۆیشـــت، منیش لە ماڵەکــە هاتمە دەرەوە و ڕووم کردە دارســـتانەکە. کاتێک هەواڵی دەســـتگیرکردنی ئەوم بیســـت لەلایەن چەند کەسێکەوە، هەوڵێکــی زۆرم دا، پــارەم دا بــە زۆر کەس تاکــو ڕزگاری بکەم. ئەو کەســـەی کە ئەوی بردبوو تەســـلیمی کردبوو. بەڕاســـتی نەیویســـتبوو

ئـــەو بەکوشـــتن بـــدات، نەیزانیبوو کە دەیکـــوژن. واتـــە (فەخرولعولیا) وای هەســـتکردبوو کە ئەوان بەڵێنەکانیان ڕاســـتن، تەنانەت بەو ئاکامە گەیشتبوو کە ببێتە کەفیلی.

عەلی ئەشرەف دەرویێشیان: واتە فەخرولعولیا ببێتە کەفیلی؟

سەفەرخان: بەڵـــێ، ئەو ویســـتبووی کەفالەتی بکات، بەڵام ئاغاکانی ناوچەکەی ئێمە لە هەواڵی دەستگیرکردنی ئەسغەر نوری ئاگادار دەبن، چەندین ئیمزا کۆدەکەنەوە و ئەو دەکەن بە شێر، بەڵام ئەو پیاوی چەک نەبوو، ئەو کەســـی قەڵەم و نووســـین بوو. ئاغـــاکان گووتبوویان ئەمە ئـــەو تاوانبارەیە کە ئێوە دەتانەوێت ئـــازادی بکەن. پێش کۆکردنەوەی ئیمزاکان حکومەت دەیویست بە کەفالەت ئازادی بکات.

عەلی ئەشرەف دەرویێشیان: دوای ئەوە تۆ بە تەنها مایتەوە؟

ســـەفەرخان: بەڵـــێ، مـــن لـــە کێـــو و لەنـــاو دارســـتانەکاندا بووم، جووتیـــارەکان هاوکارییان دەکردم، دەچوومە هەر گوندێک مەترســـیم لەســـەر نەبوو، نانم وەردەگرت و دەڕۆیشـــتم، شـــەوانە لە هیچ ماڵێک نەدەمامـــەوە. هەندێک کات لەو ماڵانـــە دەمامەوە کە زۆر باوەڕم پێیان هەبوو. هەموو شوێنێک لەژێر چاودێریدا بوو، ئاغاکان و نۆکەرەکانیان چاودێریـــی هەمـــوو شـــوێنێکیان دەکـــرد. نۆکـــەر و کاسەلێســـەکان لە ئاغاکان خراپتر بە شوێن مندا دەگەڕان. من ماوەی یەک مانگ بە تەنها سەرگەردانی ئەو شاخ و دۆڵە بووم، دەڕۆیشتم بۆ لای ئەو کوورانەی کە خەڵوزیان لێ دروست دەکرا، لەوێ خۆم گەرم دەکردەوە و شەوانە لـــەوێ دەخەوتـــم، یان لەنـــاو باخ و خانـــووی ناو باخـــەکان دەخەوتم. ڕۆژێکیان ڕۆیشتم بۆ ماڵی خوشکەکەم، واتە ژنی حەیدەرخانی ئافاقی، کە تازە لەسێدارەیان دابوو. خوشکەکەم کردی بە هاتوهاوار و نەیهێشت لـــەوێ بمێنمـــەوە و گووتی: بەزوویی بڕۆ، ئێســـتا دێن و دەســـتگیرت دەکەن، بە بەرچاوی منەوە دەتکوژن. ڕۆیشـــتم سەردانی ماڵی خۆمانم

کرد. دایکیشم بەهەمان شێوە دەستی کرد بە هاتوهاوار، ئیتر لە هەموو شــوێنێک نائومێد بووم. ئومێدم تەنها بە چەکەکەم بوو، گووتم: ئەگەر بــۆم بێن، تا دوایین فیشــەک شــەڕ دەکەم و دەکوژم. ئەگــەر گرتیانم و کوشــتیانم ئیتر ڕزگارم دەبێت. هاتمە دەرەوە و ڕۆیشــتم بۆ ســەر ڕێگایەک، کە بەرەو گوندێک دەڕۆیشــت، ســەرم گــەرم بوو، بێ ترس دەڕۆیشتم. گەیشتمە لای باخێک و وەستام، گوێم لە دەنگی پێی ئەسپ بوو، پۆلیس بوون و دەڕۆیشــتن بۆ گونــدەکان. لە دڵی خۆمدا گووتم: ئیتر کارم تەواو بوو، خۆم دا بە زەویدا و تفەنگەکەم بەدەستمەوە بوو. خۆشــبەختانە باخەکە دیواری هەبوو، ئەوان منیان نەبینی و ڕۆیشــتن. هەر لەوێوە ڕۆیشــتم بۆ ماڵی یەکێک لە جووتیارەکان. ئەو ماڵە بەر لە من هەڵاتوویەکی تریان لە ماڵەکەی خۆیاندا شاردبووەوە. ئەو هەڵاتووە ئەفســەرێکی تیپ بــوو، کە ئەویان گرتبوو، ناســیبوویانەوە و ئازادیان کردبوو، ئەویش هاتبوو بۆ ماڵی هەمان جووتیار کە من بۆی ڕۆیشــت بووم، ئەو ئەفســەرەش ناوی حاجی ئاغای باقر پوور بوو. ئاشــناکانم زۆربەیان چەکدار بوون. براکەم ڕۆیشتبوو بۆ مهاباد بۆ ماڵی کەسێک کــە چەکدار بوو، لەوێ بە خاوەن ماڵ دەڵێت: فڵان کەســیش هەڵاتووە و باسی منی بۆ دەکات، ئەو کەسە کوردەش ناوی ئەحمەد کاژاو بوو. زۆری پــێ نەچوو خاوەن ماڵەکــە پێی گووتم: کە ئەحمەد هاتووە تاکو تۆ بەرێت بۆ مهاباد، چونکە مەلا مســتەفا لە کوردســتان جەنگ دەکات و ناوچەکەش ئازادە. من پێنج دانە چەکم هەڵگرت و حاجی ئاغای باقر پوورم لە کادێنەکە هێنایە دەرەوە و سێ بەسێ بەڕێکەوتین.

عەلی ئەشــرەف دەروێشیان: ئێوە ســێ کەس، پێنج چەکتان پێبووە، واتە هێشتا ژمارەیەکی زۆر چەکتان هەبووە؟

سەفەرخان: ئێمــە بیست هەزار چەکمان هەبوو، هەموویان بردبوو، بەڵام هێشــتا لەملاو ئەولا هەندێک شــتمان شــاردبووەوە. دەمانچەی تیابوو، تفەنگ بوو، فیشــەک بوو. من پێنج ڕەشاشــم شــاردبووەوە بە

یەک سـندووق فیشـەکی گەورەوە. ئەوانە تاکو ئەم دواییەش مابوون. دواتـر باوکم شـوێنەکانی دۆزیبوونەوە و بردبوونی و فرۆشـتبوونی و ژیانـی خـۆی پێ دابینکردبوو. فیشـەک دانەی بە یـەک تومەن بوو، بەڵام ڕەشاشـەکان کڕیاریان نەبوو. دواتر ڕەشاشـێکم نارد بۆ عێراق، دانەیەکیشـیان بەر دەسـتی پۆلیس کەوت. سێ دانەکەی تریش بێسەر و شـوێن کران. ئیتر ئێمە سـێ کەس ئامادە بووین بڕۆین بۆ لای مەلا مستەفا. ئەو کەسەی ئێمە لە ماڵەکەیدا بووین، پێشتر چەند ئەسپێکم لای ئـەو دانابوو، بەڵام هەموویان بردبوو. ئەو خۆی یەک ئەسـپی هەبوو. گووتـم: ئەو ئەسـپە بدە بە من، من نەمدەتوانی ئـەو هەموو ڕێگایە بە پێ بڕۆم، ئەو جووتیارە ئەگەرچی کەسـێکی باش بوو، بەڵام دەترسـا. گووتی: ئەگەر تۆیان دەسـتگیرکرد پێم دەڵێن بۆچی ئەو ئەسـپەت پێ داوە؟ منیش گووتم: ئێمە دەمانەوێت بڕۆین و لێرە نەمێنین. خۆ ئەگەر دەستگیریش بکرێم، خۆم قسەیەک دەکەم. خۆ ناوی تۆ لەسەر ئەسپەکە نەنووسـراوە، دەڵێم ئەسپی خۆمە. بەهەرحاڵ ئەو ئەسپەکەی پێداین و ئێمەش بەڕێکەوتین بەرەو کوردستان.

کاتەکە زسـتان بوو، گەیشـتینە سـەر ڕووباری (جەغاتو) لەسەر ڕووبارەکـە بە (کەڵەک) خەڵکیـان دەپەڕانـدەوە. هەروەکو دەریاچەی ئورمیـە بەندەرێکـم دەزانـی، بـەڵام نەماندەتووانی لەوێـوە بڕۆین و پێیـان بڵێین سـوارمان بکەن و بمانپەڕێننەوە. زسـتانێکی زۆر سـارد بوو، هەموو شـتێک بەستبووی. ئێمە شەو گەیشتینە سەر ڕووبارەکە. دارسـتانێکی زۆر لـە قـەراغ ڕووبارەکە هەبوو، نەدەتوانـرا لە هەموو شوێنێکی ڕووبارەکە بپەڕینەوە. کەمێک ڕۆیشتینە پێشەوە و شـوێنێکمان دیـاری کـرد بـۆ پەڕینـەوە. جلەکانمان دانا و من سـواری ئەسـپەکە بـووم و ئـەو دووانەکەی تریـش هەریەکەی لە لایەکەوە دەسـتیان بە ئەسـپەکەوە گرت، ئەسپی بێ چارە ئێمەی لە ڕووبارەکە پەڕاندەوە، لە نزیـک ڕووبارەکە گوندێک هەیە بە نـاوی (جەعفەرئاوا) من لەو گوندە ئاشـنام هەبوو، ڕۆیشتینە ماڵەکەی و جلەکانمان وشککردەوە و نانمان

خــوارد، بەڵام ئەو گوندە شــوێنێکی ئارام نەبوو. لــە گوندێکی ئەولاتر ئاشــنایەکی تــرم هەبــوو، وابزانم گوندەکــە ناوی (ئاقاتەپــە) بوو، ئەو گوندە بەشی کوردستانە. ئەو ڕۆژە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بوو. کــوردەکان زۆر گرنگی بە جەژنی قوربــان دەدەن. لە هەموو ماڵێک و چێشــت لێدەنرێــت و چەند ڕۆژێک گۆشــت و برنج دەخــۆن. ئەو کاتە هەمــوو کەس گۆشــتی نەدەخوارد، واتــە نەیاندەتوانی گۆشــت بکڕن، تەنها پۆلیســەکان گۆشــتیان دەخوارد. کوردەکان لە جەژندا ژنەکانیان جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ دەپۆشن و لەو دەشت و دەرە شایی دەکەن و هەڵدەپەڕن. ئێمــە لەناو گوندەکەدا بووین، لەپڕێکدا هەواڵیان بۆ هێناین کە چەند چەکدارێک بە ســواریی بەرەو ئێرە دێن. لە پشتی گوندەکەوە گردێکی بڵند هەبوو. ئێمەش چەکەکانمان هەڵگرت و ڕۆیشتین بۆ سەر گردەکە و ســەنگەرمان گرت. دوایی هەواڵیان هێنا، کە ئەوانە کۆمەڵێک ژن بوون و ڕۆیشتوون بۆ ئەو دەشتە بۆ شایی و هەڵپەڕکێ. کە شەو داهات لەوێوە بەڕێکەوتین، ڕۆیشتین بۆ گوندێکی تر، لەوێش ئاشنایەکم هەبوو، کە نۆکەری ئاغا بوو. پێشــتر ئەســپێکم لەلای ئەو دانابوو. پێم گووت ئەســپەکەم بدەرەوە، ناتوانین بە پیــادە بڕۆین. ئەویش گووتی: ئەگــەر ئاغا بزانێــت دەمکوژێت. ئێــوەش چەکەکانتان لەگــەڵ خۆتاندا مەبەن و لای من جێیان بهێڵن. گووتم: ئێمە ئێستا چەکەکانمان بدەین بە تۆ و تۆش دوایی پێمانی نەدەیتەوە. دیارە ئەو چەکی پێ نەبوو، ئێمەش چەکدار بووین، گوندەکەمان جێهێشــت و ڕۆیشــتین. شــەو بە ڕێگاوە بووین، کەســێکی شارەزا پێشمانکەوت و ئێمەی لەگەڵ خۆیدا برد، ئەو کەســە ناوی ســۆفی ئەحمەد بوو، ئــەو لە ناوچەکەدا ئاشــنای زۆری هەبــوو. بە ڕۆژ ئێمەی دەبرد بۆ ماڵە کوردەکان. بەڕاســتی کوردەکان بەڕێز و میواندۆست بوون. دیارە ئەوان ئێمەیان نەدەبردە ژوورەکانی خۆیــان، بەڵکــو دەیانبردین بۆ گــەوڕی ئاژەڵەکانیــان. دوای پێنج ڕۆژ ڕۆیشــتین گەیشــتینە نەغەدە و چووینە گوندی (قاڕنــێ)، لەوێوە تاکو سنووری عێراق بەدەســت کوردەکانەوە بوو. دیارە شەڕ نەبوو، ئەولا

بەدەست سەربازەکانەوە بوو، ئەملاش بەدەست بارزانییەکانەوە بوو. من و سۆفی ئەحمەد هەریەکەمان دەمانچەیەکمان پێبوو. لە ڕێگادا بارزانییەکان ئێمەیان گرت و گووتیان ئێوە جاسوسن. گووتم: کاکە ئێمە ئەفسەر بووین و ئێستا هەڵاتووین، باوەڕیان پێ نەکردین و بردیانین بۆ نەغەدە.

مەلا مستەفا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ شادا ڕۆیشتبوو بۆ تاران و شێخ عوبەیدوڵلای کوڕی لە جێگای دانیشتبوو. ئێمە کە گەیشتینە ئەوێ، سەیرم کرد ئەوێ پڕە لە کەسانی ئێرانی، ماچ و مووچ دەستی پێکرد. کوردەکان نامەیان نووسیبوو بۆ ئازەربایجان، کە هەرکەسێک دەیەوێت بێت بۆ لای ئێمە، ئێمە پێشوازیی لێ دەکەین. ئیتر ئێمەش دووبارە گەڕاینەوە بۆ گوندی (قاڕنێ). لەوێ چەکەکانمان هەڵگرت و هاتینەوە بۆ نەغەدە. لە نەغەدە نزیکەی بیست کەسی تری ئازەربایجانی لێبوو، کە هەموومان یەکتریمان دەناسی، هەموومان لەناو شاردا بە ئازادی و بە چەکەوە دەسوڕاینەوە. نزیکەی یەک مانگ دەبوو کە شا بانگهێشتی مەلا مستەفای کردبوو بۆ تاران. کاتێک کە کوردەکان لە مهاباد تەسلیم دەبن؛ مەلا مستەفا لە بۆکان دەبێت، لەوێ ژمارەیەک لە ئەفسەرانی خوراسان مەشقی سەربازییان پێ دەدەن. کاتێک کوردەکان لە مهاباد تێکدەشکێن، مەلا مستەفا دەچێتە لای قازی محەمەد و پێی دەڵێت: ئەوە من و ئەوە تەواوی چەکدارەکانم، کۆماری ئازەربایجان تەسلیم بووە، بەڵام ئێمە لەگەڵ تۆداین، وەرە با لە کوردستان بەرگریی بکەین. قازی محەمەد هەمان وتەی کە پێشتر گووتم، دووبارەی دەکاتەوە و دەڵێت: ئەگەر بمرم با لەگەڵ گەلەکەمدا بمرم، ئەگەر زیندووش بم با لەگەڵ میللەتەکەمدا بم. قازی محەمەد هەموو هاوکارییەکی مەلا مستەفا ڕەت دەکاتەوە، بەڵام پێی دەڵێت ئەو عەمبارە پڕە لە چەک، چەندەت چەک دەوێت لەگەڵ خۆتدا بیبە. بارزانییەکان شەیدای چەک بوون، هەرچی چەک بوو کۆی دەکەنەوە و لەگەڵ خۆیاندا دەیبەن. مەلا مستەفا دەگەڕێتەوە بۆ نەغەدە. شا داوای لێ دەکات سەردانی بکات لە تاران.

مەلا مستەفا دەچێت بۆ تاران و شا دوو پێشنیاری بۆ دەکات، یان بێت تەسـلیم بێت و لە شـیراز زەوی کشتوکاڵی پێدەدات و لەوێ نیشتەجێ ببـن و کاری کشـتوکاڵی و ئاژەڵداریی بکەن، یـان داوا لە عێراق بکەن لێبووردنتان بۆ دەربکات و بگەڕێنەوە بۆ عێراق. شا ئەم دوو پێشنیارە دەخاتە بەردەم مەلا مسـتەفا، بەڵام مەلا مسـتەفا پێشنیاری دووەمیان قبووڵ دەکات و بە شـا دەڵێت: ئێمـە دەگەڕێینەوە بۆ عێراق، بۆئەوەی دڵنیایی شـا بەدەستبهێنێت تەڵاقی بۆ دەخوات کە قبووڵی دەکات. لەناو کوردەکانـدا سـوێندخواردن بە تەڵاق سـوێندێکی گرانە. واتە کەسـی سـوێندخۆر ئەگەر بەڵێنەکەی نەباتە سـەر، یـان دەبێت ژنەکەی تەڵاق بـدات، یان ژنەکـەی لە ئەو حەرام دەبێت. ئەو ڕۆژەی ئێمە گەیشـتینە نەغەدە، دوای دوو ڕۆژ مەلا مستەفا لە تارانەوە گەڕایەوە. تا ئەو ڕۆژە حکومەتی شـا ئارد و شـەکر و چایی دەدا بە بارزانییەکان و ژیانی بۆ دابیـن دەکردن. بە ئۆتۆمبێل هەموو شـتێکیان بۆ دەهات. بارزانییەکان خۆیان هیچ شتێکیان نەبوو. تەنها هەریەکە و تفەنگێکی پێبوو. حکومەت هەموو شـتێکی پێ دەدان. لەگەڵ مەلا مسـتەفادا سەرهەنگێکی سوپای ئێرانیش هاتبوو، سەرهەنگ غەفاری، یان غەفوریان پێ دەگووت.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەوان لە تارانەوە هاتبوون؟

سەفەرخان: بەڵێ، لە تارانەوە هاتبوون بۆئەوەی چەکەکان وەربگرن، مەلا مستەفا هەرچەندە ناوێکی گەورە و گرنگ بوو، بەڵام لێرە کەسانی تریـش هەبوون کە هاوشـانی مەلا مسـتەفا بوون. فـلان خان و فلان خـان کە ناویانم بیر نەماوە. هەر تایەفەیەک خانێکی هەبوو. بۆ نموونە ڕواندزییەکان خانێکیان هەبوو، هەموو ئەوانەش لە دەوری مەلا مستەفا کۆببوونـەوە. ئێسـتا پەنجا سـاڵ تێپەڕیـوە و ناویانـم بیرچووەتەوە. لـە نەغـەدە بە ئێمەیان گووت: بـڕۆن بۆ گوندێک لە نزیک شـنۆ. ئێمە ڕۆیشـتین و لـە ماڵی خانێک میوان بووین. دواتـر ئێمەیان نارد بۆ ناو شـاری شـنۆ. ئێمە (١٢) کەس بووین، هەر لە شـنۆ بووین کاتێک مەلا

مســتەفا هات و لەگەڵ ئەو ســەرهەنگەدا کۆبوونەوەیەکیان کرد. دیارە من بەشداریی کۆبوونەوەکەم نەکرد، بەڵام ئەوانەی لەوێ بوون، دوایی بۆیان باسـکردم کە مەلا مستەفا چەکەکەی خستووەتە سەر مێزەکە و گووتوویەتی لەبەرئەوەی سوێندم بە تەڵاق خواردووە، من ئەم چەکەی خۆم تەسلیم دەکەم، ئێوەش چەکەکانتان تەسلیم بکەن، ئێمە بەڵێنمان بە شا داوە، یان بڕۆین بۆ شیراز، یان داوای لێخۆشبوون لە عێراق بکەین (دیارە مەلا مســتەفا پێشــتر لەگەڵ کوردەکاندا قســەی کردبوو)، لەناو هۆڵی کۆبوونەوەکەدا بیست بۆ سی کەس هەبوون. دەبێتە دەنگەدەنگ و بە مەلا مســتەفا دەڵێن: تۆ چیت، تۆ تەنها خۆتیت، چی دەکەیت بیکە، بــەڵام ئێمە چەکەکانمان تەســلیم ناکەین و شــەڕ دەکەیــن. لەوێ ئەو ســەرهەنگە تێدەگات کە مەلا مســتەفا فێڵی لە شا کردووە. لەگەڵ چەند ســەربازێکدا کە لەگەڵیدا بوون، ســواری جێبێکی ڕەش بوو و ڕۆیشت. ئەو جێبە هی یەکێک لە هاوشــارییەکانی من بوو، کە ماوەی دوو ســاڵ بوو ڕۆیشــتبوو بۆ شنۆ. سەرهەنگ بە ســواری جێبەکە ڕۆیشت و بۆ ڕۆژی دواتر حکومەت خواردنی نەنارد و شــەڕ دەســتی پێکرد. سوپا بــە تــۆپ و فڕۆکەی جەنگی هێرشــی دەکرد، کوردەکانیــش بە تفەنگ بەرگرییــان دەکــرد. بەدبەختــی بارزانییەکان لەوەدا بــوو کە بە ماڵ و منداڵــەوە هاتبوون بۆ ئێــران. ئەگەر مرۆڤ تەنها بێت و منداڵی لەگەڵدا نەبێــت، هەر کارێــک بییەوێت دەیکات، بەڵام بە ماڵ و منداڵەوە کارێکی دژوارە، مرۆڤ نازانێت چی بکات. جەنگ دەستی پێکرد و سوپای ئێران گوندەکانی تۆپباران دەکرد. (تەفریشیان) ئەم ڕووداوانەی لە کتێبەکەیدا نوســیووە. مەلا مستەفا بە (تەفریشــیان) دەڵێت: سوڵتان تەفریشیان لە دەوروبەری (نەلۆس) سوپای حکومەت تۆپباران بکە.

عەلی ئەشرەف دەرێشیان: مەلا مستەفا تۆپبارانیان بکات؟

سەفەرخان: نەخێــر، هەمان تەفریشیان کە تۆپچی بوو، ئەفسەرێکی پلەبــاڵای ســوپای ئێران هەبوو، لەو شــەڕەدا بریـنـدار دەبێت و دواتر

خـۆی دەکوژێـت، ئـەو ئەفســەرە نـاوی (کلاشــی) بوو. ئـەو هێزەی حکومەت تەسلیم بوون و فەرماندەکەشیان کوژرا، لەو شەڕەدا دەست بەســەر چەکێکی زۆردا گیرا. هۆکاری ئەوەش کــە لە زینداندا ئەوەندە (تەفریشــیان) هێشــتەوە، بەهۆی لێکۆڵینەوەبوو لەســەر ئەو ڕووداوە. ئەویش دەیگووت: ئەوە شــەڕ بووە و ئەو فەرماندەیەش لە شــەڕەکەدا کــوژراوە. تەفریشــیان کەمێک لــە حیزبی تودە ناڕازیی بــوو. لەوانەیە بەو هۆیەشــەوە بووبێت کە لە مانگی ئازەری (١٣٢٩)دا کە تودەییەکان هەڵاتن و بڕیار بوو ئەویش لەگەڵ خۆیاندا ببەن، چونکە (تەفریشــیان) تاوانەکــەی گەورە بوو، ئەویان نەبرد. (تەفریشــیان) لە کتێبەکەیدا ئەم وتانــەی نووســیوە، دیارە هۆکاری تریــش هەبوو کە لــەو کتێبەکەیدا نووسیویەتی... ماندووبووم.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ماندووبوویت؟

سەفەرخان: با کەمێک پشوو بدەم.

یەکەم دەستگیرکردن و زیندانیکردن (١٣٢٥–١٣٢٧)

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: سڵاو سەفەرخان، ئەگەر ئامادەیت با بڕۆینەوە سەر باسەکەمان.

سەفەرخان: بەڵێ، چەند ڕۆژێک تێپەڕیبوو، کە بەڕێوەبەری پۆلیسی شنۆ (سەرۆک عیزەت) داوای ئێمەی کردبوو، دیارە پێش ئەوەی کە شەڕ دەست پێ بکات، ئەو داوای ئێمەی کردبوو. گووتبووی ئێوە ئەو دوانزە کەسەتان سەرتیپ (زەرابی) داواتان دەکات، بەتایبەتی دەڵێت کە (سەفەری قارەمانیان) سەرهەنگ موعین ئازادی کوشتووە.

هاوسەری سەفەرخان: سەفەرخان و ئەوانی تریش.

سەفەرخان: ئەوانی تر چەکدار و ئەفسەر بوون، ناو و ناوبانگێکی ئەوتۆیان نەبوو. مەلا مستەفا بڕا گەورەیەکی هەبوو، ئەو هەموو دەسەڵاتێکی هەبوو. ناوی شێخ ئەحمەد بوو، ئەو لەوێ کە چاوی بە ئێمە کەوت، پێی گووتین: کە ئێمە ناوی خۆمان بگۆڕین و لەگەڵ ئەواندا بڕۆین بۆ ناوچەکەی ئەوان، لەوێ ترێ و هەنجیر زۆرە و لەوێ بژین. ئێمەش لەگەڵ حەفتا کەسی تر بە فەرماندەیی خەیروڵڵا ئەفەندی کە ئەفسەرێکی عێراق بوو، هاتبوو بۆ هاوکاریکردنی مەلا مستەفا، بەرەو سنووری عێراق بەڕێکەوتین. لە نەغەدە و شنۆوە چوار ڕۆژ بەناو بەفردا بە ڕێگاوە بووین تا گەیشتینە گوندی قاسملو، بەفرێکی زۆر باریبوو، تا پشتێنمان دەهات، ئێمە یەک یەک بەدوای یەکدا دەڕۆیشتین. شەوانە لە گوندەکان لەماڵی خەڵکی دەماینەوە، کاتێک گەیشتینە گوندی قاسملو شەو بوو، بەیانی زوو پێیان گووتین بڕۆین بۆ کێوەکەی پشتەوە. (بە ناوی دمدم- جمجم) تازە شەڕ گەیشتبووە لای کێوەکە. زورار بەگ و

هاوڕێکانی لەوێ لەگەڵ سوپای ئێراندا لە شەڕدا بوون، بارزانییەکانیش هاوکارییان دەکردن، هیچ شتێک نەدەگەیشتە کێوەکە. نە تۆپ، نە تانک، تەنها فڕۆکە دەیگەیشتێ. کێوەکە زۆر بەرزە، دوو کاتژمێری دەوێت تا سەر دەکەویتە سەرەوە. ئێمەیان بەڕێکرد بۆ سەر کێوەکە، چەند ڕۆژێک لەوەو پێش چەند کەسێک لە پێش ئێمە ڕۆیشتبوونە سەر شاخەکە و بنکەیەکیان دامەزراندبوو. ئەوان کە چاویان بە ئێمە کەوت، گووتیان دوو سێ ڕۆژە خواردنمان پێ نەگەیشتووە، بنکەکانیان تەسلیم بە ئێمە کرد و خۆیان ڕۆیشتن خواردن بهێنن، ئەوان ڕۆیشتن و ئێستاش نەگەڕانەوە. لایەکی دۆڵی قاسملو بەدەست زورار بەگ و هاوڕێکانییەوە بوو، لایەکی تری بەدەست بارزانییەکانەوە بوو، هەردوو لایان دژی سوپای ئێران دەجەنگان. بەردێک لە شاخەکەوە هاتە خوارەوە و بەردەکە بەر کەسێک کەوت و برینداری کرد، منیش کردمە کۆڵم و بردم لە پەنایەکدا دامنا.

دۆڵی قاسملو دۆڵێکی چڕە و لە هەردوو لاوە کێوەکان ڕۆیشتوون بە ئاسماندا. لەنێوان هەردوو کێوەکەدا دۆڵی قاسملوە، کە تەنها ڕێگایەکی کاروانی پێدا تێپەڕ دەبێت. ئێمە چاومان لێبوو تانکەکان دەهاتن بەرەو دۆڵەکە. ئێمەش ئەو چەند کەسە بڕیارمان دا بڕۆین بەرەو خوار، ئێمە بێ هەواڵ بووین لەوەی کە هەم بارزانییەکان و هەم زورار بەگ پاشەکشەیان کردبوو. کەسێک نەبوو هەواڵمان پێ بدات و پێمان بڵێت هێزەکەمان تێکشکاوە و ئێمە پاشەکشەمان کردووە و ئێوەش بکشێنەوە، ئێمە سێ لامان لێ گیرابوو، تەنها دوو ئەسپمان لابوو، یەکێکیان لای براکەم و ئەوی تریان لای هاوڕێکانی ترم بوون، لە خوارەوە ئاگاداریان دەکردین، بەپەلە هاتمە خوارەوە و سواری ئەسپەکەم بووم، هەردوو کەس و سواری ئەسپێک بووین. بەخێرایی ئەسپەکانمان لەنێوان کێوەکانەوە تاودا، کەمێک لە سەرباز و تانکەکان دوورکەوتینەوە و لە چاوی ئەوان ون بووین. ماوەیەک ڕۆیشتین، بینیم زورار بەگ وەستاوە، بە بینینی ئێمە خۆشحاڵ بوو،

زورار بەگ لە ئورمیە کەسێکی ناسراو و خۆشەویست بوو، ئەو یەکێک بـوو لە کوردە هەرکییەکانـی عێراق. گووتی: زۆر نیگەرانی ئێوە بووم، مـاوەی سـێ کاتژمێرە لێـرە چاوەڕوانتانـم. ئێوە بە زوویـی بڕۆن و خۆتان بگەیەننە گوندەکە، من لێرە چاوەڕوانی ئەو برادەرانە دەکەم کە هێشتا بە کێوەکەوەن، ئێوە وا هەست نەکەن کە من هەڵاتووم و ئێوەم جێهێشـتووە. ئێمەش ڕۆیشـتین بۆ گوندەکە، تەواوی خەڵکی گوندەکە ماڵیان جێهێشـتبوو، خۆیـان هەڵاتبوون و ڕۆیشـتبوون. لە گوندەکەدا یـەک کـەس نەمابوو، هێشـتا تەنوورەکەیان گەرم بوو و تـازە نانیان کردبوو. مریشـکمان سـەربڕی و نانێکی زۆر هەبوو، نانمان خوارد و بەرەو لای شـنۆ بەڕێکەوتین، بەرەو لای ئورمیە نەڕۆیشـتین. هەموو چەکدارەکان لە شنۆ کۆببوونەوە، هەم چەکدارەکانی زورار بەگ و هەم چەکداری بارزانییەکان.

کێوەکانی ئەو ناوچەیە ئەوەندە بڵندن کە سـەربازەکان نەیاندەتوانی پێیدا سـەربکەون. ئێمە سـەر جادەکانمان گرتبوو، سەرباز و تانکەکان نەیاندەتوانـی پێیـدا بڕۆن. دۆڵێک کـە هەردوو لای کێـوی بڵندە، ئێمە ڕێگاکەمان بە تەواوی بەستبوو، ناوچەکە چۆڵیی بوو، گوندی لێ نەبوو، ئێمەش خواردنمان پێ نەدەگەیشـت. بـەردەوام فڕۆکە جەنگییەکان بە ئاسـمانەوە بوون، بەڵام لە کێوەکەدا هیچیان پـێ نەدەکرا. فڕۆکەکانی ئەو سەردەمە وەکو فڕۆکەی ئێستا نەبوون. بە گشتی ئێمە ماوەی یەک مانگ لەو شـوێنە ئێشـکمان دەگرت، هێزەکەی زورار بەگ و هێزەکەی بارزانیش کە لەگەڵ سـوپادا لە شـەڕدا بوون. هەموومان زۆر برسـی بووین. ئەگـەر مەڕێک، یان گوێرەکەیەکمان دەسـتبکەوتایە بە زوویی سـەرمان دەبڕی و کەوڵمان دەکرد و دەمانخوارد. لە سـەروو ئێمەوە چەنـد گوندێک هەبوو، ئـەوان هەندێک خواردەمەنییان لـە ماڵەکانیاندا جێهێشتبوو، ئێمە ئەو خواردنانەشمان خواردن و تەواومان کردن، ئیتر هیچ خواردنێکی ترمان دەست نەدەکەوت. ڕێگاکانی ئورمیەش گیرابوون، هاتوچـۆ نەبوو تاکو بڕۆن لەوێ خواردەمەنی بکڕن و بیهێنن. هەرچی

لــە گوندەکەدا هەبوو لە مانگا و مەڕ و مریشــک هەمووومان ســەربڕی و خواردمان. دوای یەک مانگ گەیشــتینە زێوە. زێوە گوندێکە لە نزیک عێراق. مەلا مستەفاش هات بۆ ئەوێ و بەرنامەی ئەوە بوو ئەو گوند و ماڵانەی کە هەموو کوردی عەشــایەر بوون، لە زێوەوە تاکو سنووری سۆڤیەت یەک بخات. لە نزیک زێوە کێوێک هەیە کە تورکیا و عێراق و ئێـران لە یەکتری جیا دەکاتەوە. ئێمەیان نارد بۆ ئورمیە و گەمارۆمان دا، دیــارە نــاو شــاری ئورمیە نا، بەڵکــو دێهاتەکانــی دەوروبەری. لە دێهاتەکانــدا لەگەڵ ســەربازەکاندا لە شــەڕدا بووین. دواتر ڕۆیشــتین بــۆ گونــدی دیانە کە خاوەندارێتی ڕەشــید بەگ بوو. ئێمــە لەو گوندە بووین، مەلا مســتەفا لەگەڵ هەر خاوەن گوندێک پەیمانی دەبەســت و ئێمەی دەنارده ئەو گوندە و بۆ خۆیشی دەڕۆیشت بە سۆراخی خاوەن گوندێکــی تر و بەهەمان شــێوە لەگەڵ خاوەنی ئــەو گوندەش پەیمانی دەبەست تاکو دەگەیشتە سنووری سۆڤیەت. ئێمە لە ماڵی ڕەشید بەگ بووین، لەوێ خواردنیان پێدەداین، لەو ماڵە بووین کە شەوێک کەسێک بە ناوی ئەحمەدخان هات بۆ لامان. ئەحمەدخان ماوەیەک لەگەڵ سمایل خانی ســمکۆدا بوو، ئەو خزم و کەســێکی زۆری هەبوو. شــکاکەکان هەموویان سەر بە ئەو بوون. ئەحمەدخان لەسەر داوای شا ڕۆیشتبوو بۆ تاران، لەوێ شــا نامەیەکی پێدابوو تاکو بیگەیەنێتە ڕەشــید بەگ، لە نامەکەدا شا داوای لێکردبوو کە بە کوردەکان بڵێت دەست لە شەڕکردن هەڵگرن. ڕەشــید بەگ بە خوێندنەوەی نامەکە ڕەنگی تێکچوو. تا ئەوێ مــەلا مســتەفا لە کۆکردنــەوە و یەکگرتوویی کوردەکان ســەرکەوتوو بوو، بەڵام ئەم نامەیە هەموو بەرنامەکانی هەڵوەشــاندەوە. بەیانی زوو ڕەشید بەگ ئێمەی لە گوندەکە کردە دەرەوە و گووتی: بڕۆن بۆ شەڕ. شــەڕێکی سەخت دەستی پێکردبوو، مەلا مستەفا و زرار بەگ لەلایەک و حکومەتیــش لەلایەکی تر. ئێمە لە دەوروبەری ئورمیە بووین، لەوێ پێیان گووتین بڕۆن بۆ دیانە، کوردەکان وایان دەزانی ڕەشــید بەگ لە دیانەیە. گووتیان بڕۆن لەوێ خواردن و فیشــەک و پێویســتییەکانی تر

بهێنن. ئێمه هاتین بۆ دیانه، سەیرم کرد دیانه چۆڵه و یەک کەسێکی تێدا نییه. لەوێ پێیان گووتین لێره بڕۆن، ئێمەش بە ناچاریی گەڕاینەوه. له ڕێگا سەیرم کرد نزیکەی دووسەد کەس بە سواری ئەسپ له ئورمیەوه بەرەو لای ئێمه دێن. ئەوان لەو بارزانییانه بوون که لەگەڵ حکومەتدا له شەڕدا بوون. ئەو نامەیەی که هاتبوو کاری خۆی کردبوو، ڕەشیدخان چەکی دانابوو. ئێمەش کەسێکمان نارد بۆ لای هێزەکەی ڕەشیدخان. ئەوان گووتیان ئێمه شەڕ لەگەڵ ئێوەدا ناکەین، نه دۆستتان دەبین و نه دوژمن، شەڕ لەگەڵ حکومەتیشدا ناکەین. ئێستا خۆتان دەزانن چی دەکەن. ناچار ئێمەش بەرەو لای شەڕەکه گەڕاینەوه، بەڵام ڕێگا گیرابوو. هێزەکەی ئێمه گەمارۆدرابوون و نەمانتوانی پەیوەندییان پێوه بکەین. گەڕاینەوه و گەیشتینه دامێنی کێوێکی بڵند. ئێمه چوار کەس بووین و له دامێنی کێوەکه سەرگەردان بووین، ناشارەزا بووین و خەڵکی ناوچەکه نەبووین. سواری ئەسپەکانمان بووین و فڕۆکەکان، هاتن، بەڵام کاریان بەسەر ئێمەوه نەبوو. ئەوان چییان بەسەر چوار کەسەوه هەبوو. یەکێک له هاوڕێکانمان گووتی: وا باشه بگەڕێینەوه بۆ گوندەکەی خۆمان. ئەو گوندەی که هێزەکەی مەلا مستەفای لێبوو، لەلای تەرگەوەر و مەرگەوەڕ، بەڵام تاکو ئەوێ زۆر دوور بوو، دەستمان کرد به مقۆ مقۆ یەکێک دەیگووت به شەو بڕۆین و یەکێک تر دەیگووت به ڕۆژ بڕۆین. کەسێک ناوی پولادخان بوو. یەکێکی تر ناوی بولودخان بوو، ئەوان خەڵکی سۆڤیەت بوون و له سەردەمی بەلشەویکەکانەوه هەڵاتبوون و هاتبوون بۆ ئێران. منداڵ بوون که هاتبوون بۆ ئێران. هەر له ئێران گەوره ببوون، ئەوان دوو کەسی زرنگ و وریا بوون، دوای شەهریوەر ئەوان له ناوچەی مەراغه خۆیان بەڕێوه دەبرد. هەر لەوێ ماوەی سێ مانگ لەگەڵ حکومەتدا له شەڕدا بوون، دواتر تێکشکان و ڕۆیشتن بۆ کوردستان و لەوێ مانەوه. ئەوان سەرەتا لەگەڵ ئێمەدا بوون.

بڕیارمان دا بەڕێ بکەوین، ڕێگاکه شارەزا بووین له هەمان شوێنەوه

کە هاتبووین، گەڕاینەوە. خەڵکی ئەو گوندە هەموویان چەکدار بوون و هەمووشـــیان ڕۆیشتبوون بۆ شـــەڕەکە، کە ئاغای گوندەکە ناردبوونی. گوندەکە چۆڵ بوو، کەســێک نەبوو بێت بـــە دەنگمانەوە. ئیتر بە هەزار دەردەســـەریی هاتین تاکو گەیشتینەوە بە هاوڕێکانی خۆمان. برازاکەی مـــەلا مســـتەفا فەرمانـــدەی ئەوان بوو، بەســـەرهاتەکەم بۆ باســـکرد و گووتم: برادەرانی ترمان گەمارۆدراون. دوای دوو ڕۆژ ئەو برادەرانە لە گەمارۆکە ڕزگاریان بوو و هاتنەوە بۆ لای ئێمە. ئێمە لەوێوە دەستمان کرد بە پاشەکشەکردن. ئێستا ئێمە گەیشتووینەتە ناوچەکانی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ، کە سێ فرسەخ لە ئورمیەوە دوورە. خەڵکی ئەو ناوچەیە هەموویان کوردن، شـــوێنێکی دڵنشـــین و خۆشە. خەڵکی بۆ سەیران و کاتبەسەبردن ڕووی تێدەکەن. لەپڕێکدا گوێم لە دەنگی تەقەکردن بوو. برازاکەی مەلا مستەفا نازانم ناوی شێخ چی بوو. بە ئێمەی گووت: بڕۆن بزانن ئەو تەقەکردنە چییە. ئێمەش ڕۆیشـــتین بـــەرەو کێوەکە، کێوەکە زۆر بەرز نەبوو، ســـەیرم کرد کەســـێک بە خێرایی بە ســـواری ئەسپ بەرەوڕوومان دێت. کە لێمان نزیکبووەوە ســـەیرمان کرد مەلا مستەفا بوو، کە چاوی بە ئێمە کەوت، گووتی: وا هێزەکەی حکومەت دێتە پێش، وا من دەڕۆم لەســـەر کێوە بەرزەکە ســـەنگەر دەگرم و ئەوانی تریش ئـــاگادار بکەنـــەوە بەزوویی بێن بۆ لای من. نـــوری بەگ یەکێک بوو لە خاوەن گوندەکانی ناوچەکە، ئەو پێشتر لەگەڵ مەلا مستەفادا بوو، بەڵام دوای نامەکەی شا و لێبووردنی شا، خۆی خستە پاڵ شا. مەلا مستەفا لە نامەکەی شا بێ هەواڵ بوو، چەکدارەکانی نوری بەگ گەمارۆی مەلا مستەفایان دابوو، ئەویش گەمارۆکەی شکاندبوو، خۆی گەیاندبووە ئەو شوێنەی کە ئێمەی لێبووین، واتە هەمان کێوی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ. ئەو ســـەرکەوتە سەر شاخەکە و ســـەنگەری گرت، هێزە پیادەکەی کە لەدوایـــەوە بـــوون، ئەوانیش گەیشـــتنە لامان و ئێمـــە ڕێنوێنیمان کردن کـــە بڕۆن بۆ ســـەر شـــاخەکە و پەیوەندیـــی بکەن بە مەلا مســـتەفاوە. بەڕاســـتی مەلا مســـتەفا بە تەنهـــا دەیتوانی ڕووبەڕووی دووســـەد بۆ

سینســـەد کەس بوەستێتەوە. سوارچاکی وەک و ئەو دروست نابێتەوە. لەو کاتەدا نامەیەک لەلایەن ســـەرهەنگ (شـــەراقی) فەرماندەی ســـوپا، بۆ مەلا مســـتەفا هات. داوای لێکردبوو کە بێت و خۆی تەسـلیم بکات، چونکــە بــە تەواوەتی گەمــارۆدراوە. نامەکەیان دا بە مــن تا بیگەیەنم، چونکە من ســـواری ئەســـپ ببووم. کاتێک لە کێوەکە ســـەرکەوتم تاکو نامەکەی بۆ بەرم، سەیرم کرد لەو شوێنە چەندین تەرم کەوتووە. مەلا مســـتەفا و چەکدارەکانی بە ساغ و سەلامەتی لەوێ بوون. دوو کەسی ســـەید لەلایەن نوری بەگـــەوە هاتبوون تاکو تەرمـــەکان بەرنەوە. مەلا مستەفا پێی گووتبوون، لەبەرئەوەی ئێوە سەیدن و لەبەر خاتری ئێوە ڕێگــە دەدەم تەرمەکان بەرنەوە، بەڵام بە نوری بەگ بڵێن ئەگەر لەژێر هەوری ئاسماندا خۆی بشارێتەوە، دەیگرم و دەیکوژم. بەڵێ، ئێستا مەلا مستەفا گەمارۆدراوە و سێ هەزار بارزانی بە ماڵ و منداڵەوە لە هەمان کێو برسی و تینوون، هیچ شتێک بۆ خواردن پەیدا نابێت، ئەو ناوە تەنها شاخ و بەردە. خوار کێوەکەش هەڵدێرە و بە سەربازی ئێرانی تەنراوە. فڕۆکە دەهاتــن و بۆمبارانیان دەکرد، تانک دەهات و تۆپبارانی دەکرد. ئەگەر بڕۆشتینایە بەرە و تورکیا ڕێگەیان پێ نەدەداین، ئەگەر شەڕمان بکردایە نەماندەتوانی بەرامبەر بە ســـوپایەکی وا گەورە بوەســـتینەوە، ئەوان بەهێز بوون و ئێمەش چەند پارتیزانێک. مەلا مستەفا داوای (٢٤) کاتژمێر مۆڵەتی کرد تا هێزەکەی کۆبکاتەوە و تەســلیم بێت، کە ئێوارە داهــات پێیان ڕاگەیاندین تـــەواوی هێزەکەمان کۆبکەینەوە و لە کێوەکە بڕۆینــە خـــوارەوە و بڕۆیـــن بۆ تەرگـــەوەڕ و مەرگـــەوەڕ. هەرچۆنێک بێــت هاتینـــە خـــوارەوە و لە گوندەکەدا مـــەلا مســـتەفا کۆیکردینەوە و وتـــاری بۆ داین. گووتی: ئێوە تەواو شـــەکەت بوون، چەکێکی زۆرتان بەدەســـتهێناوە، هەســـت دەکەم ئێـــوە دەتانەوێت بڕۆن بـــەرەو عێراق، مـــن لێرە پێتـــان دەڵێم ئەگەر ئێوە بـــڕۆن بەرەو عێراق، هـــەر ژنێکتان دەکەوێتە بەر دەســـتی دە پۆلیسی عێراقی. هەرواش بوو، پێشبینی ئەو ڕاســـت دەرچوو، بەڵام ئێمە ژمارەیەکی زۆرمان لە ســـەربازانی ئێران

بەدیل گرتبوو. مەلا مستەفا بە ئێمەی گووت لەبەرئەوەی ئێوە لە زمانی ئـەم دیلانە تێدەگەن، هەر ئێسـتا بیانبەن بۆ شـنۆ. کوڕی (سـەبهەبید جهانیـان)، واتە حەمید جهانیان یەکێک بوو لە دیلەکان، ئەو شـارەزای ڕێگاکە بوو. حەمید جهانیان گووتی: ئێوە ئێمە بگەیەننە ئەو شوێنەی کە سـوپای ئێرانی لێیە، من باوکم سەرلەشـکرە و ئەو ئێوە عەفوو دەکات و کارئاسـانیتان بۆ دەکات. ئێمە قبووڵمان نەدەکـرد. بەردەوام فڕۆکە بەسـەر سەرمانەوە بوو، ئێمەشـی دەبینی، دەیزانی هەموو سەربازن، بۆردوومانی نەدەکردین. ئێمە گەیشـتینە ناو شاری شنۆ، کە سەیرمان کرد یەک کەس لەناو شـاری شـنۆ نەماوە، شنۆ بە فڕۆکە بۆردوومان کراوە و خەڵکەکە هەمووی داویەتییە کێوەکە. ئەو کەسەی کە بڕیاربوو دیلەکانی تەسـلیم بکەین، گووتی: ئاخر ئێمە چی لە ئەمانە بکەین؟ ئێمە خۆشـمان چارەنووسمان نادیارە، نازانین شەڕ بکەین، یا ڕابکەین، چی بکەیـن؟ ئێوە ئەمانە بگەڕێننەوە بۆ ئەو شـوێنەی کـە هێناوتانن. ئێمە سـێ ڕۆژ بـوو ئـەو دیلانەمان هێنابـوو، لەوێ نـان و ئازووخە پەیدا نەدەبوو. تەواوی دێهاتەکان کەوتبوونە بەردەسـتی سەربازانی ئێرانی، ئێمـە تەنها چەند گوندێکمان لەبەردەسـتدا مابوو، هەموو خواردنەکانی ئەوانمـان خواردبوو و تەواومان کردبوون. ڕێگای ئورمیەش گیرابوو، هاتوچۆ قەدەغە بوو. ئیتر بارزانییەکان بڕیاریان دا ڕێکەوتنێک بکەن و بگەڕێنەوە بۆ عێراق.

گەڕانـەوە بـۆ عێراق ڕێـگای ڕۆژێـک و دوو ڕۆژ نەبـوو. ئێمە لە مانگـی ئازەرەوە تاکـو فەروەردینی (١٣٢٦/ ١٩٤٧) لـەو کێوە بووین. شـەش مانگمان بە برسـێتی و بەبێ نان بردە سـەر. تەنها چانسـێک کـە هەمان بوو، ئـەوە بوو کە کوردەکان ئاژەڵەکانیـان لەگەڵ خۆیاندا هێنابـوو. ژمارەیەک لە کـوردە ئێرانییەکان کە هاوکاری قازی محەمەد بوون، ئەوانیش لەگەڵ ئێمە هەڵاتبوون. ئێمە ئاژەڵمان لە ئەوان دەکڕی و سـەرمان دەبڕین و کەوڵمان دەکردن و لە گۆشـتەکەی قاورمەمان دروست دەکرد و قاورمەکەمان لەگەڵ خۆمان دەگێڕا و لە هەر شوێنێک

برسـیمان بووایـە پارووییەکمـان دەردەکرد و دەمانخـوارد. بەردەوام فڕۆکە لەسـەر سەرمان بوو، لەلایەک فڕۆکەی ئێران، لەلایەک فڕۆکەی عێراق، لەلایەکی تریشەوە فڕۆکەی تورکیا. هەرسێ وڵات فڕۆکەکانیان ئامادەی شەڕ بوون، ئێستا سەیر بکە دەبێت ئێمە لە چی بارێکدا بووبین.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: واتا بەو جۆرە بوون؟!

سەفەرخان: بەڵێ، ئێمە شەش کەس بووین، من و باقر پور، پولادخان، بولودخان، تەفریشـیان و زەربەخت. ئێمە ئەم شـەش کەسە بەردەوام بەیەکەوە بووین، لە شـەڕ و لە پاشەکشەدا هەر بەیەکەوە بووین. ئێمە دوو دانـە بەتانییە کۆنەمان هەبوو، لە شـاخەکاندا ئەشـکەوت هەبوو، ڕۆژانـە لە ئەشـکەوتەکاندا بـەو دوو بەتانییە دەخەوتین، شـەوانەش بەڕێـگاوە بوویـن و شـەڕە تەقەشـمان دەکـرد. مەلا مسـتەفا کوڕی (سـەبهەبید جهانیانی) دەسـتگیر کردبوو تاکو حکومـەت بۆمبارانمان نەکات، بەڵام ئەوان گوێیان بە ئەوە نەدەدا و کاری خۆیان دەکرد. ئێمە دوای چوار ڕۆژ کە بەو کێوەوە بووین و گەیشـتینە سـنووری عێراق. سـەید عەلی حیجازی کە فەرماندە و دەسـەڵاتدارێکی سـوپای عێراق بوو، هات و لەگەڵ شێخ ئەحمەدی برای مەلا مستەفا ڕێککەوتنیان کرد، ڕێکەوتنەکەیـان ئەوە بوو کە بگەڕێنەوە عێراق و چەکەکانیان دابنێن و ئەوانیش لێیان دەبوورن.

ڕووبارێکی گەورە لەسەر سنووری عێراق و ئێران بە ناوی (چۆمی گادەر) لـە پێشـمانەوە بوو، کە دەبووایە لێـی بپەڕینەوە، چەند دارێکی بەرز و گەورەمان بڕییەوە و لەسـەر ڕووبارەکە پردمان دروسـتکرد و پەڕینـەوە بـەرەو عێراق. مـاوەی پێنج ڕۆژ بە ڕێـگاوە بووین، هیچ شتێکمان دەست نەکەوت بۆ خواردن. لەسەر سنووری ئێران و عێراق من سەد تومەنم دا و دەبەیەک ئاردم کڕی، ساجێکم پەیداکرد و لەسەر سـاجەکە نانم دروسـتکرد، هەرکەسـە و بە پێوە پـاروەوە نانێکم پێدا. ئۆتۆمبێـل نەبوو، ئێمەیان بە پێ دەبرد، ڕێگاکە هەڵدێر و بزنەڕێ بوو،

تەنانەت ڕێگای هێستریش نەبوو، بەو شـــەکەتییە گەیشـــتینە گوندێک، ئـــەو شـــوێنە گونـــد نەبـــوو، ناحیە بـــوو، نـــاوی دیانا بـــوو. زۆربەی دانیشـــتووانەکەی ئەرمەنی بوون و لە تورکیاوە هەڵاتبوون و ئەوانیش لەگەڵ ئێمە هاودەرد بوون. لەوێ بەڕەڵایان نەکردین، چەندین چادریان بۆ هەڵدابووین دەوری چادرەکانیان بە تەلی دڕکاویی گرتبوو. بەســـەر چادرەکاندا دابەشیان کردین، هەر چادرێک (٨ تا ١٠) کەسی تێدابوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: سەفەرخان داوای لێبووردن دەکەم، باسی ئەوەت نەکرد چۆن لە مەلا مستەفا جیابوونەوە؟

ســـەفەرخان: بەڵێ، باســـم نەکرد، پێویســـتە کەمێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە، کاتێک ئێمە گەیشـــتینە سەر ســـنوور، ئێمە ئەو شەش کەسە کە بەیەکـــەوە بووین ڕۆیشـــتین بۆ لای مەلا مســـتەفا و پێمـــان گووت: تۆ کە تەسـلیم بە ئێران نابیت و ناشـــگەڕێیتەوە بۆ عێراق، ئەی ئێمە چی بکەین؟ گووتی: ئێوە بڕۆن تەسـلیم بە عێراق ببن، ئێمە بەڵێننامەمان بە جۆرێک نووســـیوە کە ئەوانەی ئێرانین وەک پەنابەر لە عێراق بمێننەوە و ئەوانـــەی عێراقیـــن بچنـــەوە ســـەر گوندەکانی خۆیان. مەلا مســـتەفا گووتی: من لەگەڵ شـــێخ ئەحمەدی برام بەو جۆرە ڕێکەوتووین، بەڵام من خۆم تەســـلیم نابمەوە، بە خۆم و حەوتسەد کەسەوە دەکەوینە ئەو کێـوە و دەڕۆیـــن بۆ بارزان. بارزان ناوچەیەکی چڕ و دارســـتانە، مەلا مســـتەفا لـــەوێ دژی حکومەتی عێراق جەنگی بەرپا کـــرد، ئیتر ئەو بە ئێمەی گووت ئێوە بڕۆن خۆتان تەسلیم بکەن. ئێمە نەمانزانی کە بۆچی ئێمـــەی لەگەڵ خۆیدا نەبـــرد. هەندێک کەس دەیانگووت ویســـتوویەتی نییەتپاکی خۆی نیشـــان بدات کە ئێمە لەســـەر پەیمانـــی خۆمانین، ئیتر چەنـــد کاتژمێرێک دوای ڕێکەوتنەکە گووتی: مـــن دەکەومە کێوەکان و گەڕایـــەوە بۆ کێوەکانی ئێران. ئەو کێوانە هاوســـنووری بارزان بوون. ئـــەو لە ڕێـــگای ئەو کێوانەی ئێـــران و تورکیاوە گەڕایـــەوە بۆ بارزان. گووتـــی: من دەڕۆم، ئەگەر عێراقییەکان و ئێرانییەکان ئازاد نەکەن، من

دەکەومە شەڕ، ئەوەشی گووت: ئێوە هەر ولاتێکتان پێخۆشە، دەتاننێرم بۆ ئەوێ.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: واتە لە عێراق؟

سەفەرخان: لە پێش ئێمەدا لە عێراق.

هاوسەری سەفەرخان: باشە سەفەرخان تۆ گووتت ئەو نەهات بۆ عێراق.

سەفەرخان: ئەم قسانەی من ئێستا دەیکەم هی سەر سنوورە، نەک هی ناو عێراق، ئێمە هێشتا نەگەیشتبووینە عێراق. لەو شوێنە دەمانویست لە یەکتری جیاببینەوە.

هاوسەری سەفەرخان: مەبەستم ئەوەیە کە ئەو ئێوەی لەگەڵ خۆیدا نەبرد.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: ڕاستە سەفەرخان؟

سەفەرخان: بەڵێ ڕاستە، ئەگەر مەلا مستەفا ئێمەی لەگەڵ خۆیدا ببردایە، ئێمە نەدەڕۆیشتین بۆ عێراق. زیندانیش نەدەکرام، تووشی ئەم گرفتارییەش نەدەبووم، نەک تەنها من، بەڵکو زۆر کەسی تری وەک من، ئێمە نزیکەی دە کەس دەبووین کە تاوانبار کرابووین. هەم لە ئێران و هەندێکیش لە تورکیا و هەندێکیش لە سوریا. ئەوانیش هەموو هەڵاتبوون و هاتبوون بۆ لای مەلا مستەفا. ئەو گووتی: من دەڕۆم بۆ بارزان و حکومەتێک دادەمەزرێنم و بارزان دەخەمە ژێر دەسەلاتی خۆمەوە، ئەگەر ئەوان لەسەر بەڵێنی خۆیان بوون، ئێمەش شەڕیان لەگەڵ ناکەین و دەگەڕێینەوە عێراق و خەریکی ژیانی خۆمان دەبین. لەوانەیە ئەوان بیانەوێت ئێمە ڕازی بکەن. ئەو گووتی: من ئێوە لەگەڵ خۆمدا نابەم، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئێوە لە عێراق هیچ تاوانێکتان نەکردووە، لەگەڵ حکومەتی عێراق شەڕتان نەکردووە،

بۆیــه ئێــوه دەتوانن بڕۆن بۆ عێراق. لەســـەر هەمـــان چۆمی گادەر کە باســم کــرد، پردمان دروســتکرد، ماوەی یــەک هەفتەی پێچــوو تاکو هەمــوو بارزانییەکان لێی پەڕینــەوە. گادەر ڕووبارێکی زۆر گەورەیە، ســەرچاوەکەی لە وڵاتی تورکیاوە هەڵدەقوڵێت و لە شنۆوە تێدەپەڕێت و دەڕژێتە دەریاچەی ئورمیەوە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: لە ئێران بەو ڕووبارە دەڵێن چی؟

سەفەرخان: لە ئێرانیش هەر پێی دەڵێن (چۆمی گادەر)، ئێمە لەوێ لە یەکتری جیابووینەوە و مەلا مستەفا بە حەوتسەد کەسەوە گەڕایەوە بۆ ئــەو کێوەی کە لێیەوە هاتبووین. ئەوان هەموویان چەکدار بوون، تۆپ و تانــک و فڕۆکە کاریگەریی لەســەریان نەبوو، لــە کێوەکانی ئێرانەوە خۆیان گەیاندەوە بارزان، ئێمەشیان برد بۆ عێراق. مەلا مستەفا حەوت بۆ هەشــت برای هەبوو، براکانیشــی لە گەڕانەوەماندا بۆ عێراق لەگەڵ ئێمــەدا بــوون. بەداخــەوە ناویانم لەیاد نەماوە. شــێخ محێدین، شــێخ ئەحمەد، نازانم شــێخ چی تر، بە هەموویانیان دەگووت شــێخ، براکانی دەیانزانی کە ئەوان تووشی هیچ کێشەیەک نابن.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: براکانی کێ؟

سەفەرخان: براکانی مەلا مستەفا.

هاوسەری سەفەرخان: دوایی چی بوو؟

سەفەرخان: کەســێ کە لــەوێ نەبووبێت ناتوانێت ئەم قسانە بکات، بارزانــی کەســێکی ناســراو بوو، ئەوانیــش برای مەلا مســتەفا بوون، هەمووشــیان جەنــگاوەر بوون، ئــەوان لە عێــراق لایەنگرێکی زۆریان هەبــوو، لایەنگرەکانیــان هەواڵیان بۆ نارد کە دەبووایــە نەهاتنایەتەوە، یان لە ســێدارەتان دەدەن، یان زیندانیتان دەکەن. ئەم لێبووردنەش کە بۆی دەرکردوون ساختەیە.

عەلی ئەشرەف دەروێشـــیان: کێ بە ئێوەی گووت کە دەبووایە نەیەن؟

ســـەفەرخان: بە ئەوانیان گووت، ئەو کوردانەی لە عێراق بوون بە براکانی مەلا مستەفایان گووت، کە دەبووایە ئێوەش نەیەنەوە و لەگەڵ مەلا مســـتەفادا بڕۆیشـــتنایە. لەو برایانە پێنج شـــەش کەسـیان هەڵاتن بـــۆ کێوەکان. ئەوان شـــارەزا بـــوون و ناوچەکە ناوچـــەی خۆیان بوو. ئێمەیان بەدەستی بەستراو نەبرد، بۆ نموونە هەر دووسەد بۆ سێسەد کەسـێک یەک پۆلیســـمان لەگەڵدابوو، بەشـێوەیەکی ئازادانـــە ئێمەیان بـــرد، نـــەک وەک زیندانییـــەک، ئـــەوان هەڵاتن و ڕۆیشـــتن بۆ لای مەلا مستەفا، ئێمەشیان کردە ئۆردووگاوە کە چواردەوری بە تەلی دڕکاویی گیرابـــوو، لەبـــەر دەرگاکـــەش پۆلیـــس دانرابوون و ئێشـــکیان دەگرت. ئێمـــە لەبەرئەوەی ئێرانـــی بووین و لەگەڵ حکومەتی عێراق شـــەڕمان نەکردبوو، دەڕۆیشـــتین مۆڵەتمان وەردەگرت و دەمانگووت دەچین لە دیانا شتومەک دەکڕین. دەچووینە دیانە و لە چایخانەیەک دادەنیشتین. ئیتر دوژمنایەتی لەناو کوردەکاندا دروست بوو. لەنێوان ئەو کوردانەی کە پێشـــتر لەگەڵ مەلا مستەفادا بوون و ئێســـتا گەڕابوونەوە عێراق و ئەوانـــەی لە عێراق هاوکاریی حکومەتیان دەکرد و دووبارە لەگەڵ مەلا مستەفادا دەکەوتنەوە شەڕ. دوای سێ مانگ ئێمە تەواوی هەواڵەکەمان لە ڕادیۆوە بیست.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ڕادیۆتان لابوو؟ هی کێ بوو؟

سەفەرخان: چایخانەکان، لە هەندێک لە چایخانەکان ڕادیۆ هەبوو.

هاوســـەری ســـەفەرخان: من لەوەتای بیـــرم کردووەتـــەوە ڕادیۆ هەبووە.

سەفەرخان: ڕاستە، بـــەڵام ئەو شـــوێنەی ئێمەی لێبووین گوند بوو، نەک شار.

عەلی ئەشـــرەف دەروێشیان: من تەمەنم چوار ساڵان بوو کە لە کرماشان ڕادیۆم بینیوە، ساڵەکانی (١٣٢٣– ١٣٢٤/ ١٩٤٤– ١٩٤٥).

ســـەفەرخان: ئێمــە لــە ســاڵەکانی (١٣٢٦- ١٣٢٧/ ١٩٤٧- ١٩٤٨) لێــرە ڕادیۆمان بینــی، ڕادیۆیەک بە زمانــی ئازەربایجانی بەرنامەکانی بڵاودەکــردەوە، دیارە لە مۆســکۆوە بەرنامەکانی بڵاو دەکردەوە، ئێمە گوێمــان لەو ڕادیۆیــە دەگرت. بەهەرحاڵ مەلا مســتەفا لە ســـەرەتای مانگی ئۆردیبەهەشــتی (١٣٢٦) (١٩٧٤/٤) ڕۆیشتەوە عێراق و لە مانگی خوردادی هەمان ســاڵ لــە ڕێگای کوێســتانەکانی تورکیاوە دەچێتەوە خاکــی ئێران. واتــە مــاوەی (٣٦) ڕۆژ بەرگریی کــردووە. دواتر بۆی دەرکەوت کە ناتوانێت بەرگریی بکات و ژمارەیەک لە کوردەکانی ئەوێش خیانەتیان لێکرد، هەربۆیە بڕیاری دا بەرەو سۆڤیەت بڕوات. مانگی تیر و خورداد بــوو، حکومەتی ئێرانیش دەیزانی کە ئەوان گەڕاونەتەوە بۆ عێراق و لەوێ بوونەتە پەنابەر و کاریان تەواو بووە. هێزەکانی خۆیان کە لەســـەر ســنوورەوە لە دژی ئێمــە جوڵاندبوویــان، گێڕابوویاننەوە بــۆ دواوە. بۆ نموونە لە ناوچەکانی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ پێنجســـەد تــا هەزار ســەربازیان هەبوو، هەموویــان کۆکردنــەوە و ناردیانن بۆ ئورمیــە، کە لــە فەرماندەیی لەشــکری چوار لەوێ بوو. ســنوورەکان چۆڵکرابوون، ئەو کێوانەش لەســـەر سنوور بوون هەر لە شنۆوە تاکو ســنووری ســۆڤیەت چۆڵکرابوون. ئەو کێوانە کە لایەکیان تورکیا بوو، لایەکەی تریشــی ئێران. ئەوان بە پیادە دەڕۆن و گوندنشــینانی ســەر ڕێگاکەیان هاوکارییان کردبوون و نان و خواردنیان پێ دابوون. ئەوان گەیشــتبوونە خوان (شــاپور)، کە حکومەتی ئێران هەســت دەکات مەلا مســتەفا لــە عێراقەوە گەڕاوەتەوە ئێــران. هێزەکانی ئێران دەڕۆن و لە نزیــک گوندی (قەرەزیادین) پێش بە مەلا مســتەفا دەگرن و شــەڕێکی سەخت دەست پێدەکات.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: لەگەڵ ئێراندا؟

ســـەفەرخان: بەڵــێ، بارزانییــەکان لەگــەڵ حکومەتــی ئێرانــدا، لە هەردوولا کوژراوێکی زۆر هەبوو، ئیتر ئەوان ڕۆیشتن و سەربازەکان نەیانتوانــی گەمارۆیان بدەن. ئەوان دەکــەس دەکەس دابەش ببوون و لەگــەڵ ســـەربازانی ئێرانیدا جەنگــی پارتیزانییان دەکــرد، تاکو خۆیان گەیانــدە کێوەکانی ماکۆ، لەو کێوانە فرۆکەش هیچ کارێکی پێ نەدەکرا. کــوردەکان پاڵدەدەنە کێوەکان و لەوێوە دەچنە ســـەر ڕووباری ئاراس لەوێ کەڵەک دروست دەکەن و لە ڕووبارەکە دەپەڕنەوە. لەو شەڕەدا کوردەکان ژمارەیەکیان لێ دەکوژرێت و ژمارەیەکیان بریندار دەکرێن و ئەوانــی تریش ســـەلامەت دەبن. ئــەوان ڕوو دەکەنــە باکۆ لە وڵاتی ســـۆڤیەت. ئیتر مەلا مســـتەفا گەیشتە باکۆ و ئێمەش دەگەڕێینەوە سەر بەسەرهاتەکەی خۆمان.

هاوسەری سەفەرخان: مەلا مستەفا ئێوەی لەگەڵ خۆیدا نەبرد؟

ســـەفەرخان: بەڵێ، ئێمەی نەبرد، لەوانەیە ئاوهای بە باش زانیبێت، ئاخر بۆچی ئێمە لەگەڵ خۆی ببات، بۆ برســـێتی و تینوێتی. ئاو نەبوو، خواردن نەبوو، شـــارەزا نەبوون، زمانیان نەدەزانی. ئەوان ڕۆیشتن بۆ سۆڤیەت و ئێمە لە دیانە لەناو تەلی دڕکاوییدا زیندانیی کراین، چادریان بۆ هەڵداین و ڕۆژانە کەمێک ئاویان پێ دەداین.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەی بەشە خۆراک؟

ســـەفەرخان: بەشـــە خۆراکەکە نازانم بڕەکەی چەنــد بوو، کەمێک خورما و کەمێک شەکریان دەدا، گۆشت هەر نەبوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەی چایی؟

ســـەفەرخان: چاییان نەدەدا، تەنها ســـێ شـــتیان پێ دەداین: ئارد و شـــەکر و خورما. خۆشـــبەختانە چادری بارزانییەکان بە بەتاڵی بۆ ئێمە مابووەوە، ئەوکات مەسعودی کوڕی مەلا مستەفا تەمەنی دوو ساڵ بوو.

هاوسەری سەفەرخان: مەنسور؟
سەفەرخان: نانا منداڵەکانی مەلا مستەفا، بارزانییەکان.
هاوسەری سەفەرخان: ئێ ئەوان. مەسعود و ئیدریس و ئەوانی تر.
سەفەرخان: لەگەڵ ئیدریس و ئەواندا لە یەک خێمەدا بووین، ئەوان ژنەکانیان ڕووخساریان داپۆشراو بوو، ئەوان تاجیان دەخستە سەر سەریان و سی چل کەس پارێزگارییان لێدەکردن، ژنەکانیان بە سواری ئەسپ و هێستر دەبردن. ئەگەر کەسێک لەوێ پارەی پێبووایە، دەیتوانی بۆ خۆی خواردن ئامادە بکات، بیرم دێت دەیانگووت لەم خواردنە بەشی ئەفسەرە ئازەربایجانییەکان بدەن. هەفتەی دوو سێ جار خواردنیان پێ دەداین. ئێمە ماوەی شەش مانگ لەناو ئەو تەلبەندەدا بووین. ئۆردووگا بوو، چۆڵەوانییەک بوو، چواردەوری تەلبەند کرابوو. نزیکەی دە هەزار چادر دەبوو کە هەڵدرابوون. ئاخر کە دەڵێین بارزانییەکان ئەوان تەنها چەند کەسێک نەبوون، ئەوان چەندین هەزار کەس بوون، هەموویان بە ماڵ و منداڵەوە بوون. دراوسێکەی ئێمە کە کوردی ئێرانی بوون، ئاردەکەیان بۆ دەکردین بە نان، چاییمان لە عێراقییەکان وەردەگرت. لەوێ دار و چیلکە زۆر بوو، ناوچەکە دارستان بوو، خۆمان چاییمان دروست دەکرد. ئێمە ماوەی شەش مانگ لەوێ بووین، دوای شەش مانگ ناونووسیان کردین و سەد کەس سەد کەس سواری ئۆتۆمبێلیان کردین و خۆمان نەماندەزانی بۆ کوێمان دەنێرن، هەر دەستەیەک دەنێردران بۆ شوێنێک. نۆبەی ئێمەش هات، چەند کەسێکی ئێمەیان نارد بۆ موسڵ، چەند کەسێک بۆ کەرکوک و چەند کەسێک بۆ هەولێر و شارەکانی نزیک بەغدا.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئێوەیان بۆ کوێ نارد؟
سەفەرخان: ئێمە نێردراین بۆ هەولێر.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: لە هەولێر ئێوەیان زیندانیی کرد؟

سەفەرخان: بەڵێ، سێ چوار مانگ لە زیندانی هەولێر بووین، هەموو ڕۆژێک سێسەد فلسیان پێ دەداین کە دەیکردە پێنج تومەنی ئەو کاتە.

هاوسەری سەفەرخان: ئەو کاتە سەردەمی نووری سەعید بوو؟

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: نەخێر، مەلیک فەیسەڵ بوو.

سەفەرخان: نوری سەعید هەموو شتێک بوو، سەید عەلی حیجازی فەرمانــدەی هێزە چەکدارەکانی عێراق بوو، کە لەگەڵ شـێخ ئەحمەدی برای مەلا مستەفا ڕێکەوتنی کردبوو، ئەو کاتەی ئێمە لە زیندانی هەولێر بوویــن، لە عێراق جولانەوەیەکی تازە ســەری هەڵدابوو. (٢٤) کاتژمێر کــۆڕ و کۆبوونــەوە بوو، حەیــدەر نامیەک هەبوو ئــەو هەواڵەکانی بۆ ئێمــە دەهێنا، خواردن و گوێزان و پێویســتییەکانی تــری بۆ دەهێناین، هەواڵەکانیشی پێ دەداین، لە هەولێر کەسێک هەبوو ناوی شێخ محێدین بوو، تەکیەی هەبوو، دەزانیت تەکیە چییە؟

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: بەڵێ دەزانم.

سەفەرخان: ئەو شێخ محێدینە هات و ئێمەی لە زیندان دەرکرد، بەو مەرجەی تەنها لەناو شــاردا بمێنینەوە و لە شــار نەچینە دەرەوە، ئەو کەفیلــی ئێمە بــوو، مافی ئەوەمان نەبوو بڕۆین بۆ شــارەکانی تر. ئەو خانەقــای هەبوو، لە خانەقاکەی ژوورێکی پێداین، کەســێکی زۆر باش بوو، دەیگووت: من هاتووم بۆ ئێران. ئێمە چەند ڕۆژێک لە خانەقاکەی ئەو بووین، خواردنیان نەبوو، تەنها گەنم و ساوەر و نیسکیان هەبوو، خواردنەکەیــان هەر ئەوە بوو، گۆشــت نەبوو، دوای ماوەیەک خەریک بــوو لەنــاو دەچووین، هەندێــک جار دەڕۆیشــتین لــە دەرەوە نانمان دەخوارد.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: خۆشـــیان لەو گەنم و ساوەرەیان دەخوارد؟

سەفەرخان: نازانم ئەوان ژووری خۆیان جیابوو، ئێمەش لە ژوورێکدا بووین و هەندێک ڕۆژ مەراسـیمان هەبوو. دەروێشەکان کۆدەبوونەوە و زیکریان دەکرد، بانگی ئێمەشـیان دەکرد، ئێمەش دەچووین، ئەوەندە هاوهویان دەکرد تاکو بێهۆش دەبوون.

هاوسەری سەفەرخان: ئەوان لەسەر مەزهەبی عەلی ئیلاهی بوون؟

ســـەفەرخان: نەخێر، ئەوان شێخی تایبەتی سوننەکان بوون، ئەوان لـە زۆر شـوێن هەن، لـە ئێرانیش هــەن، بەڵێ ئێمەش دەڕۆیشـتین و سەیرمان دەکردن.

هاوسەری ســـەفەرخان: ئەو کاتەش تێریان لە خۆیان دەدا و بەرد و ئاگریان دەخوارد؟

ســـەفەرخان: نەخێـر، تەنها هــات و هاواریــان دەکرد و ســەریان بەملاولادا دەتەقاند.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: دەفیان لێدەدا؟

سەفەرخان: بەڵێ، دەفیان لێدەدا. ڕۆژێکیان من ماندوو ببووم، شێخ هــات و گووتی: تــۆ دەتوانیت درەخت هەڵپاچیــت و بیانبڕیت؟ گووتم: بەڵێ.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: گووتت شارەزام؟

سەفەرخان: بەڵێ، بۆئەوەی بڕۆمە دەرەوە و هەوای پاک وەربگرم و سەیری دەرەوە بکەم.

هاوسەری سەفەرخان: بــەڵام شــارەزا بوویت، چونکە پێشتر باخی خۆتان خزمەت کردبوو.

ســـەفەرخان: بەڵێ، شــارەزا بووم، دوو چەکداریــان لەگەڵ ناردم تاکو ڕانەکەم، شــوێنەکە نزیکەی یەک کاتژمێر و نیو بە پێ دوور بوو،

ڕۆیشتین تا گەیشتینە گوندێک کە ئەوان چرای ڕووناکییان نەبوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەو گوندە؟

سەفەرخان: بەڵێ، هەمان گوند کە باخەکەی لێبوو، لە ماڵەکانیاندا لەجیاتی چرا، ئاگریان کردبووەوە، لەبەر ڕووناکی ئاگرەکە دادەنیشتین، ئەو کاتە خەڵکی دواکەوتوو بوون. بۆ بەیانی من ڕۆیشتم بۆ هەڵپاچینی باخەکە، بەڵام نەک لەسەر شێوازی ئەوان، بەڵکو لەسەر شێوازی خۆمان. کوێخای گوندەکە هات و گووتی: بەڕاستی ئەم کەسە شارەزاییەکی باشی هەیە لە نەمام بڕین. لەناو باخەکەدا ژوورێک هەبوو منیان برد بۆ ژوورەکە و چاییان پێدام. ئەوان لایەنگری مەلا مستەفا بوون و ڕێزی زۆریان لێگرتم. کارەکە زۆر بوو بە دە ڕۆژ تەواو نەدەبوو، من بە خێرایی دەستبەکار بووم و لە ماوەی سێ ڕۆژدا کاری هەڵپاچینی باخەکەم تەواوکرد. باخەکانی ئەوان وەک باخەکانی ئێمە نین، وەک باخەکانی ئورمیەن.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: داربەستیان بۆ درەختەکانیان نەکردبوو؟

سەفەرخان: داربەستی چی؟ باخەکە پڕ لە بژار بوو. هاتم بە کوێخای گوندەکەم گووت کارەکەم تەواو کردووە. لەگەڵ دوو چەکدارەکە گەڕامەوە. زۆر پەست و خەمبار بووم، یەک کاتژمێر و نیو بە پێ هاتین تا گەیشتینە سەر جادە، لەوێ سواری ئۆتۆمبێل بووین و هاتینەوە بۆ هەولێر.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: بۆ هەمان شوێنی خۆتان؟

سەفەرخان: بەڵێ، ئێمە لە ماڵی شێخ دڵمان ئاسودە نەبوو، پارەمان پێبوو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ترماندا ڕۆیشتین جێگایەکمان گرت، ئێرانییەکانی ئەوێ زۆر هاوکارییان کردین. ڕۆژانە دەچووینە لای

ئێرانییەکان دادەنیشتین، ئەوان هەریەکە و کارێکیان دەکرد. وەک وێنەگریی، دارتاشی، کۆپان دروون. قەلایەکی کۆن لە ناوەڕاستی شاردا هەیە نازانم ناوی چی بوو؟ لە قەلاکەدا تۆپێکم بینی ئەوەندەی فەرشێکی (٢×٣) دەبوو. ئەو تۆپە هی یەکێک لە پادشاکانی ئێران بوو، کە هاتبوون و عێراقیان داگیرکردبوو، ئەو تۆپە لەوێ جێمابوو. ئێمە دەڕۆیشتین سەیرمان دەکرد. کاتی عەسر دەچووین بۆ سەر گۆڕستانەکان، ئەوان گۆڕستانەکانیان هەروەکو ماڵەکانیان خاوێن بوون. سەردانیکردنی گۆڕستان دڵی مرۆڤ هێور دەکاتەوە. لەو ڕۆژانەدا بیوک خانی سەرۆکی عەشیرەتی (قەرەپاپاخ) هات بۆ عێراق و داوای لە ئێمەی کرد و گووتی: هاتووم ئێوە بەرمەوە، شا لێبووردنی بۆ ئێوە دەرکردووە. ئێمەش گووتمان شوێنەکەمان زۆرباشە و پێویستمان بە لێبووردنی شا نییە. ئەو سەگبابە خۆشی پێشتر لایەنگری ئەفسەرانی تیپی ئازەربایجان بوو، ئەو پلەکەی سەرهەنگ بوو، شاعیریش بوو، هەر ئەو بوو هەموو چەکەکانی لە جووتیاران و پێشمەرگەی ئازەربایجان کۆکردبووەوە و تەسلیمی شای کردبوونەوە و ببووە لایەنگری شا. ڕۆژێکیان ڕۆیشتبووم بۆ حەمام، سەیرم کرد دەوروبەری حەمام ئاسایی نییە و چەکدار دەوری حەمامەکەیان گرتووە. هاتمە دەرەوە سەیرم کرد ئەو چەکدارانە هەموو بارزانییەکانن.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: خۆتان شۆڕیبوو؟

سەفەرخان: بەڵێ، تەواو ببووین. سەرهەنگ قولی خان هاتبوو، ئەو سەرۆکی عەشیرەتی قەرەپاپاخ بوو، ئەو پێشتر سەرهەنگ تیپ بوو، چەند کەسێکی ناردبوو تاکو ئێمە دەستگیر بکەن. بارزانییەکان هەواڵیان زانیبوو، هاتبوون کە نەهێڵن ئێمە دەستگیر بکرێین.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: دەیانویست ئێوە بۆ کوێ ببەن؟

سەفەرخان: دەیویست بمانبات تەسلیمی حکومەتی ئێرانمان بکاتەوە،

ئاخر ئەو ببووە شاپەرســت، ئەو سەگبابە کاتی خۆی ئێمە کردبوومان بە سەرھەنگ، ئەو سەرۆکی عەشیرەتی قەرەپاپاخ بوو. قەرەپاپاخەکان لــە قزاقســتانەوە ھاتبــوون، لە ســەردەمی جەنگی بەلشــەویکەکانەوە ھاتبوونە ئێران. ناچار ئێمەش ھالاتین و ھاتینە ســەر ســنووری ئێران، لەوێ کەسێک ھەبوو ناوی شێخ عەبدوڵڵا بوو چووینە لای ئەو.

عەلی ئەشــرەف دەروێشیان: واتە ئێوە لەو ماڵە ھەڵاتن، شەو ھەڵاتن، چۆن ھەڵاتن؟

ســـەفەرخان: نا، بەو جۆرە نەبوو، لەوێ کێ بــە کێ بوو، جارجار دەڕۆیشتین و دواتر دەھاتینەوە و خۆمان دەناساندەوە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: دوایی ھاتن بۆ لای شێخ عەبدوڵڵا؟

ســـەفەرخان: بەڵێ، شــێخ عەبدوڵڵا زۆر ڕێزی لێدەگرتین، ئەویش ھەر وەکو شــێخ محێدین تەکیەی ھەبوو، ئەو کەمێک فارســی دەزانی، لەگەڵ ئێمەدا بە فارسی قسەی دەکرد، ئەو لایەنگری سۆڤیەت بوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: واتە ئەو لایەنگری سۆڤیەت بوو؟

ســـەفەرخان: بەڵێ، لایەنگری ســۆڤیەت بوو، ئامۆزایەکی ناجنسی ھەبوو، ئەو ئامۆزایەی لایەنگری ئینگلیزەکان بوو، ناوی شــێخ عەلادین بوو، ئەو ناپیاوە دەڕۆیشت ھەواڵی لێدەداین، ئەو دەیویست ئێمە بچینە لای ئەو و لە گوندەکەی ئەو بمێنینەوە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: بۆچی بچنە لای ئەو؟

ســـەفەرخان: ئاخر لەوێ ھەمیشــە شــەڕ و پێکدادان بوو، ئێمەش کەســانێکی زرنگ و چالاک و چەکدار بووین. ئەوان پێویستیان بە ئێمە ھەبوو، بەڵێ، ئەو بەردەوام شکاتی لێدەکردین، ڕۆژێک ھاتن و ئێمەیان گــرت و بردیانیــن بۆ پارێــزگا و چووینە بــەردەم پارێــزگار. ئەو لێی

پرسـین بۆچی هەڵاتووین؟ ئێمە گووتمان هەڵنەهاتووین، ڕۆیشـتووین بـەدوای پاروەوە نانێکدا دەگەڕێین. لەو کاتەدا کەسـێکی ئێرانی شـیعە هات و گووتی: ئێوە بۆچی دەتانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ئێران؟ ئاخر لەوێ دەتانکـوژن. گووتم: کاکە ئێمە نامانەوێت بگەڕێینەوە بۆ ئێران. ئەویش گووتـی: ئەمە دۆسـیەکەتانە و دەیانەوێت ئێوە بگەڕێننـەوە بۆ ئێران. ئێمەش بە زوویی گەڕاینەوە بۆ لای پارێزگار.

عەلی ئەشرەف دەروێشـیان: واتە حکومەتی عێراق دەیانویست ئێوە بگەڕێننەوە بۆ ئێران؟

سەفەرخان: بەڵێ، حکومەتی عێراق دەیویست ئێمە تەسلیم بە ئێران بکاتەوە، باشـبوو ئەو کەسە فارسـە هاوکاریی کردین، ئێمە هاتبووینە عێراق و ببووینە پەنابەر، ژمارەیەک لە ئەفسـەرانی عێراقیش لە ئێران ببونـە پەنابـەر، دەیانویسـت ئێمە لەگەڵ ئـەو پەنابـەرە عێراقییانەدا بگۆڕنەوە. دیارە ئێمە خۆمان ئاشـکرا نەکردبوو وەکو چەند کوردێکی لادێـی خۆمان ناسـاندبوو، جلوبەرگی کوردیمان لەبـەر کردبوو. ئێمە نەمانگووتبوو ئەفسـەرین و لـە تیپی چەکداریـی ئازەربایجان بووین، بەڵام جاسووسـەکان گووتبوویان لە ڕێگای بەسرەوە لەگەڵ ئەفسەرە هەڵاتـووە عێراقییـەکان بیانگۆڕنـەوە. ئێمە ئەو هەواڵەمـان بەر گوێ کـەوت، بۆیە هەڵاتین و بە ئۆتۆمبێل هاتینە زینوی شـێڕێی لای حاجی ئۆمـەران. تەنهـا یەک بەڵگـەی هاتوچۆمان پێبوو کە لێی نووسـرابوو ئەمانــە دەتووانن لە سـنووری هەولێر بە ئازادیی بسـووڕێنەوە. بۆیە نەیاندەتوانـی لیکۆڵینەوەمان لەگەڵدا بکەن؛ کە بۆچی بەو کاتی شـەوە هاتووین. شـەوێکیان لە زینوی شێڕێ خەوتبووم، پولادخان هات و لە خەو هەڵیساندم. ئێمە لەو گوندە هەریەکەمان لەماڵێک بووین، من زۆر نیگەران بووم، چونکە بولادخان لەگەڵ کچێکدا پەیوەندیی هەبوو، گووتم دیارە کارەسـاتێک ڕوویداوە، بۆیە هاتووە بە شوێنمدا تاکو کێشەکەی بـۆ چارەسـەر بکەم. هەرچەند گووتم: چی ڕوویـداوە، پێی نەگووتم و

گووتــی جــاریَ وەرە لەگەڵمدا، گەیشــتینەماڵەکە. ســەیرم کرد باوکی بێچارەم لەوێیە، هەموو گیانی دەلەرزی، ڕشــک و ئەســپێی لێدابوو، بە زوویــی خاوێنم کردەوە و لێی دەپرســم هەواڵی حەیدەر ئافاقی چییە؟ گووتی: لەسێدارە دراوە، ئەی مەحمود مهاجر، لەسێدارە دراوە. مەحمود ژاندارم لەسێدارەیان دا. ئەسغەر نوری لەسێدارە دراوە، بۆم دەرکەوت تــەواوی هاوڕێکانم لەســێدارە دراون و ئێمە ئــاگادار نەبووین. باوکم چەند ڕۆژێک لە لامان مایەوە، باوکم لە ڕێگەی قاچاخچییەکەوە هاتبوو. لە مهاباد ئاشــنایەکمان هەبوو ئەو ڕێنوێنــی کردبوو و بەڕێی کردبوو بۆ لای ئێمە. دوای چەند ڕۆژێک باوکم گەڕایەوە بۆ ئێران. ئێمە حەوت هەشــت کــەس بووین بەرنامەمــان دانا بگەڕێنەوە ئێــران و لە چیاکان بژین و لەوێوە ڕێگایەک بدۆزینەوە و خۆمان بگەیەنینە ســۆڤیەت. ئێمە هەموومــان لەگــەڵ یەکتــری ڕێکنەکەوتین و لە یەکتــری جیابووینەوە و هەریەکــە و بــەرەو لایــەک ڕۆیشــتین. منیش لە نەغەدە ئاشــنایەکم هەبــوو بــە ناوی (برایمــە دزە) چووم بۆ لای ئەو، ئــەو پێی گووتم کە پۆلاد و بولود لێرەن، من لەبەرئەوەی بەڵێنی چەند ڕەشاشێکم بە شێخ عوبەیدوڵلا دابوو، هەر لەویَ ڕەشاشەکانم بۆ نارد.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ڕەشاشت لە کویَ هێنا؟

سەفەرخان: ئێمە ڕەشاشمان زۆر بوو، لێرە و لەویَ دامانابوون، لە هەر گوندێک کە ئاشــنامان هەبوو، چەند ڕەشاشێک و چەندین فیشەک و چەند ئەسپێکمان بۆ پێویستییەکانی خۆمان دانابوون، لە زۆر شوێن جۆرەها چەک و فیشــەکمان شــاردبووەوە. دواتــر باوکم هەندێک لەو چەکانە دەدۆزێتەوە و دەیباتەوە لە باخەکەی خۆمان حەشاریان دەدات و هەندێکیان دەفرۆشــێت. ڕەشاش و شەســتیرەکان باش نافرۆشرێن، بەڵام تفەنگ و فیشەکەکان باش دەفرۆشران. لەسەر ئەو چەکانە باوکم دەســتگیر دەکرێت و ماوەی یەک ســاڵ و نیو زیندانیی دەکرێت، دوای یەک ســاڵ و نیو دووبارە دێتەوە بە سۆراخی چەکەکانەوە. لەو کاتەدا

ماڵەکەمــان تالآن کرابــوو، تەنانەت بزمــاری دیوارەکەشــیان بردبوو، ئاژەڵ و هێســتر و فەرش و نوێن و قاپ و قاچاخ هەرچی هەمان بوو بردبوویــان، تەنهــا خانووەکەمان بە بەتاڵی مابــووەوە، لەو کاتەدا ئەو فیشــەکانە بۆ باوکم زۆر بەســوود بــوون، ئەوانی لە برســێتی ڕزگار کردبوو. باوکم ئەو فیشەکانەی سەد دانە سەد دانە دەبرد و دەیفرۆشتن و ماوەی یەک ســاڵ و نیو بە پارەی ئەو فیشــەکانە ژیابوون. پیاوێکی پیریش هەبوو ئەویش شــوێنی فیشــەکەکانی دەزانی، ئەویش باخەوان بــوو، پار کە ســەردانی گوندەکەمانم کرد، ئەو گووتی: ســندووقێک لە فیشــەکەکانی بــردووە، ئەو باســی ئــەوەی دەکرد کە چــۆن ئێمە ئەو سندووقە فیشەکانەمان شاردووەتەوە.

شــێخ عوبەیدوڵڵا زۆر خزمەتی ئێمەی کرد، منیش ڕەشاشەکانم بۆ نــارد. بیرم دێت کاتێک لای شــێخ عوبەیدوڵڵا بوویــن، مانگی ڕەمەزان بــوو، ئەو پێی گووتین ئێســتا مانگی ڕەمەزانە و ئێــوە وەرن لە تەکیە نانــی پارشــێو و شــێوان بخــۆن، خواردنەکەش تەنها گەنم و ســاوەر و نیســک بوو، ئێمــە نەڕۆیشــتین. دواتر پێی گووتیــن بۆچی نەهاتن؟ منیش گووتم: مامەشــێخ خەجاڵەتییە بۆ ئێمە کە ئەوەندە ئێوە زەحمەت بدەین. ڕاســتییەکەی ئەوە بوو ئەو نەیدەزانی ئێمە نوێژ ناکەین، لەوێ وا بــاو بوو هەرکەســێک نەڕۆیشــتایە بــۆ نوێژی هەینــی، لە حەوزی ئــاوی مزگەوتیان هەڵدەکێشــا و دارکارییان دەکرد. شــێخ عوبەیدوڵڵا کوڕێکــی هەبــوو ئەویش نوێــژی نەدەکرد، بــەلآم ئێمە ناچــار بووین بڕۆین بۆ نوێژکردن، ئەگەر نەڕۆیشــتینایە دەیانگووت ئەمانە موسڵمان نین. جارجار دەڕۆیشــتین و نوێژمان دەکرد و وەک ئەوان دەســتمان دەگرت، بەلآم هیچمان نەدەگووت. شــێخ کوڕێکــی هەبوو، ناوی عەلی بوو، ئەویش بۆ نوێژکردن هەروەکو من بوو. شــێخ لێی پرســیم بۆچی ئێوە کە نوێژ دەکەن دەســت دەگرن، باشــە منیش ناچــار بووم وەلآم بدەمەوە. گووتم: ڕاســتییەکەی ئەوەیە ئەگەر وەک ئێوە دەست نەگرین پۆلیس و ســیخوڕەکان دێن و دەمانگرن و دەڵێن ئەم پەنابەرە شیعانە

لیــره خۆیان شــاردووەتەوە. بۆیــە وا نوێژ دەکەین کە ئــەوان نەزانن ئێمە شــیعەین، بەو جۆرە شــێخم ڕازیکرد. لەبــارەی نانخواردن لەلای ئــەوان، گووتــم: نامانەوێت ڕۆژانە بێین و ببینە ئەرک بەســەر ئێوەوە. ئەوەنــدەی لەو گوندە بووین بــەردەوام نوێژمان دەکــرد، بەڵام دواتر نوێژمان نەدەکرد. شــێخ عوبەیدوڵڵا و مەلا مســتەفا بەردەوام نوێژیان دەکرد. ڕۆژێکیان کە لە گوندی مەرگەوەڕ گەمارۆ درابووین و پێشــتر باســم کرد. بە مەلا مســتەفایان گووت گەمارۆ دراوین، ســەربازەکان بە تەواویــی گوندەکەیان گەمارۆداوە، مەلا مســتەفا لەو کاتەدا نوێژی دەکــرد. هەرچەنــدە داوایــان لێکرد نوێژەکــەی ببڕێت و ڕابــکات، یان شــەڕ بکات، ئــەو گوێی پێ نەدان، بەڵام ئێمە زۆر ترســاین، ســواری ئەســپەکانمان بووین و چاوەڕوانی ئەومان کرد تاکو نوێژەکەی تەواو بکات. نوێژەکەی تەواو کرد و ئینجا دەســتی کرد بە شەڕکردن و ئێمە شــەڕێکی باشــمان کرد و گەمارۆکەمان شکاند، مەبەستم ئەوەیە پێتان بڵێم کە مەلا مستەفا کەسێکی زۆر نەترس و بەدین بوو.

عەلی ئەشــرەف دەروێشــیان: باشە گەیشــتینە ئەوەی کە لە هەولێرەوە هەڵاتن و هاتن بۆ زینوە شێری نزیک حاجی ئۆمەران؟

ســەفەرخان: بەڵێ، هەڵاتین و هاتین بۆ کێوەکانی نزیک ئێران، ئێمە ناچاربووین، ئاخر چی بکەین؟ لە ئورمیە ئاشــنایەکم هەبوو ئەو کاتەی کــە لەوێ شــەڕ بوو، ئەو هەڵاتبوو و هاتبوو بــۆ گوندەکەی ئێمە و لە ماڵی ئێمە بوو. ئەو ئاغا بوو ئێمە هاوکاریمان کردبوو، بۆیە ئومێدەوار بــووم کــە ئەویش مــن بحەوێنێتەوە. باوکم ڕۆیشــتبوو بــۆ ئورمیە و ئەوانــی بینیبوو، ئەوان بە ناچاریی گووتبوویان باشــە با ســەفەرخان بێت، منیش ڕۆیشــتم بۆ ئورمیە. ئەو ئاشــنایە کە چاوی بە من کەوت، نەیگووت با بڕۆین بۆ ماڵی خۆمان، بەڵکو گووتی: حکومەت لێبووردنی دەرکــردووە و لــە چی دەترســێت، من ڕەوشــەکەم بەو جــۆرە بینی. بیــرم کردەوە کــە چی بکــەم. نەمدەزانی چۆن بەرەو ســۆڤیەت بڕۆم

و شـــارەزا نەبووم، ناچـــار براکەم نارد بۆ تـــاران، تاکو بزانێت حیزبی توده دەتوانن ئاگاداریم بکەن، یان نا. زســـتانێکی ســـەخت بوو، براکەم لە تاران گەڕایەوە و هیچ کەســـێکی نەبینیبوو. گووتی: لە تاران خەڵکی ماڵوێرانن، هیچ کەسێک هاوکاریی هیچ کەسێک ناکات و خەڵکێکی زۆر دەســـتگیر کـــراون. تەنانەت لە ئورمیەش ژمارەیەک خەڵکیی دەســـتگیر کرابوون. من ئەوەم زانیبوو کە چەند کەســـێک لە هاوڕێیانی تیپەکەمان لە ترســـی ئاغاکان ڕۆیشـــتبوون بۆ گوندی (ویلنچـــی) لە نزیک نەغەدە و خەریکی کاری کشـــتوکاڵکردن بوون، یەکێک لەو هاوڕێیانە هاتە لام و گووتـــی: تـــۆش وەرە بـــۆ لای ئێمە و لـــە لای ئێمە بمێنـــەرەوە تاکو ڕێـــگای عێـــراق دەکرێتەوە و ئەوکات بڕۆ بۆ عێـــراق (ئەوکات ڕێگاکان گیرابـــوون نەدەتوانـــرا بڕۆین بۆ عێراق)، دیارە ئـــەو هاوڕێیەم گووتی: ئێمە لە گوندەکەدا ناتوانین بۆ ماوەیەکی زۆر ئاگادارییت بکەین. من لە ئورمیـــە ژوورێکم بەکرێ گرتبوو، ئەو هاوڕێیانەم هاتن بۆ لام و چەند ڕۆژێک لای من مانەوە. ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی (١٨) ئەسفەندی (١٣٢٧) (١٩٤٧/٣/٨) بـــوو، کاتژمێـــر نزیکـــەی پێنجی دوانیـــوەڕۆ بوو، یەکێک لە ســـیخوڕەکانی شا منی دەناسی، چونکە پێشتر من لە دەستی ئـــەو هەڵاتبووم و ئـــەو نەیتوانیبوو من بگرێتەوە، لـــە نزیک گوندەکەی خۆمانەوە هەواڵ دەدەن بە پۆلیس کە من لە ئورمیەم و پۆلیسەکانیش بەدوامدا دەگەڕان. هەمان عەسر کە گووتم، ڕۆیشتین بۆ دوکانێک تاکو بەتانـــی بکڕین، ئێمـــە پێنج کەس بووین دەمانویســـت بڕۆین بۆ گوندی (ویلنچی) ئەو گوندەی کە هاوڕێکانمان لەوێ کاری کشتوکاڵیان دەکرد. کاتێک لە دوکانەکە هاتینە دەرەوە، ئێمە گەمارۆدراین. بەڵێ، لەو کاتەدا یەکێـــک لـــە هاوڕێکانمان هـــەڵات و دواتر گرتیانـــەوە و زیندانییان کرد ئەویش ئەفسەر بوو لە تیپەکەماندا، تاکو پاریش لە ژیاندا مابوو، هەمان کـــەس ڕادەکات و دەڕوات بـــۆ گوندەکەمان و هەواڵیـــان پێ دەدات کە ئێمە دەستگیرکراوین. ئیتر من و ئەو چەند هاوڕێیەم دەستگیرکراین و بردیانین بۆ بنکەی پۆلیس. سەرهەنگ (بەیات ماکۆ) بەڕێوەبەری پۆلیسی

ئورمیە بوو، کاتێک منیان برد بۆ لای ئەو، جگەرەکەم بەدەستمەوە بوو، ئەو پۆلیسـەی لەگەڵمدا بوو گووتی: جگەرەکەت فڕێ بدە. سـەرهەنگ بەیاتـی گووتی: نا لێیگەڕێ با جگەرەکەی بکێشـێت، دوایی پێی گووتم تا ئێستا لە کوێ بوویت؟ ئێمە بەردەوام بەدوای تۆدا دەگەڕاین. منیش گووتـم: مەگەر من کێم وا بـەردەوام بەدوامدا دەگەڕێن؟ ئەویش چەند شـەبازەلەیەکی لێـدام. هەواڵـی دەسـتگیرکردنی منیان بـە زوویی لە سەرانسـەری ئێراندا بڵاوکردەوە. ناسـنامەیەکیان لـە گیرفانم دەرکرد و گووتـی: لێرەدا نووسـراوە کە تۆ ناوت ئەکبـەرە، دواتر گووتی: تۆ سـەفەری قارەمانیانیت. مەگەر تۆ حوکمی لەسێدارەدانت بۆ سەرهەنگ موعین ئازاد دەرنەکرد، مەگەر تۆ نەبوویت کە دەسـتت بەسـەر دەیان پاسـگادا گرت و چەکت کردن. دواتر بڕیاری دا کە بمبەنەوە بۆ بنکەی پۆلیس. سـەرهەنگ گووتی: کاتێک حوسێن قولی خانمان دەستگیرکرد، ئەویـش گووتی: من حوسـێن قولی خان نیـم، ئەوەتا تۆش دەڵێیت من سەفەرخان نیم. لەکاتێکدا تۆ سەفەریت و هەموو کەس دەتناسێت و تۆ پۆلیسەکانت چەک کردووە، ئەو پۆلیسانە هەموویان تۆ دەناسن. منیان بردەوە بۆ بنکەی پۆلیس لە ژووری تاکەکەسـیدا زیندانیی کرام. جەژن بوو، شـەوی جەژنی (١٣٢٨/ ١٩٤٨) کەمێک شیرینییان بۆ هێنام، دوای چەند ڕۆژێک بردیانم بۆ لێکۆڵینەوە، حەوت هەشـت پۆلیسـیان هێنا و لێیان پرسین و گووتیان: ئەم پیاوە دەناسن؟ هەموویان گووتیان: بەڵێ دەیناسین ئەوە سەفەرخانە و ئەو کەسەیە کە هات و ئێمەی چەک کرد، بەڵام هیچ کەسـیان ناڕەزاییان دەرنەبڕی کە من ئازارم دابن، تەنانەت یەکێـک لەوانـە گووتی: سـەفەرخان پێنج تومەن پـارەی پێداوم، بەڵێ، ئەمە سـەفەرخانە، تەواوی بنکـە و بارەگاکان هەر لە (دوشـاتە) تاکو تەبرێز ئەو دەسـتی بەسـەرداگرتوون و پۆلیسـەکانی چەک کردوون. ئـەوان هەرچییەکیان بینیبوو هەموویان باسـکردبوو. ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام پۆلیسـیان دەهێنا بۆ ناسـینەوەی من، نازانم ئەو پۆلیسـانە چۆن ئاوها منیان دەناسـی. ئیتر منیش بڕیارم دا کە ناو و ناونیشـانی

خـۆم بەڕاســتی بڵێم. ڕۆژی دواتــر ناوی خۆم بە ســەرۆکی زیندانیی ئورمیــە گــووت: کە ناوی (کەرەم ئوغلی) بوو. پێم گووتن من ســەفەر قارەمانیــم و چیتــان دەوێت بیکــەن، کەچی ئەوان بــەردەوام خەڵکیان دەهێنا و ئەوانیش دەیانگووت بەڵێ ئەمە ســەفەرخانە. ئیتر لێکۆڵینەوە دەســتی پێکــرد. بەڕاســتی بڵێــم ئەوکاتە فشــار و ئەشــکەنجە نەبوو، بووختــان و جوێن نەبوو، تەنها پرســیار و وەڵام هەبوو، بەڵام کەمێک بە زمانی زبر. ســەروان (شــەقاقی) لێکۆڵینــەوەی لەگەڵدا دەکردم، ئەو دواتر بوو بە ســەرهەنگ. ماوەی شــەش مانگ لە ژووری تاکەکەسیدا بووم و ســەردانیکردنم نەبوو، یەکێک لەو کارمەندانەی زیندان پێشــتر پێشــمەرگەی تیپ بوو و لەگەڵ خۆماندا بوو، هیچ کەســێک ڕابردووی ئــەوی نەدەزانی. ئــەو زۆر هاوکاریی دەکــردم، هەواڵی ئێمەی دەبردە دەرەوە بــۆ خــزم و کەســەکانمان و هەواڵی ئەوانی بــۆ دەهێنایەوە. دەهاتــە لامان و دەیگــووت: چیتان دەوێت بۆتانــی دەهێنم. دوای یەک ساڵ لێکۆڵینەوەم تەواو بوو، بردیانم بۆ دادگای سەربازیی. هەموو باس و هەواڵەکانیــان لە ڕۆژنامەدا بڵاوکردبووەوە. ئەوانەی کە ســەردانیان دەکردم دەیانگووت هەموو شتەکانمان لە ڕۆژنامەکاندا خوێندووەتەوە و زۆر ناڕەحــەت بوویــن بــۆت. کەســوکارم زۆر ناڕەحــەت بــوون بــۆم، هەرچی هەیانبوو فرۆشــتبوویان و نزیکــەی دە هەزار تومەنیان کۆکردبــووەوە کــە بیدەن بــە حکومەت و من ئازاد بکرێم. ســەرهەنگ بەیاتــی قبووڵی نەکردبوو گووتبووی دەبێت لــە دادگا دادگایی بکرێت، ئیتر بەڕێیان کردم بۆ مەراغە.

دوای دەســتگیرکردنی مــن ژمارەیــەک لە هاوڕێیانم کــە لایەنگری دیموکرات بوون، لە ناوچەی شیشوان و عەجەبشێر و مەراغە هەڵسان بە کارێکی ئازایانە و سەردانی پۆلیسیان کرد و خۆیان کردە هاوبەشی هەموو ئەو تاوانانەی درابوونە پاڵ من، چونکە تا ئەو کاتە نزیکەی (١٥٠) کەس لەســەر تاوانی لەسێدارەدانی ســەرهەنگ موعین ئازاد لەسێدارە درابوون، ئیتر ئەو هاوڕێیانە دێن و لە بنکەی پۆلیس خۆیان دەناسێنن.

دادگا ڕووکەشـەکەی شـا هەموویان حوکم دەدات لە (٣) ساڵەوە تاکو (١٢) سـاڵ. ئەمانە بە ئازایەتی خۆیـان تەواوی حوکمەکەیان لە زیندان تەواوکرد. دوای ئەوەی لە ڕۆژنامەکانی شا هەواڵی دەستگیرکردنی من بڵاوکرایەوە، جگە لە ئاغا و دەرەبەگەکانی مەراغە و هەشتڕود و زنجان و شازادە و مەلیک قاسمی و دەیان شاپەرست و کارمەندی حکومەت، هەر ڕۆژە و ژمارەیەکیان سەردانی فەرماندەی سەربازییان دەکرد، کە گوایە من زێڕ و خشڵی ژنەکانیانم دزیوە. ڕۆژێکیان لە زیندانەوە منیان برد بۆ فەرماندەیی سـەربازیی، سـەیرم کرد چەندیـن پۆلیس ڕیزیان بەسـتبوو، سـەرهەنگ ئەردەڵان ئاماژەیەکی بۆ من کـرد و لە ئەوانی پرسی و گووتی: ئەو کەسە دەناسن. ئەوانیش هەموویان بە یەک دەنگ وەڵامیان دایەوە ئەمە ئەو کەسەیە لە پایگاکانی عەجەبشێر و شیشوان و ئازەرشـەهر ئێمەی چەک کرد. منیش گووتم: ئەوان ڕاسـت دەکەن، بـەڵام ئەم پۆلیسـانە هاوکاریی ئاغاکانیان دەکرد بۆ چەوسـاندنەوەی جووتیارەکان، هەر کوڕە جووتیارەکان بوون ئەوانیان چەک کرد، نەک من.

دوای هەواڵـی دەسـتگیرکردنم، جگـە لەوانـەی کە پێشـتر باسـم کـردن، ژمارەیەکی زۆر سـەردانی دادگای ئورمیەیـان کرد، کە گوایە من ماڵەکانیانم تاڵان کـردووە، بەڵام کاتێک ڕووبەڕووی من بوونەوە، داوای لێبووردنیـان کـرد و گووتیان چەند کەسـێک هانیـان داوین کە بڵێین ئەم کەسە ماڵی ئێمەی تاڵان کردووە.

دوای شـەش مانـگ مانـەوەم لـە ژووری تاکەکەسـیدا، دادوەری لەشـکری چواری ئورمیە منی گواسـتەوە بۆ زیندانی گشـتی. پێشـتر باسـم کرد کە بنەماڵەکـەم هەرچی هەمان بوو فرۆشـتبوویان و بڕی دە هەزار تومەنیان دا بە سـەرهەنگ بەیاتی تاکو لە دادگای سەربازیی دادگایی نەکرێم. سـەرهەنگ بەیاتـی پارەکەی وەرگرتبوو خواردبووی و لە دادگاش من هیچ تاوانێکم لەسـەر نەبـوو، ئەو تاوانەش کە چەکم هەڵگرتبـوو، ماوەیەکی بەسـەردا تێپەڕیبوو. من ماوەی هەشـت مانگ

بەبێ ئەوەی کەسێک سەردانم بکات لە زیندانی مەراغە مامەوە، دواتر دادوەر گووتبووی بۆچی ئەمەتان هێناوە بۆ ئێرە. یەکێک لە دەرەبەگەکانی ناوچەکە سەرۆکی دیوانی وڵات بوو، ئەو دەرەبەگانە زانیبوویان کە لە دادگادا بڕیاری لەسێدارەدانم لەسەر لاچووە، یان ئازاد دەکرێم، یان لە زیندان دەمێنمەوە، ئەوان ڕۆیشتبوون بۆ دیوانی وەزارەتی ناوخۆ و گووتبوویان پێویستە لە دادگای سەربازیی دادگایی بکرێت. ئیتر منیان لە مەراغەوە گواستەوە بۆ تەبریز. لەوێ گووتبوویان بۆچی ئەوەتان هێناوە بۆ ئێرە، دووبارە گەڕاندیانمەوە بۆ مەراغە. ئینجا بە هەوڵی ئاغا و دەرەبەگەکان لە مەراغە منیان پەلکێشی دادگای سەربازیی کرد. ڕۆژێک کارمەندەکان هاتن بە شوێنمدا و ویستیان لەدواوە دەستم ببەستن و بمبەن. منیش ڕێگریيم لێکردن و نەمهێشت لەدواوە دەستەکانم ببەستن. گووتم: لەبەرچی لەدواوە دەستم دەبەستن بۆ لە پێشەوە دەستەکانم نابەستن. منیان برد بۆ تەبریز و یەک قڕان پارەم پێ نەبوو، من ئەوەندە لەو شاپەرستانە دەترسام، تەنانەت لە ناوەکانیشیان دەترسام، ئەو سەگبابەی کە فەرماندەی هەموو سوپای ئازەربایجان بوو، زاواکەشی بە ناوی (وهرام) فەرماندەی لەشکر بوو. گووتم: ئێستا دەمبەن بۆ ژوورەکەی ئەو و لەوێ دەست دەکات بە لێدان و جوێنپێدانم، بەڵام خۆشبەختانە منیان برد بۆ ژوورێکی تر. لەوێ هیچ پرسیار و وەڵامێکیان لێ نەکردم، ئەم جارەیان لە دۆسیەکەمدا نووسیبوویان پێویستە زیندانی تەبریز وەرم بگرێت، ناردنی دۆسیەکەم بۆ دادگای سەربازیی بەهۆی ملهوڕیی محەمەد ڕەزا شا و دەسەڵاتی ئاغاکان بوو لە دامودەزگاکانی حکومەتدا. ئاغاکانی مەراغە ئەوەندەیان ڕەشوە دابوو، کە من مافی ئەوەم نەبوو پارێزەرێک بگرم.

ئیسماعیل خانی کە سەردەمێک سەرکردەی چەکدارەکانی ئازەربایجان بوو لە (چاراویماخ) بە بیستنی زیندانیکردنی من، براکەی دەنێرێت تاکو فریای دۆسیەکەی من بکەوێت، پارەی دابوو بە سەرهەنگ (ڕاد) و بەڵێنی هاوکاریکردنی لێ وەرگرتبوو. دوای ئەوەی

کــە ئاغاکان ئــەو هەواڵەیان زانی دەســتیان کرد بــە پیلانگێڕان، بەڵام براکــەی ئیســماعیل خــان کۆڵی نەدا و بــەردەوام بوو لــە هەوڵەکانی، تەنانەت سەردانی سەرهەنگ موئمینی کرد کە دادوەر بوو. لە کۆتاییدا دوای دە مانگ منیان بە دۆســیەکەمەوە ناردەوە بۆ مەراغە. لە مەراغە هێنــدەی نەمابــوو ئــازاد بکرێم، بــەڵام دەرەبەگەکان لــە دامودەزگای دەوڵەتدا دەسەڵاتیان هەبوو، من و دۆسیەکەمیان نارد بۆ لەشکری (٣) ی تەبریز. لەوێش نەیانهێشت ئازاد بکرێم، هەروەکو تۆپی یاریکردن لە گۆڕەپانی یاریدا بەملاولادا دەیانڕەتاندم، دوای چەند مانگێک لە زیندانی مەراغەوە گەڕاندیانمەوە بۆ تەبریز.

عەلی ئەشــرەف دەروێشــیان: بەخێربێیتەوە، لە دانیشــتنی داهاتوودا باسی دادگاییکردنەکەتمان بۆ بکە.

سەفەرخان لە دادگای شادا

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: سڵاو سەفەرخان، بڕیار وابوو لەم دانیشتنەماندا شتێک لەبارەی دادگاییکردنتەوە ببیستین، لە چی ڕێکەوتێکدا دەستکرا بە دادگاییکردنت؟

سەفەرخان: لە مانگی ئازەری (١٣٢٩/ ١٩٥٠) لە دادگای سەربازیی تەبریز بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ ئەمینی و دادوەری لێپێچینەوە سەرهەنگ (دیدەبان) دادگاییم دەستی پێکرد، من لە دادگا ناڕەزاییم دەربڕی لەسەر ئەو هەموو تاوانەی خرابوونە پاڵم لەلایەن ئاغا و دەرەبەگەکانەوە. ئەوان پۆلیس و نوێنەرانی حکومەتیان لە دژی من هان دەدا و دەسەڵاتی تەواویان لەناو حکومەت و دادگاکاندا هەبوو، یەکێک لەوانە (عەبدولحەمید مەلەک قاسمی) بوو، کە لە نووسینگەی تایبەتی شا کاری دەکرد، تەنانەت کارێکیان کردبوو کە من لە گرتنی پارێزەریش بێبەش کرابووم. لەم دادگاییکردنەدا من بە لەسێدارەدان و حەسەنعەلی برا بچووکم بە دە ساڵ حوکم دراین. ئێمە دوای تەواوبوونی دادگاییکردنەکە، چاوەڕوانی حوکمی دادگا بووین. کاتێک لێکۆڵەری گشتی هاتە دەرەوە بینیم بە ناڕەحەتییەوە لێوەکانی خۆی دەکرۆشت، دوای ماوەیەک کە داوایان کردینەوە بۆ ژووری دادگا، سەرهەنگ (ئەمین) گووتی: سەفەر تۆ ئەو ئاغایانەت زۆر ئازارداوە، من تاکو ئێستا زۆر کەسم لە هاوڕێکانی تۆ دادگایی کردووە، خەڵکی ئەوەندەی تۆ لە هیچ کەسێک ناڕازیی نەبوون.

وەڵامم دایەوە:

سەرهەنگی بەڕێز: ناڕازییەکان جووتیارەکانن، یان ئاغاکان.

سەرهەنگ گووتی: ئاغاکان.

منیش گووتم: دیارە کە ئەوان ناڕازیین، چونکە ئەو زەوییانەی بە

ناحەق داگیریان کردبوون، لێیان سەنرایەوە و بەسەر جووتیارەکاندا دابەشکران، ئێستا ئەوان جگە لە من کەسێکی تریان لەبەردەستدا نییە، بۆیە یەخەی من دەگرن.

من ڕەخنەم لە بڕیارەکەی دادگا گرت، ویستم دۆسیەی ئەو حەوت کەسەی کە لە مەراغە لەسێدارەدران کە یەکێک لەوانە جەنەڕاڵ (کەبیری) بوو پیاچوونەوەی پێدا بکرێت، ئەگەر ئەوان لەسەر من هەر شتێکیان گووتبێت، من قسەی ئەوانم قبووڵە، بەڵام ئەگەر کەسانی تر لەبارەی منەوە قسەیان کردووە، من قسەی ئەوانم قبووڵ نییە و دەبێت ئێوە لێکۆڵینەوە بکەن.

حوکمی لەسێدارەدان

لەبەرئەوەی زۆر پێداگرییم دەکرد لەسەر بینینی دۆسیەی هاوڕێ لەسێدارەدراوەکانم، کەوتمە ژێر ڕقی لێپرسراوانی دادگا، هەر بۆیە دادگاییکردنەکەم ماوەی سێ ڕۆژی پێ چوو، بۆ نیشاندانی نەفرەتی خۆم لە ڕژێمی شاهەنشایی بێدەنگ بووم و یەک قسەم نەکرد. لە دادگای تێهەڵچوونەوە تێڕوانینیان بە پێچەوانەی دادگایی یەکەمەوە بوو، ئەمجارەیان کەمێک دابەزینی تێدا بوو، حوکمەکەم لەسێدارەوە دابەزی بۆ هەتاهەتایی، بەڵام ئەمجارەشیان بڕیارەکە هەر لەسێدارەدان بوو، حوکمەکەش بەم جۆرە بوو:

١-بەهۆی دەستبەسەرداگرتنی بنکەکانی پۆلیسی حکومەت، بە حوکمی هەتاهەتایی حوکم درا.

٢-بەهۆی هاوکارییکردنی بارزانییەکان بۆ ماوەی دە ساڵ زیندانی حوکمدرا.

٣-بەهۆی بوونی ناسنامەی ساختە، بۆ ماوەی سێ ساڵ حوکم دەدرێت.

٤-بەهـۆی هەڵگرتنـی چەک لە دژی وڵات و شـێواندنی ئاسایشـی وڵات حوکم درا بە لەسێدارەدان.

لێپرسـراوی بنکەی پۆلیسی دادگا و سـەرهەنگ (قودلی) سەرۆکی دادگای سـەربازیی لە دەرەبەگەکانـی ناوچەکانی ئێمە بوون و لە هیچ تاوانێک خۆیان نەدەپاراسـت. کاتێک بڕیاری حوکمەکەم خوێندرایەوە، هەڵسـام و هەرچـی بە دەممـدا هات پێم گووتن. سـەروان (ڕیاحیەک) هەبوو کە لە دژی من شـاهیدی دابوو، ئەو سـکرتێری دادگا بوو، هەر ئـەو دۆسـیەکەی بۆ هێنـام تاکو ئیمـزای بکەم، منیش یەک شـەقم لە دۆسـیەکە هەڵدا کاغەز و فایل هەموو بڵاوبوونەوە، ئەو سـکرتێرە بێ چارەیـە زۆر ترسـا. دوای ئەوەی لە زیندان ئازادکرام، ئەو هێشـتا لە ژیاندا مابوو و بووینە هاوڕێی یەکتری. شا کەسێکی ئەویشی بە منداڵی لەسێدارە دابوو، ئەوانیش سیاسی بوون. سکرتێر لەکاتێکدا دەستەکانی دەلەرزین، جگەرەیەکی پێشـکەش کردم، منیش پێم گووت من حوکمی لەسێدارەدانم بۆ دەرچووە، تۆ بۆچی دەلەرزیت، کەمێک ئارام بووەوە. سـەرۆکی دادگا گووتـی: وەرە بڕیـاری دادگا ئیمزا بکـە، هەر کاتێک پێشـوەری گەڕایەوە با ئێمە لەسـێدارە بدات. من لـە وەڵامدا گووتم: پێویسـت ناکات بێت، خەڵکی ئازەربایجان تۆڵەی من لە ئێوە دەکەنەوە و ئەو پەنجانە دەبڕن کە حوکمی لەسێدارەدانی منیان ئیمزا کردووە.

دوای دەرچوونی حوکمەکەم، منیان برد بۆ زیندانیی تەبریز، کە ئەو کاتە حەوتسەد زیندانی لەو زیندانەدا هەبوون، ڕەوشی زیندان زۆر خراپ بوو، نە کتێب هەبوو، نە ڕۆژنامە، لەکاتێکدا کە حوکمی لەسێدارەدانمان هەبوو، سەردانیکردنیشـمان نەبوو. لە زیندان،بوومە هاوڕێی ئەسـغەر ئیحسـانی و ئەحمەدی برادەرانی ئاسـنگەر. ئەم دوو کەسەش حوکمی لەسـێدارەدانیان بۆ دەرچووبوو، حوکمەکەیان کەم نەکردنەوە، چونکە لە دۆسیەکەیاندا کوشتن نووسرابوو. جەوادی مەجیری و ئەسەدوڵڵای شـەتابی کە لـە فیداییەکانی تیپی ئازەربایجان بـوون، ئەوانیش لەوێ بوون، ئەوان فشـاریان دەخستە سەرم کە ناڕەزایی دەرببڕم بەرامبەر

بــە حوکمــی دادگا، بــەڵام بێ هۆ بــوو، من بەو هاوڕێیانــەم گووت کە مردن لەم جۆرە ژیانە خۆشــترە و لە نووســینی ناڕەزایی خۆم بوارد و چاوەڕوانــی لەســێدارەدان بــووم. فیداییەکــی تریش لــەوێ بوو بە ناوی (کیتابی) و خەڵکی ســەراو بوو، ئەو چەند کەســە چەند نامەیەکی ناڕەزاییان بۆ دادگا نووســی، کە چۆن ســەفەری قارەمانیان یەک پلەی بۆ سوک کراوە، کەچی حوکمەکەی لەسێدارەدانە، بۆچی دۆسیەی ئەو کەسانەتان نەهێناوە بۆ دادگا کە لە دژی ئەو لێدوانیان داوە.

ڕۆژێک ئەو کەسەی کە نامەکانی دەهێنایەوە ناو زیندان، پەلی گرتم و بردمییــە لاوە و گووتــی: من لە دادگا کار دەکــەم، چەند ڕۆژێکی تر تــۆ دەبــەن بۆ مەراغە و لــەوێ لەســێدارەت دەدەن، هەتــا زووە بڕۆ نامەیەکی ناڕەزایی بنووســە، ئەگەر ئەو نامەیە بنووسیت ناتوانن وا بە زوویی لەسێدارەت بدەن. هەمووی سێ ڕۆژم لەبەردەمدا مابوو، ئەگەر ناڕەزاییــم دەرنەبڕیایە، دوای ئەو ســێ ڕۆژە دەهاتن و لەســێدارەیان دەدام. مــن ناڕەزاییــم نووســی، بەڵام لــە دەرەوە وا بڵاوببــووەوە لە ماوەی ئەو ســێ ڕۆژە لەســێدارە دەدرێم. ڕۆیشتبوون بۆ شیشوان و بــە باوکمیان گووتبوو ســەفەر دەبەن بۆ مەراغە و لەوێ لەســێدارەی دەدەن، ئەویــش دەڕوات و لە مەراغە دەگەڕێت دەچێتە هەر شــوێنێک پێــی دەڵێــن ئەو کەســە نەهاتووە بۆ ئێــرە، دواتر هاتــە تەبریز و منی دۆزییەوە. ســەیرم کرد زۆر ناڕەحەتە، بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕامەوە و لە ناڕەحەتیدا قسەی تری بۆ نەکرا و هەڵسا و ڕۆیشت.

ڕۆژێک ئەفسەری پاسەوانانی زیندان هاتە ناو هۆڵی زیندانەوە، لێی پرسیم: تۆ من دەناسیت؟ گووتم: نەخێر ناتناسم. پێکەنی و گووتی: من ســتوان (شەریف زادە)م لێپرسراوی شــارەوانیی ئازەرشەهرم، کاتێک ئێمەت چەک کرد (یەدوڵڵای فەتحی) ویستی من گوللەباران بکات، بەڵام تۆ گیانی منت ڕزگار کرد، من تا ئێستا نەمزانیبوو تۆ لێرەیت، لە ئەمڕۆ بەدواوە هەر کارێکت هەبوو من ئاگادار بکەرەوە.

هاتنــی شــەریف زادە بووە هۆی ئەوەی کە مــن لەو ژوورەی تێیدا

بـووم، کـە ژوورێکی ناخۆش بـوو، بگوازرێمەوە بـۆ ژوورێکی تر کە کەمێـک لـە ژوورەکەی تر باشـتر بوو. ژوورەکەی پێشـووم ئەوەندە پیـس و بۆگـەن بوو، هیـچ کەسـێک نەیدەتوانی ماوەیەکـی زۆر تێیدا بمێنێتەوە، هەر بەهۆی ئەو پیسییەوە کاتێک زیندانی تازە دەهاتن و لەو ژوورەدا دایـان دەنـان، دوای چەند ڕۆژێـک مانەوەیان لە ژوورەکەدا، ناچـار دەبوون ڕەشـوە بدەن بە کارمەندانی زینـدان، تاکو لەو ژوورە بگوازرێنەوە بۆ ژوورێکی تر. هەر ژوورێک لێپرسراوێکیان بۆ دانابوو، کە لەلایەن کاربەدەسـتانی زیندانەوە پشـتیوانی دەکران. ئەو کەسـانە بەتانی و ژووری باشـیان بە زیندانییەکان دەفرۆشـت، زیندانییەکانیش زۆربەیـان دز و شـەقاوە و چەقۆکێش بوون، ئەو دز و چەقۆکێشـانە زیندانییانی تریان هەراسـان کردبوو، هەر بۆیە زیندانییان ناچار بوون دەسـت بە مانگرتن بکەن. دواتر کارمەندان هاتن و چەقۆکێشـەکانیان جیاکردەوە، ئیتر ڕەوشی ناو زیندان کەمێک باشتر بوو.

دوای چەنـد ڕۆژێـک مانـەوەم لـە زینـدان، هاوڕێیانـم ناچاریـان کـردم کـە نامـەی نارەزایـی بنووسـم، هێشـتا مانگێـک تێنەپەڕیبوو بەسـەر گۆڕینـی سـەرۆکی زیندانـدا، بەیانییەکی زوو پۆلیـس ڕژانە سـەر سـەربان و چواردەوری زیندانیان گرت، بە جۆرێک کە لوولەی تفەنگەکانیان ڕووکردبووە زیندانییەکان، چەند پاسـەوانێکیش هاتنە ناو زیندانییەکانەوە نزیکەی سـەد زیندانییان جیاکردنەوە و بەڕێیان کردن بـۆ ئەردەبێل و ئورمیـە و خۆی و مەراغە. لە تەبریز کەسـێک هەبوو نـاوی حاجی ئەبولقاسـم بوو، کارگەی فەرش چنینـی هەبوو. تەواوی خوێڕییەکانـی تەبریز کە پێیان دەگووترا لۆتو، یا لۆتی: لە دەورووبەری ئەو کۆبببوونەوە. ئەوان لەکاتی هێرشـکردنیان بۆ سەر دیموکراتەکان، زۆر کەسیان کوشتبوو، حاجی ئەبولقاسم کەسێکی شاپەرست و دیاری تەبریز بوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەو سەرسەرییانە بە تورکی پێیان دەڵێن لۆتو؟

سـەفەرخان: بەڵێ، هەمان ئەو لۆتوانە، ئەوان لە دەرەوە شـەڕیان کردبـوو، ئەوانیان هێنابـووە ناو زیندانەکـەوە، زیندانییەکان دەیانزانی ئەوانە لە دەرەوە کێشەیان بۆ تودەییەکان دروستکردبوو، شەڕیان پێ فرۆشـتبوون، لـە تۆڵەی ئەو کارانەیدا دەڕژێنە سـەریان لێیان دەدەن. لـە دەرەوە هـەواڵ دەدرێتـە حاجـی ئەبولقاسـمی، ئەویـش بە هێزی چەکـدارەوە هاتبووە بەردەمی زیندان. من لە سـەرەتاوە ئاگاداری ئەو لێدانـە نەبـووم، ڕۆژی دواتـر بانگیان کـردم، منیش ڕۆیشـتم بۆ لای پاسـەوان، سەیرم کرد چەند کەسێکی تریشیان هێنابوو، لە تۆڵەی ئەو لێدانەی لە چەقۆکێشـەکانیان دابـوو، ئێمە دوانزە کەس دوورخراینەوە بۆ ئورومیە. سەرۆکی زیندانی ئورمیەش ئێمەی وەرنەگرت، دەیگووت: من زیندانییانی حوکمی سـێدارە و هەتاهەتایی وەرناگرم. ئێمەیان نارد بۆ بنکەی پۆلیس، لەوێ دەست و قاچی منیان کەلەپچە کرد و کردمیانە ژوورەوە، لەوێ کەسـێکی پاسـەوان هەبوو ناوی (خەسرەوخان) بوو، ئەو منی دەناسـی هات و تکای بۆ کردم و دەسـت و قاچیان کردمەوە، بەڵام ئەو چەند کەسەمانیان نەخستە ژوورەکانەوە، بەڵکو لە حەوشەکە بووین، چەند کەسێکی تریش کە ئەوانیش سیاسی بوون، ئەوانیش هەر لـە حەوشـەکەدا بوون. دوای چەنـد ڕۆژێک هەر چەند کەسـێکمانیان خسـتە ژوورێکی بچووکەوە و سەربازێکیان بەدیارمانەوە دانا، ئێمەش نارەزاییمان دەربڕی و گووتمان: خۆ ئێرە زیندان نییە، ئێمە هەمووومان حوکمی هەتاهەتایی و لەسـێدارەدانمان هەیـە. دواتر ئاغای (عەزیزی)، کە سەرلەشکر بوو، هات و گووتی: ئەگەر ئەمانە دوورخراوەن بیانبەن بۆ شـوێنی دوورخراوەکان، ئەگەر دوورخراوەش نین بۆچی هێناویانن بـۆ ئێرە؟ دووبارە لە بنکەی پۆلیسـەوە ئێمەیان گەڕاندەوە بۆ زیندانی ئورومیـە، بەڵام لە زیندانـدا ڕایاننەگرتین و لە حەوشـەکەدا دایاننواین، دوای چەند ڕۆژێک ئێمەشیان کردە لای زیندانییەکان.

مانگ و ڕۆژەکان بە سەختی تێدەپەڕین، ڕۆژێک ئەفسەری ئێشکگر بانگی کردم، هەستم کرد دەمبات بۆ مەیدانی سێدارە، کە گەیشتم (شەریف زادە) نامەیەکی پێدام کە ئیمزای بکەم، من نامەکەم وەرگرت و بردم بۆ ناو زیندان و لای هاوڕێکانم دەستم کرد بە خوێندنەوەی، بۆم دەرکەوت کە دۆسیەکەم نێردراوە بۆ دیوانی بەرزی وڵات، بەڵام هێشتا مەترسی لەسێدارەدانم لەسەر مابوو، ئەگەری ئەوە هەبوو کە دیوانی بەرزی وڵات بڕیاری لەسێدارەدانم بدات. دۆسیەکەم ماوەی سێ ساڵ مایەوە و نەگەڕایەوە، بەڵێ، من ماوەی سێ ساڵ لە چاوەڕوانی لەسێدارەداندا بووم.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: دامەزراندنی حکومەتی میللی دکتۆر محەمەد موسەدیق کاریگەریی لەسەر دۆسیەکەی ئێوە نەبوو؟

سەفەرخان: بەڵێ، پێویستە ئەوەش بڵێم دکتۆر موسەدیق لە دوانزەی ئوردیبەهەشتی (١٣٣٠/ ١٩٥١) کابینەی خۆی ڕاگەیاند، یاسای خۆماڵیکردنی نەوتی پەسەندکرد، لە ڕۆژی (٢٥)ی تیری (١٣٣١) بەهۆی دژایەتییەکانی محەمەد ڕەزا شا و خۆبواردن لە پێدانی دەسەڵات و پۆستی وەزارەتی جەنگ بە دکتۆر موسەدیق، دکتۆر موسەدیق دەستی لەکار کێشایەوە و ئەحمەد قەوامی حکومەتی دامەزراند، بەڵام بە خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی سەرتاسەریی و ڕووبەڕووبوونەوەی پۆلیس محەمەد ڕەزا شا ناچاربوو مل بۆ دکتۆر موسەدیق کەچ بکات.

دیارە ئامانجی حکومەتی شا و کارمەندەکانی، ئازار و ئەشکەنجەی زیندانییانی سیاسی بوو، هەربۆیە ژمارەیەک شەلاتی و شەقاوە و چەقۆکێشی تەبریز کە ڕێبەرەکەیان هەمان حاجی ئەبولقاسمی بازرگانی فەرش بوو، هێنایە ناو زیندان و مەبەستیان لەو کارە ئازار و ئەشکەنجەی زیندانییانی سیاسی بوو. ئێمەش زۆر ئازایانە ڕووبەڕووی ئەو ملهوڕانە وەستاینەوە، خۆ دیارە لەناو زیندانیشدا هەروەکو ناو کۆمەڵگا یاسا هەیە، خۆ ئەگەر یاسا لەبەرچاو نەگیرێت،

ناتوانین بەشـێوەیەکی شـەرەفمەندانە لە زینداندا بژین. لە زیندانەکانی شـادا ڕەزامەندیی دەستدرێژیکردنە سەر لاوەکانی لایەنە سیاسییەکان وەرگیرابوو، هەرچۆنێک بێت ئێمە ڕووبەڕووی ئەو بۆچوونە بۆگەنەی شاپەرسـتەکان بووینەوە، ئەو ڕەوشـە پیسـەی ڕژێمی شـا تا دوایین ڕۆژەکانی دەسـەڵاتی شا بە ناشرینترین شـێوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرا، بەتایبەت لەو قاوشـانەی کە ژمارەی زیندانییانی سیاسـی کەم بـوون. ڕژێـم بە سـوودوەرگرتن لە سەرسـەریی و چەقۆکێشـەکان؛ زیندانییانی سیاسییان ئازار دەدا. ئەگەر چایخانەیەک، یان فرۆشگایەک لەنـاو زیندانەکەدا هەبووایە، ئەوا بە پێدانی بڕە پارەیەک بە سـەرۆکی زینـدان، فرۆشـگاکە دەخرایە ژێر دەسـەڵاتی زیندانییانی چەقۆکێش و سەرسـەرییەکان، ئەوانیش بـە ئارەزووی خۆیان تلیـاک و هێرۆین و مادده هۆشبەرەکانیان تیا دەفرۆشت. بە زۆری زۆرداریی منداڵی جوان و لاویان دەبرد بۆ ژوورەکانی خۆیان و دەستدرێژییان دەکردنە سەر، بەتایبـەت لـە سـاڵەکانی (١٣٢٩-١٣٣١) کە زیندانـەکان پڕکرابوون لە منداڵانـی تودەیی، کە بە تاوانی نووسـین و بڵاوکردنەوەی دروشـمی حیزبی دەسـتگیر کرابوون. هەر کاتێک کەسـێکی منداڵکاری سیاسـی دەگەیشـتنە ناو زیندان، پۆلیس هەوڵی دەدا دارکاریی بکات و سـەری بتاشـێت و لەبەر چاوی زیندانییان سـوک و ڕیسوای بکات. وایان لەو زیندانییانە دەکرد کە تەسلیم بن و سەرشۆڕیان بکەن و دەستبەرداری خەبات و تێکۆشـان بن. لەو ساڵانەدا ئەندامانی حیزبی تودە ژمارەیان زۆر بوون لە زیندانییەکاندا، ئەوان زیاتر پێکهاتبوون لە کوڕە جووتیار و زەحمەتکێشەکان.

عەلی ئەشرەف دەرویێشیان: لەو کاتەدا دۆسیەکەی ئێوە بە کوێ گەیشت؟

سـەفەرخان: دەرەبەگەکان بـەردەوام بەدوای دۆسـیەکەی منەوە بـوون، کاتێـک ئـەوان زانییـان حوکمی لەسـێدارەدانم بـۆ دەرچووە،

ئاسودە و خۆشحاڵ بوون. دەڕۆیشتن کەسوکارەکەمیان تووشی ئازار و دەردەسـەریی دەکرد، دەچوون سەردانی باوکە پیر و بێچارەکەمیان دەکـرد و دەیانگـووت: ئـەوا کوڕەکـەت حوکمـی لەسـێدارەدانی بـۆ دەرچووە و چەند ڕۆژێکی تر لەسێدارە دەدرێت. باوکی پیر و بێچارەم هەڵدەسـتێت و دێتـە مەراغـە بە هـەزار زەحمـەت و دڵەڕاوکێ خۆی دەگەیەنێتـە زینـدان، دوای چەندین کاتژمێر گەڕان و پرسـیارکردن و جوێن پێدان و سـوکایەتی پێکردن، خۆی دەگەیەنێتە دادگا. لەوێ بۆی دەردەکەوێت کە هەواڵەکە ڕاسـت نییە و درۆ و پڕوپاگەندەی (مەلەک قاسـمییەکانە). کاتێک چاوم بە باوکم کەوت، ئەوەندەی چەندین سـاڵ پیر و پەککەوتە ببوو. کاتێک چاوی بە من کەوت زۆر خۆشـحاڵ بوو، باسـی ئازار و کوێرەوەرییەکانی بۆ کردم لەگەڵ ئاغاکاندا. دوای چەند سـاڵێک دابڕان لە یەکتری بە دڵێکی شـادەوە بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە. مـن بـەردەوام چاوەڕوانی لەسـێدارەدان بـووم، هەر کاتێک شـەو و ڕۆژ کـە ناوم دەخوێنرایەوە، وام هەسـت دەکرد ناوخوێندنەوەکەم بۆ لەسـێدارەدانە. ئەو هاوڕێ دڵسـۆزانەم کە لە مـەرگ ڕزگاریان ببوو، منیان فەرامۆش نەکردبوو، بەردەوام بەدوای دۆسیەکەمەوە بوون.

ڕۆژێـک یەکێـک لـە هاوڕێکانم هات بۆ سـەردانیکردنی ئەسـغەر ئیحسانی و هەواڵی پێدا کە حوکمی لەسێدارەدانی من هەڵوەشاوەتەوە. ئەسغەریش هەواڵەکەی بە من گەیاند، بەڵام من باوەڕم نەکرد، دوای دوو ڕۆژ بەیانییەکی زوو لەکاتی سـەرژمێریکردنی زیندانییەکاندا، زەنگیان لێدا تاکو زیندانییان بڕۆنە ژوورەکانی خۆیانەوە. چاودێری هۆڵەکەمان عەباس ئاغای نامی لە حەوشەی زینداندا ناوی منی خوێندەوە، دۆخەکە وای نیشـان دەدا کە کەسـێک بەرەو سـێدارە بەڕێ دەکرێت، ئیتر بە بەهانەی سەرژمێریکردن هەموانیان کردە ژوورەکانیان و ناوی منیان خوێنـدەوە، دیـارە کاتی لەسـێدارەدانی منە، لە یەک کاتدا هاوسـەر و تاقـە کچەکەم و هەموو کەس و خزمەکانم و هاوڕێ خەباتگێڕەکانم لە سەنگەری بەرگرییدا بینی و هاتنەوە پێش چاوم.

من تاکو گەیشتمە ژووری ئەفسەری پاسەوانان؛ چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد کە وەک هەموو لەسێدارەدراوانی پێشتر، پاسەوانان بڕژێنە سەرم و دەست و قاچم ببەستن، بەڵام بەو جۆرە نەبوو، لە ژووری ئەفسەری پاسەوانان ئستیوار (ئیسماعیل خان) لێم هاتە پێش و گووتی: سەفەر مژدەم بدەرێ حوکمی لەسێدارەدانی تۆ هەڵوەشاوەتەوە. من ئەوەندە بێتاقەت و بێزار بووم، ئاگام لە قسەکانی ئەو نەبوو، بەهەرحاڵ ئەو ڕاستی دەگووت، دوای سێ ساڵ حوکمی لەسێدارەدانم هەڵوەشایەوە.

بەهۆی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، لە پێکهاتەی ئەندامانی دادگای سەربازیی تاڕادەیەک گۆڕانکاریی کرابوو، ئەفسەرانی گەلی توانییان بە بەرگریکردن لە تودەییەکان ناو و ناوبانگی خۆیان بە بەرزیی بهێڵنەوە.

بەهەمان شێوە کە پێشتر باسم کرد، ماوەیەک دوای ئەوەی کە ناڕەزاییم لە حوکمی دادگا دەربڕی و دوای ئەوەی یەکێک لە دادوەری سەربازیی ئورومیە کە پلەی سەرگوردیان پێ دابوو، ئەویش خوێندنی مافی تەواوکردبوو، هات بۆ زیندان و سەردانی کردم، ئەو خۆی پێ ناساندم و گووتی: من دادوەری سوپام و دۆسیەکەی تۆم بە تەواویی خوێندووەتەوە، من دەزانم تۆ کەسێکی پیاوکوژ نیت و کەسێکی تێکۆشەر و ئازادیخوازیت، من بەڵگەی تەواوم بۆ سەلماندنی بێتاوانی تۆ لایە، ئەگەر تۆ من بکەیت بە بریکاری خۆت، من دەتوانم حوکمی لەسێدارەدانت هەڵوەشێنمەوە. منیش سوودم لەو هەلە وەرگرت و ئەوم کرد بە بریکاری خۆم، ئەو ئەفسەرە نیشتمانپەروەرە، بۆ بەدواداچوونی دۆسیەکەم؛ مۆڵەتی لە دادگا وەرگرت و سەردانی مەراغە و تەبریز و ئەردەبیل و سەراب و زۆر شوێنی تری کردبوو، لەو شوێنانە دۆسیەی ئەو کەسانەی کۆکردبووەوە کە لەسێدارە درابوون و لەسەر من وتەیان لێ وەرگیرابوو، دۆسیەی زیاتر لە سەدو پەنجا کەس لەسێدارەدراوی هەڵدابووەوە، کە هەموویان بە تاوانی کوشتنی سەرهەنگ موعین ئازاد لەسێدارە درابوون، لە هیچ دۆسیەیەکدا ناوی من بە تاوانبار نەهاتبوو، دواتر دۆسیەکەم دەنێردرێت بۆ لای محەمەد ڕەزا شا، ئەویش لە

گۆشـــەیەکی دۆســـیەکەمدا نووســـیبووی تا کۆتایی ژیانی لـــە زینداندا بمێنێتەوە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: دوای کودەتای ئەمریکا و ئینگلیز و شا، لە (٢٨)ی موردادی (١٣٣٢) ڕەوشی زیندان چۆن بوو؟

ســـەفەرخان: کودەتـــای (٢٨)ی مـــورداد هەروەکـــو کابووســـێکی ڕەش باڵی کێشـــابوو بەسەر سەرتاســـەری ئێراندا، ڕژێم بە هاوکاریی ئەمریکای جیهانخۆر توانی هەموو هێزە بەرگریکارەکان تێکبشـــکێنێت. هەرچەندە کاســـەلێس و چەڵکاوخۆرەکان شاهەنشایان گەورە دەکرد و بە ئاریامێر و ســـێبەری خودا ناویان دەهێنا و گەورەیان دەکرد، بەڵام ڕووخســـاری ئەو لەناو خەڵکیدا ناسرابوو. شەعبان بێمۆخی چەقۆکێش و سەرســـەریی گووتبووی: ئەگەر پۆلیس و ســـوپا بەیەکەوە کاربکەن و ببنە یەک دەست، ئەوا ئێمەی سەرسەرییەکان لە هەردووکیان زیاتر کارمان کردووە.

پێویســـتە ئەوەش بڵێم لە کۆتایی ســـاڵی (١٣٣١) دۆســـیەکەمیان لە دیوانـــی بەرزی وڵاتەوە ناردبوو بۆ ئورومیە. لەو کاتەدا هەلومەرجەکە گۆڕابـــوو، مـــن توانیم بریکار بگۆڕم. هێشـــتا یەک هەفتـــە تێنەپەڕیبوو، نووســـراوێک لـــە دادگای لەشـــکری چـــواری ئورومیـــەوە هاتبـــوو کە دۆســـیەکەم نێـــردراوە بۆ تەبرێز. لـــە تەبرێز (عەلـــی ئەبولفەتح) ببووە بریـــکاری من، ئەو هەوڵی دابوو بە ســـوودوەرگرتن لـــەو هەلومەرجە تازەیەی کە هاتبووە پێش و بە هەڵسانی یەک ملیۆن کەس لە دژی شا، ئەو هەوڵی دابوو ئەو تاوانانەی کە خرابوونە پاڵ من، نەیانهێڵێت.

لـــە ســـەردەمی دکتـــۆر موســـەدیقدا ئـــەو کەســـانەی کە لە بەشـــی ســـەربازییدا نەبوون، لـــە دادگای ســـەربازییدا دادگایـــی نەدەکران، بە هەڵاتنی شـــا و تێکشکانێکی ڕێژەیی دیکتاتۆری، خەڵکی پشتیوانییان لە دکتۆر موسەدیق کرد، بەڵام ئەمریکا بە خەرجکردنی بڕی (١٧٠) ملیۆن دۆلار بۆ کودەتا، بنەماڵەی پەهلەوی تا دوایین ڕۆژی دەسەڵاتیان کردە

بەند و ئەڵقە لەگوێی خۆیان. (ســـەبهەبید زاهیدی) ســـەرۆکی حکومەتی کودەتاچی لەســـەر دابەشـــکردنی ئەو پارەیە لەگەڵ محەمەد ڕەزا شـــا کێشـــە کەوتـــە نێوانیانـــەوە و گووتـــی: قوربان لەو پارەیـــە بڕی (١٦٠) ملیـۆن دۆلار بـۆ گەڕانەوەی تەخـت و تاجی بەڕێزتـان خەرجکراوە. بەهەرحاڵ لە ســـەرکوتکردنی خەڵکی ڕاپەڕیو، هەمان ئەو سەرسەریی و چەقۆکێشـــانەی کە دیموکراتەکانی ئازەربایجانیان ڕەشەکوژیی کرد، ڕۆڵیان هەبوو.

عەلـــی ئەشـــرەف دەروێشـــیان: بەدڵنیاییـــەوە دوای کودەتا دۆسیەکەی ئێوە ڕێڕەوێکی خراپتری وەرگرت؟

ســـەفەرخان: بەڵێ، دووبارە دۆســـیەکەم لـــە دادگای تاوانەکانەوە گەڕایەوە بۆ دادگای سەربازیی، دوای ماوەیەک سەروان (جەوانی) کە بریکاری من بوو، بە تاوانی پەیوەندیی بە حیزبی تودەوە دەستگیرکرا، دادگای لەشکر بە بەهانەی ئەوەی کە بریکارەکەم مۆڵەتی وەرگرتووە، داوایـــان لێکردم کە بریکارێکی تر بگرم. لە مانگی خوردادی (١٣٣٣) بۆ گرتنی بریکارێکی نوێ داواکرام بڕۆم بۆ دادگا. من لە هەموو لایەکەوە بارم لار بوو، جگە لەوەش (سەبهەبید ورهرام)، کە فەرماندەی لەشکری چواری ئورومیە بوو، دەستی سور بوو بە خوێنی لاوانی ئازادیخوازی ئازەربایجان، ئەو بە ئاشـــکرا گووتبووی دەبێت ســـەفەرخان لەسێدارە بدرێـــت. بریکارەکەم ئەوەی پێ گووتم. ســـەرهەنگ ئەفشـــار دادوەری دادگا بـــوو، ئـــەو یەکێـــک بوو لە ئاغـــا گەورەکانـــی ئازەربایجان، بەڵام بەدواداچـــوون و هەوڵی دۆســـتان و ڕۆشـــنبیران بۆ دۆســـیەکەی من، هەمـــوو هەوڵی ناحەزانی کردە بڵقی ســـەر ئاو. دوای شـــەش ســـاڵ لە حوکمی لەســـێدارەدانم، دووبارە من و براکـــەم دادگاییکراینەوە، من بە حوکمی هەتاهەتایی و براکەشم کە تا ئەو کاتە پێنج ساڵ بوو لە زیندان بوو، بە دوو ساڵ حوکم درا.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: هیچ بابەتێک لە دۆسیەکەتدا هەبوو بۆ ئازاد بوونت؟

سەفەرخان: بەڵێ، ئەو کاتەی بۆ گەمارۆدان و دەستبەسەرداگرتنی تەبریز ڕۆیشتین، پارەمان پێ نەبوو، جەنەڕاڵ (کەبیری) پەیامێکی بۆ ناردین کە بڕی پێنجسەد تومەن لە دەرەبەگەکانی عەجەبشێر وەربگرین. من پارەکەم وەرگرت و دوایی لە بەشی دارایی تەسلیمم کرد، بەڵام کاتێک من دەستگیرکرام یەکێک لە ئاغاکان شکاتی لێکردبووم، کە گوایە من پارەم وەرگرتووە، دواتر کە سەیری دۆسیەکانی داراییان کردبوو، بۆیان دەرکەوت کە من تاوانبار نیم و پارەکەم تەسلیم کردووە، تاوانی ئەو پارە وەرگرتنە حوکمەکەی سێ ساڵ زیندانیی بوو، بەڵام من لەوە بێتاوان دەرچووم.

من لە زیندانی ئورومیە بووم کە (مەنوچەهری ئیقبال) هاتبوو بۆ ئورومیە، دەسەڵاتی دابوو بە فەرمانداری ئورومیە کە لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا دەتوانن هەر زیندانییەک دووربخەنەوە بۆ هەر شوێنێک کە خۆتان پێتان باش بێت. منیش چوومە بەردەمی و گووتم: ئێمە هەمیشە لەم زیندانەدا ڕێگریمان لە ڕەشوە خواردنی پۆلیس و سەرۆکی زیندان کردووە، خۆت دەزانیت لەم زیندانەدا هەمیشە ناڕەزایی هەیە، بۆچی سەردانیکردنی زیندانییانتان قەدەغە کردووە؟ بۆچی لە خەڵکی دەدەن؟ بۆچی پارە لە زیندانییان وەردەگرن؟ بۆچی خواردنی زیندانییان خراپە؟ لەو کاتەدا نزیکەی بیستوپێنج کەس کە خەڵکی تەبریز بوون، هەموویان زیندانی هەتاهەتایی بوون و بەیەکەوە بووین. ڕۆژێک پۆلیس هات و گووتی: هەرکەسێک هەر شوێنێکی پێ باشە دەیگوازینەوە بۆ ئەو شوێنە. منیش گووتم: حەزدەکەم بگوازرێمەوە بۆ تەبریز، هەرکەسە و شوێنێکی گووت. هاوڕێیەکم هەبوو هات بۆ لام و گووتی: کاکە ئەوان درۆ دەکەن دەیانەوێت ئێوە دووربخەنەوە بۆ (بەرازجان) کارێک بکە بەڵکو نەتنێرن، ئەوێ دۆزەخە. من ڕۆیشتم و سەرۆکی نووسینگەم بینی،

گووتم: من نامەویت بڕۆم بۆ تەبریز، ئێرە زۆر باشـــە. گووتی: تازە تـــەواو بوو، هەمـــووی دوو ڕۆژی پێ نەچوو، ئێمەیـــان بەڕێکرد بۆ قەڵای بەرازجان.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: ئەوە ساڵی چەند بوو؟
سەفەرخان: ساڵی (١٣٣٥/ ١٩٥٦) بوو.

عەلی ئەشـــرەف دەرویشـــیان: پێش ئەوەی لەســـەر بەرازجان قسەبکەین، با بگەڕێینەوە بۆ زیندانی ئورومیە. کۆشکی زیندانەکە چۆن بوو؟
ســـەفەرخان: زیندانێکی کۆن بوو، ژوورەکانی بۆ دوو کەس و سێ کەس بوون، ژووری گەورە و گشتیش هەبوو.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: دەرگاکانی تەختە بوون، یان ئاسن؟
سەفەرخان: دەرگاکانی تەختەی دارگوێز بوون، قورس و ئەستوور بوون.

عەلی ئەشرەف دەرویشـــیان: دیارە هەروەکو زیندانی کرماشان وابووە کە ئەڵمانییەکان لەسەر بڕیاری ڕەزا شا دروستیان کردبوو.
سەفەرخان: لەسەر ڕووی دەرگاکە کونی بچووک هەبوو، شمشێری داخستنەکەشـــی ئاسن بوون، ناو ژوورەکان تەڕ بوون و شێی هەبوو، زیندانەکـــە زۆر کـــۆن بـــوو، دواتر تێکیـــان دا و زیندانێکـــی تازەیان لێ دروستکردەوە و دیوارەکانیشی زۆر بڵند بوون.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: حەوشەکەی گەورە بوو؟
ســـەفەرخان: حەوشـــەکەی زۆر گـــەورە بـــوو، زیندانییـــەکان لـــە گۆشەیەکدا توتنیان دەچاند، زیندانییەکان زەوی حەوشەکەیان لەنێوان

خۆیاندا دابەشــکردبوو، هەرکەســە و بەشی خۆی تووتنی تێدا دەچاند، تەنانەت لەو تووتنەیان دەفرۆشت.

عەلــی ئەشــرەف دەروێشــیان: دوای کودەتــا و ڕووخانــی حکومەتەکەی دکتۆر موسەدیق، ڕەوشی زیندان چۆن بوو؟

ســەفەرخان: دوای ڕووخانــی حکومەتەکــەی دکتۆر موســەدیق، ڕەوشــی زینــدان زۆر خراپ بــوو، جگە لە لێدان و ئەشــکەنجە، جوێن و قســەی ناشــرین، خواردنیشــمان خراپ و کەم بوو. ئەو خواردنەی کە پێشــتر دەیاندا، بڕدرا. لەســەر نەبوونی خــواردن زیندانییان مانیان گرت، (ورهەرام) کە دەسەڵاتداری ئازەربایجان بوو، گووتبوی خواردن بــەم زیندانییانە مەدەن، با لە برســاندا بمرن و تەرمەکانیشــیان لەژێر درەختەکانی حەوشــەکەدا بخەنە ژێر گڵ، بــەڵام خۆڕاگریی زیندانییان و هاوکاریــی خزم و کەســەکانیان و خەڵکانــی ئازادیخواز بوونە هۆی ئەوەی زیندانییان ســەرکەوتوو بن. ڕۆژێک لەگەڵ (هەمزەی واشەچی) قسەم دەکرد، ئەو لێپرسراوی لاوانی حیزبی تودە بوو، پرسیاری لێکردم گووتی: ســەفەرخان زیندانیی هەتاهەتایی بەم جۆرە چۆن دەگوزەرێت. منیش گووتم: دەبێت بە ئومێدەوە بژین، ڕۆژێک دێـت خەڵکی ئازادیخواز ڕاپــەڕن و ئێمەش ڕزگارمان دەبێت. ئەویش گووتی: کام خەڵک، بۆچی خەڵکی ئازا و دلێر ماوە؟ تەواو دوای (٢٥) ساڵ لەم گفتوگۆیە و دوای ســیودوو ســاڵ زیندانیی، خەڵکی ڕاپەڕین و منیش ئازادکرام. جارێکی تــر لە ئورومیە چاوم بە هەمزە کەوتەوە و گووتم: بینیت چۆن خەڵکی ڕاپەڕیــن و ئێمەش ئازادکراین، کاتێک خەڵکــی بییەوێت ڕاپەڕێت، هیچ هێزێکــی ئەهریمەنی ناتوانێت لە بەرامبەر خۆڕاگرییاندا بوەســتێتەوە و هەموو زیندانییان ئازاد دەکەن.

عەلی ئەشـــرەف دەرویشـــیان: لەبارەی تاوانەکانی تەیموری بەختیاری زۆر شـــتم بیستووە و زۆرشـــتم خوێندووەتەوە، ئەگەر لەبارەی ئەوەوە شتێک دەزانیت بۆم باس بکە.

سەفەرخان: یەکێک لە هەرە تاوانبار و کەسە ترسناکەکانی محەمەد ڕەزا شا، هەمان تەیموری بەختیاری بوو، ئەو بە کوشتنی خەڵکانی بێ تاوانی حکومەتی دیموکراتی ئازەربایجان گەیشـــتبووە پلەیەکی بەرزی خیانەتکاریـــی. لە کودەتای (٢٨)ی مـــوردادی (١٣٣٢)ی ئەمریکاییەکاندا ئەو کاندیدی کودەتا بوو، بەڵام ڕازیبوونی محەمەد ڕەزا شا بە هەموو بڕیارەکانی ئەمریکا، بووە هۆی ئەوەی کە ئەو دووبارە بگەڕێتەوە ئێران و جڵەو بگرێتە دەســـت. تەیمـــور بەختیار لەدوای کودەتـــا، فەرماندەی ســـەربازیی تاران بـــوو. بە گێڕانەوەی (فرۆدۆســـت) تەیمـــور بەختیار گووتبـــووی هەرکەســـێک ئەمریکا و ئینگلیز و محەمـــەد ڕەزای نەوێت، دەبێت ســـەری لە لاشەی جیابکرێتەوە. هەر ئەو تودەییەکانی لەناوبرد، زۆرێک لە ئیسلامییەکانی بردە سەر پەتی سێدارە، سەربازگەی دووی گۆڕی بە شـــوێنی تایبەتی ئەشـــکەنجەدان، دەســـتدرێژیی دەکردە سەر کچان و ژنانی زیندانیی. بەو باوەڕەی کە محەمەد ڕەزا پێی هەبوو؛ بە زوویی کرا بە سەرلەشکر و بە ڕێنمایی ئەمریکییەکان بۆ دژایەتیکردنی کۆمۆنیستەکان و لە ساڵی (١٣٣٥/ ١٩٥٦)دا دەزگای ساواکی دامەزراند.

ســـاڵی (١٣٣٤/ ١٩٥٥) لـــە زیندانی تەبریز بـــووم، ڕۆژێک ناوی من و چـــوار کەســـی تر خوێندرایـــەوە، کە ئەوانیش حوکمـــی هەتاهەتاییان هەبوو، دوای کەلەپچەکردنمان بردیانین بۆ ژووری سەرهەنگ (مهران)، کە ســـەرۆکی بەشـــی دووی ســـوپا بوو. ئەویش دوای هەندێک جوێن و ســـوکایەتی پێکردن، ئێمەی نـــارد بۆ زیندانی تایبەت بـــە تاوانبارانی سەربازیی. لەوێ هەر دوو کەس و کردیانینە ژوورێکەوە. ئێمە ماوەی یـــەک مانگ لەو ژوورانەدا ماینەوە، ویســـتمان مـــان بگرین و خواردن نەخۆیـــن، بـــەڵام هەوڵەکەمـــان بێهودە بوو. لـــەو ماوەیـــەدا (ورهەرام) بەهۆی تاوانە خراپ و زۆرەکانییەوە لە پۆســـتەکەی لادرا و لە جێگای

ئەو سـەرتیپ (موزەفەر) کرایە فەرماندەی سـوپا. دوای چەند ڕۆژێک مانگرتن لە خواردن، سەرتیپ موزەفەر هۆکاری مانگرتنەکەی لێپرسین. منیش پێم گووت ئێمە حوکمی هەتاهەتایین و سـەرباز نەبووین، بۆچی ئێمەتـان هێناوەتە زیندانی لەشـکر؟ دواتر سـەرتیپ موزەفەر قسـەی لەگەڵ دادگادا کردبوو، بۆی دەرکەوتبوو کە ئێمە لە زیندان ڕێگرییمان کـردووە لـە دزییەکانی ئـەوان، ئیتر ئەوەبـوو بە فەرمانی سـەرتیپ موزەفەر ئێمەیان گەڕاندەوە بۆ هەمان شوێنی خۆمان.

ده ساڵی دووەمی زیندان (١٣٣٧– ١٣٤٧/ ١٩٥٨– ١٩٦٨)

به هاتنی ســاڵی (١٣٣٧/ ١٩٥٨) ده ســاڵی زیندانییم تەواو کرد، کە تــەواوی ســاڵەکانی (١٣٢٧) تاکــو ســاڵی (١٣٣٧) بوو، لــە ماوەی ئەو ده ســاڵەدا شــەش ســاڵی تەواو لە چاوەڕوانی حوکمی لەسێدارەداندا بــووم و چاوەڕوانی ئەهریمەنی مەرگم دەکرد. ماوەی ئەو دە ســاڵەی زیندانییــم لە زیندانەکانــی ئازەربایجاندا بەســەربرد و لە بارێکی زۆر دژواردا بــووم، ئــەو ماوەیە لە زینداندا هیــچ هاوڕێیەکم نەبوو، چونکە من ئەندامی حیزبی تودە نەبووم، زیندانییانی سیاسی ئەوکات منیان بە زیندانی سیاســی ئەژمار نەدەکرد و کتێــب و ڕۆژنامەیان پێ نەدەدام، هەربۆیە منیش لەگەڵ زیندانییانی ئاسایی دەژیام و زیاتر لەگەڵ ئەواندا هەڵسوکەوتم دەکرد. هەر ئەو دابڕانە وای لێکردم ببمە کەسێکی بەهێز و خۆڕاگــر و ڕووبــەڕووی جەللادەکانی شــا بوەســتمەوە و ملکەچی داواکانیان نەبم، من لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا هەروەکو تۆپی یاریی لەم زیندانەوە بۆ ئەو زیندان و لەم دادگاوە بۆ ئەو دادگا دەڕەتێنرام.

دوورخستنەوە بۆ بەرازجان

عەلی ئەشـــرەف دەروێشـــیان: بۆچی تۆیان دوورخســـتەوە بۆ بەرازجان؟

ســـەفەرخان: لــە (١٥ی فەروەردینـــی ١٣٣٦/ ٦ی نیســـانی ١٩٥٧) (مەنوچەهری ئیقبال) دەســـتی لەکار کێشـــایەوە و (حوسێن عەلاء) بوو بە سەرۆک وەزیران و کابینەی خۆی ڕاگەیاند، لە مانگی ئابانی (١٣٣٧) لیژنەیەک بە ســـەرۆکایەتی (مەنوچەهری ئیقبال) گەیشتە ئازەربایجان. لــە ئورومیــە ســـەرۆکی شـــارەوانی و فەرمانـــدار و دادوەری ســـوپا هەموویان لە دزی و وەرگرتنی ڕەشـــوە تێوەگلابوون، کاربەدەســـتانی زیندان دەیانویســـت بۆ ڕزگاربوونیان لە دەســـتی زیندانییانی سیاسی، کــە بــەردەوام مانیــان دەگــرت و لەســـەر دزییەکانی ئــەوان دەنگیان بەرزدەکــردەوە، بەهانەیــەک بدۆزنــەوە. ئەوەبوو وایــان بڵاوکردەوە کە زیندانەکانی ئازەربایجان شـــوێنێکی شـــیاو نییە بــۆ ئاگاداریکردنی زیندانییانی سیاسی و لەوانەیە زیندانییەکان بە هاوکاریی خەڵکی دەرەوە زیندان بشـــکێنن و ڕابکەن. هەر بۆیە ئیقبال فەرمانی دوورخســـتنەوەی ئێمەی دا بۆ بەرازجان، بەڵام ســـەرۆکی زیندان فێڵێکی تری بەکارهێنا، ئەویــش ئەوەبــوو گووتی: پێویســـتە ئــەم زیندانە نــۆژەن بکرێتەوە و زیندانییەکانیش کوێیان پێ خۆشبێت، دەیاننێرین بۆ ئەو شوێنە. ڕۆژی دواتــر من و هاوڕێکانم بە ئامادەبوونی چەند پۆلیســـێک بەرەو تەبریز بەڕێ کراین، بەڵام پۆلیسەکان لە تەبریز بە ئێمەیان گووت: دەبێت ئێوە بڕۆن بۆ زیندانی تاران، تا ئەو کاتە هیچ کەسێکمان نەماندەزانی بەڕێ دەکرێیــن بۆ زیندانی بەرازجــان. من و هاوڕێکانم ماوەی یانزە ڕۆژ لە زیندانی تاراندا ماینەوە، دواتر بەڕێکراین بۆ زیندانی بەرازجان.

عەلی ئەشرەف دەرویێشیان: بە سواری پاس ئێوەیان برد؟
سەفەرخان: بەڵێ بە پاس، یەکڕاست نەیانبردین بۆ ئەوێ، بەڵکو لە چەندین جێگا لامان دا.

عەلی ئەشرەف دەرویێشیان: لە ڕێگادا کە خەڵکی ئێوەیان دەبینی هیچیان نەدەگووت؟
سەفەرخان: هیچ قسەیان نەدەکرد، خەڵکی خەریکی کار و ژیانی خۆیان بوون، یەک جار کەلەپچەیان لەدەستمان کردبووەوە، سەرهەنگێکی پۆلیس لەم کارە تورە بوو. بە پۆلیسەکانی گووت: بۆچی کەلەپچەتان لە دەستیان کردووەتەوە. دیارە ئێمە بۆئەوەی کەلەپچە نەکرێین، پێشتر پارەمان دابوو بە پۆلیسەکان، دووبارە کەلەپچەیان کردەوە دەستمان. گەیشتینە ئەسفەهان و لەوێ شەو لە ئوتێل خەوتین. بەهەرحاڵ ڕەفتاری ڕژێم لەگەڵ ئێمەدا زۆر خراپ بوو، ئەوان چۆنیان پێ خۆشبووایە ئاوا لە دژمان دەجووڵانەوە. لێرەدا نە حیزبێک هەبوو، نە ئازادیی سیاسی هەبوو تاکو ڕاستییەکان بە خەڵکی بگووترێت. بۆ نموونە دوورخستنەوەی ئێمەی فیداییانی دیموکرات بۆ بەرازجان، ئیقبال بە بڕیاری ملهوڕیی خۆی ئەنجامی دابوو. کاتێک گەیشتینە ئەسفەهان لە یەکێک لە ڕۆژنامەکان خوێندمەوە نووسرابوو ژمارەیەک لە چەتە و ڕێگرەکانی ئازەربایجان دوورخرانەوە بۆ زیندانی بەرازجان.

زیندانی بەرازجان

عەلی ئەشـــرەف دەروێشـــیان: ئەگەر بکرێت بە کورتی باسێکی شوێن و پێگەی زیندانی بەرازجانمان بۆ بکەیت.

سەفەرخان: شوێنی زیندانـــی بەرازجان لەنێوان شارەکانی بوشەهر و شـــیراز بوو، پێش حکومەتی پەهلەوی ئەو شوێنە شوێنی پشوودانی کاتیی کاروانچییەکانی نێوان شـــیراز و بوشـــەهر بوو. قەڵایەکی گەورە و فـــراوان لـــەو بیابانـــە چۆڵ و بـــێ ئاوەدانییە بنیادنرابـــوو، ئەم قەڵای بەرازجانـــە کاروانســـەرایەک بـــوو لە کەنـــاری شـــاری بەرازجان و لە کەنار جادەی کازەرون - بوشـــەهر بنیادنرابوو، ئەو قەڵایە دەرگایەکی گـــەورەی هەبـــوو، بۆ چوونە ناو قەڵاکە دەبووایە بـــە ڕاڕەوێکی بڵند و تاریکدا تێبپەڕیت، ڕاڕەوەکە ئەوەندە تەســـک بوو، تەنها یەک حوشتری پێوە دەچوو، بەجۆرێک ئەگەر هەمان حوشـــتر بیویســـتایە بگەڕێتەوە، ئـــەوا نەیدەتوانـــی بگەڕێتـــەوە. لـــەو ڕاڕەوە بڵند و تەســـک و تاریکەوە دەگەیشتیتە گۆڕەپانێکی گەورە و فراوان، کە لە کۆندا شوێنی حەوانەوەی حوشتری کاروانچییەکان بوو. ئەم قەڵا گەورەیە بە دیواری ئەستوور و بەردی گەورە بنیادنرابوو، لە هەندێک شـــوێن ئەستووریی دیوارەکەی (٢ تا ٤) مەتر دەبوو. دوای ماوەیەک ناوەوەی ئەم قەڵایە دابەشکرا بۆ ســـێ حەوشـــە و پێنج حوشترخانە، یەکێک لە حوشـــترخانەکان کرابوو بە زیندانی تاکەکەســـی و دەرگایەکی ئاســـنی گەورەیان تێگرتبوو، ئەو دەرگایـــە زیندانییانی ئاســـایی لەگـــەڵ زیندانییانی سیاســـی لە یەکتری جیادەکـــردەوە. ئەو حەوشـــەیەی کە لە دالانە بڵنـــد و تاریکەکەوە بۆی دەچوویت، ناســـرابوو بە حەوشـــەی شـــارەوانی، دواتر نووســـینگە و ژووری شـــارەوانی لەلایەکـــی دالانەکە و نووســـینگە و ژوورەکانی تر لەلایەکـــی دیکـــەی دالانەکەوە بوون. ژوورێکیان بە شیشـــی ئاســـن بۆ

سـەردانیکردنی زیندانییانی ئاسایی دروستکردبوو، ژوورێکی تریشیان بەهەمان شێوە بۆ زیندانییانی سیاسی دروستکردبوو. ئەم دوو ژوورە کە دروسـتکرابوون بە لای ئەو حەوشـەیەوە بوون کە پێی دەگووترا حوشـترخانە. سـەردانیکردن بۆ لای زیندانییانی سیاسی شەش مانگ جارێک بوو، ئەویش سەرەتای پاییز و سەرەتای بەهار بوو، ئەو ڕۆژانە وەک ڕۆژی جەژنی لێدەهات، لە بەیانی زووەوە تاکو ئێوارە کەسوکاری زیندانییـان دەمانەوە. دەرگایەکی بچووک کە قفڵێکی گەورەی لێدرابوو، حەوشـەی شارەوانی لە حەوشـەکەی تر کە پێیان دەگووت حەوشەی چـوار کلیلەکە، لە یەکتری جیادەکردەوە. دەرگای هەموو ژوورەکان بە ڕووی ئەم حەوشـەیەدا دەکرانەوە، چونکە پاسـەوانەکە کلیلی هەموو ژوورەکانی لابوو، بەو حەوشەیەیان دەگووت: حەوشی چوارکلیل، واتە کلیلی تەوالێت و حەمام و سەرتاشخانە و شوێنی زنجیر و پێوەند. هەر لەوێدا دەرگایەکی تری زۆر گەورە هەبوو، کە بە ڕووی حەوشـەیەکی گەورەدا دەکرایەوە. ئەندازەی حەوشـەکە نزیکەی چوار مەتر بە چوار مەتـر دەبوو. بەو شـوێنەیان دەگـووت بەندی چوارەم، کـە پێکهاتبوو لـە ژوورێکـی گەورە و چەنـد ڕاڕەوێک، لەلایەکی تری حەوشـەکەوە دەرگایەکـی تر هەبوو دەچووە سـەر بەندی پێنج و سـێ. بەندی پێنج تایبـەت بوو بـە زیندانییانی سیاسـی، کە پێکهاتبوو لـە چوار ژووری بچـووک. سـاڵی (١٣٤٢/ ١٩٦٣) لـە کۆتایـی مانگی ئـازەردا چواردە کەسیان لە ئەفسەرانی سەربازیی، کە سەر بە حیزبی تودە بوون، هێنا بۆ ئێرە، ئەوکات من نزیکەی پێنج ساڵ دەبوو لەوێ بووم، من بە گشتی ماوەی حەڤدە ساڵ لە زیندانی بەرازجان بووم.

عەلی ئەشرەف دەروێشـیان: کاتێک دوورخرایتەوە بۆ زیندانی بەرازجان، تەنها بوویت؟

سـەفەرخان: پانزەی فەروەردینی (١٣٣٦) نزیکەی دە ساڵ بەسەر زیندانیبوونمـدا تێپەڕیبوو، من و چەند هاوڕێیەکم کە بەیەکەوە لە تیپی

ئازەربایجان بووین لە کۆشــکەوە بردیانین بۆ تەبریز. لە تەبریز پێیان گووتیــن دووبارە دەبێــت بنێردرێینەوە بۆ تــاران و گێڕایانینەوە. پانزە ڕۆژ لــە زیندانی کۆشــک بووین و ڕۆژێک هاتــن و بەڕێیان کردین بۆ بەرازجان. پێشــتر باســی ئەمانەم کرد، بەڵام دیــارە من تەنها نەبووم، ئــەوەی لــە یادم بێت چەند کەســێک لە ئەوانەی لە تیپــی ئازەربایجان بەیەکــەوە بوویــن. لەگــەڵ ئەوانــدا دوورخرامــەوە بــۆ بەرازجان. کە ئەوانیــش ئەمانــە بــوون: ١-ســوهراب. ٢- ئیســماعیل. ٣- حورمەت عەلی جواندۆســت. ٤- مەرد عەلی غەریبی. ٥- ئیحسان. ٦- ڕەحمەتی هیمەتــی. ٧- نەخچەوان. ٨- برادەرانی ئاهنگەری. ٩- حوســێن حەداد، کە خوێندکاری زانکۆ بوو تاوانبارکرابوو بەوەی تەقەی لە شا کردبێت. کوڕە کوردێکی کرماشانیمان لەگەڵدا بوو، کەسێکی تریش لە ئەندامانی ڕێکخــراوی ئەفســەران لــەوێ بوو بە ناوی ئیســماعیل نیــک ئاین، کە لەگەڵ بەڕێوەبەری زیندان شــەڕی کردبوو هێنابوویانە بەرازجان. ئەو هاوڕێیانــەی تریش کــە هێنابوویاننە زیندانی بەرازجــان بریتیبوون لە: ئەندازیــار عەباس گەرمان، بەهادوری مەلەکــی، محەمەد عەلی ئاگاها، دکتۆر حەســەن مەرەندی، ســەید مەهدی هاشــمی (کە یەکێک بوو لە ئاغاکانی ســەراب و پەیوەندی کردبــوو بە تیپی ئازربایجانەوە، ماوەی ٢٧ ســاڵ لە زینداندا مایەوە و دواتر ئازادکرا)، حەســەنی سەبزەواری، عەلی شناسایی، ئیبراهیمی سەید نەژاد، حوسێنی فروهەر، کە وەزیری دارایی قازی محەمەد بوو، کەســێکی زانا و خوێندەوار بوو، حەســەن غەفوری. ســەرۆک شارەوانیی بەرازجان سەرهەنگ عابدیان بوو، ئەو کەسـێکی باش بوو تووند و سەختگیر نەبوو. دەیویست هەرچی کاری باشە بۆ زیندانییانی ئەنجام بدات.

عەلی ئەشـــرەف دەروێشیان: عەزیز یوسفی و غەنی بلوریانیش لەگەڵ ئێوەدا بردیانن بۆ بەرازجان؟

ســـەفەرخان: بەڵێ، دوای ماوەیەکی کەم لە هاتنی ئێمە ئەوانیشیان هێنـا، عەزیز یوسـفی و غەنی بلوریان لـە ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردسـتان بوون، ئەوان حەسـەن سەوزەواریشـیان لەگەڵدابوو، ئەو بـە تۆمەتـی پەیوەندیـی لەگـەڵ ڕێکخـراوی ئەفسـەرانی ئازادیخواز دەسـتگیرکرابوو، شـۆفێری کۆمیتـەی ناوەنـدی حیزب بـوو. جەلیل گادانیـش لـەوێ بوو، کە یەکێک بـوو لە کادیرانی حیزبـی دیموکراتی کوردسـتان. چەند کەسێکی تریشـیان هێنابوو، کە لە زیندانی قەسر لە (عەباسـی)یان دابوو، عەباسی ئەو کەسە بوو کە هەموو ئەو بەڵگانەی پەیوەندیی بە ڕێکخراوی ئەفسـەرانی حیزبەوە هەبوو، لای ئەو بوون، دەیانگووت لە کاتی دەستگیرکردنیدا کەسێکی خۆڕانەگر بووە.

ئـەم چەند کەسەشـیان لە زیندانی قەسـرەوە هێنابـوو، کە ئەمانە بوون: جەعفەری لیاقەت ڕەوش، سەروان محەمەد ڕەزازادە، سەروانی یەکەم بەهرامی فەرتاش پور و حوسـێن واهیب زادە، کە هەموویان لە ڕێکخـراوی ئەفسـەرانی حیزب بوون. عەولا میـرزای ئەربابیش لەوێ بوو، کە زۆر لایەنگری ڕادیۆی پەیکی ئێران بوو. ئەو هەمیشە گوێگری ڕادیـۆی پەیکی ئێران بوو، ئەو هەواڵەکانی بۆ ئێمە دەگێڕایەوە. حەمام و سەرتاشـخانە و بیری ئاو و مزەخـەکان لە ژێرزەمینێکی بچووک و تاریکیدا بوو، هەر لە هەمان شوێن زنجیر و کەلەپچە و پێوەندی تێدابوو و بۆ ئەشکەنجەدانی زیندانییانی سەرکێش سودیان لێوەردەگرتن.

عەلی ئەشـــرەف دەروێشـــیان: بە هاتنی ئەفسەرانی ڕێکخراوی سەربازیی، چی گۆڕانکارییەک لە زینداندا ڕوویدا؟

سەفەرخان: ڕۆژی دە، یان پانزەی مانگی ئازەر بوو کە ئێمە هەواڵمان پێگەیشت ئەفسەرانی تودەیان لە تارانەوە هێناوە بۆ زیندانی بەرازجان، ئەو ئەفسـەرانە کەسـانی زۆر تێکۆشەر و خزمەتگوزار بوون. دیواری

زیندانیان گەچکاریی کرد، لە قورِ و گەچ مێزی نانخواردنیان دروستکرد، یەکێک لە حوشترخانەکانیان کرد بە شوێنی چێشتلێنان، شوێنێکی تریان کــرد بــە ژووری خــەو، ژووری خوێندنەوەیان جیاکــردەوە. بەتایبەت ئیســماعیل و زولقــەدر و دکتــۆر هاشــمی بەنی تەرەفی و هۆشــەنگی قوربان نەژاد زۆر ماندووبوون بە خزمەتگوزارییەکانی تەندروســتی و دروســتکردنی حەمام و ئاودەست و خاوێن ڕاگرتنی ناو زیندان. دیارە چەنــد ڕۆژێــک لەدوای هاتنی ئەو ئەفســەرانە، دکتــۆر بەنی تەرەفی و حەمید فام نەریمان و ئیســماعیل سەراجی و بەدرەدینی مەدەنی هاتن، ئەوان پێشــتر لە زیندانی قەســر بوون. لە تاران ســەرۆکی زیندان بە هەموو زیندانییەکان دەڵێت: نامە بنووسن و نارەزایی دەرببڕن بەرامبەر بە ئەفســەرانی حیزبی تودە، بەڵام ئەو کەسانەی کە دوورخرابوونەوە بۆ زیندانی بەرازجان، ئەو کارەیان نەکرد.

عەلی ئەشرەف دەروێشــیان: لەو کاتەدا یەدوڵڵای شەهید زەند لە کوێ بوو؟

ســەفەرخان: ئەویش لە بەرازجان بوو، بــەڵام لەبەرئەوەی حەزی دەکرد هەمیشــە تەنها بێت، لــە دوکانێکی بەرگدروودا دەژیا، ئەحمەدی برادەران کە کاری بەرگدرووی دەکرد، بەردەوام ئەوی دەبینی. یەدوڵڵای شــەهید زەند بەردەوام پیاســەی دەکــرد، هەرچۆنێــک بووایە هەموو بەیانییــەک پێڵاوەکانی خۆی بۆیاخ دەکرد. هەروەکو ئەو ســەردەمەی کە ئەفســەر بوو، ڕۆژانە ڕیشــی دەتاشی و بەجوانی خۆی دەگۆڕی و پیاســەی دەکرد. ئەو تەنانەت شــاڵ و کڵاویشــی لابوو، ئەو پاڵتۆیەکی هەبوو، بەزۆر لە پۆلیســەکانی ســەندبوو پێی نەدەدانــەوە، ڕادیۆیەکی هەبوو زۆربەی کات گوێی لە بەرنامەی ئینگلیزی دەگرت، فەرهەنگێکی گــەورەی ئینگلیزی لابوو، تەواوی ئەو فەرهەنگەی لەبەرکردبوو. من تا ئێســتا هیچ کەسێکم نەدیوە بتوانێت فەرهەنگێکی ئینگلیزی لەبەر بکات. دیارە زمانی ئینگلیزی زۆرباش دەزانی. بیرم دێت جارێکیان لە زیندانی

قەسر بووین. کاتی زستان بوو، چووە کەنار حەوزە ئاوەکەی بەندی شەش، سەهۆڵی سەر حەوزەکەی شکاند و بەو سەهۆڵاوە جوان خۆی شۆری و سێ دەست سابوونی لە خۆی دا. ئەو کەسێکی زۆر ئازا و بەجەرگ بوو، ئەو ماوەی بیستوشەش ساڵ لە زیندان مایەوە، لەو ماوەیەدا تەنها یەک پاروو خواردنی هیچ کەسێکی نەخوارد و بەو کەمە خواردنەی کە دەدرا بە زیندانییەکان قەناعەتی دەکرد، لەو دواییانەدا هیچ کەسێک سەردانی نەدەکرد. کاتێک دوورخرایەوە، ژن و کورپەکەی هاتنە بەرازجان. هاوسەرێکی ئازا و دڵسۆزی هەبوو، بۆئەوەی کە نزیکی هاوسەرەکەی بێت، ماڵی هێنایە بەرازجان و لەو شارە گەرم و ناخۆشەدا دەژیا. پێویستە ژنانی گەنجی ئەمڕۆ ئەم بەسەرهاتە بخوێننەوە، هەندێک جار سەرۆکی زیندان مۆڵەتی دەدا کورپەکەی بێتە لای و وانەی ئینگلیزی بخوێنێت.

دوای چەند ڕۆژێک دوو زیندانیی تریان هێنا، یەکێکیان ناوی حەبیبیان بوو، ئەوی تر ناوی ئابکار بوو، ماوەی زیندانییەکەیان زۆری نەمابوو، بەڵام ئەوانیشیان دوورخستبووەوە بۆ بەرازجان، ئەوان هەردووکیان کرێکار بوون لە ڕێکخراوێکی چەپدا چالاکییان کردبوو. بەڕاستی ئەو ئەفسەرە تودەییانە کەسانی زرنگ و هۆشیار بوون. دوای ماوەیەک دەستیان کرد بە وانەخوێندن، پەیوەندییان لەگەڵ زانکۆکانی دەرەوەدا دروستکرد و هەریەکە و لە بەشێکدا دەستی کرد بە خوێندن، ئەو چەند کەسە ڕەوشتی زیندانیان گۆڕی بۆ زانکۆ.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: پەروێزی حیکمەتجۆ و عەلی خاوەریش هەر لە بەرازجان بوون؟

سەفەرخان: پەروێزی حیکمەتجۆ ئەندامی ڕێکخراوی ئەفسەرەکان بوو، بەڵام کاتی دەستگیرکردنی لە ساڵی (١٣٣٣) توانیبووی لە دەستی پۆلیس ڕابکات و ڕۆیشتبوو بۆ دەرەوەی وڵات، دواتر لەگەڵ عەلی خاوەری بۆ ڕێکخستنەوەی حیزب بە نهێنی دەگەڕێنەوە

ئێـران. ئـەم دووانە پەیوەندیـی دەکەن بە عەباس عەلی شـەهریاری و ئەویـش لەژێـرەوە پەیوەندیـی بـە سـاواکەوە هەبوو، بـە فێڵ و کەڵەکە هەردووکیان بەگرت دەدات. سـەرەتا حوکمی لەسێدارەدانیان بـۆ دەردەچێـت، بـەلام دواتر حوکمەکەیـان بۆ دەگـۆڕن بە حوکمی هەتاهەتایی. لە دەرەوەی ولات زۆریان بۆ تێکۆشابوون، هەربۆیە شا نەیتوانی لەسـێدارەیان بدات. لەدوای پەروێز و عەلی دوو کەسـی تر لە دەرەوە گەڕانەوە ئێران، کەس نەیزانی ئەوان چییان بەسـەرهات و ساواک بێسەروشوێنی کردن، ئەوان ناویان: مەعسومیان و سەرگورد ڕەزمـی بوو. سـاڵی (١٣٤٣) کەمێک دوای پەروێـز و عەلی ئەوانیش گەڕانەوە ئێران و گرفتاری تەڵەی عەباس عەلی شـەهریاری سـاواک بوون. هەر لە ئێراندا دوو کەسـی تر بەهـۆی پەیوەندیی بە ئەوانەوە دەسـتگیرکران. یەکیـان ناوی ئاسـف ڕەزم دیدە و ئەوی تر سـابیر محەمەد زادە بوو، کە سـاڵی (١٣٤٥) تاکو سـاڵی (١٣٥٧) لە زینداندا بوون.

لـەو ڕۆژانەدا هەواڵی گەڕانەوەی سـتوان قوبادی لە سـۆڤیەتەوە بـۆ ئێـران بڵاوبووەوە، زۆرم بەلاوە سـەیر بوو، یانی چی؟ سـتوان قوبادی ئەفسـەری پۆلیس و ئەندامی ڕێکخراوی ئەفسەران بوو، ئەو بە هاوکاریی سـتوان ڕەفعەت محەمەد زادە، کە ئەفسـەری پاسەوانی زیندانییانی سیاسی بوو، لە ساڵی (١٣٢٩) هاوکاریی ڕێبەرانی حیزبی کرد، تاکو لە زیندانی قەسر هەڵبێن، ئەو شەوەی کە بڕیار بوو هەڵبێن؛ قوبادی و محەمەد زادە ئەفسـەری پاسـەوانی زیندانی قەسـر بوون، دوای هەڵاتنـی ئـەوان، قوبـادی ماوەیەک دیـار نەما، بـە هاوکاریی حیزب ڕۆیشـت بۆ سـۆڤیەت، دواتر بەبێ ئامادەبوونی خۆی حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو، کەچی ئێستا وێنەکەی لە ڕۆژنامەی کەیهاندا دەبینـم. دوو وێنەی لـە ڕۆژنامەدا بڵاوکرابووەوە، کـە یەکێکیان هی سەردەمی لاویی و ئەوی تریان هی کاتی پیریبە. ڕژێم لە ڕۆژنامەکاندا وای بڵاوکردبووەوە کە سۆڤیەت تەسلیمی کردووەتەوە، بەلام دوایی

دەرکـــەوت کە بەرگەی دوورەوڵاتی نەگرتووە و گەڕاوەتەوە، تاکو لە نیشتمانی خۆیدا بمرێت، دوایی ڕژێم لەسێدارەی دا.

عەلی ئەشـــرەف دەروێشـــیان: ئایا گۆڕانکارییە جیهانییەکان کاریگەرییان لەسەر ڕەوشی زیندان هەبوو؟

سەفەرخان: بەردەوام جیهان لە گۆڕانکارییدا بوو، ئێمە لە زینداندا زۆر ئـــاگاداری هەواڵەکانی دەرەوە نەبوویـــن، هەندێکجار ڕۆژنامەیان بـــۆ دەهێنایین، جاری وا هەبوو لـــە ڕۆژنامەکاندا هەواڵەکان بە جۆرێک بـــوون کە دەبوونە هۆی تێکشـــکانی دەروونی ئێمـــە، بۆ نموونە هاتنی ســـتوان قوبادی لە ســـۆڤیەتەوە و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەکانی. من لێرەدا نامەوێت باســـی ئەو کاتی دەرەوەی زیندان بکەم، لەو بارەیەوە کتێب و نووســـراوی زۆر هەیە و خەڵکانی ئەوکاتەی دەرەوەی زیندان لەو بارەیەوە بەڵگەی زۆریان لەبەر دەستدایە، ئێستا تۆ مۆڵەتم پێ بدە کەمێک لەبارەی ڕەوشی ناو زیندانەوە قسەت بۆ بکەم، تاکەکەسێک کە شـــاهیدی سیودوو ساڵی ناو زیندان بووبێت، تەنها منم، دیارە کەسانی تریش هەبوون کە بیســـتوپێنج ســـاڵ و بیستوحەوت ســـاڵ ماونەتەوە، دیـــارە ئەوانیش ئاگاداری ناو زیندانەکان هەن و دەتوانن لەو بارەیەوە قســـە بکـــەن، دیارە من کەم و کورتێکیش ئـــاگاداری دەرەوەی زیندانم، هەر لەو ســـاڵانەدا و دوای ماوەیەکی کەم (عەلی ئەمینی) چووە ســـەر کار و بوو بە ســـەرۆک وەزیران، لەو ماوەیەدا ڕەوشی زیندان کەمێک باشتر بوو، لە دەرەوەش هێزی میللی دەسەڵاتی گرتە دەست و بەرەی میللـــی دووەم دامەزرا، چەندین بڵاوکراوە چاپکران و هەندێک جار ئەو بڵاوکراوانـــە لە زیندان دەگەیشـــتنە دەســـت ئێمە. دواتر (ئەســـەدوڵڵای عەلـــەم) بوو بە ســـەرۆک وەزیران و فشـــارەکانی نـــاو زیندان زیادیان کرد. هەر لە سەردەمی ئەودا بوو کە ڕاپەڕینی پانزەی خورداد ڕوویدا و ژمارەیەکی زۆری هاونیشـــتمانیان لەسەر شەقامەکان شەهید کران، هاوکات فشـــارەکانی ناو زیندان و ئەشـــکەنجە و لێدانیش زیادیان کرد،

سەردانیکردن نەما، ڕێگریی کرا لە هێنانە ژوورەوەی ڕۆژنامەکان.

یەکێـک لـە ڕووداوە ناخهەژێنەکانـی نـاو زینـدان؛ هاتنـی ژن و منداڵەکانـی غەنی بلوریان بوو، کە هاتبوون بۆ سـەردانیکردنی غەنی، غەنی بلوریان ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، کاتی دەسـتگیرکردنی تازە هاوسـەرگیریی کردبوو، لەگەڵ عەزیز یوسـفی لـە دێهاتەکانـی دەوروبەری مهابـاد بە جلوبەرگی شـوانییەوە خۆیان پەناگرتبـوو، سـاڵی (١٣٣٨/ ١٩٥٩) دەسـتگیر دەکرێـن و ماوەیەک لە زیندانـی قەسـر دەبـن و دواتـر دوور دەخرێنەوە بـۆ زیندانی قەڵای بەرازجان، غەنی بلوریانیش هەروەکو عەزیز یوسـفی سـەردانیکردنی نەبوو، تەنها برایەکی هەبوو جار جار سـەردانی دەکرد، ئەو هاوسـەر و دوو کچی هەبوو، کە کچەکانی دووانە بوون، جەژنی سـاڵی (١٣٤٣/ ١٩٦٤) بوو کە هاوسـەر و هـەردوو کچەی هاتن بۆ سـەردانیکردنی، کچەکانی ئەویان نەدەناسـی و شەرمیان لێ دەکرد و نەدەچوونە لای، دوای چەند خولەکێک کەمێک شـەرمیان شـکاو پێیـان دەگووت مامە، دواتر هێواش هێواش چوونە لای و ئەویش لەباوەشی گرتن، بەڕاستی ئەو ڕووداوە ڕووداوێکی ناخهەژێن بوو، هەموو ئەو کەسـانەی لەوێ بوون دەستیان کرد بە گریان.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەفسـەرانی ڕێکخراوی سەربازیی حیزبی تودە لە چ ڕێکەوتێکدا دوورخرانەوە بۆ بەرازجان؟

سەفەرخان: سـەرەتای مانگی ئازەری (١٣٤٢) بوو، کات شەو بوو کـە ئەوانیان هێنا، ئێمە بـۆ بەیانییەکەی زانیمان، بەڵێ، من ماوەی پێنج ساڵ بوو لە زیندانی بەرازجان بووم کە ئەوانیان هێنا.

هەروەکو پێشـتر باسـم کرد کەسـانی تریش هەبوون وەک عەزیز یوسفی و غەنی بلوریان، کە لە ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون و پەیوەست بوون بە حیزبی تودەی ئێران. هەروەها مەنوچەهری سەفا و عاقلی زادەش لەوێ بوون و سەر بە کۆمەڵگەی سۆشیالیستی

بوون. لەم ماوەیەدا پێشهاتێک هاتە پێش، ئەویش ئەوەبوو زیندانییەکی خەڵکی تەبریز کە ناوی ئینهاری بوو، لەگەڵ دوو زیندانیی تری خەڵکی تاران دەبێتە شەڕیان، هەربۆیە ئەو دەگوازنەوە بۆ ژووری تاکەکەسی، ژووری تاکەکەسی زۆر ترسناک بوو، ژوورەکانی بچووک و تەسک و گەرم بوون و دەرگاکەشیان دادەخست، ماوەی (٢٤) کاتژمێر ئینهاریان خستە ئەو ژوورەوە، دوای ماوەیەک کە دەچن دەرگای لێ بکەنەوە و دەیهێننە دەرەوە دەڵێت حەزم لە بیبسی کۆلایە. بیبسی بۆ دەهێنن و بەسەریەوە دەنێت و لەو کاتەدا دەکەوێتە سەر زەوی و دەمرێت، نازانم لە تینوێتیدا مرد، یان لە گەرمادا.

لەسەر ئەو حاڵەشەوە دەتوانم بڵێم زیندانی بەرازجان لە زیندانەکانی تر باشتر بوو، بە دڵنیاییەوە مرۆڤ ئەگەر لە سەختترین ژیاندا بێت، بەڵام کەمێک ئازادیی هەبێت غەم و پەژارەی کەمترە. ئێمە لە بەرازجان کەمێک ئازادییمان هەبوو، واتە پاسەوان و ئێشکگرەکان بەسەر سەرمانەوە نەبوون، ئەوان لە سەربان و لە پشت دەرگاکەوە بوون. پێویستییەکانی وەرزش و یاریکردنمان لابوو، پاسەوانەکان کاریان بەسەرمانەوە نەبوو، هەندێک جار یەکێک لە ئەوان دەهات و لە گۆشەیەکی داڵانەکەدا دادەنیشت و نێرگەلەی دەکێشا. ئێمەش دوو سێ قڕانمان پێدەدا و چەند مژێکمان لە نێرگەلەکەی دەدا. لە پاڵ دیوارەکانی حەوشەکەدا تووتن و سەوزە و جۆرەها گوڵمان دەچاند، تۆوی ئەو گوڵ و سەوزانە کەسوکاری ئەفسەرەکان لە تارانەوە بۆیان دەهێنایەن، هەندێک لە زیندانییەکان پارەیان پێبوو، داوایان دەکرد بۆ کڕینی پێویستییەکانیان و بۆ سەردانیکردنی دکتۆر بڕۆن بۆ ناو شاری بوشەهر، زیندانییەکان لەکاتی ڕۆشتنیاندا کەلەپچەش نەدەکران، کەمێک پارەیان دەدا بە پاسەوان و ئەویش کەلەپچەی دەستی زیندانییانی دەکردەوە.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: تۆ نەدەڕۆیشتی؟

ســـەفەرخان: چۆن نەدەڕۆیشــتم، جارێکیان موهەندیس (گرومان) منی دەعوەت کرد و بەیەکەوە ڕۆیشــتین بۆ بوشــەهر، لەوێ کەلەپچە نەکرایــن کەمێک پارەمان دا بە پاســەوانەکە و ئەویش کەلەپچەکەی لە دەســتمان کردەوە. لە کەنار دەریا دانیشتین و سەیری کەشتییەکانمان دەکرد، مرۆڤ کاتێک سەیری کەشتی دەکات؛ هەست بە ئازادیی دەکات و دەڵێیت سەیری ئەو کەشتییە بکە بەسەر ئاوەکەدا بە ئازادیی دەڕوات، بــەڵام بەداخەوە مــن لەو کەشــتییەدا نیم. بەڵێ، گووتم: لــە بەرازجان کەمێک ئاســودەتر بوویــن، بەڵام کــەس نەدەهات بۆ ســـەردانیکردنم. عەزیز یوســفیش هەر ســەردانیکردنی نەبوو، ئــەو هاوڕێیەکی هەبوو جارجــار دەهات بۆ ســەردانیکردنی، بەڵام دوای ماوەیەک ئەویش مرد و ئیتــر کــەس ســەردانی نەدەکرد. عەزیز یوســفی لە تەمەنــی لاوییدا کەوتبــووە زیندانــەوە، نە ژنی هەبوو، نە منداڵ، هەندێک جار شــۆخیم لەگەڵــدا دەکرد و پێم دەگووت هێشــتا کوڕیت و بوخچەی نەکراوەیت، ئەویش قاقــا پێدەکەنی، غەنی بلوریانیش ســەردانیکردنی نەبوو، تەنها یەک جار هاوسەر و کچەکەی سەردانیان کرد.

شەوانە ناوی ئەو زیندانییانەیان دەنووسی کە دەیانویست بڕۆن بۆ ناو شاری بوشەهر، هەرکەسێک پارەی پێبووایە ناوی خۆی دەنووسی و بەیانی دەڕۆیشــت. هەر لەبــەر دەرگا پاســەوانەکان کەلەپچەکانیان دەکردنــەوە و ئەوانیــش بــە ئازادیــی دەڕۆیشــتن. ئەو کاتــەی لەگەڵ موهەندیس (گەرمان) ڕۆیشتم بۆ بوشەهر، زیندانییەکی خەڵکی شیرازمان لەگەڵدا بوو، کاتێک گەڕاینەوە ئەو لە شیراز ساواکی ئاگادارکردەوە کە سەرۆکی زیندان زیندانییانی سیاسی دەبات بۆ بوشەهر، ئیتر لەو کاتە بەدواوە ڕۆیشــتن بۆ بوشــەهر قەدەغەکرا و ســەردانیکردنیش نەما و ژیانمان سەختتر بوو.

عەلی ئەشـــرەف دەرویشیان: جۆری خواردنتان چۆن بوو، چۆن کاتتان بەسەردەبرد؟

سەفەرخان: خواردنیان پێ نەدەداین، هەریەکەو ڕۆژانە (١٣) قرانیان پێدەداین، لەوێ هەموو شتێک هەرزان بوو، سەرە مەڕێکمان بە حەوت قـڕان دەکڕی و بــە چوار کەس دەمانخوارد، گۆشـت کیلـۆی بە دوو تومەن، یان سـێ تومەن بوو، یەک نان بە دوو قڕان بوو. بەو سـیانزە قڕانــە دەژیاین، دواتر بوو بە پانزە قــڕان، دوای ماوەیەک ناڕەزاییمان دەربــڕی و بۆیان کردین بە دوو تومــەن، تاکو ئازادبوونمان هەر دوو تومــەن بوو. پارەکەیــان دەهێنا و ئێمەش لیســتەکەمان ئیمزا دەکرد و پارەمان وەردەگرت، چەند پاســەوانێک لە دەرەوە شــتیان بۆ دەکڕین. ئێمــە داوای هەرشــتێکمان بکردایــە بۆیان دەکڕین و بۆیــان دەهێناین. ئەوان شــتەکانیان بە گرانتر بۆ دەهێناین، دیارە ئەوەش پەیوەست بوو بە ویژدانی خۆیانەوە. وەک گووتم ئێمە ئەوانەی کە لە تیپی ئازەبایجان بووین، شەش کەس بووین، بەیەکەوە هێنایانین بۆ بەرازجان، هەر ئەو شــەوەی کە گەیشــتین ئێمەیان کردە حوشــترخانەیەکەوە و دەرگایان لەسەر داخستین.

ئاو و هەوا بەرەو گەرمی دەڕۆیشت، دەرگا ئاسنەکان تەواو گەرم بــوون، گەرما تاوی بــۆ هێنابوویــن؛ هەریەکەمان تەختــە خەوێکمان هەبــوو لەســەری دەخەوتیــن، چەند کەســێکیان لە تارانــەوە هێنابوو، ئەوانیش زیندانیی ئاســایی بوون، یەکێکیان نــاوی (زەبیح) بوو. لەگەڵ زەبیح بەیەکەوە دانیشــتین و کەوتینە گفتوگۆ، ئێمە دەبێت لێرە بژین و ئەوانیــش دەرگاکان دادەخەن، چــۆن بەم گەرمایە بتوانین لەم گەوڕەدا بخەویــن. بڕیارمــان دا کــە شــەوی داهاتوو لە حەوشــەکە بخەوین و نەچینە ژوورەکانەوە. ئێمە شــەوی داهاتوو لە حەوشەکەدا دانیشتین و پاســەوانەکان هاواریان دەکرد بڕۆنە ژوورەکانەوە، ئێمەش گوێمان پێ نەدان. سەرۆکی پۆلیســخانەی زیندان کورد بوو، کوردێکی کرماشانی بوو، کەســێکی باش بوو، لە سەربانەکەوە دەســتی کرد بە قسەکردن،

بۆئەوەی سـەرنجی ئێمە ڕابکێشێت بە زمانی تورکی کەوتە قسەکردن، ئـەو کەمێـک تورکی دەزانـی، گووتی: سـبەی پێیان دەڵێـم دەرگاکان بکەنـەوە و ئێـوەش لە حەوشـەکەدا بخـەون. ئیتر ڕزگارمـان بوو لە خەوتنی ناو ژوورەکان.

بەڕاستی ژوورەکان وەک دۆزەخ وابوون، گڵۆپەکان بە بنمیچەکەوە چەسـپکرابوون و ڕووناکییەکـی زۆر کەمیـان هەبـوو، بەجۆرێک کە زیندانییەکان بە باشی یەکتریان نەدەبینی. بنمیچەکە ئەوەندە بەرز بوو، بە پەیژەش دەستمان نەدەگەیشتە گڵۆپەکان، دەرگا ئاسنەکانیش بە تینی گەرما سـووربیوونەوە، هەندێک جار دەستەسڕمان بەدەستەوە دەگرت بۆ کردنەوە و پێوەدانی دەرگاکان. هەوای دەرەوەش هەمووی تەپوتۆز بوو. دەمانویسـت ئاو بخۆینـەوە، ئاوی بۆرییەکـەش زۆر گەرم بوو، لەبـەر تەپوتۆز هەندێک جار تاکو شـەش مانگ ئاسـمانمان نەدەبینی. ئەسـتێرەمان نەدەبینی. ئەو هەموو تەپوتۆزە زۆرە لە عەرەبسـتانەوە دەهات، ناو دەم و ژێر زمانمان پڕ دەبوو لە خۆڵ و ئاوەکەش سوێر و گەرم بوو. ئەگەر باران ببارایە سوودمان لە ئاوی باران وەردەگرت بۆ چایی لێنان. چەند زیندانییەکی ئازەربایجانیان هێنابوو، خەڵکی (خارک) بـوون. پۆلیس نەیاندەهێشـت ئێمە لەگـەڵ ئەواندا قسـە بکەین، ئەوان هەندێکیان کەسـانی سازشـکار بوون، بەڵام چەند کەسێکیان کەسانی باش بوون.، من هەرچییەکم بینیبێت باسی دەکەم. پۆلیس بۆ ساڵڕۆژی (٣١)ی ئازەر مەراسـیمێکی ڕێکخسـتبوو، پاسـەوانێک هـات بۆ لامان و گووتـی: هاوشـارییەکانتان کاریان بە ئێوە هەیـە، ئێمەش گووتمان کارەکەیان بێ هۆیە و ئێمە نایەین، هەرچەند هەوڵیان دا نەڕۆیشتم.

عەلی ئەشرەف دەرویێشیان: کاری چییان بە ئێوە هەبوو؟

سـەفەرخان: مەراسـیمی جەژن بوو، لـە دەرەوە ژمارەیەک کەس هاتبوون، فەرمانداریش هاتبوو، کەسـێک لەلایەن سـەرۆکی زیندانەوە هـات بـۆ لام و گووتی: ئاغـای قارەمانی تـۆ وەرە و تەنها یەک چایی

بخۆرەوە و برۆ. منیش گووتم: سەرۆک بێ هۆ دەڵێت وەرە، من دەڵێم نایەم.

لە زیندانی شـــارەکاندا، لەهەر زیندانییەک بێـــزار بوونایە، بۆئەوەی تەمبێـــی بکەن، دەیاننارد بۆ زیندانی بەرازجان. لەناو قەڵای زیندانەکەدا دەستکاریی دیوارەکانیان دەکرد و هۆڵ و ژووری تریان دروست دەکرد، تەنها دەستکاریی مزگەوتی زیندانیان نەکرد، ئێمەیان برد بۆ مزگەوتەکە، مزگەوتەکـــە زۆر گـــەورە بوو، چەنـــد پایەیەکی گـــەورەی تێدابوو، کە هەموویـــان لە بەردی زۆر گەورە دروســـتکرابوون، ئەگەر چوار کەس دەســـتی یەکتریان بگرتایە و بە بازنەیی بە دەوری پایەکەدا دەســـتیان بگرتایە، پایەکان ئەوەندە ئەستوور بوون دەستیان نەدەگەیشتەوە یەک. دیـــواری مزگەوتەکـــە زۆر بەرز بـــوو، دیارە پایەکانیشـــی بەرز بوون. نازانم ئەو بەردە گەورانەیان لە کوێوە هێنابوو، دەوروبەری زیندانەکە دەشـــتێکی پان و بەرین و چۆڵەوانی بوو، یەک بەردی بچکۆلەشـــی لێ نەبوو. پاسەوانێک هەبوو، ئەو دەیگووت: باوکم بۆی باسکردووم، کاتی دروســـتکردنی ئەم زیندانە ئەو شاگرد بەنا بووە و لێرە کاری کردووە و ڕۆژانەکـــەی دوو (شـــایی) بـــووە، بەڵام ئەو نەیگووتبـــوو ئەو بەردە گەورانەیـــان لە کوێوە هێناوە. بەڵێ، دیـــوارەکان یەکپارچە بەرد بوون، نەماندەتوانی بزمارێک بـــە دیوارەکەدا داکوتین تا کەلوپەلەکانمانی پێدا هەڵبواســـین. دیـــوارەکان ئەوەنـــدە پتەو و ئەســـتوور بـــوون، ئەگەر بە بۆمبیش لێی بدرایە هیچ کاریگەرییەکی نەدەبوو. ناو زیندانەکە ئەوەندە گـــەرم بوو پانکەکانیشـــیان کار پێدەکرد، بەڵام هیچ ســـوودێکی نەبوو. شەوانە تا دەمەو بەیان لەتاو گەرما لە حەوشەکەدا هاتوچۆمان دەکرد. پلەکانـــی گەرما دەچووە ســـەروو پەنجا پلەی ســـەدی، بۆیە دەچووین بەو ئاوە قوڕاو و گەرم و ســـوێرە خۆمـــان تەڕ دەکرد و دەهاتینە ژێر پانکەکان ڕادەکشـــاین، بەڵام هیچ فێنک نەدەبووینەوە، بەو خۆتەڕکردنە هەمـــوو گیانمـــان دەبـــوو بە قوڕ، بە لەشـــولاری لە قوڕ هەڵکێشـــراوی یەکتری پێدەکەنین.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: ڕووداوی ئەو تەقەکردنەی لە کۆشکی مەرمەڕە لە شا کرا، چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕەوشی زیندان هەبوو؟

سـەفەرخان: لە بیسـتی مانگی فەروەردینی (١٣٤٤) (١٩٦٥/٢/١٠) ڕەزای شەمس ئابادی، کە سەربازی پاسەوان بوو لە کۆشکی مەرمەڕە بە چەکەکەی هێرش دەکاتە سەر شـا، ئەو لەژێـر درەختێکی کاجدا پاسەوان بوو، کاتێک شا لە ئۆتۆمبێلەکەی دادەبەزێت و بەرەو ناوەوەی کۆشـکەکە دەڕوات، شـەمس ئابادی بە خێرایی خۆی دەگەیەنێتە شا و تەقەی لێدەکات، بەڵام بە زوویی پاسـەوانەکانی شـا، شـەمس ئابادی دەدەنـە بـەر دەسـترێژی گوللە. شـەمس ئابـادی کەسـێکی بەهێز و بەخـۆوە بـوو، پانزە فیشـەکی بەردەکەوێت، بەڵام هێشـتا بەرەوپێش دەڕوات و تەقـە دەکات، تـا ئـەو کاتەی یەکێک لە پاسـەوانەکانی شـا چەند فیشـەکێک لەسـەری دەدات و دەکەوێت. شـا ڕادەکات و دەچێتە ژێر مێزی ژوورەکەی و خۆی دەشارێتەوە. ئێمە دواتر ئەو هەواڵەمان بیست و دواتریش لە ڕۆژنامەکاندا ئەو بابەتەمان خوێندەوە، دیارە دوو سێ کەس لە پاسەوانانی شا کوژران.

هەرچەنـدە کـە ڕەزای شـەمس ئابـادی کـوژرا، بـەڵام دواتـر سـەرەداوێکیان دەسـتکەوت و گووتیـان ڕووداوەکـە پەیوەندیـی بـە گرووپێکی (مارکسـی- مـاوی)ەوە هەیەو کوشـتنی شـا یەکەم هەنـگاوی چەکدارانەیان بووە، بەڵام دواتـر دەرکەوت ژمارەیەک لە لاوانـی خوێنـدکار لە بەریتانیـاوە گەڕابوونەوە بـۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. هەندێـک لەوانە ئەندامی حیزبی تودە بوون، کەسـی یەکەمیان پەروێزی نیکخوا بوو، یەکێکی تریان موهەندیس مەنسـوری بوو، کە لـە کارگەیەکدا کاری دەکـرد، هەر لەو کارگەیـەدا کرێکارێکی تر بە ناوی ئەحمەد کامەرانی کاری دەکرد، ئەو خەڵکی کاشان بوو، لەگەڵ ڕەزای شـەمس ئابادی هاوشاری بوون. ئەحمەد کامەرانی ئاگاداری بەرنامەکەی ڕەزای شەمس ئابادی بوو بۆ کوشتنی شا، هەر ئەویش

هەواڵەکە دەگەیەنێتە موهەندیس مەنسوری کە بەیەکەوە پەیوەندییان هەبـوو. موهەندیس مەنسـوریش ئـەم بابەتـە لای هاوڕێکانی باس دەکات. هەرچەنـدە دواتـر دەرکەوت کە ئەو کارەی ڕەزای شـەمس ئابـادی ئەنجامـی دا بڕیـاری تایبەتی خۆی بوو، بـەڵام هەمان باس و خواس بووە هۆی ئەوەی کە سـاواک لەسـەر بابەتییەکە توندتر بێـت. دیارە کاریگەرییەکە لە زینـدان دەرکەوت کە ڕووداوەکە چۆن بووە، هەربۆیە توندوتیژییەکان زیاتر بوون و بە هەر بەهانەیەکەوە کەسێکیان دەبرد و دارکارییان دەکرد.

لەپێش ئەم ڕووداوەدا و لە سەرەتای مانگی بەهمەنی (١٣٤٣) لە ڕووداوی کوشـتنی حەسەن عەلی مەنسـوردا، کە لاوێکی موسڵمان بـە ناوی محەمـەد بوخارایی لەبـەردەم پەرلەمان تەقـەی لێدەکات. زۆر هەوڵ دەدەن کە حەسـەن عەلی مەنسوری نەمرێت، بەڵام دوای چەنـد ڕۆژێک مرد. لەو بارەیـەوە ڕۆژنامەکان شـتی گاڵتەئامێزیان بڵاوکردەوە. بۆ نموونە نووسـیبوویان شـا ڕۆیشت بۆ نەخۆشخانە بۆ سـەردانیکردنی حەسـەن عەلی، حەسەن عەلی لەبەر شا هەڵسا و پێشـوازیی لێکرد، باشـە کەسێک چەند فیشـەکێک بەر سک و سنگی کەوتبێت، چۆن دەتوانێت لە جێگای خۆی هەڵسێت، ئەگەر هەستاوەتە سەر پێ؛ بۆچی دوای یەک ڕۆژ مرد؟ دیارە هەمان کات هەستیان بە درۆکەی خۆیان کرد، ئەمجارەش گووتیان هێشتا زیندووە و لەبەر شا هەڵسـاوە. محەمەد بوخارایی لەگەڵ دوو هاوڕێی تریدا بە ناوی نیک نەژاد و هورەندی دەسـتگیرکران. دوای ئەوانیش گرووپێک بە ناوی (موتلیفە) دەسـتگیرکران. حەسەن عەلی مەنسور و هەموو ئەندامانی کابینەکـەی لایەنگـری ئەمریکا بـوون. دوای تیرۆرکردنی حەسـەن عەلی مەنسـور، ئەمیـر عەباس هوەیدا، کە یەکێک بـوو لە ئەندامانی کابینەکـەی حەسـەن عەلی مەنسـور، بوو بە سـەرۆک وەزیران، بە هاتنـی ئـەو ڕەوشـە زۆر خراپتر بـوو. نیعمەت نەسـیری لەجیاتی سەرلەشکر پاکڕەوان بوو بە سەرۆکی ساواک، سەر لەشکر نەسیری

گواسترایەوە بۆ کۆشکی شاهەنشا و سەرپەرشتی بەرنامەکانی شای دەکرد. بەهاتنی سەرلەشکر نەسیری ئازار و ئەشکەنجە زیادی کرد.

عەلی ئەشـرەف دەرویشـیان: موهەندیس مەهـدی بازرگان و ئەندامانی جولانەوەکەی لە چ سـالێکدا گواسـترانەوە بۆ زیندانی بەرازجان؟

سـەفەرخان: مانگی ئابانـی (١٣٤٤) هەواڵمان پێگەیشـت کە چەند زیندانییەکیـان هێنـاوە و لە حەوشـی زیندانـدا لێکۆڵینەوەیـان لەگەڵدا دەکرێت، چاودێری بەشەکەمان ڕۆیشت و دوای ماوەیەکی کەم لەگەڵ موهەندیـس مەهدی بـازرگان و دکتۆر یەدوڵڵای سـەحابی گەڕایەوە. ئەو زیندانییانەی کە تازە هێنرابوونە بەرازجان، بە گشتی هەژدە کەس بـوون، چواردە کەسـیان سـەر بە ڕێکخـراوی بزووتنـەوەی ئازادیی بوون و ئەم کەسانە بوون: ١- موهەندیس مەهدی بازرگان. ٢- دکتۆر یەدوڵڵای سـەحابی. ٣- موهەندیس عیزەتوڵڵای سـەحابی. ٤- ئەحمەد عەلـی بابایی. ٥- دکتۆر شـەیبانی. ٦- ئەبولفەزڵی حەکیمی. ٧- دکتۆر عالی. ٨- محەمەد جەعفەر ٩- بەسـتە نیگار. ١٠- مسـتەفای موفیدی. ١١- موجتەبای موفیدی. ١٢- مەهدی موسمی. ١٣- شامیلو. ١٤- قالیچە چیان، دوو کەسـیان لە کۆمەڵی سۆشیالیسـتەکان بوون، ئەوانیش: ١- عەباس عاقلی زادە. ٢- مەنوچەهری سەفا.

دوو کەسـیش لـە لایەنگرانی ڕاپەڕینـی پانزەی خـورداد بوون بە ناوەکانی: ١- موحسین تاهیری. ٢- وەکیلی.

ئیتـر ئـەوان بـە تـەواوی ببوونـە دۆسـت و هاوڕێـی یەکتری و کێشـەکانی ڕابردوویـان وەلا نابـوو، لە حەوشـی زیندانـدا بەیەکەوە یاریی تۆپی باسکەیان دەکرد، شەوانە مەنوچەهری سەفا ڕۆژنامەیەکی لوول دەکرد و وەکو دووربین دەینا بە چاویەوە و سـەیری ئاسـمانی پێدەکرد و خۆی فێری ئەستێرەناسـی دەکرد و لەگەڵ عەزیز یوسـفی و هاوڕێکانی تری لەبارەی دۆزینەوەی ئەسـتێرەی تازەوە گفتوگۆیان

دەکرد. مەنوچەهری سەفا کەسێکی دانا بوو، من سڵاوم لێدەکرد، بەڵام ئەو وەڵامی نەدەدامەوە، منیش تورە بووم و پێم گووت: بۆچی وەڵامی سڵاوەکەم نادەیتەوە. ئەو بێچارەیە گووتی: کاکە خۆ من گوێم گرانە هیچ شتێک نابیستم، دواتر وا ڕاهاتبوو سێ چوار مەتری مابوو بگات بە من سڵاوی لێدەکردم. بە ڕۆژ هەوا گەرمتر دەبوو، هەمووان بە گشتی لە بارێکی خراپ و ناخۆشدا بووین، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە تەمەنیان هەبوو، بەڵام ئەو کاتەی شا ویستی گەشتێک بکات بۆ ئەوروپای خۆرهەڵات؛ لە فڕۆکەخانەی میهراباد فەرمانی بە نەسیری کردبوو کە ژمارەیەک لە زیندانییە دوورخراوەکان بگەڕێننەوە بۆ تاران، ئەوەش لە ئەنجامی تێکۆشانی ئێرانیانی دەرەوەی وڵات بوو، کە ئاگاداری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییان کردبوو کە ڕژێمی شا زیندانییانی سیاسی دوورخستووەتەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە ئاو و هەواکەی خراپە. شا دەیویست بەم کارەی نیازپاکیی خۆی نیشان بدات. ئیتر زیندانییانی سەر بە حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان و حیزبی دیموکراتی کوردستان لەوێ مانەوە و ئەوانی تر لە ناوەڕاستی مانگی خوردادی (١٣٤٥) گواسترانەوە بۆ تاران. عەسری ئەو ڕۆژە بوو کە سەرهەنگ (ڕیازی) ناوی ئەفسەرانی حیزبی تودە و کەسانی سەر بە بزووتنەوەی ئازادیی خوێندەوە و گواستیاننەوە بۆ تاران.

بە ڕۆیشتنی ئەو ئەفسەرانە و کەمبوونەوەی قەرەباڵغییەکە تا ڕادەیەک ڕەوشی زیندان ئارامتر بوو. هاوینی گەرم هات و دووبارە بای سووتێنەری پڕ لە تەپوتۆز هەڵیکرد، بەری ئاسمان وا تاریک دەبوو، کە شەوانە ئەستێرە پڕ ڕووناکییەکان نەدەبینران. ئێمە لە حەوشە دەخەوتین و سەیری ئاسمانمان دەکرد تاکو ئەستێرەکان ببینین. عەزیز یوسفی تا درەنگانێکی شەو دادەنیشت و خەریکی وەرگێڕانی کتێبی (سەرزەمینی سەخت) بوو. ئەو چەند کتێبێکی تری لەبەردەستدا بوو خەریکی وەرگێڕانیان بوو، یەکێک لەو کتێبانە کتێبی (باخی ئاڵتوونی) بوو. هەندێک جار هەندێک بەشی ئەو کتێبانەی بۆ من دەخوێندەوە.

ئــەو خەریکی لێکۆڵینەوەیەک بوو دەربارەی چاکســازییەکانی زەوی و کاری هەرەوەزیی، کە بەهۆیەوە بتوانرێت پارچە زەوی بچووک دابەش بکرێت و بە هەرەوەزیی بە بەرهەم بهێنرێت، بەڵام دواتر ســاواک ئەو لێکۆڵینەوە تێر و تەســەلەیان دزی و خۆیان لە دەوروبەری قەزوێن بە ناوی کۆمپانیای هاوکاریی و وەبەرهێنانی کشــتوکاڵ، بە ناوی شــاوە جێبەجێیان کرد. عەزیز یوســفی زۆر ماندوو بوو بەو لێکۆڵینەوەیەوە، زۆربــەی ســەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکەی ئەو گوندانــەی دەوروبەری بەرازجان بوون، کە زەوییەکانیان کرابوون بە زیندان.

هەرچۆنێک بێت من لە جێگاکەی خۆم ڕادەکشــێم و شەوانە بیر لە ژیانی خۆم دەکەمەوە، ســەردەمی منداڵی، مرۆڤ ئەگەر لەناو ڕەنج و مەینەتیدا بووبێت، ئەوە لە کۆتاییدا بۆی دەبێتە بیرەوەریی. بیرەوەریی کاری سەخت و گیان پڕووکێن. ئەو یارییانەی لەگەڵ منداڵانی هاوتەمەنی خــۆم لە کۆڵانەکانــی گوندەکەماندا دەمانکرد، چیرۆک و داســتانەکانی شــەوانە کە لە زمانی بەتەمەنەکانەوە دەمبیســت، لەشــولاری دایکم و باوکــم و براکانــم هەموو ئەمانــە دەهاتنەوە بەر چاوم، هاوســەرەکەم و کچــە تاقانەکــەم کە هیچ کات ئەوم لەئامێــز نەگرتبوو، دەهاتنە پێش چاوم، ئەو ڕۆژانەی کە لەگەڵ هاوسەرەکەمدا کارمان دەکرد و شەوانە نەخشــەمان بۆ ئایندە دەکێشا، شێوەی هەمیشە پەشۆکاو و پەرێشانی من و ئەو، کە زۆربەی کات لە دەشــت و کێو و شــارەکاندا لە جەنگ و هەڵاتندا بووین، لە یادی ئەو کەســانەی بەهۆی بیروباوەڕیانەوە گیانی خۆیــان بەخت کرد و لە هاوڕێیانی دڵســۆزی من بوون. چ هەوڵێکمان دەدا و چ جیهانێکــی پڕ شــەڕ و هەرامان هەبوو. ئێســتاش لە زیندانی بەرازجان لەژێر چاودێریی پۆلیســدا گرفتارم و سەیری ئاسمانێکی پڕ لە تەپوتۆز دەکەم. وا باشــترە مرۆڤەکان ئەوەندە بیر لەو ڕابردووەیان نەکەنــەوە، چونکە ئــەو بیرکردنەوەیە مرۆڤ تووشــی وەسوەســە و دوودڵــی دەکات و هەســتی ئازادیــی دێتەوە یاد، پێویســتە ئەو جۆرە بیرکردنەوانــە فەرامــۆش بکرێت، بەڵام ناکرێت من ئــەو بیرکردنەوانە

فەرامۆش بکەم، چونکە من ڕێبواری ڕێگای ئەوانم، بۆ زیندوو مانەوەم پێویستە ئەوان هەمیشە لەیادمدا بن. باشە دەبێت دەستبەکار بم تا ڕزگاری، ڕزگاریی لە ستەمی دەرەبەگەکان، لە تاوان و زوڵمی ئاغاکان و ڕزگاریی لە ژیانی بەندایەتی. من ویستم کەسێکی ئازاد بم و بە ئازادیی بژیم، بەڵام دەرەبەگەکان ڕێگرم بوون، بەڵام بە دڵنیاییەوە ڕۆژێک دێت ئێمە سەردەکەوین، چونکە ئەم جیهانە بە هێز و بازووی ئێمە دروست دەبێت، چونکە ئێمە لەسەر مافین و هەموو ئەو شتانەی لەم جیهانەدا پێویستن، بە هێز و بازووی ئێمە بەرهەم دێت. ئێستا غەنی بلوریان لە خەودایە و لەگەڵ منداڵەکانیدا گفتوگۆ دەکات، منیش هەوڵدەدەم بخەوم، حەزم دەکرد خەو بە هاوسەر و تاقە کچەکەمەوە ببینم، بەڵام ئازاری گوێچکەم ئارامی لێ بڕیوم، بە تایبەت کاتی شەوان کە تەنها دەبم و کەسێک نییە لەگەڵیدا بدوێم. ساڵەها بەدەست ئازاری گوێوە ناڵاندم، دوای هەوڵێکی زۆر ڕۆژێک بردیانم بۆ شیراز و لەوێ دکتۆرێکی ناشی و ناشارەزا پەردەی گوێچکەی دڕیم. پێویستە دوایی باسی ئەو بەسەرهاتەتان بۆ بکەم.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: تۆ کەی هاوسەرگیرییت کردبوو؟

سەفەرخان: ساڵی (١٩٤٥/١٣٢٤) لە گوندەکەی خۆمان لەگەڵ کچێکی زەحمەتکێش هاوسەرگیرییم کرد. بەرهەمی هاوسەرگیرییمان کچێک بوو کە من نەمتوانی لە مەراسیمی ناونانیدا بەشداربم و ناویان لێ نا (مەهین). لە ماوەی دوانزە ساڵ زیندانییم لە زیندانی بەرازجان، نە باوکم، نە هاوسەرم بەهۆی هەژاریی و تاڵانکردنی ماڵ و موڵکیان نەیانتوانی بۆ تاکە یەک جاریش سەردانم بکەن و ئارەزووی دیداری منیان خستە ژێر گڵ. هەرچەندە باسی عەشق و خۆشەویستی و وەفای هاوسەرم بکەم، کەمم گووتووە، ئەو ساڵانەی کە لەژێر حوکمی لە سێدارەداندا بووم، هەروەکو تەواوی هاوڕێیانم ڕۆژانە لەژێر چاوەڕوانی پەتی سێدارەدا بووم، زۆر نزیک بوو هەروەکو هاوڕێکانم لەسێدارە بدرێم،

چەندین جار نامەم بۆ هاوسەرەکەم نووسیوە کە من لەسێدارە دەدریم، یا ئەگەر لەسێدارەش نەدریم، حوکمی هەتاهەتاییم بەسەردا دەسەپێنن، بۆیە وا باشترە تۆ بەدوای ژیانی خۆت بکەویت و لە من جیاببیتەوە، بەڵام ئەو هەرگیز بە پێشنیاری من ڕازی نەبوو. ساڵی (١٣٢٩/ ١٩٥٠) بە هەزار زەحمەت و نارەحەتی کچە چوار ساڵانەکەمی هێنابوو بۆ دیدەنیم، لەو سەردانەشدا پێویستی پێکهێنانی ژیانێکی نوێم بۆ باسکرد، بەڵام ئەویش وەکو سەدان بووکی دوای کۆچکردن، یان لەسێدارەدانی هاوسەرەکانیان لەلایەن ڕژێمی شاهەنشاییەوە تا کۆتایی ژیانیان بە عەشقی هاوسەرەکانیان وەفادار بوون، ئەو بە بیستنی ئەو پێشنیارەی من دۆش داما و فرمێسک بە چاوانی هاتنە خوارەوە و گووتی: ئەگەر یەک جاری تر پێشنیاری ئەوهام بۆ بکەیت، یان لەو بارەیەوە نامەم بۆ بنووسیت، ئەوا بە دڵنیاییەوە من خۆم دەکوژم، من هیچ ئارەزوویەکم نییە، جگە لە ئارەزووی زیندوومانەوەی تۆ، ئەگەر تا کۆتایی ژیانم تۆ لە زینداندا بمێنیتەوە، بە ئومێدی ئازادیی تۆ، تاقە کچەکەمان گەورە دەکەم و خزمەتی دەکەم و وا هەست دەکەم منیش زیندانیی کراوم و لەگەڵ تۆدا زیندانیی هەتاهەتاییم و لەگەڵ تۆدا دەمێنمەوە.

کۆچی دوایی هاوسەری سەفەرخان

ســالّی (١٣٤١) هاوســەرم بە هەزار زەحمەت و قەرزکردنی پارە لە خزم و کەســوکارەکانمان بڕیاری دابوو کــە کچەکەمان بهێنێت و بێت بۆ ســەردانیکردنم، تاکو ئەو دەرد و مەینەتییەی کە یادگاریی ژیانمان بــوو لە دلّی خۆی دەربکات، هەر بەو هۆیەشــەوە و بەهۆی کەســێکی ئاشــنامانەوە منیــان لە هاتنی ئــەو ئاگادار کردەوە، منیش بە بیســتنی ئــەو هەوالّە لە چاوەڕوانی دیداری هاوســەرو کچەمدا بووم، شــەو و ڕۆژ چــاوم لەســەر دەرگاکە و گوێــم بۆ دەنگێک هەلّخســتبوو، بەلّکو ناوم بخوێنێتەوە بۆ دیدار و چاوپێکەوتن، بەلاّم حەســرەتی ئەو دیدارە لەناو دلّمدا مایەوە. لە تاران هاوســەرم تووشــی سەرئێشەیەکی تووند دەبێت و لە نەخۆشــخانەی هەزار تەختی دەخەوێت و نەشــتەرگەریی بــۆ دەکرێت، بەلاّم بەداخەوە لە ژووری نەشــتەرگەریی مۆمی تەمەنی دەکوژێتەوە.

چەند ڕۆژێک لە چاوەڕوانیدا بووم، هەوای گەرمی بەرازجان هێزی لێ بڕیبووم، ڕۆژێک نامەیەک لە بنەمالّەکەمەوە گەیشــتە دەســتم، نامە لە زینداندا گرنگییەکی زۆری هەیە. نامە بەدەستم گەیشت، نامەی کچە تەمەن شانزە سالاّنەکەم بوو، ئەوەی لە یادمدا مابێت، نامەکە بەمجۆرە دەســتی پێکردبــوو، باوکە، باوکی خۆشەویســتم من تــۆم نەبینی... لە نامەکەدا باســی بەسەرهاتی کۆچی دایکی بە فرمێسکەکانی نووسیبوو. بە خوێندنەوەی نامەکە گەرووم گیرا، هیچ کەسێک لەو شوێنە ناتوانێت لە بەرامبــەر هەوالّێکی ئەوها جەرگبڕدا خــۆی ڕابگرێت. زۆرهەولّم دا کە نەگریم، بەلاّم ئایا شتی وا دەکرێت، بۆئەوەی کەسێک فرمێسکەکانم نەبینێت ڕۆیشتم بۆ ئاودەستەکان، حەزم نەدەکرد هاوڕێکانم نارەحەت بکەم، لە زینداندا هەر کەسێک دەرد و مەینەتیی خۆی هەیە.

کاتێک زوڵم و ستەم گەرووی هەموو ئازادیخوازێک دەگرێت، دەنگی دادپەروەرانـەی هـەر مرۆڤێک دەگیرێـت، پەیوەندیی نێـوان زیندان و کۆمەڵگا دەپچڕێت. ڕادیۆ و نامە و سەردانیکردنی زیندانییان، بەتایبەت زیندانییانی سیاسی زۆر گرنگە. هەر یەکێک لەو پێویستییانە پەیوەندیی زیندانیی لەگەڵ جیهانی دەرەوە زیندوو دەکاتەوە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: کاتێک هاوسەرت کۆچی دوایی کرد، تەمەنی چەند ساڵ بوو؟

سەفەرخان: تەمەنی چلویەک ساڵ بوو، هاوتەمەن بووین، ئێستاش ناوی لە ناسنامەکەمدا هەیە، ناویان ڕەش نەکردەوە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ناوی چی بوو؟

سـەفەرخان: ناوی ملوک باقر پور بوو، ساڵێک دوای ئەو باوکیشم کۆچی دوایی کرد، هاوسـەرم سـاڵی (١٣٤٢) و باوکم (١٣٤٣) و دایکم لـە پێش ئەودا کۆچی کردبوو. کچەکەم دەڵێت: تاکو باوکت مابوو زۆر هاوکارم بوو. دواتر براکانم ژنیان هێنا، هاوسەری براکانم زۆر ئازاری کچەکەمیان دابوو، نەیاننارد بۆ قوتابخانە، گووتبوویان لە دێهاتدا نابێت کـچ بچێتـە قوتابخانە، بەڵام کچەکانی خۆیان ڕۆیشـتن بـۆ قوتابخانە و دبلۆمیـان وەرگرت و بوون بە مامۆسـتا. کچەکـەی من تا پۆلەکانی حـەوت و هەشـتی خوێند، دواتر پێیـان گووتبوو عەیبە تـۆ بڕۆی بۆ قوتابخانـە و خەڵکـی دەڵێن کچی سـەفەرخان دەڕوات بـۆ قوتابخانە. دەمارگیریـی لەناو خەڵکـی گوندەکاندا زۆرە، بەڵام بۆ خۆیان نا، بەڵکو بۆ کەسانی تر.

بیرم دێت سـاڵەکانی دواتر، واتە سـاڵی (١٣٤٥/ ١٩٦٦) شەوێک بە نهێنی گوێم لە ڕادیۆی پەیکی ئێران گرتبوو، لە بەشـێک لە بەرنامەکەدا نامەیەکـی هاوڕێیـان عەلی خاوەر و پەروێـز حیکمەتجوی خوێندەوە، کە بۆ سـکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکانیان ناردبـوو. دواتر بە هاوڕێ

زیندانییەکانم گووت بە دڵنیاییەوە دوای چەند ڕۆژێکی تر عەلی خاوەری و پەروێــز حیکمەتجو دەهێننە ئەم زیندانە و دەبنە میوانمان. قســەکەم بەڕاست گەڕا، دوای چەند ڕۆژێک، عەلی خاوەریان بۆ زیندانی زاهیدان دوورخستەوە و پەروێزی حیکمەتجۆش هاتە زیندانی بەرازجان، دوای هاتنی، پەروێزی حیکمەتجۆ هەڵســا بە دروســتکردنی کۆمەڵەیەکی نۆ کەســی، کــە دەبووایە ئەمانــە پــارە و خواردنەکانیان تێکــەڵ بکەن و هەموویــان وەک یــەک یــەک خێزان بەیەکــەوە بژین. داوایــان لە منیش کرد بەشداریی ئەو کۆمەڵەیە بکەم، بەڵام من بەهۆی بێ پارەییەوە بەشدارییم نەکــرد. دوای چەند ڕۆژێک بەهۆی باری نالەبــاری زیندان و مانگرتن کێشەیەک لەنێوان عەزیز یوسفی و پەروێزی حیکمەتجۆ دروست بوو. دواتر من لەگەڵ پەروێز قسەم کرد، پێم گووت: ئێمە لەم زیندانەدا دەژین، هەموومــان دەروونمان ماندووە، ئەگەر تۆ بتەوێت لەگەڵ ئێمەدا بژیت، دەبێت وەک لێپرسراوێک و وەک پزیشکێک ڕۆڵی خۆت ببینیت، دڵنیابە لــەم دۆزەخەدا دەمەقاڵێ و ناخۆشــی ڕوو دەدات. دوای ماوەیەک لەم عاجزیی و ناخۆشــییە، ئێمە دە کەس لە یەک حوشترخانەدا بووین، کە جێگای ســەد کەس دەبووەوە، بەڵام دوای ماوەیەک پۆلیس زیندانییانی ئاســایی هێنایە لای ئێمــە. دوای ناڕەزاییەکی زۆر و پەیوەندییکردنمان بە سەرۆکی پۆلیسی زیندان، ئێمەیان گواستەوە بۆ مزگەوتە کۆنەکەی زینــدان. دوای ماوەیەک پەروێزی حیکمەتجۆ توڕە بوو، هەڵچوونەکەی زیــادی کرد. منیش پێم گووت: ئێمە هەموومان نەخۆشــین و نائارامی دەروونیمــان هەیــە، ئەگەر تۆ دکتۆریــت، ئێمە هەموومان هەشــت نۆ کەســین، تۆ وەرە چارەســەرمان بکــە، ئەگەر دکتۆریــش نیت بڕۆ بۆ خــۆت تەنهــا بژی. چەند ڕۆژێکی پــێ نەچوو پەروێز هــات و گووتی: عەزیز توڕە بووە و شــەڕم لەگەڵدا دەکات و جوێنم پێ دەدات. منیش پێــم گووت: ئــەی من نەمگووت ئێمــە هەمووومان نەخــۆش و توڕەین، ئێتــر لــەو ژوورەی کە لێی بووین، ئێمەیان گواســتەوە بۆ مزگەوتەکە. دیــواری مزگەوتەکە هەمووی یەک پارچە بەرد بوو، قاتی ســەرەوەی

نەخۆشـــخانە بوو، خوارەوەش مزگەوت، حەوشەکەی زۆر گەورە بوو، هەمووومـــان بەیەکەوە زۆر تەبا بووین، تەنها کەمێک عەزیز یوســفی و حیکمەتجو...

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: کێشەکەیان لەسەر چی بوو؟
ســـەفەرخان: هیـــچ...، هەمـــان ناڕەحەتـــی و هەلومەرجی ســـەختی زینـــدان، بۆ نموونە یەکێـــک ڕادیۆکەی هەڵدەگرت، ئەوی تریش لە دژی ئەو پەلاماری ڕادیۆکەی دەدا.

عەلی ئەشرەف دەروێشـــیان: مەگەر ئایدیۆلۆژی ئەوان جیاواز بوو؟
ســـەفەرخان: نا بابە! بەیەکەوە بوون، هەردووکیان تودەیی بوون، عەزیز یوســفی تودەییەکـــی تودەیی بوو، کێشـــەکە ئایدیۆلۆژی نەبوو، زیندانییـــەکان دژی یەکتـــری نەبوون، تەنانەت کاتێـــک مەهدی بازرگان و هاوڕێکانـــی لـــەوێ بـــوون؛ هەمووومان بەیەکەوە بێ کێشـــە بووین و ژیانێکـــی برایانەمان هەبوو، هیچ کێشـــە و ناڕەحەتییەکمان نەبوو. ئیتر ئێمە ماوەیەک لە مزگەوت بووین.

عەلی ئەشرەف دەروێشـــیان: بۆچی ماوەی زیندانییەکەیان بۆ کەم نەکردیتەوە؟
سەفەرخان: ئێمە هەشت، نۆ کەس مابووینەوە، هیچ کاتێک بەشداریی جەژن و مەراســـیمەکانی حکومەت و شاهەنشـــامان نەدەکرد، جگە لەو چەند کەســـەی بە تاوانی ســـیخوڕیی بۆ ســـۆڤیەت دەســـتگیرکرابوون، ئێمـــە هەرگیز نامەی لێبووردنمان نەنووســـی. پێویســـتە ئـــەوەش بڵێم هەرگیـــز ئەفســـەرانی تودەیـــی و برادەرانی بزووتنـــەوەی ئازادیش کە برابوونـــەوە بۆ تاران؛ نامەیان نەنووســـی و داوای لێبووردنیان نەکرد. ئێمە کەسانی سازشـــکار نەبووین و بەردەوام ناڕەزاییمان دەردەبڕی،

من هیچ کاتێک شایەنی ئەوە نەبووم حوکمەکەم دابەزێت، دیارە ئەگەر زووتر دەستگیربکرامایە، لە هەمان شوێن دەیانکوشتم. شا یەک جار بۆ هەر زیندانییەک پلەی زیندانییەکەی سوک کرد، بەڵام لە وەڵامی نووسراوێکدا نووسیبووی: ئەوانەی چوونەتە دەرەوەی وڵات، ئەو بڕیارە نایانگرێتەوە. من ئەو کاتە لە عێراق بووم، کاتێک منیان دادگایی کرد، نارەزاییم دەربڕی کە لێبووردنی گشتی دەرکراوە و تەنانەت ئەوانەی پیاویان کوشتووە، یەک پلە حوکمەکەیان بۆ دابەزاندوون. گووتیان ئەوە شمولی تۆ ناکات.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: لە زیندانی بەرازجان ژووری تاکەکەسی هەبوو؟

سەفەرخان: بەڵێ، هەروەکو زیندانی ئەوین سی چل ژووری تاکەکەسی هەبوو، دیارە تۆ چوویتە ژوورە تاکەکەسییەکانی زیندانی ئەوین.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: بەڵێ، چووم.

سەفەرخان: بەهەمان شێوە بوون.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: لەو ژوورە تاکەکەسییانەدا، هەروەکو ژوورە تاکەکەسییەکانی زیندانی ئەوین ئاودەست هەبوو؟

سەفەرخان: نەخێر، ئاودەست لە هەمان ژووردا نەبوو، بەڵام ژوورەکان بە هەمان ئەندازەی ژوورەکانی زیندانی ئەوین بوون. ڕاڕەوێکی درێژ و تاریک بوو، لایەکی ڕاڕەوەکە هەمووی ژووری تاکەکەسی بوون. دواتر زیندانییەکان خۆیان داوایان دەکرد بچنە ئەو ژوورە تاکەکەسییانەوە، چونکە ژوورەکان یەک کەسی بوون، دەرگاکەشی کراوە بوو. لەوێ دادەنیشتن و ئارەقەیان دەکردەوە، بەڵام لەبەرئەوەی تەنها بوون، بەلایانەوە باشتر بوو. پێشتر باسی ئەو لاوە

تەبرێزییەم بۆ کردن کە ماوەی (٢٤) کاتژمێر لەو ژوورانەدا بوو، کاتیک هێنایانــە دەرەوە داوای بیبســـی کۆلای کرد، دیــارە ئێمەش حەزمان لە بیبســـی کۆلا بوو، بەڵام پەیدا نەدەبوو، هەرچەندە بۆ ئەویان پەیدا کرد و بیبسییەکەی بە سەرییەوە نا و مرد.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: باسی سەردانیکردنی کچەکەتمان بۆ بکە لە زیندانی بەرازجان.

سەفەرخان: ســاڵی (١٣٤٥) بە بیستنی هەواڵێک کە (مەهین)ی کچم لەگــەڵ کەســێک لــە ناوچەکەی خۆمان بە ناوی موحســینی عەباســی هاوسەرگیریی کردووە، خۆشحاڵ و ئاسودە بووم، من بە درێژایی ئەو ســاڵانەی لە زیندانی بەرازجان بووم، هیچ کەســێک سەردانی نەکردم، ئامۆزاکەم لە نامەیەکدا بۆی نووســیبووم چەندین ســاڵە بەدوای کاردا دەگەڕێم، هەر کاتێک کارێکم دەســتکەوت و یەکەم مووچەم وەرگرت، ئەوا دێم بۆ سەردانیکردنت. هەموو خزم و کەسەکانم کە تاڵانکرابوون و دەســت بەسەر ماڵ و موڵکیاندا گیرابوو، هەریەکەیان بۆ پەیداکردنی پاروە نانێک ڕۆیشتبوون بۆ ناوچەکانی تر، یان لە هەوڵی دابینکردنی مووچەیــەک بــوون تاکو لەبرســاندا نەمرن، هەر بەو هۆیەشــەوە من کەسێکم نەبوو بێتە سەردانم.

ســاڵی (١٣٤٦/ ١٩٦٧) لەنــاو زیندانــدا هەواڵیان پێدام، کە کەســێک هاتووە بۆ ســەردانیکردنم، کەســێک هات و لەبەر گەرمیی دەرگاکە بە دەستەســڕێک دەســکی دەرگاکەی گرت و کردییــەوە و گووتی: وەرە دەرەوە ســەردانیکردنت هاتــووە، منیــش لــە دڵی خۆمــدا گووتم: کێ دێــت بۆ ســەردانیکردنم، ئەگەر کچەکــەم بیتوانیایە بێت، ئەوا پێشــتر بــە نامــە ئاگاداری دەکردم. بە پاســەوانەکەم گــووت: بابە کێ دێت بۆ سەردانیکردنی من؟ من هیچ کەسێک سەردانم ناکات، بە نا باوەڕییەوە ڕۆیشتم بۆ ژووری سەردانیکردن، سەیرم کرد هیچ کەسێک لەوێ نییە، دەرگاکە کرایەوە و کوڕێکی لاو باوەشــی پێدا کردم و دەســتی کرد بە

گریان، من ئەوم نەناسی. گووتم: تۆ کێیت؟ بۆچی دەگریت؟ لێرە چی دەکەیت؟ گووتی: من خەلیلم ئامۆزای تۆم، لە ئەسفەهانەوە هاتووم، خێرم کردبوو کە یەکەم برە پارە بگاتە دەستم دێم بۆ سەردانیکردنی تۆ، ئێستا کەمێک پارەم دەستکەوتووە و هاتووم چاوم بە تۆ بکەوێت. دوای ئەو یەکتری بینینە بڕیار بوو ڕۆژی دواتریش بێتەوە بۆ سەردانیکردنم. دوای جیابوونەوەی لە من دەچێت بۆ ئوتێل، لەوێ کچەکەم و زاواکەم دەبینێت. ڕۆژی دواتر دووبارە بانگکرامەوە و گووتیان وەرە ژنێک هاتووە بۆ سەردانت. منیش گووتم: کێیە؟ ڕۆیشتم بۆ ژووری سەردانیکردن. چاوم بە ئامۆزاکەم نەکەوت، ویستم بگەڕێمەوە سەیرم کرد کوڕ و کچێکی گەنج بەرەو لای من دێن. من لە ئەوانم پرسی، ئێوە کێن و بۆ سەردانیکردنی کێ هاتوون؟ گووتیان: هاتووین بۆ لای تۆ. زاواکەم گووتی: من موحسینم و ئەو خانمەش کچەکەتە. (مەهین) ی کچەکەم دەگریا و منداڵێکی لە باوەشدا بوو، منداڵەکەیان نیشاندام. گووتم: بۆچی پێشتر ئاگادارتان نەکردووم کە دێن بۆ سەردانم. گووتیان لەبەرئەوەی ئاگادارمان نەکردیت نەوەک لەبەر دووریی ڕێگا و کەمپارەیی تۆ ڕازی نەبیت سەردانت بکەین. من هیوادار بووم بەو پرسیارانە پێش بە هەستی خۆم بگرم و بە بینینی کچەکەم کە چەندین ساڵ بوو نەمبینیبوو، فرمێسک بە چاوانمدا نەیاتە خوارەوە، بە خۆم دەڵێم ئایا ڕۆژێک دێت کە لەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا مرۆڤ بتوانێت نەوە خۆشەویستەکەی لەباوەش بگرێت و ماچی بکات و ئەگەر دڵی ویستی کەمێک بگری، بەڵام لەبەر چاوی پۆلیس نابێت بگریت و دەبێت دەستت بخەیتە سەر دڵت و بێدەنگیی بکەیت. لە زینداندا کچەکەم هەمیشە گەورەترین کێشەی دەروونیی من بوو، بەڕاستی سەردانیکردنی ئامۆزا و کچەکەم و زاواکەم بووە هۆی خۆشحاڵبوونم. نەوەکەم کە تەمەنی شەش مانگ بوو، لەباوەشم گرت و ماچم کرد، کاتێک سمێڵەکانم لە گۆنای نەرمی دەدرا؛ خۆی گرژ دەکرد و دەیویست بگری، لەوانەیە هەستی کردبێت کە دڵی منیش پڕ لە گریانە.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: لە زیندانی بەرازجان چ یادگارییەکی ترت دێتەوە یاد؟

سەفەرخان: لە ماوەی یانزە ساڵ مانەوەم لە زیندانی بەرازجاندا، شاهیدی مەرگی لەسەرخۆی خۆمم و بیرەوەریی سەرنجڕاکێشم هەیە، ڕۆژێک دادوەری سوپا، سەرتیپ (سدوقی) بۆ پشکنین هات بۆ زیندانی بەرازجان. زیندانییانی سیاسی لەبارەی پێشێلکردنی مافەکانیان قسەیەکی زۆریان کرد. سەرتیپ سدوقی گووتی: ئەگەر ئێوە بۆ ماوەی شەش مانگ باسی خراپیی باری زیندان نەکەن، بەڵێنتان پێدەدەم کە هەوڵی ئازادبوونتان بدەم. هاوڕێیان گووتیان ئێمە لەبارەی پەیوەندیی ئاو و تەندروستییەوە لەگەڵ تۆدا قسە دەکەین، تۆ ئەو کێشەیەت پێ چارەسەر نەکرێت، لەکوێ توانای ئازادکردنی ئێمەت هەیە، ئەمە وەڵامێکی توند بوو بۆ سەرتیپ، هەربۆیە هیچ قسەیەکی تری نەکرد و ڕۆیشت.

هەر لە هەمان ساڵدا بوو ڕۆژێک (سەبهەبید نەسیری مەعدوم)، کە بەهۆی خیانەتەکانی بەرامبەر بە خەڵکی ئازادیخوازی ئێران کرابوو بە بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس، ئەو هاتبوو بۆ زیندانی بەرازجان، کاتێک دەرگاکە کرایەوە؛ نەسیری لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر ئەفسەر هاتە ژوورەوە. چەند کەسێک بە پێوە وەستابوون و چەند کەسێکیش دانیشتبوون. من بەتەنیشت (غولامڕەزای ئەربابی)ەوە وەستابووم، کاتێک نەسیری هاتە ژوورەوە لە دوورەوە موهەندیس ئەربابیان نیشاندا، دیاربوو پێشتر لەبارەی ئەوەوە قسەیان کردبوو. موهەندیس غولامڕەزا وەستابوو پێدەکەنی. کەسێک لە تەنیشت غولامڕەزاوە وەستابوو، نەسیری لێی پرسی و گووتی: تۆ بە تاوانی چی دەستگیرکراویت. موهەندیس ڕەزا نەیهێشت ئەو قسە بکات و خۆی وەڵامی دایەوە و گووتی: ئاغای نەسیری ئەو و زۆربەی زیندانییەکان لەسەر نیشتمانپەروەریی دەستگیرکراون، تۆ ئەوە لە هەموو کەسێک باشتر دەزانیت. نەسیری

وەڵامی نەدایەوە و سەری خۆی داخست و ڕۆیشت بۆ بەشەکانی تری زیندان. لە بەشێکی تری زیندان باسی ژیانی سەخت و دژواری ناو زیندانیان پێ گووتبوو، ئەویش گووتبووی ئێمەش دەمێکە بیرمان لەوە کردووەتەوە، بەم نزیکانە زیندانێک دروست دەکەین و ئێستا لە کاتی تەواوبووندایە، بە زوویی ئێوە دەگوازینەوە بۆ ئەوێ. دواتر زانیمان لە نزیک شیراز لە شوێنێک کە پێی دەڵێن عادلئاباد خەریکی دروستکردنی زیندانن. دوای تەواوبوونی ئەو زیندانە، زیندانییانی هەتاهەتاییان گواستەوە بۆ ئەوێ. ئەو زیندانە یەکێک بوو لەو زیندانانەی کە ڕژێم دەیویست وەک وڵاتێکی پێشکەوتوو لە یادی دوو هەزار و پێنجسەد ساڵەی شاهەنشاییدا نیشانی وڵاتانی بدات. موهەندیس غوڵامڕەزای ئەربابی، کە ئێستا خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی کردووەتەوە، کەسێکی زۆر ئازا و خۆڕاگر بوو، جارێک پۆلیس لەسەری دەدات، ئەویش یەک مانگ مانی لە خواردن گرت. هیچی نەخوارد تەواو لات بوو، گومانمان دەکرد کە بمرێت.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: تاوانی چی بوو؟

سەفەرخان: تودەیی بوو، پێش دەستگیرکردنی شەوانە دەچوو ڕادیۆی پەیکی ئێرانی دەکردەوە و دەنگی بڵند دەکرد تاکو خەڵکی گوێبیستی بن، لە زیندانیش شەوانە ڕادیۆی پەیکی دەکردەوە. مەگەر کەسێک دەیتوانی قسەیەک بە ڕادیۆی پەیک بڵێت، هاواری لێ هەڵدەستا و دەیکردە شەڕ، مانی لە خواردن دەگرت. جارێکیان مانی لە خواردن گرت، هەر کارێکیان کرد مانگرتنەکەی نەشکاند، ئاویشی نەدەخواردەوە، ئەو کاتە خوشکەکەی بێژەری ڕادیۆ بوو، ئەو هات و لە پشتی شیشەکانی زیندانەوە قسەی لەگەڵدا کرد و داوای لێکرد مانگرتنەکەی بشکێنێت، بەڵام بە قسەی نەکرد. سەرۆکی زیندانیش داوای لێکرد، دواتر خاڵی هات و داوای لێکرد، هەرچەند هەوڵیان دا ئەو مانگرتنەکەی نەشکاند، تا کار گەیشتە ئەوەی ناردیان بۆ نەخۆسخانەی

شـیراز، لەویـش هیچیان بـۆ نەکـرا، زۆر هەوڵیان دا دەمـی بکەنەوە و خـواردن بکەنـە دەمییەوە، بەڵام سـەرکەوتوو نەبـوون، بردیان بۆ تاران و لە زیندانی قەسـریش زۆر هەوڵیـان لەگەڵدا، دواتر هێنایانەوە بـۆ بەرازجان، دیسـان هیچی نەخـوارد، هێز و توانـای نەمابوو وەک هەناری تەپیوی لێهاتبوو، بردیان لە مزگەوت فڕێیاندا و بە سـتوونێکی مزگەوتەکەوە بەستیانەوە. ئەفسەرێک و چەند پاسەوانێک بە دیارییەوە بوون، بەردەوام بە باتووم لێیان دەدا، ئەویش هاواری دەکرد و لەقەی دەهاویشت. هەرچۆنێک بێت دوای یەک مانگ مانگرتنەکەیان پێ شکاند. ئـەو حوکمەکەی پێنج سـاڵ بوو، ڕادیۆی پەیکـی دەکردەوە و مانی لە خـواردن دەگرت، هەرچی پارەیەکی هەبوو دەیدا بە تەلەگراف، مانگێک بڕی سێسـەد تومەن پـارەی تەلەگرافی بۆ هاتەوە، لـە تەلەگرافەکاندا دەینووسی دەبێت ئێران ببێتە وڵاتێکی کۆماری دیموکراسی.

عەلـی ئەشـرەف دەروێشـیان: لەنـاو حیزبـی تـودەدا چ لێپرسراوێتییەکی هەبوو؟

سەفەرخان: هیچ، تەنها خۆی و دوو سێ کەسی لەگەڵدا بوو. کاری ڕاگەیاندنـی کردبوو، بـەڵام زۆر حەزی لە ڕادیۆی پەیـک بوو، ئەگەر شەوێک گوێی لە ڕادیۆی پەیک نەگرتایە، وەک شێتی لێدەهات.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەویش ئەفسەر بوو؟

سـەفارخان: نە بابە ئەفسـەر نەبوو، من چەند سـاڵێک لەوەوپێش ئەوم لە تاران بینیبوو، مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئێستا ماوە؟

سەفەرخان: بەڵێ، دامەزراوەیەکی هەیە و وانەی ئینگلیزی دەڵێتەوە، بـە منـی گووت وەرە لێرە لەگەڵ مندا کار بکـە. منیش گووتم: بابە خۆ من ئینگلیزی نازانم، بە گشـتی ئەو پێنج سـاڵ زیندانیی کێشا، کەسێکی

سەرســـەخت و بەرگریـکار بــوو، بچووکترین کێشـــەی هەبووایە، ئەو مانی لە خواردن دەگرت، هەر لێپرســـراوێک سەردانی زیندانی بکردایە، ئـــەو لەبەری هەڵنەدەســـتا. بەڕێوەبەری گشـــتیی پۆلیـــس هات لەبەری هەڵنەســـتا، مەنوچەهـــری ئیقبال هات لەبـــەری هەڵنەســـتا، عەلەم هات لەبەری هەڵنەستا، کەسێکی توونـد بوو کە دەیگووت نابێت، واتە نابێت.

عەلی ئەشـــرەف دەروێشـــیان: ئیقبال و عەلەم کاتێک سەرۆک وەزیران بوون، سەردانی زیندانی بەرازجانیان کرد؟

ســـەفەرخان: بەڵێ، ئیقبال و عەلەم هەردووکیان هاتن، عەلەم پێنج هەزار تومەنی دا و گووتی: بەسەر زیندانییەکاندا دابەشی بکەن.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: عەلەم پارەی دا؟

ســـەفەرخان: بەڵـــێ، ئـــەو کەســـێکی زۆر خاکیـــی بوو، ســـەردانی زیندانی دەکرد و نێرگەلەی لە پاسەوانەکان وەردەگرت و دادەنیشت و نێرگەلەی دەکێشا، ئەو کەسێکی لە زیندان ئازاد کرد، کە ناوی حوسێن حەداد بوو. لەسەر قسەگووتنی بە شا دەستگیر کرابوو. ئەو بە عەلەمی گـــووت: من تاوانبار نیـــم و حوکمی هەتاهەتایی دراوم. من منداڵ بووم کە لەگەڵ ناسر فەخر ئارایی بووم بە ئاشنا. عەلەم گووتی: بەڵێ، ڕاست دەکەیت، دۆســـیەکەت لای منە. گەڕایەوە تاران و ئەوی ئازاد کرد. دوو کەســـی تریش کە خەڵکی (بیرجەند) بوون، ئەوانیش زیندانیی ئاســـایی بوون و کاســـبکاری باوکـــی عەلەم بوون، عەلەم ئەوانیشـــی ئازادکرد، ئـــەو ڕەفتاری زۆر بـــاش بوو، بەڵام ئیقبال وا نەبـــوو، ئەو کاتێک هات بـــۆ زیندان بـــە خۆبادانەوە گووتی: ئێـــوە جێگاتان ئێرەیـــە، هەتاهەتایە دەبێـــت لێرە بمێننـــەوە. گووتی: ئازادکردنتان ئاســـانە، بەڵام مانەوەتان لێرە گرانە، ئێوە ناتوانن بڕۆن بۆ شـــوێنێکی تر، بەڵام دەتوانن ئازادبن. بـــەم قســـانەیدا دیار بوو مەبەســـتی چی بووە، دەیویســـت بڵێت نامەی لێبووردن بنووسن.

عەلی ئەشـــرەف دەروێشیان: چی شـــتێکی تری زیندانت دێتەوە یاد؟

ســـەفەرخان: دوو ســێ کەســی زیندانیی هەبوون، ئەوان زیندانیی ئاســایی بــوون و سیاســی نەبوون، لەتــاو گەرما خۆیان ســووتاند و خۆیان کوشــت، ئاخر زۆر گەرما بــوو، ڕۆژی چەندین جار دەچووین خۆمان دەخســتە بەر ئاوی حەمام و دواتر دەهاتینەوە لەژێر پانکەکەدا دەوەســتاین، بەڵام هیچ ســوودێکی نەبوو. ئاوەکەمان سوێر و گەرم و لیخن بوو. دوای حەوت هەشــت ســاڵ بۆرییان بەســت و ئاو بە بۆری دەهات، بەڵام ئاوەکە کەم بوو و چکە چکە دەهات، کاتێک باران دەباری ئاوی بارانمان کۆدەکردەوە و بۆ چا لێنان و شتی تر بەکارمان دەهێنا. بەرازجــان ئاو و هەوایەکی زۆر گەرم و ناخۆشــی هەبوو، خواردنمان زۆر خــراپ و کــەم بوو، ســەوزە و میوە نرخی زۆر گــران بوو، ئێمە توانای کڕینمان نەبوو، تەنها باینجانمان دەکڕی و دەمان کرد بە چێشت و دەمانخــوارد. مــرۆڤ ئەگەر بــاوەڕی بەهێز بێــت، دەتوانێت لەگەڵ هەموو شتێکدا ڕابێت. ماوەیەک بردیانین بۆ بوشەهر، زیندانی بوشەهر زۆر لە بەرازجان باشتر بوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: دەیانبردن بۆ حەمام؟

ســـەفەرخان: حەمام لەنــاو زیندانەکــەدا هەبوو، هەفتــەی جارێک، یــان دوو جار دەیانبردین، حەمامەکــەش هەمووی لە بەرد بوو، قەڵای بەردبــاران بــوو، دیــوار و دەرگا و پەنجەرەکانــی هەمــووی لە بەرد دروستکرابوون، بەجۆرێک بوو مرۆڤ تاکو نەیبینێت باوەڕ ناکات.

عەلی ئەشـــرەف دەروێشـــیان: گوێت بەهۆی لێدانەوە تووشی کێشە بوو، لە چ بارێکدا بوویت؟

سەفەرخان: دکتــۆر نەبوو تاکو چارەسەری گوێم بکات، دکتۆرێکی

نەخوێنــدەوار هات و وەک ئەوەی دەرزیت لێــدات، دەرزییەکی کرد بە گوێچکەمــدا و کونی کرد، ماوەی دوو ســێ مانگ شــەو و ڕۆژ کێم و جەراعــەت بە گوێچکەمدا دەهاتە خوارەوە، هەرچەندە ئەنتی بایۆتیک و پەنســیلینیان پێ دەدام، بەڵام هیچ ســوودێکی نەبوو. دوایی بڕیار بوو بۆ چارەســەر بمنێرن بۆ شــیراز، بەڕێکرام بۆ شیراز. چەند فرسەخێک لە زیندانی بەرازجان دوورنەکەوتبووینەوە کە ئۆتۆمبێلەکەمان تووشی ڕووداوی هاتوچــۆ بــوو، ئــەو کارمەنــدەی کە دەســتی منیــان لەگەڵ دەســتی ئــەو کەلەپچە کردبوو، لەهۆش خــۆی چووبوو، زۆرم جوڵاند تاکو بەهــۆش خۆی بێتەوە، کاتێک بەهۆش هاتەوە هەردوو دەســتمی توونــد گرتبوو. گووتم: کاکە تۆ بێهۆش بوویت، من هەڵنەهاتم، ئێســتا کــە بەهۆش هاتوویتەوە بۆچی وا پێمەوە چەســپ بوویت، تۆزێک بڕۆ بــەولاوە خەریکە دەمخنکێنیت. دووبارە منیان گەڕاندەوە بۆ بەرازجان، ئەمجــارەش ئۆتۆمبێلەکەمــان تێکچوو؛ منیان برد بۆ ماڵێک کە لە نزیک جــادە بــوو، بنکەی پۆلیــس هەواڵیــان زانیبوو هاتــن و بردیانمەوە بۆ زیندانی بەرازجان. ڕۆژی دواتر هاتنەوە و بردیانم بۆ زیندانی شــیراز، دوو سێ مانگ لە زیندانی شیراز بووم. دکتۆرێک لەوێ لێپرسراو بوو ئەویش کەســێکی چەپ بوو، لەبارەی منــەوە هەندێک زانیاری دەزانی. گووتــی: مــن تۆ لێــرە دەهێڵمەوە و بۆیان دەنووســم کــە دەبێت یەک مانگــی تر لێرە لەژێر چاودێرییدا بێــت. ئەو دەرمانی پێدام و گوێچکەم تەڕی نەما و وشــک بوو، بەڵام گوێم وزە وزەی لێوەدەهات، ئێســتاش هــەر لێیدێــت، وەک ئەوەی کە هەمیشــە مێشــێک لە پەنــا گوێمدا وزە وزەی لێبێت. بیســتنم لەدەســت دا، کاتێک چووم بۆ ســۆڤیەت و باسی گوێچکــەم بۆ کــردن، گووتیان دەبێت ماوەی شــەش مانگ لێرە لەژێر چاودێرییدا بیت، منیش نەمتوانی ئەو ماوەیە بمێنمەوە، بۆیان نووســیم لە ئێران بچمە نەخۆشخانەی سۆڤیەت، کە گەڕامەوە چووم سەیرم کرد نەخۆشخانەی سۆڤیەت هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: دوایین دیدارت لەگەڵ باوکتدا چۆن بوو؟

سەفەرخان: کاتێک ئێمەیان لە زیندانی ئورومیەوە بەڕێ کرد بۆ زیندانی بەرازجان، کاتژمێر (٦)ی بەیانی بوو، باوکم و خوشکەکەم کاتژمێر (٩)ی بەیانی دەگەنە ئورومیە، سەرۆکی زیندان پێیان دەڵێت ئەوان دوورخراونەتەوە بۆ زیندانی بەرازجان، ئیتر باوکم چاوی بە من نەکەوتەوە، تا کۆچی دوایی کرد چاوی بە من نەکەوتەوە، بەڵام خوشکەکەم ئێستاش ماوە، ئەو ماوەی ساڵێک بوو هاوسەرگیریی کردبوو لەگەڵ ئەفسەرێکی تیپی ئازەربایجان. ئەو کاتەی من لە کوردستان بووم، لە نزیک ئورومیە هاوسەری خوشکەکەم بە هەزار بەدبەختی هاتبوو بۆ لای من، دووسەد فرسەخ ڕێگا بە پێ هاتبوو، لەوێ خۆی حەشاردابوو، لەوێوە تاکو گوندەکەی ئێمە بە پێ دە دوانزە ڕۆژ ڕێگایە، ئەو هاتبوو بۆ لای من. من کە گەڕامەوە بۆ کێوەکە، جەنگ دەستی پێکرد و گەمارۆدراین، گەڕامەوە تاکو هەندێک چەک ببەم، سەیرم کرد کەس لەوێ نەماوە، هاوسەری خوشکەکەم سواری ئەسپ کرد و لەگەڵ خۆمدا بردم، ئەسپەکە هی خۆم بوو بەیەکەوە سواربووین کە بڕۆین بۆ لای هێزەکەی بارزانی، سەیرم کرد ئەوانیش گەمارۆدراون، پێم گووت هیچ چارەیەک نییە تۆ بڕۆ لەو گوندە خۆت بشارەوە و وەک سواڵکەرێک خۆت نیشان بدە و بڵێ کرێکارم. لەوێ چاوی بە دوو کەسی تری وەک خۆی دەکەوێت، کە ئەوانیش هەڵاتوو بوون و خەڵکی گوندی خۆمان بوون، یەکێکیان عەبدوڵڵای سوهرابی بوو، ئەوی تریان ناوی عەسکەر بوو.

ئەوان هەرسێکیان بڕیار دەدەن بەیەکەوە بڕۆن بۆ سۆڤیەت، لە ڕێگادا خۆیان دەکەن بە هەژار و سواڵکەر، یەکێکیان دەستفرۆشی دەکات، یەکێکیان دەڵێت من پینەچیم. لەم گوندەوە بۆ ئەو گوند دەڕۆن، دەگەنە گوندی ئاراس، لەوێ دەچنە ماڵێک لەگەڵ خاوەن ماڵەکەش درۆ دەکەن. هەریەکەیان خۆی دەکات بە شتێک. یەکێکیان دەڵێت من

پینەدۆزم. لەپڕێکدا سەیر دەکەن تەواوی خەڵکی گوندەکە پێڵاوەکانیان دەهێنن بۆ پینە دۆز، ئەوانیش دەڵێن ئەمشەو ماندووین سبەینێ هەموو پێڵاوەکانتان بۆ پینە دەکەین. نیوەشەو هەڵدەستن و خۆیان دەگەیەننە سەر ڕووباری ئاراس، لە ناوەڕاستی ڕووبارەکە دەگەنە پارچە وشکانییەک و لەوێ گیر دەخۆن. لەپڕێکدا دەبینن بەلەمێکی سۆڤیەت ماتۆڕی بەسەرەوەیە و دەگاتە لایان و سواریان دەکەن و دەیانپەڕێننەوە. لەوێ پێیان دەڵێن ئێوە هەریەکەتان ناوی کەسێک لەو پەنابەرانە بڵێن کە تازە هاتوونەتە ناو خاکی سۆڤیەت. ئەوان نەیانتوانیبوو ناوی هیچ کەسێک بڵێن، چونکە کەسیان نەدەناسی. وایان هەستکردبوو کە منیش لەگەڵ بارزانیدا ڕۆیشتووم بۆ سۆڤیەت، ناوی من دەهێنن، ئەوانیش دەڵێن ئەو کەسە نەهاتووە، دواتر هەر یەکەیان بۆ شوێنێک دوور دەخەنەوە بۆ قزاخستان و قەفقاز و ئۆراڵ. هەریەکە و بۆ کۆمارێک، لەدوای شۆڕش کاتێک من چووم بۆ سۆڤیەت داوای ئەوم کرد و هێنایان، دوو سێ ڕۆژ میوانی من بوو، هەموو شتێکی بۆ باسکردم، ئەو لە باکۆ هاوسەرگیریی کردبوو، دوانزە منداڵی هەبوو، دووانیان پێرار هاتبوون بۆ ئێرە، نە فارسییان دەزانی، نە تورکی، وەک دیارییەک سێ کتێبیان بۆ هێنابووم کە ناوی من لەو سێ کتێبەدا هەبوو. دوای شۆڕش کوڕەکەی لە ئێرانەوە دەعوەتنامەی بۆ دەنووسێت کە بێت بۆ ئێران، بەڵام شەش ڕۆژ پێش کاتی هاتنی دەمرێت، ئێستا منداڵەکانی هاتوچۆی ئێران دەکەن. لە خوشکەکەم تەنها یەک کوڕی هەیە، کە ئەویش چەند جارێک سەردانی کردووین. زۆرێک لە خەڵکی ئێران لە دەوروبەری قەفقازن، چارەنووسی ئەویش ئاوها بوو، ئێستا ئەو سێ کەسە کە جلوبەرگی سواڵیان پۆشیبوو، هەرسێکیان مردوون، ئەو سێ کەسە یەکێکیان لە گەنجە بوو، یەکێکیان لە ئۆراڵ، یەکێکیان لە باکۆ، هەواڵ هات کە هەرسێکیان مردوون.

عەلی ئەشـــرەف دەروێشـــیان: خەڵکی بەرازجان چۆن خەڵکێک بوون، ژیانیان چۆن بوو؟

سەفەرخان: خەڵکێکـــی بەدبەخت بوون، لەو بیابانە چۆڵ و گەرمەدا زۆربەیـــان کاری جووتیارییان دەکرد. ئاو و هەواکەی وشـــک و گەرم بوو، ئاوەکەیان ســـوێر و قوڕاو بوو، لە ڕووی سیاســـییەوە زۆربەیان سەر بە بەرەی میللی بوون، کاتێک گرووپەکەی مەهدی بازرگان هاتن، ئەوان دەســـتە دەستە دەهاتن بۆ ســـەردانیکردنیان، لەسەر ئەو هەموو دەستکورتییەیانەوە دیاریشیان دەهێنا.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: خەڵکی بەرازجان؟

ســـەفەرخان: بەڵێ، کاتێک مەهدی بـــازرگان و هاوڕێکانی هاتن ئەوەندە ســـەردانیکردنیان هەبوو کـــە نەدەژمێردرا. گرووپ گرووپ دەهاتـــن، ســـەد کەس، پەنجا کـــەس. دواتر پۆلیـــس قەدەغەی کرد و ڕێگای نەدەدا بێن بۆ زیندان. مەهدی بازرگان خەڵکی ئەو ناوچەیەی دەناســـین و ئەوانیـــش دەهاتن بۆ ســـەردانیکردنیان. هەڵســـوکەوتی برادەرانـــی میللی لەگـــەڵ ئێمەدا زۆر باش بوو. مەهـــدی بازرگان و هاوڕێکانی بەیەکەوە یاریی تۆپی باسکەیان دەکرد، هەر کاتێک مەهدی بـــازرگان یارییەکـــی خراپی بکردایـــە، ئێمە زۆر پێدەکەنین. خۆشـــی ئەوەندە پێدەکەنی ناچار دادەنیشـــتە سەر زەوی. یادی بەخێر دکتۆر شـــەیبانیش کەســـێکی زۆر باش بوو. چەندین ڕۆژ لەکاتی عەســـردا مەهدی بازرگان وتاری بۆ دەداین، ئێمەش دەچووین دادەنیشـــتین و گوێمان لە وتەکانی دەگرت.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: لە زیندان وتارتان دەدا؟

سەفەرخان: بەڵێ، حکومەت حەقی نەبوو بەسەرمانەوە، پێش ساڵی (١٣٥٠) لە زیندانی قەســـریش هـــەر وەها بوو، ئەو کاتەی کە تۆ هاتیت بۆ زیندان ســـەردەمی تـــرس و تۆقاندن بوو، دوو کـــەس نەیاندەتوانی

بەیەکەوە قسـە بکەن، بەڵام لە بەرازجان پۆلیس حەقی بەسـەرمانەوە نەبـوو، تەنانـەت پۆلیـس سـەردانی ژوورەکانیشـی نەدەکردین. هەر پاسـەوانێک بۆخـۆی نێرگەلەیەکـی پێبـوو بۆ خـۆی لە گۆشـەیەکدا دادەنیشـت و نێرگەلـەی دەکێشـا، منیـش دەچوومە لایانـەوە و چەند قومێکم لە نێرگەلەکە دەدا و قڕان و نیوێکم دەدا بە پاسەوانەکە. تووتن هەرزان بوو، خۆشمان لە حەوشی زینداندا تووتنمان دەچاند.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: بەیانیان کاتێ لە خەو هەڵدەستان بەرنامەتان چی بوو؟

سەفەرخان: بەرنامە بەدەست خۆمان بوو، جگە لە کتێب خوێندنەوە و وەرزشـکردن، شـتێکی ترمان نەبوو. نە کەسێک سەردانی دەکردین، نە کەسـێک هەبوو قسەی لەگەڵدا بکەین. دوای بردنی گرووپی مەهدی بازرگان و ئەفسـەرەکان، ئیتر ئەو حەوت هەشـت کەسـە ماینەوە کە پێشتر باسم کرد.

عەلی ئەشـرەف دەروێشیان: پێویسـتییەکانی وەرزشکردنتان هەبوو؟

سەفەرخان: بەڵێ، پێویستییەکانیان پێدابووین، زیندانییەکانیش چەند شتێکیان لە قوڕ دروستکردبوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: شەوانە هەرکاتێک حەزتان بکردایە دەخەوتن؟

سەفەرخان: بەڵێ، بە ویستی خۆمان بوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ڕادیۆکەی تۆ چەند مەوج بوو؟

سـەفەرخان: من بـە نهێنی ڕادیـۆم هەبوو، ڕادیۆکـەم دوو مەوج بوو، بـەڵام خۆمان دەمانتوانی دەسـتکاریی بکەین و هەر مەوجێکمان

بویســتایە دەمانتوانی دروســتی بکەین، بەڵام نەماندەتوانی بە ئاشــکرا ڕادیۆ بەکاربهێنین.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: ئەو ڕادیۆ نهێنییە کێ بۆتۆی هێنا؟

سەفەرخان: سەردانیکارێک زۆر بــە نهێنی بۆی هێنایە ناو زیندان، کاتێک لە بەرازجانەوە هاتمە قەســر ئــەو ڕادیۆیەم لەگەڵ خۆمدا هێنا، بەشێوەیەکی زۆر زرنگانە هێنام تاکو نەکەوێتە بەردەست پۆلیس. کاتێک ڕەوشی ناو زیندان سەخت بوو، ڕادیۆکەم لەژێر کاشیدا شاردەوە، من دوو دانــە ڕادیۆم لە زیندانی قەســر لەژێر کاشــیدا شــاردووەتەوە. تا ئێستاش هەر لەوێن و هیچ کەسێک پێیان نازانێت، تەنها خۆم دەیزانم.

عەلــی ئەشــرەف دەرویشــیان: ئەگــەر بکرێــت هــۆکاری دوورخســتنەوەی ســەرگوردی تۆپخانە یەدوڵڵای شەهید زەند بۆ بەرازجان و چارەنووسی ئەومان بۆ باس بکەیت.

ســەفەرخان: چارەنووســی ئەو کارەســاتێک بوو، ئێستاش کاتێک بیرم دێتەوە غەمگین و بێتاقەت دەبم، شەهید زەند سەرگوردی تۆپخانە بــوو، ئەندامی ڕێکخراوی ئەفســەرانی حیزبی تــودەی لقی کرمان بوو، ئــەو لە دادگا حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچــوو. دیارە من ئەوەی لە ماوەی چەند ســاڵدا بیســتوومە ئەوەت بۆ باس دەکــەم. دیارە ئەوەی بیســتوومە لە کەســانی باوەڕپێکراوم بیســتووە، چونکە من لە مانگی ئابانــی (١٣٤٧) لە بەرازجانەوە گواســترامەوە بۆ زیندانی قەســر، ئەو ڕووداوە ترســناکە لە ساڵی (١٣٣٩) ڕووی دابوو. دیارە پێشتر گووتم لەگەڵ شــەهید زەند بەیەکەوە لە زیندانی بەرازجان بووین. دەیانگووت لە هەمان ئەو ســاڵەدا کە لەژێر حوکمی سێدارەدا بوو، ببووە کەسێکی گۆشــەگیر، لە بەرنامەکانی حیزب بەشداریی نەدەکرد، دوای یەک ساڵ لەگەڵ چلوســێ کەسی تردا حوکمەکەی گۆڕا بۆ هەتاهەتایی، کەسێکی زۆر هێمــن و میهرەبان بوو. کەســێکی چــالاک و ڕێکوپێک بوو. دیارە

لەسـەر بیروبـاوەڕی خـۆی کەسـێکی زۆر توند بـوو، هەندێک جار لـەو کارەدا زیادەڕەویشـی دەکرد، کەسـێکی بەبیانوو بـوو، تەنانەت لـە کار و بـاری ناومالّیـش بەتایبەتـی بەرامبەر بە ژنەکەی کەسـێکی وەسـواس و بەدبین بوو، لەگەڵ هەموو شـتێکدا بەدبین بوو، بەلاّم بە ویژدانـەوە ژنەکەی کەسـێکی وەفـادار و بەڕێز بوو. ڕەوشـی زیندان سـالّی (١٣٣٩) و تەنانـەت دواتریـش زۆر باش نەبوو، چەند کەسـێک نامەی پەشیمانبوونەوەیان نووسیبوو، ڕۆیشتبوون، وەکو هەندێک لەو کەسـانەی کە بە خارکییەکان ناسـرابوون، لە دوورخراوەکانی خارک بـوون. زیندان دابەش ببوو بەسـەر دوو بەشـدا، هەندێکیان لایەنگری ئەوان بوون، کە نامەی پەشیمانبوونەوەیان نووسیبوو، هەندێکی تریش بە توندیی دژایەتییان دەکردن، واتە ڕەوشێک هاتە پێش کە نزیک بوو پێکدادانێک ڕووبدات، بەلاّم ڕۆشـنبیریی ئەفسەرە تودەییەکان ڕێگریی لەو پێکدادانە کرد. ئەو دوو دەستەیە کاتێک بەلای یەکدا تێدەپەڕین تیر و توانجیان لە یەکتری دەدا. بەهەرحاڵ ژمارەیەک دابڕان و نەیانتوانی لە زینداندا بمێننەوە. شـەهید زەند لەسەر هەڵوێستی خۆی بەردەوام بوو، لەگەڵ هیچ کەسـێک هاوڕێیەتی نەدەکرد، بە هەر کەسـێک بگەیشـتایە تانەی لێدەدا، بەلاّم لەناو زیندانییەکاندا هاوڕێیەکی دڵسۆزی هەبوو کە بەیەکـەوە لە یەک ژووردا دەژیان و بەیەکەوە هاوسـفرە نەبوون، ئەو هاوڕێیەی ناوی خەلیلی بوو، سەرگورد خەلیلی.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەگەر ماندوو نیت باسێکی سەرگورد خەلیلیمان بۆ بکە.

سـەفەرخان: ئەو سـەرگوردی سـوپا بـوو، ئەندامـی ڕێکخراوی سەربازیی حیزبی تودەی ئێران بوو لە لقی تاران، حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووبوو، دوای یەک ساڵ هەروەکو شەهید زەند حوکمەکەی بوو بـە هەتاهەتایی. ئەو هەرگیز هیچی نەدەخوێندەوە، زانیاری زۆر کەمی هەبوو، کەسێکی وشک بوو، هەر کەسێکی تازە دەهاتە زیندان، سەردانی

دەکــرد و گەرموگــوڕ بــوو لەگەڵیدا، بــەڵام دواتر ئــەو گەرموگوڕییە نەدەما، زیندانییەکان لەبەر ئەو ڕەفتارە وشک و دووڕووییەی خۆشیان نەدەویست.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: ڕووداوی کوشتنی خەلیلی بە دەستی شەهید زەند چۆن بوو؟

ســـەفەرخان: ئەو دوو کەســـە هاوڕێی یەکتری بوون، بەو هۆیەوە بنەماڵەکەشـــیان لـــە دەرەوە ببوونـــە دۆســـت و هاوڕێـــی یەکتـــری، بە جۆرێک کە ڕۆژانی سەردانیکردن ژن و منداڵی هەردوو لایان بەیەکەوە دەهاتـــن بۆ ســـەردانیکردن. خەلیلـــی کوڕێکی هەبـــوو تەمەنی نزیکەی (١٥) ســـاڵ بوو، ئەویش لەگەڵ کەســـوکاریدا هاتبوو بۆ سەردانیکردنی باوکی، واتە سەرگورد خەلیلی. ڕۆژێکیان لەکاتی سەردانیکردندا نازانم ئـــەو کوڕە چـــی جوڵەیەکی کردبـــوو، بۆ نموونە لای ژنەکەی شـــەهید زەندەوە وەستاوە، شەهید زەند پێی ناخۆش دەبێت. کاتێک دەگەڕێنەوە بـــۆ ژوورەکەیان شـــەهید زەند بـــە خەلیلی دەڵێت: پێویســـتە کوڕەکەت ئـــاگادار بکەیتەوە، ئاگاداری ڕەفتارەکانی خۆی بێت، خەلیلی کەســـێکی تـــوڕە و ڕقاویی بوو، لـــە وەڵامدا دەڵێت: تۆ کـــە ئەوەندە دەمارگیریت، بۆچی کارێکت کردووە کە بێیتە زیندان؟ شەهید زەند ئەو قسەیە لە دڵ دەگرێت و بێدەنگ دەبێت.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: ئەو ڕووداوە ساڵی چەند بوو؟

ســـەفەرخان: زســـتانی (١٣٣٩) بوو، کاتی نیوەشـــەو دەنگی تەقەی دەرگاکان دێت، هەمووان لە خەو ڕادەپەڕن. ئەوەی ئیسماعیل زولفەقاری بۆ منی باســـکرد، ئەوەیە کە شـــەهید زەند سەرەتای شـــەو (دەمبوڵی) وەرزشکردن دەباتە ژوورەوە و لەژێر نوێنەکانیدا دەیشارێتەوە، کاتێک کە خەلیل دەخەوێت شەهید زەند بۆئەوەی شوێنی دەستی لە دەمبڵەکەدا دەرنەچێـــت، بە ڕۆژنامەیەک دەســـکی دەمبڵەکە دەگرێت و دەیکێشـــێت

بەســـەری ئـــەو بەدبەختـــەدا. کاتێـــک زیندانییـــەکان بـــەدەم دەنگەکەوە دەڕۆن دیارە ئیسماعیل زولفەقاری لە پێش هەموویاندا دەگاتە سەری، کـــە ســـەیر دەکات خەلیلی لـــە بارێکی خراپدایە، تاکـــو نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی ئەو زیندوو دەبێت، بەڵام بێهۆش دەبێت. دووبارە شـــەهید زەند دەبەنەوە بۆ دادگا و بە تۆمەتی کوشـــتن حوکمی هەتاهەتایی دەدرێت. ئیتر لەوە بەدوا زیندانییانی سیاســـی، بەتایبەتی ئەفســـەرە تودەییەکان، نەیانهێشـــت شـــەهید زەند لـــە ژووری ئەواندا بێت. ئەویـــان لە زیندانی بەرازجـــان هێنایە لای من و دواتر بەڕێ کـــرا بۆ زیندانی عادل ئابادی شـــیراز، هەمیشـــە جێگای تەنهایان بە ئەو دەدا، بۆ نموونە یان کارگەی دارتاشـــی، یان شوێنی بەرگدوورین، ئیتر پەیوەندیی بە کەسانی ترەوە پچڕابوو. شـــەهید زەند لەگەڵ زۆربەی زیندانییان هەڵسوکەوتی خراپ بوو، دیارە هەر لەســـەر بیروباوەڕی خۆی بەردەوام بوو، بەڵام لەگەڵ زیندانییـــان زۆر بـــاش نەبوو. یەک جار شـــەڕی لەگەڵ منـــدا کرد، پێی گووتم (شەعبان بێمۆخ)، چونکە ئەویش وەک من حەزی لە پاڵەوانبازیی بوو. لە زیندان ئەگەر خواردنێکی هەبووایە، ئەوا ســـیری تێدەکرد، ئەو (٢٥) ساڵ زیندانیی کێشا. دوای کوشتنی خەلیلی، هیچ کەسێک نەدەهات بۆ سەردانیکردنی، ژنەکەی زۆر خۆش دەویست و لەدواییدا تەڵاقیشی دا، هیچ شـــتێکی لە هیچ کەسێک قبووڵ نەدەکرد، هەربۆیە ماوەی (٢٥) ســـاڵ هیچ میوەیەک نەچووە ســـەر دەمی، بێچارەییەکی زۆری کێشـــا، زۆر کـــەس خـــراپ لەگەڵیـــدا دەجوڵانەوە، کـــە نەدەبووایـــە ئەوها بن، دوای شـــۆڕش کە ئازاد بوو، دوو مانگ زیاتر لە ژیاندا نەمایەوە و بە شێرپەنجەی خوێن کۆچی دوایی کرد.

ئەفســـەرەکان هەوڵـــی زۆریـــان دا تاکو بـــۆ چارەســـەر بینێرن بۆ مۆســـکۆ، بەڵام درەنگ ببوو، کار لـــەکار ترازابوو. لە ژوورەکەی ئەودا هیچ کەسـێک بۆی نەبوو جگەرە بکێشـێت، من ماوەیەک لەگەڵ ئەودا لـــە یەک ژووردا بووم، باش دەیزانی کە من جگەرەکێشـــم، بەڵام لەبەر ڕێـــزی ئەو دەهاتمە دەرەوە جگەرەکەم دەکێشـــا، ئەو بـــە تەنها دەژیا،

هەموو کەسێکی بە خراپ دەزانی، گومانی لە هەموو کەسێک هەبوو، کە لە شـیراز بووین ژنەکەی و براکەی هاتبوون بۆ سەردانی، هەرچەندم لەگەڵ کرد نەڕۆیشت بۆ لایان، ئیتر ئەوە بوو ژنەکەی تەڵاق دا. کاتێک لە بەرازجان بووین ژنەکەی بۆئەوەی لێی نزیکبێتەوەماڵەکەی هێنابوو بۆ بەرازجان و لەو شـارە دۆزەخئاسـایەدا دەژیا. شەهید زەند پارەی پێدابـوو تاکو دیـواری ئەو خانووەی گرتوویەتی؛ بـەرز بکاتەوە، تاکو هیچ کەسـێک ژنەکـەی نەبینێت. ئەگەر خەلیلی بەدبەختی نەکوشـتایە، ئەو کەسێکی باش بوو، کەسێکی ئازا و خۆڕاگر بوو، بەڵام بەو کارەی خراپی کرد. کاتێک شـۆڕش ڕوویدا و ویستیان ئازادمان بکەن، بە منی گووت: بینیت هەموو نامەی لێبووردنیان نووسی و خەریکە هەموویان ئازاد دەکرێن، بەڵام من نامەم نەنووسی و ئازاد ناکرێم. منیش گووتم: وا نییـە ئەوەتا هـەزاران کەس ئـازاد دەکرێن، ئایا ئەمانـە هەموویان نامەیان نووسـیوە. من ڕۆژێک لە پێش ئەودا ئازادکرام، خۆی گەیاندە لام و گووتـی: تـۆ چۆن ئازادکرایت، دواتر خۆشـی لـەدوای من ئازاد کرا. ئیتر قسـەی تری نەکرد، ئەو دوو دۆسیەی هەبوو، ئەگەر شۆڕش نەکرایە هەرگیز ئازاد نەدەکرا و هەتاهەتایە لە زینداندا دەمایەوە، دوای دوو مانگ بە نەخۆشـیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد، هەوای دەرەوە بۆ ئەو باش نەبوو.

عەلی ئەشـرەف دەرویشیان: بەڵام سـەفەرخان کاتێک من لە بەندی چـوار زیندانیی بووم، تۆش لە بەندی شـەش بوویت. لە کاتی پشکنینی ژوورەکاندا هەموو بەندییەکانیان دەکردە حەوشەی بەندی شەش، من لەوێ ئەوم دەبینی، یەکەمجار کە بینیم گووتم: ئەمە چۆن زیندانییەکە، کـە ملپێچی پێیە، پاڵتۆی پێیە، چاکەت و پانتۆڵـی لەبەردایە. قۆندەرەی جوان و بۆیاخکراوی لەپێدایە. بەلامەوە سەیر بوو، ڕووخسارێکی کراوە و سوری هەبوو، بەردەوام دەهات و دەچوو پیاسـەی دەکرد لە سـەربازێک دەچوو. هەندێک

جار ماوەی چەند کاتژمێرێک لە بەندی شەش دەبووم بە بەهانەی پرسینی چەند وشەیەکی ئینگلیزی خۆم دەگەیاندێ و کەمێک قسەم لەگەڵدا دەکرد، ئەو زۆر بە هێمنی قسەی لەگەڵدا دەکردم.

سەفەرخان: بەڵێ، کەسێکی هێمن بوو، بەڵام لە دەروونیدا شتێکی تر بوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: لە کاتی کودەتای (٢٨)ی موردادی (١٣٣٢) (١٩٥٣/٨/١٩) تۆ لە کوێ زیندانیی بوویت؟

سەفەرخان: لە زیندانی تەبریز بووم، من لێپرسراوی کۆمیتەی زیندان بووم، لەلایەن زیندانییەکانەوە هەڵبژێردرابووم. ئێمە لەناو زینداندا کۆمیتەیەکمان دروستکردبوو تایبەت بە کێشە و کاروباری خۆمان. ئەو کەسانەی کە تازە دەستگیر دەکران و دەیانبردنە دادگا و دەیانهێنانەوە لای ئێمە، لەوێ چەند مانگێک دەمانەوە ئێمە قسەمان بۆ دەکردن و هاوکارییمان دەکردن و نەماندەهێشت تووشی کێشە و ناڕەحەتی ببن. لەو پارەیەی لەناو زینداندا هەمانبوو، بەشی ئەوانمان لێدەدا، ڕۆژانە دوو قران و سێ قرانمان بە هەر یەکێکیان دەدا، ئەوانەی کە دەهاتن و هاوکارییمان دەکردن، زۆربەیان لاو و منداڵ بوون، چەقۆکێش و سەرسەرییەکانی ناو زیندان دەیانویست دەستدرێژییان بکەنە سەر، ئێمەش ڕێگرییمان لێدەکردن. کاتێک کودەتای (٢٨)ی مورداد شکستی هێنابوو، شا ڕایکردبوو، ڕۆژێک ژنێک هاتبوو بۆ سەردانیکردنی زیندانییەک. گووتبووی ئێمە بەرنامەی هەڵاتنی ئێوەمان دانابوو، بەڵام کودەتای (٢٨)ی مورداد بەرنامەکەی هەڵوەشاندەوە. دوای کودەتا شا هاتەوە و پۆلیس کەوتنە گیانمان، دەستیان کرد بە لێدان و دارکاریی و کەلەپچەکردنمان، بەتایبەت زۆریان لە براکەم دا. ئەو گەنج بوو، ئازا و نەترس بوو، هەرچییەکی بویستایە دەیکرد. من لە دەرەبەگەکان و شاپەرستەکان چەند کەسێکم دەناسین، ڕۆیشتم بۆ لایان و داوای هاوکارییم لێکردن تا براکەم زۆر ئازار نەدەن.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: شاپەرست و دەرەبەگەکان بۆچی لە زیندان بوون؟

سەفەرخان: لە دەرەوە خۆپیشاندان و تێکهەڵپڕژان بوو، پۆلیس نەیدەزانی کێ تاوانبارە و کێ تاوانبار نییە، لە هەردوو لای دەستگیرکردبوو. هەندێک لەوانەیان تەنها بۆ ئازاردانی زیندانییانی سیاسی هێنابووە ناو زیندانەوە. ڕەوشەکە زۆر ناخۆش بوو، لە حەوشەی زیندانی گشتیی هەزار کەس بەسەریەکدا کەوتبوون. دوو کەس لە ئێمە مافی ئەوەمان نەبوو بەیەکەوە دابنیشین و قسە بکەین، ئەوەش بەهۆی کودەتاکەوە بوو. لە دەرەوەی زیندان دەنگی هاتوهاوار دەهات، ئێمە لەناو زیندان گوێمان لە هاوار بوو، دەیانگووت دار و دەستەی شا هاتوونەتە ناو زیندانەوە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئێوە چۆن لە هەواڵی دەرەوەی زیندان ئاگادار دەبوون؟

سەفەرخان: ڕادیۆمان لابوو، سەردانیکردنیش هەبوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ڕۆژنامەشتان بۆ دەهات؟

سەفەرخان: بەڵێ، ڕۆژنامەمان بۆ دەهات، ڕۆژنامەی نهێنیشمان لابوو، ڕۆژنامەکانی (شەهبازە، بەرەو ئاییندە، چەلەنگور) دەگەیشتنە دەستمان. پارەمان بە کەسێک دابوو ئەو شتی بۆ دەکڕین و ڕۆژنامەشی بۆ دەهێناین، کاتێک دەرمانی بۆ دەهێناین و لەناو ژوورەکاندا دابەشی دەکرد، لەناو کارتۆنی دەرماندا کاغەز و نامەی بۆ دەهێناین و دەیدایە دەست من، منیش دەمدا بەو کەسانەی کە دەمناسین، وەڵامەکەشمان دەنووسییەوە و دەماندایەوە دەست هەمان کەس تا بیگەیەنێتە دەرەوە. ئەو کەسەش لەژێر چاودێریی دکتۆرێکدا کاری دەکرد، ئەو خۆی زیندانیی نەبوو، هاوکاری پزیشک بوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ڕۆژنامەکان چۆن دەگەیشتن؟
سەفەرخان: هەمان کەس دەیهێنان، لەناو جلەکانیدا دەیشاردنەوە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: لەکاتی ڕاپەڕینی سێی تیری (١٣٣١) (١٩٥٢/٥/٢٤) تۆ لە کام زیندانە بوویت؟
سەفەرخان: من ئەو کات لە زیندانی ئورمیە بووم، (قەوام سەرکار) بوو بە سەرۆک وەزیران و گووتی: لە ئازەربایجان داری سێدارە هەڵدەخەم، هێندەی نەمابوو بەڵێنەکەی خۆی بباتە سەر، بەڵام ڕاپەڕین دەستی پێکرد. لە زینداندا پڕوپاگەندەیەکی زۆر دەکرا، زیندانییەکان ئومێدیان زۆر بوو ئازاد بکرێن.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئایا لە سەردەمی دکتۆر موسەدیقدا لەناو زینداندا گۆڕانکاریی کرا؟
سەفەرخان: زۆر کرا، وەک پێشتر باسم کرد من بە لەسێدارەدان حوکم درابووم، لەپڕێکدا نامەیەک هات و گووتیان بە زوویی پارێزەرێک بگرە، دوای دە ڕۆژ نامەیەک هات و گووتیان تۆ دەنێرین بۆ دادگا و دادگای سەربازیی نەما، دۆسیەکەیان ناردم بۆ دادگای گشتی و منیشیان برد بۆ دادگای تەبرێز.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: دوای کودەتای (٢٨)ی مورداد کێیان هێنا بۆ زیندانی تەبرێز؟
سەفەرخان: زۆر کەسیان هێنا، زیاتر تودەییەکان بوون، ژمارەیەکی تریشیان هێنا کە کەسانی گرنگ نەبوون، تەنها ئەوەبوو کەمێک هەڵسوکەوتیان دژی شا بوو، وەک مەحمود ستالین و قاسم قوزافە.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: مەحمود ستالین؟!
سەفەرخان: بەڵـێ، ئەو کەسێکی ناسراو بوو، قاسم قوزافە، مەهدی سـمێڵ، چەند کەسـێکیان لەوانــە هێنابوو. دکتۆرێکیشــیان هێنابوو کە ناوەکەیم بیر نەماوە، ئەوان دوو سێ ساڵ زیاتر نەمانەوە.

عەلی ئەشـــرەف دەرویشیان: مەحمود ســـتالین کێ بوو، ئەگەر بکرێــت لەبارەی ئـــەوەوە کەمێکم بۆ باس بکەیــت، بۆچی پێیان دەگووت ستالین؟
ســـەفەرخان: ئەو ســـمێڵێکی پان و گەورەی هەبوو، ئەوان نزیکەی شەست کەس دەبوون، کەسانی گەورە و بەخۆوە بوون، بە شەقامەکاندا دەڕۆیشتن و خۆیان دەردەخست، تەبریزییەکان هەریەکە و نازناوێکیان هەیــە. کاتێک ئازادکرام ڕۆیشــتم بۆ تەبریز و مەحمود ســتالینم بینی، ئەو بێچارەیە پیر ببوو ســـمێڵەکانی ســپی ببوون. هەندێک جار پۆلیس ســوودی لێوەردەگرتن بــۆ ئازاردانی زیندانییان. مەشــدی ئیبراهیم و مەشــدی عەســکەر لەوانە بوون کە ئــازاری زیندانییــان دەدا. ئێمە بۆ ڕووبەڕووبوونــەوەی ئــەوان مــاوەی حەوت ڕۆژ مانمــان لە خواردن گــرت، تاکو دواتر ئێمەیان لــە ئەوان جیاکردەوە. ئــەوان هەندێک جار دەڕۆیشتن بۆ ناو شار.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: واتە لە زیندان دەڕۆیشتنە دەرەوە؟
سەفەرخان: بەڵێ، لەگەڵ پۆلیسدا دەڕۆیشتن، پێویستییەکانی خۆیان دەکڕی و دەگەڕانەوە.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: باشە پۆلیس لە ئەوان نەدەترسا؟
سەفەرخان: ئــەوان پارەیان هەبوو، ڕشوەیان دەدا، پارەیان دەدا بە پۆلیس.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئێوە لەگەڵ گرووپە سیاسییەکانی تر کێشەتان بۆ دروست دەبووا، بۆ نموونە لەگەڵ بەرەی میللی.

سەفەرخان: ئێمە لە زیندانەکانی ئورومیە و تەبرێز بەرەی میللیمان لەگەڵدا نەبوو، ئەوەی هەبوو حیزبی تودە و لایەنگرانی تیپی ئازاربایجان بوون.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: کەواتە تەنها لە زیندانی بەرازجان لەگەڵتاندا بوون؟

سەفەرخان: بەڵێ، لە بەرازجان و تاران.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئایا شەڕ لەنێوان ئەواندا ڕووی دەدا؟

سەفەرخان: کەس لەگەڵ من شەڕی نەکردووە، هەمووان ڕێزی منیان دەگرت، مەهدی بازرگان دەهات و شۆخیی لەگەڵدا دەکردم دەیگووت هاوشارییەکەم. دەیگووت: هاوشاریی، من خەڵکی مەیدانی (قورتم). قورت مەیدانێکە لە تەبرێز. دکتۆر سەحابی پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ مندا هەبوو، ئەوان ڕۆژانە لە تارانەوە سندووقی میوەیان بۆ دەهات، دکتۆر سەحابی میوەی بۆ من دەهێنا، منیش میوەی ئەوانم نەدەخوارد تکای دەکرد بە گریانەوە دەیگووت خێرت دەگا لێمی وەربگرە و بیخۆ. منیش وەرم نەدەگرت.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: بۆچی نەتدەخوارد؟

سەفەرخان: ئەو کاتە نەفسێکی بەرزم هەبوو، بەڵام ئێستا وا نەماوم، ئەوکات ئیرادەم هەبوو، دەمگووت دەبێت بەو جۆرە لە زینداندابم، نەک ئەوەی چاوم لە خەڵکانی تر بێت، یان سوود لە کەسێک ببینم، زۆر کەس پارەیان پێدام و لێم وەرنەگرتن. دەیانگووت وەرە لەگەڵ ئێمە خواردن بخۆ، نەدەڕۆیشتم، تەنها یەک کەس کە ناوی (نیک ئایین)

بوو هەندێک جار لەگەڵ ئەودا دەڕۆیشتم بۆ نانخواردن، ئەو ئەندامی ڕێکخراوی سەربازیی بوو، بە تەنها بوو، هەندێک جار لەگەڵ ئەودا خواردنم دەخوارد.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ناوی خۆی چی بوو؟

سەفەرخان: ئیسماعیل، ئیسماعیلی نیک ئاین، بەیەکەوە وێنەمان هەیە، دەتوانیت دواتر ببینی. جارێکیان دوو هێلکە و دوو پەتاتە و یەک باینجانم لەگەڵ خۆم برد تا بەیەکەوە بیخۆین، بەوە زۆر توڕە بوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەویش تودەیی بوو؟

سەفەرخان: بەڵێ، گووتم: لە ڕێکخراوی سەربازیی بوو، سەرگورد بوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەی بۆچی لەگەڵ ئەفسەرەکاندا ڕێک نەبوو؟

سەفەرخان: ئەخلاقێکی تایبەتی هەبوو، کەسێکی ڕەق و توند بوو، ڕووبەڕووی هەموو کەسێک دەوەستایەوە. شێخ و مەلای نەدەناسی، لەگەڵ هەمووان توند بوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: پاسەوان و چاودێرەکان: لەگەڵ گرووپە جیاوازەکاندا یەک ڕەفتاریان هەبوو، لەگەڵ بەرەی میللی و تودەییەکاندا وەک یەک دەجووڵانەوە.

سەفەرخان: لە زیندانی بەرازجان لەناو هۆڵەکاندا پاسەوان نەبوو، ئەوان دەڕۆیشتنە حەوشەکە و لەوێ نێرگەلەیان دەکێشا، هیچ کارێکیان بەسەر ئێمەوە نەبوو. گووتم: من دەڕۆیشتم کەمێک نێرگەلەم لەگەڵ دەکێشان، من ماوەی یانزە ساڵ نێرگەلەم کێشا، توتن هەرزان بوو، ڕۆژانە بایی سێ شایی توتنم دەکڕی. لە سەرەتای هەفتەدا پارەیان

پێدەداین، ماسـییەکم دەکڕی بە دوو قڕان، یان سـێ قڕان، سەروپێ بە پێنج قڕان بوو، هاوبەشم هەبوو بەیەکەوە دەمانکڕی.

عەلی ئەشرەف دەروێشـیان: ئەو کەسانەی لەگەڵ تۆدا بوون، کەسیان لە بەرامبەر پۆلیسدا هەڵوێستیان نزم بوو؟

سـەفەرخان: بەڵێ، هەبوون، تۆش خۆت بیستووتە، چەند کەسێک هەبوون بە نهێنی کاریان بۆ پۆلیس دەکرد. ژمارەیەکیش بە ئاشکرا.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: مەبەسـتم زیندانی بەرازجانە. لە بەرازجان ئەو جۆرە کەسانە هەبوون؟

سـەفەرخان: لە بەرازجان ئەو جۆرە کەسانە نەبوون، بەڵام دواتر پەیدا بوون، لە تاران ئاخوندێک هەبوو بە ناوی عەبدولڕەزای حیجازی دوای شۆڕش و ئازادبوونمان ڕووتیان کردەوە و جلەکانیان لەبەر دانا، زۆر کەسی ئاوها هەبوون، بەڵام ناویانم بیر نەماوە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: لەو سەردەمەدا کێ لە هەموو کەس زیاتر لە بەرازجان مایەوە؟

سـەفەرخان: هیچ کەسێک جگە لە ئێمە کە چوار پێنج کەسی تورک و کـورد بووین، هیچ کەسـی تر نەبوو. من و عەزیز یوسـفی و غەنی بلوردیان و جەلیلی گادانی.

عەلی ئەشرەف دەروێشـیان: بەهۆی توندیی گەرماوە تووشی نەخۆشیی نەدەبوویت؟

سـەفەرخان: مـن تاکو کاتژمێـر (٣)ی دوانیـوەڕۆ لەژێـر پانکەدا دادەنیشـتم، لە کاتژمێر سـێ بەدواوە دەڕۆیشتمە حەوشە و وەرزشم دەکرد، لە ماوەی دوو کاتژمێردا ئارەقە لە گیانم دەچۆڕا، وەرزشـێکی گرانم دەکرد، (١٢٠) کیلۆم هەڵدەگرت، دواتر دەڕۆیشتم بۆ حەمام.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەگەر قسەت نەماوە، لەبارەی زیندانی بەرازجان و پێش ساڵی (١٣٤٧/ ١٩٦٨) پێم باشە بچینە سەر باسی زیندانی قەسر.

سەفەرخان: زۆر حەز دەکەم کەمێک باسی حوسێن قولیخانی گەنجەیی بکەم، ئەو پیاوێکی گەورە بوو، زۆر کاریگەریی لەسەر من هەبوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: هەرچیت پێخۆشە بیڵێ، من حەزدەکەم گوێبیستت بم.

سەفەرخان: حوسێن قولیخان لە گوندی شیشوان لەدایک بووە، واتە هەمان گوندەکەی من، ئەو زەوی نەبوو، هیچ شتێکی نەبوو، لە باخێکدا لەگەڵ باوکی دەژیا، لە سەردەمی لاوێتیدا کەسێکی سەرکێش بوو. لە سەردەمی ڕەزا شادا هەمیشە لەگەڵ ئاغا و دەرەبەگەکانی گوندەکەماندا کێشەی هەبوو، ژمارەیەک لە ئاغاکانی گوندی ئێمە بە خوێنی ئەو تینوو بوون. ڕۆژێک حوسێن قولیخان دەستگیر دەکەن و دەیبەن بۆ زیندانەکانی خۆیان لە ژێرزەمینێک دایدەنێن و تا دەتوانن دارکاریی دەکەن و دوای ماوەیەک ئازادی دەکەن، چەند جارێکی تر دەیگرن و ئازادی دەکەن. ڕۆژێکیان حوسێن قولیخان سەری گەرم دەبێت، ناحەزەکانی کەمێک دەرمانی پێدەدەن، بۆئەوەی سست و بێ توانا بێت و بێن و بیگرن، بەڵام ئەو بەردەوام چەکی پێبوو، لە چایخانەیەکدا دانیشتبوو، پۆلیس بۆی دێن تاکو بیکوژن. ئەو کە پۆلیسەکان دەبینێت ڕادەکات و پۆلیس شوێنی دەکەون و تەقەی لێدەکەن، لەو ناوەدا دوو کەسی بێتاوان دەکوژرێن. یەکێکیان ناوی فەرمان بوو، ئەوی تریان گۆزەکەری گوندەکەمان بوو، ئەو دوو کەسە مردن و هیچ کەسێک نەیتوانی بەرامبەر پۆلیسەکان قسەیەک بکات، یان بڕوات شکات بکات.

حوسێن قولیخان بەردەوام لە ئازەربایجان و کوردستان و

سنووری عێراق و ئێران لە هاتوچۆدا بوو، کەمێک فێری کوردی ببوو، لە کوردســتان دۆست و ئاشــنای زۆری هەبوو، چونکە لە زیندانەکانی عێراق لەگەڵ زۆر کەس ببوونە هاوڕێ و ناســیاوی یەکتری، بەردەوام لەگەڵ ئەواندا دەڕۆیشــت بۆ عێراق شتومەکی دەهێنا، وەک: جلوبەرگ، قوماش و شــتی تر... ئەو شتومەکەکانی دەدا بە ئێمە و خۆی نەدەهات بــۆ ناوچەکەی خۆمان. لە شــوێنێکی دوورەدەســت شــتەکانی دەدا بە ئێمە و ئێمەش دەمانبردن بۆ تەبریز و لەوێ دەمانفرۆشــتن. لە ســاڵی (١٣١٥) (١٩٣٦) بــەدواوە بــە تەواویــی خــۆی لــە پۆلیس شــاردەوە، ڕۆژێکیان ســوپای ڕوســیا بە تۆپ و دەبابەوە هاتبوون بۆ گوندەکەی ئێمە، لەشــکری ســێی تەبریز هاتبوون و لە گوندەکەی ئێمەدا چەکیان بڵاوکردبووەوە، هەر کەســێک هەر شتێکی دەســت بکەوتایە دەیبرد و دەیشاردەوە. لەشکری سێ، تفەنگ و ڕەشاش و تۆپی زۆر هێنابوو، ئەو چەکانەیان جێهێشــت و خۆیان هەڵاتن. هەر کەسێک لە خەڵکی گوند و ناوچەکە تفەنگێکیان دەستکەوتایە، هەڵیان دەگرت و دەڕۆیشتن بۆ لای حوسێن قولیخان. نزیکەی دووسەد، یان سێسەد کەس لێی کۆبوونەوە، دوای چەنــد ڕۆژێــک لە کوردســتانەوە بەڕێکەوتن و گەیشــتنە بناو و مەراغــە. لەگەڵ هاتنیاندا چەندین کەســی تــر پەیوەندییان پێوەکردن و ژمارەیان بوو بە نزیکەی حەوتســەد کــەس. ڕۆژێکیان دەڕۆن بۆ بناو بۆ چەککردنی پۆلیسەکانی ئەوێ. ئێمە کە هەواڵەکەمان زانی ڕۆیشتین بــۆ هاوکاریکردنــی، ژمارەیەک لە خەڵکی گوندەکەمــان چەکدار بوون، بەڵام وەک پێویســت هاوکاریی ئەویــان نەکرد، چونکە لەنێوان خۆیاندا کێشەیان هەبوو.

ڕۆژێــک ژمارەیەک لە ئاغاکانی نەغــەدە دێن بۆ بناو و دەچنەماڵی (ســەیف عولەمــا) تاکو چەک بکڕن، ئەوان شــەش حــەوت ئاغا بوون. حوسێن قولیخان هەواڵی پێدەگات و چەند چەکدارێک دەنێرێت تاکو ئەو ماڵە گەمارۆ بدەن، ســەیف عولەما کوڕەکانی لەگەڵدا بوو. شــاری بناو لەژێر فەرمانڕەوایی ئەواندا بوو، سەیف عولەما لە قەڵاکەی خۆیدا بوو،

ئەمان لە خوارەوە ئەوانیش لەسەرەوە شەڕە تەقەیان بوو، حەوت کەس لە چەکدارەکانی حوسێن قولیخان کە لە خوارەوە بوون و هێرشیان دەبرد، کوژران. یەکێک لە کوژراوەکان ئامۆزای حوسێن قولیخان بوو ناوی محەمەد بوو، ئەوان سەریان گەرم بوو، لە مردن نەدەترسان، لە پلیکانەکان دەچوونە سەرەوە و گوللەبارانیان دەکردن. کاتێک حوسێن قولیخان هەواڵەکە دەزانێت، هێزەکەی دەنێرێتە سەربانی حەمامەکە کە لە قەڵاکەوە نزیک بوو، لە سەربانی حەمامەکەوە ڕەشاشەکەی دەخاتە کار، تەقەیان لێدەکات تاکو تەسلیم دەبن. واتە داورودەستەی سەیف عولەما تەسلیم دەبن، کوڕە گەورەکەی سەیف عولەما عەبای ژنان لە خۆیەوە دەپێچێت و ڕادەکات. ئێستاش ئەو دوژمنایەتییە لەنێوان ئەواندا هەر ماوە. حوسێن قولیخان حەوت کەس لەو ئاغایانە دەگرێت کە هاتبوون بۆ چەک کڕین و لە تۆڵەی ئەو حەوت کەسەی کە کوشتبوویان هەر حەوتیان دەکوژێت، ئیتر چەند ڕۆژێک بناو لەژێر دەسەڵاتی حوسێن قولیخاندا دەبێت و دوای چەند ڕۆژێک دەڕوات بەرەو (چارئوسماخ) و (قوروچای)، کە ناوچەیەکی گەورەیە و چەند هەزار ئاوایی تێدایە و هەمووی بەدەست دەرەبەگەکانەوە بوو. بە هەر شوێنێک دەگەیشت، ئاغاکانی چەک دەکرد، دواتر ڕۆیشت بەرەو قەرەقاز و ئەوێی کرد بە شوێنی نیشتەجێی خۆی. دوای شەش مانگ سوپا و پۆلیس هاتن و لە مەراغە جێگیربوون. حوسێن قولیخانیش دێت بۆ مەراغە. ڕوسەکان دەزانن کە لە تەبرێزەوە سەرباز بەڕێکراون تاکو حوسێن قولیخان دەستگیر بکەن، بۆیە بە زوویی هەواڵی پێدەدەن، بەڵام ئەو ئەوەندە زرنگ دەبێت باوەڕ بە هیچ کەسێک ناکات، باوەڕی بە ڕوسەکان نەکرد، بەڵام سەربازەکان گەیشتن و شەڕ دەستی پێکرد. سەربازەکان لە ماڵەکاندا سەنگەریان گرت و گەمارۆیان دان، ئەوانیش بە هێرش و هەڵاتن سواری ئەسپەکانیان بوون و گەمارۆیان شکاند و لە مەراغە ڕۆیشتنە دەرەوە. لە دووریی چوار فرسەخ لە مەراغەوە ڕوسەکان دێنە سەر ڕێگای و پێشنیاری بۆ دەکەن و دەڵێن وەرە ئێمە

باشـــترین چـــەک و هەرچییەکی بتەوێت پێتی دەدەیـــن و بڕۆ تەواویان بگـــرە و هەمووان چـــەک بکە و دەرەبەگەکان تێکبشـــکێنە. ڕوســـەکان تەواوی ئەو بەڵێنانەی بە ئێمە و بە پیشـــەوەریان دابوو، بە ئەویشـــیان دابوو، ئەو کاتە هێشتا تیپی ئازەربایجان دروست نەببوو، تەنها حیزبی تودە چالاکی هەبوو، بەڵام موحسین قولیخان باوەڕی بە حیزبی تودە و ڕوسەکان نەبوو، ئەو هەر کاتێک ژمارەی چەکدارەکانی کەمی دەکرد و حکومەت هێرشی بۆ دەهێنا بە زوویی دەڕۆیشت بەرەو لای ڕووباری جەغاتـــوی میاندواو، کە بەدەســـت کوردەکانەوە بـــوو. کوردەکان هەر گرووپێکیان دووســـەد، یان سێسەد چەکدار دەبوو، مهابادیش بەدەست عەشـــایەری کوردەوە بوو، بەڵام خەڵکیـــان ئازار نەدەدا. ئەوکاتە قازی محەمەد پێشـــەوایان بوو، دواتر حوســـێن قولیخان دەگەڕێتەوە گوندی شیشوان، واتە گوندەکەی ئێمە، دەیەوێت لەوێوە بڕوات دەست بەسەر شـــاری ئازەر شەهردا بگرێت، کە حەوت فرسەخ لە تەبرێزەوە دوورە، لـــەوێ گوندێک هەیە بە ناوی (شـــیرامین) دەڕۆنە ئەو گوندە لە لایەکی گوندەکەوە جەمشـــید خانی ئەســـفەندیاری بوو، کە تەواوی گوندەکانی (فەرمان فەرماییەکانی) دەســـت بەسەردا گرتبوو، چەکدارێکی زۆریشی هەبـــوو. نێوانـــی میاندواو و مەلەک کەندیش لەژێر دەســـتی ئەودا بوو. چەکدارەکانی جەمشیدخان لە میاندواوەوە پۆلیسەکانیش لە تەبرێزەوە دێن لە گوندی شیرامین شەڕێکی سەخت ڕوو دەدات. شیرامین گەمارۆ دەدرێت، بەڵام حوسێن قولیخان بە ئازایەتی خۆی گەمارۆکە دەشکێنێت. یەک کەسی لێ ناکوژرێت و لە گوندەکە دەڕواتە دەرەوە.

دواتر هەندێک لە ئاشـــناکانی کە پەیوەندییان بە حوکمەتەوە هەبوو، دێنـــە لای و پێـــی دەڵێن شـــا لێـــت دەبووریت و پلەی بـــەرزت پێدەدات وەرە لەنـــاو ســـوپادا خزمەت بکە، یان لە بەشـــی پۆلیـــس خزمەت بکە. ئەویـــش قبوولـــی دەکات و لە ماڵی مەلەک قاســـم ســـوێند بـــە قورئان دەخـــوات کە جارێکـــی تر یاخی نابێت و دەڕوات ئـــەو ئاغایانەی کە لە حکومەت هەڵگەڕابوونەوە، چەکیان دەکات و لەگەڵ پۆلیســـەکان تێکەڵ

دەبێـت و چەکدارەکانیشـی دەبنـە پۆلیس. ڕۆژێک بانگهێشـتی دەکەن بـۆ تەبرێـز و دەڵێن خـۆت و چەکدارەکانـت سـەردانی تەبرێز بکەن بۆ وەرگرتنی مووچەکانتان. کاتێک حوسـێن قولیخـان دەگاتە تەبرێز، سـەرهەنگ شـەقاقی لێپرسـراوی پۆلیسـی تەبرێز بڕیار دەدات کە بە زوویی چواردەوری بگرن و دەسـتگیری بکەن. دەسـتگیری دەکەن و بەڕێی دەکەن بۆ زیندانی قەسـری تاران، پێنج سـاڵ حوکم دەدرێت، لە زیندانی قەسـر لەگەڵ چەند کەسێک دەبێتە شەڕیان و هەربۆیە لەوێوە دوانزە زیندانیی دووردەخەنەوە بۆ زیندانی بەندەر عەباس، کە حوسێن قولیخانیش یەکێکە لەوانە.

(زەنگەنە) فەرماندەی لەشـکری چواری ئورومیـە بوو، (کاتوزیان) جێگری بوو، لە سـەردەمی کۆماری ئازەربایجاندا ئەوان هەردووکیان لای ئێمـە دیـل بـوون، چووم بۆ تەبرێز و ڕۆیشـتم بـۆ لای جەنەڕاڵ (کەبیری)و گووتم: بەڵکو کارێک بکەیت ئەو دوانزە کەسـەی لە بەندەر عەباس زیندانیین، بەتایبەت باسـی حوسێن قولیخانم کرد، بەڵکو لەگەڵ زەنگەنـە و کاتوزیـان ئاڵوگۆڕیان پـێ بکەین، بەداخـەوە ئێمە کەمێک دواکەوتین، کاتێک کۆماری ئازەربایجان تێکشکا و ئاغا و دەرەبەگەکان دەسـەڵاتیان گرتەوە دەسـت و دادگای سـەردەمی جەنگیان پێکهێنا و حوسـێن قولیخانیان هێنایەوە تەبرێز و دادگاییان کرد، لە ماوەی دوو کاتژمێردا هێنایانە بناو و لەوێ لەسـێدارەیان دا. من هەرچەندە باسـی ئازایەتـی و لێهاتوویـی ئەو پیاوە بکەم، کەمـم گووتووە، ئەو دەیتوانی ئـەو پارانەی دەسـتی دەکەوێت بۆ خـۆی بەکاری بهێنێـت و ببێت بە ملیۆنێر، بەڵام کاتێک لەسـێدارەیان دا تەنها حەفتا تومەنی لەدوا جێما، کە ئەویش بە قەرز دابووی بە کەسێک.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: گووتت خەڵکی گوندەکەی ئێوە بوو؟

سـەفەرخان: بەڵێ، خزمـی ئێمە بوو، کوڕە پـووری باوکم بوو، لە گوندەکـەی ئێمـەدا ژن و منداڵی هەبوو، کوڕەکەی ئێسـتا لە ئورومیە

نیشتەجێیە و نازانم کاری چییە، ژنەکەشی ڕۆیشت بۆمیاندواو لەگەڵ کەسێکی تردا هاوسەرگیریی کردەوە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: هاوتەمەنی تۆ بوو؟

سەفەرخان: نەخێر، لە من گەورەتر بوو، هاوتەمەنی زاواکەمان بوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: واتە هاوتەمەنی حەیدەرخانی ئافاقی بوو؟

سەفەرخان: بەڵێ، ئەو کاتە من تەمەنم بیست ساڵ بوو، ئەویش نزیکەی (٣٢) ساڵ بوو، دوانزە ساڵ لە من گەورەتر بوو، هەر کاتێک دەهات بۆ شیشوان زۆربەی کات دەهاتە ماڵی ئێمە. مامێکی لە شیشوان هەبوو نەدەچووە ماڵی ئەوان، لەوە دەترسا پۆلیس مامی دەستگیر بکەن. لە ئازەربایجان کەسێکی زۆر ناسراو بوو، بەڵام هیچ بیروباوەڕێکی سیاسی نەبوو، هیچ شتێکی بۆ خۆی نەدەویست، هەر شتێکی دەستبکەوتایە بەسەر جووتیارانی هەژاردا دابەشی دەکرد. عەمباری گەنمی ئاغاکانی بەتاڵ دەکرد و بەسەر جووتیاراندا دابەشی دەکرد، ئاغاکانیش لە تۆڵەی ئەوەدا بە چەک بەرەوڕووی دەبوونەوە.

حوسێن قولیخان نزیکەی هەزار چەکداری هەبوو، هەموویان کەسانی ئازا و چالاک بوون و سەربازییان کردبوو. کەسانی ئاسایی لەناو ئەواندا نەبوو، هەریەکە و لەسەر کێشەیەک هاتبوو، بۆ نموونە کەسێک ئاغایەکی کوشتبوو ڕایکردبوو، هاتبووە لای ئەو، یان کەسێکی تر لە دەست ئاغا ڕایکردبوو، بەو جۆرە هەموویان لە ئەو کۆببوونەوە و بۆ خۆیان لەشکرێکیان دروستکردبوو.

ڕۆژێک حەوت هەشت کەس لە ئاغاکان لە کۆشکێکی نزیک گوندی (کوقالی) کۆدەبنەوە، حوسێن قولیخان پێیان دەزانێت و دەڕوات دەستگیریان بکات، ئەوانیش کە دەزانن گەمارۆدراون، تەسلیم دەبن و چەکەکانیان دەدەن بە حوسێن قولیخان. حوسێن قولیخان پێیان دەڵێت:

ئێستا بڕۆن بۆ تەبریز و جارێکی تر نەگەڕێنەوە بۆ ئێرە، هەر ئەو ئاغایانە بوون کە ئەویان ڕاکێشایە سەر پەتی سێدارە. سەرەتا ویستیان لە حەمامێکدا بیکوژن، بەڵام حوسێن قولیخان کەسێکی وریا و چالاک بوو، دوو کەسی لە ئەوان کوشت و هەڵات. هەمان ئەو جەمشیدخانەی کە پێشتر باسم کرد، کاتێک ڕاپەڕینی ئازەربایجان دروستبوو هات بۆ تەبریز، نزیکەی (٣٠٠ تا ٤٠٠) چەکداری لەگەڵدا بوو، براکەشی لەگەڵ ئێمەدا بوو، واتە ئەندامی تیپ بوو. چەکی هەڵگرتبوو و هاتبووە لای ئێمە. جەمشیدخان لە هەلێک دەگەڕا تاکو پەیوەندیی بکاتەوە بە حکومەتەوە. کاتێک سوپای شا هاتەوە تەبریز، ئەو بوو بە سەردەستەی ئاژاوەچییەکان. دەیانگووت ڕۆژێک شا ویستوویەتی بەرەو مهاباد بڕوات، لە میاندواو ئەم جەمشیدخانە زۆر بە دەوروبەری شادا دێت و دەچێت. شا دەپرسێت: ئەم سەرهەنگە کێیە؟ دەڵێن ئەمە بۆ ئازادکردنی ئازەربایجان ئەوەندە خەڵکی کوشتووە لەپای ئەو ئازایەتییەیدا ئەو پلەیەیان پێ داوە. ئەویش گۆڕ بەگۆڕ چوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: کاتی ڕاپەڕینی پانزەی خوردادی (١٣٤٢) (١٩٦٣/١/٥) تۆ لە کام زیندان بوویت؟

سەفەرخان: من لە بەرازجان بووم، شا ئینقلابی سپی کردبوو، ئەو دەیویست بە درۆ و ساختەیی وڵات ئاوەدان بکاتەوە، بەڵام سەرکوتکردنی وەحشییانەی عەشیرەتەکانی باشوور، کە سەرکێشییان دەکرد، هەموو وڵاتی هێمن کردەوە. چەند کەسێکی لە خەڵکی ڕاپەڕیو لەسێدارە دا. لە مانگی بەهمەنی (١٣٤١) لە قوم خوێندکارانی خوێندنی زانستی ئایینی (حەوزەی عیلمی) دەستیان کرد بە ڕاپەڕین، ئایەتوڵڵا خومەینی چەند وتارێکی توندوتیژی دا و بەو هۆیەوە دەستگیرکرا. بەهۆی دەستگیرکردنییەوە خەڵکی شارەکانی قوم و شیراز و وارمین و تاران ڕژانە سەر شەقامەکان. شەو ڕادیۆی مۆسکۆمان کردەوە. گووتی: ئەوانە ژمارەیەک بوون لە نەیارانی شا، بەڵام دوایی هەواڵمان

پێگەیشت کە خەڵکانی ڕۆشنبیر و خوێندکاران و تودەییەکان بە گشتی بەشداریی ڕاپەڕینەکە بوون، بەتایبەت خەڵکی وارمین و بە خۆپیشاندان دێـن بەرەو تاران، بەڵام تەقەیان لێ دەکرێـت و زۆربەیان دەکوژرێن. لــە قــوم و تاران و شــیرازیش خەڵکێکــی زۆر کوژران. ســەربازەکان بێبەزەییانە لوولەی چەکەکانیان کردبووە خەڵک و کوشــتبوویانن، بەو جۆرە ڕاپەڕینەکەیان سەرکووت کرد.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: هیچ کەســێک لەوانەی بەشداریی ڕووداوەکەی پانزەی خوردادیان کرد، لە زیندانی بەرازجان بوون؟

سەفەرخان: بەڵێ، موحسین تاهیری و وەکیلی، دیارە چەند کەسێکی تریــش کــە دوورخرابوونەوە بــۆ بەندەر عەباس و دواتــر هێنایاننەوە بــۆ تــاران، ئەوانیش بە ناوەکانی باقریان، خاقانی، شمشــاو، عەباس و حوســێن ئەم دووانەیان برابوون، بەردەوام بەیەکەوە شەڕ و هەرایان بــوو، لەگــەڵ خەڵکانــی تریش شــەڕ و هەرایــان بوو. بە حوســێنیان دەگووت حوســێن کاردی، تەییب و ئیسماعیل حاجی ڕەزایی لەسێدارە دران، تەییــب پێشــتر لە کەســانی چەقۆکێش و لایەنگری شــا بوو. لە (٢٨)ی مــوردادی (١٣٣٢) لەگەڵ شــەعبان بێمۆخ کەوتنە ســەر گیانی خۆپیشــاندەران، تەییب دژی حکومەتی موسەدیق بوو، بەڵام لە پانزەی خورداد پشتی میللەتی گرت، هەربۆیە لەسێدارە درا.

عەلی ئەشــرەف دەروێشــیان: ئەوانەی لە زیندانی بەرازجان لەگەڵتدا بوون، کێت بیردێت؟

ســـەفەرخان: زۆر کەسم لەگەڵدا بوو، پێشتر ناوی زۆر کەسم برد، زۆر کەســی ترم لەگەڵدا بوو، بەڵکو ناویان بێتەوە یادم. یەکێک لەوانە دکتۆر بەنی تەرەقی بوو، کە کتێبی (ئۆپارین)ی وەرگێڕابوو، ئەو ساڵی (١٣٣٢) خوێندکاری کۆلێژی پزیشــکی بوو، دوای کودەتا دەســتگیرکرا و ســێ ســاڵ زیندانیی کێشــا، دوای تەواوکردنی ماوەی زیندانییەکەی

ڕۆیشــتەوە بۆ زانکۆ تاکو خوێندنەکەی تەواو بکات، لە کاتی خوێندندا گرووپێکی لە خۆی کۆکردەوە. ساڵی (١٣٣٨) دووبارە دەستگیرکرایەوە و بە پانزە ساڵ زیندانیی حوکم درا. ساڵی (١٣٥٣) ئازادکرا. ئەو کەسێکی زۆر بــاش بوو، لە زیندانــی بەرازجان لەگەڵ ئێمەدا بوو، دکتۆری ئێمە بوو، کەســێکی ڕۆشــنبیر و وردبیــن بوو، دکتــۆری زیندانەکە بوو، لە تــەواوی کارەکانی ناو زیندان بەشــداریی دەکرد، کەســێکی هۆشــیار و ڕۆشــنبیر بوو، بەڵام لە ڕووخســـار و هەڵســوکەوتدا لە کرێکارێکی زەحمەتکێش دەچوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: سەر بە کام گرووپ بوو؟

ســـەفەرخان: خــۆی گرووپێکــی دروســتکردبوو، بەینــی لەگــەڵ تودەییەکان زۆر باش بوو، بەڵام ســەر بە تودە نەبوو، لەســەر هەمان ڕێبازی تودەییەکان بوو.

ده ساڵەی سێیەمی زیندان (١٣٤٧– ١٣٥٧)

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: ساڵی چەند لە زیندانی بەرازجانەوە گواسترایتەوە بۆ زیندانی تاران؟

ســەفەرخان: پاییز بــوو، مانگی ئابانــی (١٣٤٧) بــوو، من و غەنی بلوریان و عەزیز یوســفی و حەمیدخام نەریمانی و بەدرەدین مەدەنی بووین، پێشــتر حیکمەتجــۆ نێردرابوو بۆ شــیراز، دوایــی بردیانەوە بــۆ تــاران. ئێمەیان ســواری پاس کــرد و ژمارەیەکــی زۆر پۆلیس و ئەفســەرێکیان لەگەڵ ناردین، هەموومــان کەلەپچەکرابووین، لەو ڕێگا دوورەدا بەدرەدیــن مەدەنــی و نەریمانــی خــراپ نەخۆشــکەوتن، بە درێژایــی ڕێگا چەند جارێک گیانیان کەوتە مەترســییەوە، هەر چۆنێک بێت گەیشــتینە تاران و بردیانینە زیندانی ژمارە چواری قەســر. لەگەڵ گەیشــتنمان ئێمەیان کردە ڕاڕەوەکەوە، چەند کەســێک لــە هاوڕێیانی ڕێکخراوی ســەربازیی و چەند کەســێکی مەزهەبی لەمبەر و ئەوبەری ڕاڕەوەکە وەستابوون و ئەملاولای یەکتریمان ماچ کرد. ئەو ڕاڕەوە پڕ بــوو لە زیندانییانی ڕۆحانی و هاوڕێیانی خۆمان، شــەو هەموومان لە دەوری یەکتــری کۆبووینەوە. مەزهەبییەکان خواردنیان هێنا و هەموو بەیەکــەوە خواردمان، لەناو مەزهەبییەکاندا؛ ئایەتوڵڵا ڕەبانی شــیرازی و ئایەتولــڵا تاڵەقانــی و دیارە مەهــدی بازرگان و دکتۆر ســەحابیش لەوێ بوون، ئەم دووانەیان دوای یەک مانگ حوکمەکەیان تەواوکرد و ئازادبوون. چەند کەســێکی تریش بە لێبووردنی گشتی ئازادکران. هەر ئەو شــەوەی کە ئێمە گەیشــتینە زیندانی قەسر لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی ئــەوێ نێوانمــان زۆر خۆش بوو، ڕێزێکی زۆریــان لێگرتین و زۆریان خزمەت کردین، ئیتر ڕزگارمان بوو لەو دۆزەخەی بەرازجان.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ڕەوشی زیندانی ژمارە چواری قەسر چۆن بوو؟

سەفەرخان: ژمـارە چوار حەوشـێکی گەورەی هەبوو، حەوزێک لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا بوو، چەند دار توویەک بە دەوری حەوزەکەدا بوون، کە لە دەرگاکەوە دەچوویتە ژوورەوە دەگەیشـتی بە ڕاڕەوێکی تەسـک، کە بە گشـتی حەوت ژوور لەسـەر ئەو ڕاڕەوە هەبوو، سـێ ژووریان زۆر گەورە بوون و چوار ژووریان بچووک بوون، ژوورەکان پەنجەرەی گەورەیان تێدابوو و ڕوویان لە حەوشـەکە بوو، لە پشـتی هـەر ژوورێکـدا هەیوانێک هەبـوو، لە لای خوارەوەی حـەوزە ئاوەکە کەپرێکیان دروسـتکردبوو، کە بە تووڵی دارمێو داپۆشرابوو. ئەو کاتەی ئێمە گەیشـتین؛ ژمـارە چـوار زیندانییەکی زۆری تێدابـوو. لە حیزبی میللی ئیسـلامی کازم بەجنەوەردی و ئەبوقاسـمی سـەرحەدی زادە و حوجەتی کرمانی. لە لیژنەی موئتەلیفیش ژمارەیەک هەبوو. لە زیندانییە کۆنەکانیش دکتۆر بەنی تەرەفی، ئاغا زادە، شـەیری، ڕەحیم بەغدادی، مەجید ئەمین-ی لێبوو. پێویسـتییەکانی وەرزشـکردن و کتێب هەبوو، ڕەوشـەکە خـراپ نەبـوو، ئێمە خواردنـی وشـک و ئامادەنەکراویان پێدەداین، خۆمان خواردنمان ئامادە دەکرد، گۆشـتیان بەجیا پێدەداین. چاودێریی و ئامادەکردنی خواردنەکەمان بە حاجی عێراقی سـپاردبوو، بۆ نموونە ئێمە خۆمان برنج و نیسـک و نۆکمان پاک دەکرد، تەنانەت سـەوزەش خۆمان چاکمان دەکرد و دەمانبردن بۆ شـوێنی چێشتلێنان و لـەوێ ئامادە دەکـرا. برادەرانی لیژنەی موئتەلیفـە و حاجی عێراقی کەسـانی زۆر باش بـوون، حاجی عێراقـی: زمانێکـی تایبەتی هەبوو، زمانـزان و قسـەزان بوو، ئەو گرووپـە جگە لە یەکێکیـان، ئەوانی تر کەسانی باش بوون.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: ئەو کەسە کێ بوو؟

ســەفەرخان: کەسـێک بوو زیندانییەکان پێیان دەگووت قەلەڕەش، دەڵێن ئێستا لە وڵاتی کەنەدایە و بازرگانی دەکات و ئۆتۆمبێلی دوایین مۆدێلی هەیە. ئاغای ئەنواریش کەسـێکی بەڕێز و خۆشەویسـت بوو، ئەو هیچ کاتێک عەمامەکەی سـەری دانەدەگـرت، ڕۆحانییەکانی تر کە دەهاتن عەمامەکەیان پـێ فڕێدەدان و جلوبەرگی تایبەتی زیندانیان پێ لەبەردەکـردن، بەڵام لەگەڵ حاجی ئەنواری وا نەبوون، ناڵێم کەسـێک بوو سـەر بە حکومەت بووە، بەڵام ڕێزیان لێدەگرت. ئەوانە هەموویان ڕەفتاریان باش بوو، کەسانی باش بوون، چوار کەسیان، واتە بوخرایی و سـێ کەسـی تریـان لەسـێدارە دران، بـەڵام یەکێکیـان خۆڕاگـر و بەرگریکار بوو، لەکاتی بەرپابوونی شۆڕش ئازادکرا، ئەو ناوی حاجی عەباسی مودەڕیسی بوو.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: من لە زیندانی کرماشان ئەو حاجی عەباسـەم بینیبوو، دوورخرابووەوە بۆ کرماشـان، بەیەکەوە لە یەک ژووردا بووین، بەڵام بەڕاسـتی کەسێکی ئازا و قارەمان بوو، حوکمی هەتاهەتایی درابوو.

سەفەرخان: بەڵێ، ئەو کەسێکی ئازا و خۆڕاگر بوو، ئەوان بە گشتی هەڵوێسـتیان لەگـەڵ ئێمەدا زۆر باش بوو، ئێمەیـان بە گڵاو نەدەزانی، قسە و بووختانیان بۆ هەڵنەدەبەستین، بێڕێزییان پێ نەدەکردین. شتێکت پێ دەڵێم، دیارە من خۆم ئەمەم نەبینیوە، بەڵام زیندانییەکانی تر بۆیان باسـکردووم. یەکێک لـەو مەزهەبییانە دەچێت بـۆ لای ئاغای تاڵەقانی و پێـی دەڵێـت: (ئێمە کە لەگەڵ ئەمانەدا هەڵسـان و دانیشـتن دەکەین و خواردنیـان لەگەڵـدا دەخۆین، زیانی هەیە، یان نـا. ئاغای تاڵەقانیش دەڵێت ئێوە بەهەشـتتان هەیە و لەبەر خاتری بەهەشت خەبات دەکەن، بەڵام ئەم بەدبەختانە هیچ شتێکیان نییە و دەبێت ڕێزیان لێ بگرین) من ئەمەم لە زمانی زیندانییانی ترەوە بیست، کە گووتی: ماڵ و پێنج یەکی

زەکاتی ئەمانە دەگاتە دەستی ئێمە. تەنانەت گووتیشی ئەگەر ئەمانە لەپێناو ئازادییدا بکوژرێن، ئەوا دەچنە خانەی شەهیدەوە. من بە گویی خۆم ئەوەم لێ بیستوون، کەچی ئێستا دەیانەوێت گوللەبارانمان بکەن. من لە زیندان بەردەوام بە نهێنی ڕادیۆم لابوو، ئایەتوڵڵا مونتەزیری دەهاتە سەر سفرەی ئێمە، ئێمەش دەچووینە سەر سفرەی ئەوان، هیچ قسەیەکیان نەبوو لەبارەی گڵاوبوونی ئێمەوە، هاتوچۆیەکی دۆستانەمان هەبوو. لەگەڵ ئاتوڵڵا شیرازی لە یەک ژووردا بووین و زۆر هاوڕێی یەکتری بووین، مەهدی کوڕی ئێستاش جار جارێک سەردانیم دەکات. سێ ساڵ لەگەڵ ئاغای تاڵەقانی بەیەکەوە بووین، لەم دواییانەدا تووشی نەخۆشیی شەکرە بوو لە نەخۆشخانە کەوت. حاجی ئەمانیش کەسێکی بێدەنگ و بەڕێز بوو، براکەشی لەسێدارە درا، ئێستا وابزانم بێ کارە. هاشمی ڕەفسنجانیش لە زیندانی ئەوین بوو، کە سەردانیکردنیان دەهاتن، دەیانبردن بۆ لای سەردانیکەران، ئەو و مونتەزیری و تاڵەقانیم زۆر دەبینی. جارێکیان لە زیندانی ئەوین ئایەتوڵڵا مونتەزیری گووتی: تۆ لێرە چی دەکەیت؟ منیش گووتم: ئێرە ماڵی خۆمانە. ئەو کەسێکی قسەخۆش و شۆخیباز بوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: واتە لەسەر دەستی مەزهەبی و چەپەکان، ڕەوشی زیندان ڕێکخرابوو؟

سەفەرخان: بەڵێ، کاتێک ئامادەکردنی خواردن کەوتە ژێر دەستی حاجی عێراقی و زیندانییە هەڵبژێردراوەکانی تر، ئێمە ڕزگارمان بوو لە دەنگەدەنگی پۆلیس. کاتی سەردانیکردنیش زۆر باش و بێ کێشە بوو. زیندانییەکان هەفتەی دوو جار سەردانیکردنیان هەبوو، خۆمان کەسێکمان کردبوو بە لێپرسراوی ڕێکخستنی سەردانی کەرەکان، وابزانم ئەویش ڕەزای شەلتوکی بوو. تاکو کۆتایی ساڵی (١٣٤٨)، کە من لە بەندی چواری زیندانی قەسر بووم تا ڕادەیەک ئارامیی هەبوو. گرووپی بێژەن جەزەنی کە پێشتر دەستگیرکرابوون، ڕۆیشتبوون

بـۆ دادگا، ئەوانیـش بەرگرییەکـی باشـیان لە خۆیان کردبـوو، بێژەن بـە یانزە سـاڵ زیندانی و ئەوانـی تریش بە دە سـاڵ حوکم درابوون. بەیانییەک بە دەنگەدەنگ لە خەو ڕاپەڕیم، سەیرم کرد سەربانی زیندان پـڕ بووە لە سـەربازانی چەکـدار و بە ڕق و کینەوە سـەیری ئێمەیان دەکـرد. بەڵێ، پۆلیس هێرشـی کردبووە سـەر بەندی سـێ و بێژەنی جەزەنـی، هەرچی برنج و نۆک و نیسـک و جلوبـەرگ و کتێب هەبوو هەموویان بەسـەر یەکدا دابوو، بە پێڵەقە کەوتبوونە سـەر ئەو شتانە، دوای یـەک کاتژمێـر چاوەڕوانـی هەواڵیـان هێنا کە گرووپـی بێژەن جەزەنی ویسـتوویانە لە بەندی سێوە ڕابکەن، واتە چوار کەس، لەوانە: مەسـعوفی کەلانتـەری و محەمەدی چوپانزادە و عەزیزی سـەرمەدی و سـورکی. ئەوان شـەو لە حەوشـەکەدا خۆیان دەشـارنەوە و ناچنە ژوورەکانی خۆیانەوە. توانیبوویان لە پارچەی جلەکانیان و شـەبەکەی یاریکردنی تۆپی باسکە، تەنافێک دروست بکەن و لە گۆشەی حەوشەی بەندی سـێ، کە لە شێوەی سێگۆشەیە، سەرکەونە سەرەوە. ڕووناکی گڵۆپەکان سـەر دیوارەکـەی ڕووناک کردبووەوە، بـە ماندووبوون و سکەخشـکێ خۆیان دەگەیەننە سـەر دیواری باخەکە، لەوێوە تەنافەکە شۆڕدەکەنەوە، دواتر خۆیان بە تەنافەکەدا شۆڕدەکەنەوە بۆ خوارەوە، لەو کاتەدا پاسـەوانێک لە دوورەوە دەردەکەوێت. محەمەدی چوپانزادە تازە گەیشـتبووە سەر زەوی، کە پاسەوان تێی دەخوڕێت و دەڵێت: تۆ کێیت نەجوڵێیت. بە زوویی پاسـەوان و پۆلیسـەکان دەگەنە سەریان و دەسـتگیریان دەکەنەوە. سـەرمەدی و سورەکی هێشـتا لە سەربانەکە مابوونەوە و نەچوبوونە خوارەوە. دوای ئەم ڕووداوە پۆلیس دەڕژێنە ناو زیندانییانی سیاسـی و ئاسـایی، بە شـەق و بە دار تێیان دەکەون، بـە بچووکترین بەهانە زیندانییەکانیان پەلبەسـت دەکـرد و دەیانبردن بۆ ژووری تاکەکەسـی. بۆ بەیانییەکەی پۆلیس هەڵیکوتایە سەر بەندی سێ و دەستیان کرد بە پشکنینی ژوور و کەلوپەلی زیندانییان و دواتر پشکنین لە تەواوی بەندەکاندا کرا.

ئەو سەردەمە لە زیندانی قەسردا زیاتر لە (١٢٠) زیندانیی تودەیی هەبوو، کە لەناو ئەواندا زیندانییانی کۆن هەبوو، وەک: (ئیسماعیلی زولقەدر، ئەبوترابی باقر زادە، ڕەزای شەلتوکی، عەباسی حەجەری، تەقی کەیمونی، عەلی حەمودی و زەحتاب).

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: لە جەژنەکانی یادی دوو هەزار و پێنجسەد ساڵەی شاهەنشایی لە زینداندا؛ ڕووبەڕووی هیچ دژە کردارێک بوونەوە؟

سەفەرخان: لە ساڵی (١٣٥٠)دا بە فەرمانی شا یادەوەریی کرایەوە، لەکاتێکدا کە گەلی ئێران لە بەدبەختی و کوللەمەرگی و نەخوێندەوارییدا بوون، زۆربەی گوند و شارەکان کارەبایان نەبوو. محەمەد ڕەزا شا و حکومەت بۆ ئەو یادە کە بە مەینەتی ملیۆنەها کەسی زەحمەتکێش بەرپاکرا، سێ ملیۆن و نیو گڵۆپی جوانکاریی لە وڵاتانی دەرەوە هاوردە کرد، تەنها لە فەڕەنسا هەزار کەسی جەواهێر ساز و سێسەد چێشتلێنەری هێنابوو، لەکاتێکدا لەو سەردەمەدا ئێران حەوتسەد ملیۆن دۆلار قەرزاری وڵاتان بوو، بەڵام (٣٠٣) ملیۆن دۆلاری بۆ ئەو یادە خەرجکرد. هەموو گرووپەکانی ناو زیندان لەو ڕەوشە توڕە و بێزار بوون، هەندێک زیندانیی شکستخواردوو و دابڕاو و سیخوڕیش کە هەوڵی ئازادییان دەدا دژی ئەو هەموو خەرجییەی شا بوون.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: لەو سەردەمەدا کام گرووپانە لە زیندان بوون؟

سەفەرخان: جۆرەها گرووپ هەبوو، وەکو چریک فیداییەکانی خەلق، موجاهیدینی خەلق، ئارمانی خەلق، گرووپی فەلەستینی، ئەستێرەی سور، تۆفان، ساکا، گرووپی ئەبازەر، حیزبی میللی ئیسلامی، لیژنەی موئتەلیفە و زۆر گرووپی تر. من دژی هەموو یادەکان بووم بە مەزهەبی و نامەزهەبییەوە. هەر یەکێک لەو گرووپانە هەوڵیان دەدا ئەو

زیندانییانەی تازە دەهاتن، ڕایانکێشن بۆ ناو گرووپەکانی خۆیان، بەڵام فیداییانــی خەلق و موجاهدیــن لە هەموویان کاریگەرتــر بوون، ئەوان بــەردەوام لە گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەدا بوون. بێژەنی جەزەنی کە پێشــتر دوورخرابــووەوە بۆ زیندانی قوم و تــازە گەڕاندبوویانەوە بۆ زیندانی قەسر، زیاتر دەهاتە لای من، ئەو قسەکانی ئەوەبوو دەیگووت: من زۆر دەمێکــە لەگەڵ حیزبدا ئاشــنام (ئەو باوکی تودەیی بوو، ســاڵی ١٣٢٥ ڕۆیشتبوو بۆ ڕوسیا و لە کۆتایی ساڵەکانی ١٣٤٠دا بە پاشگەزبوونەوە گەڕابووەوە)، ئەو دەیگووت: ئێوە باش دەزانن ماوەی بیستوپێنج ساڵە شــا بە هەموو تواناکانی خۆیەوە دژی حیزبەکەمان وەستاوەتەوە، من ئەگــەر بە ناوی حیزبەوە لەگەڵ ئەم لاوانەدا قســە بکــەم ئەوا ناتوانم، بۆیە واباشــترە باســی ئەزموونــی ڕابڕدووی حیزبیان بــۆ بکەم، تاکو ڕێگایان نیشــان بدەم بۆ خۆڕاگریی و بەرگرییکردن، بۆئەوەی نەکەونە ئــەو داوەوە کە حیزبی تێکەوتووە. بێژەنی جەزەنی زۆر حەزی دەکرد لەگەڵ کەســانی ســەر بە جوڵانەوەی تیپــی دیموکراتــی ئازەربایجان ئاشنا بێت و شارەزایی لەبارەیانەوە هەبێت، من هەرچیم لەو بارەیەوە دەزانی بۆم باسکردبوو. بێژەنی جەزەنی کەسێکی باش بوو، کاریگەریی لەســەر زیندانییــەکان هەبوو، کەســێکی تیــۆری بــوو، خوێندەوارێکی بــاش بوو، هەمــوو کەس گوێی لە قســەکانی دەگرت. مــن زۆر مەیلم بــە لای ئەودا هەبوو، بەردەوام خەریکی نووســین بوو، چەندین کتێبی نووســی. مێژووی ســی ســاڵە و کتێبەکانی تری لە زینداندا نووســی، ئەو بــەردەوام لەم زیندانــەوە بۆ ئەو زینــدان دەگوازرایەوە. زۆربەی کات لەکاتی پشــکنیندا پۆلیس دەســتی بەسەر نووسینەکانیدا دەگرت و لەنــاوی دەبردن، بەردەوام زیندانییەکانی لە دەوری خۆی کۆدەکردەوە و وانەی پێ دەگووتن، هەر زیندانییەک لە شارەکانی ترەوە دەهات، بە زوویی بەرنامەی بۆ دادەنا، بۆ نموونە فەرزینی ناجی، کە هاوشاری تۆ بوو، بێژەنی جەزەنی ســەرنجی لەسەری هەبوو. ئەو بەرنامەڕێژیی بۆ هەموو زیندانییان دەکرد، بۆئەوەی لەدوای ئازادبوونیان لە دەرەوە چی

بکــەن و چی نەکــەن، بەتایبەت ئەو زیندانییانەی کە ئازادبوونیان نزیک ببووەوە، ڕێنمایی دەکردن کە چی بکەن.

عەلی ئەشـــرەف دەروێشـــیان: پەیوەندیی ئەو لەگەڵ پۆلیسدا چۆن بوو، پۆلیس چ بەرکەوتنێکی لەگەڵیدا هەبوو؟

سەفەرخان: پۆلیـس حەقی نەبوو بەسەرییەوە، جارێکیان پۆلیسێک لە کونی دەرگاکەوە ســەیری کردبوو. هەڵسابوو لە پۆلیسەکەی دابوو. پۆلیـس کاری بەســەرییەوە نەبــوو، نەیاندەتوانی ســەر بخەنە ســەر زیندانییــان، بــەڵام بەهۆی ئــەو ڕووداوەوە. ژمارەیەکیــان بردبوو بۆ ژووری تاکەکەسی، کە لێیان دابوون، گووتبوویان تاکو نەڵێن هەڵەمان کرد وازتان لێ ناهێنین، ئەوەندەیان لێدابوون تاکو بێهۆشیان کردبوون. هەندێکیان گووتبوویــان هەڵەمان کرد، بەڵام هەندێکیان نەیانگووت. بۆ نموونە زۆریان لە موســای خیابانی دا، بەڵام ئەو هەر نەیگووت هەڵەم کــرد. ئێمە لە پشــتی دەرگاکەوە گوێمان لە وتوویژیــان بوو، نوێنەری ئێمە و پۆلیســەکان ســەعیدی خاڵی بێژەن جەزەنی بوو، ئەو کەسێکی زۆر بەڕێز بوو، زۆریشیان لە ئەو دا، بەڵام هیچی نەگووت.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ساڵی (١٣٥٤/ ١٩٧٥) کاتێک زانیتان ئەوان لەسێدارەدراون لە زینداندا، کاردانەوەتان چی بوو؟

ســەفەرخان: کات ئێــوارە بــوو، ڕۆژنامەیان بــۆ هێنایــن، زیندان سەراســەر بوو بە ماتەم، زیندانییەکان هەموو کەوتنە مقۆمقۆ، کە چی بکەین و چی نەکەین، نەیانتوانی هیچ بڕیارێک بدەن. سەرهەنگ زەمانی چەند زیندانییەکی بانگکرد بۆ نووسینگەی خۆی، لەوێ پێی گووتن من ئــەم زیندانە دەکەم بە زیندانێکی ســەربازیی. ئەوانە ویســتیان ڕابکەن هەربۆیە کوشــتمانن، هــەر زیندانییەکیش هەوڵی ڕاکــردن بدات، خۆم فەرمانی ســەرکوتکردنم لایە. ئێمە هیچ کارێکمان لەدەست نەدەهات، لە بەندی یەک و دوو و ســێ چەند هاوارێک هات و دواتر بێدەنگ بوون،

چەنــد زیندانییەکیان برد و دواتر بێدەنگیان کردن. ئێمە نەمانتوانی هیچ بکەین تەنها چەند خولەکێک بێدەنگ بووین.

عەلی ئەشــرەف دەروێشــیان: لەبارەی موجاهیدەکانەوە هیچ یادەوەرییەکت لایە؟

سەفەرخان: من زۆر لە مەسعود ڕەجەویەوە نزیک بووم، بەردەوام دەردەدڵی خۆی لای من دەکرد، کەمێک حەسـودیی بە بێژەنی جەزەنی دەبرد، هەندێک جاریش زەمی دەکرد و دەیگووت: ئەو (ماوییەکان) هان دەدات، ئاخر ئەوان هەموویان لە زینداندا لە یەک گرووپدا کۆببوونەوە و بــەردەوام بەیەکەوە کۆبوونەوەیــان هەبوو. دواتر دەهاتە لای من و دەیگووت: بێژەن ئەوای کرد و بێژەن ئەمای کرد. بۆ نموونە دەهاتە لام و دەیگووت: ئەو زیندانییەکان لە دژی من هان دەدات، بەڵام ڕووبەڕوو بەیەکەوە زۆر ئاســایی قسەیان دەکرد و هاوڕێی گیانی بەگیانی بوون. مەســعود ڕەجەوی کەسێکی سیاسی و سیاســەتمەدار بوو، کارەکانی خــۆی هەمــوو بە نهێنــی دەکرد، بە ئاشــکرا هیــچ کارێکــی نەدەکرد، بــەڵام بێژەنی جەزەنی ڕێک و ڕاســت کارەکانی دەکــرد. گرووپەکەی مەســعود ڕەجەوی یانزە کەس بوون، کە نۆ کەســیان لەسێدارە دران مەســعود ڕەجــەوی و بەهمەن بــازرگان حوکمی لەســێدارەدانەکەیان بــۆ کــرا بە حوکمــی هەتاهەتایی. کاتێــک من لە زیندانــی ئەوین بووم؛ مەســعود ڕەجەوی بە منی دەگووت: ســەفەرخان بە ئەوانە بڵێ کە لە ئێمە جیابوونەتەوە و هێڵێکی تریان گرتووە، ئیتر بە خۆیان نەڵێن ئێمە موجاهیدینیــن، بــا بڵێن ئێمە مارکســین و خۆیان تێکەڵــی ئێمە نەکەن. مەسعود ڕەجەوی حەپی ڤالیۆمی پێ دەدام تاکو شەوانە بتوانم بخەوم، ئەویش سەرئێشــەی هەبوو، بەردەوام ئازاری سەری هەبوو، هەمیشە پارچەقوماشــێکی بەســەرییەوە دەبەست، بەڵام کەســێکی زرنگ بوو، کەسێکی کاریگەر بوو، دەیتوانی هەمووان کۆبکاتەوە و چۆنی بییەوێت ئەوها لەگەڵیاندا بدوێت. ئەوان هەموویان نوێژیان دەکرد، بەیانیان زوو

له خەو هەڵدەستان و دەیانکردە دەنگە دەنگ و دەستنوێژیان دەشوری، پۆلیســەکان دەیانگووت: بۆچی بەیانیان زوو هەڵدەستن و دەنگە دەنگ دەکەن. ئەوانیش دەیانگووت: ئێمە دەمانەوێت زوو هەڵسین و دەستنوێژ بگریــن. دیارە دەنگە دەنگی پۆلیســەکان لە دەنگــە دەنگی ئەوان زیاتر بوو. پۆلیس دەیانویست بەو دەنگە دەنگەیان کێشە لەنێوان چەپەکان و مەزهەبییەکان دروســت بکەن، بــەڵام زیندانییەکان زرنگ بوون، لەگەڵ یەکتریــدا زۆر بــاش بــوون. هیچ کاتێــک موجاهیدیــن و چریکەکان لە بەرامبەر یەکتریدا تووشی هەڵە و ناخۆشی نەبوون.

عەلی ئەشرەف دەروێشــیان: ئەگەر بکرێت لەبارەی سیرویسی نەهاوەندی شتێکمان بۆ باس بکەیت.

سەفەرخان: سیرویسی نەهاوەندی کەسێکی خائین و خوێڕیی بوو، خیانەتــی لــە هاوڕێکانی کرد، تاکــو لە زینداندا بوو چریــک فیداییەکان مۆڵەتیان نەدەدا لە گەڵیاندا لە گرووپی زیندان بێت. ڕۆژێکیان کامەرانی ڕوفیمی، کە خۆی و براکەی لەسەر پەیوەندیی بە گرووپەکەی سیرویسی نەهاوەنــدی دەســتگیرکرابوون، هاتــە لای من و گووتی: ســەفەرخان نهێنییەک هەیە دەمەوێت بە تۆی بڵێم، بەڵام ئەگەر ساواک پێ بزانن بە دڵنیاییــەوە دەمکوژن. منیش گووتم: چی هەیــە بیڵێ؟ دڵنیابە کەس لێم نابیستێت. ئەویش گووتی: ساواک کارئاسانی بۆ سیرویسی نەهاوەندی کردووە تاکو لە زیندان ڕابکات و لە دەرەوە پەیوەندیی بکات بە کەسانی دژی ڕژێم. دیاربوو قسەکانی ڕاست بوو، چونکە من ماوەی یەک مانگ بەهۆی نەخۆشــییەوە لە نەخۆشخانەی سوپا مابوومەوە، زۆرم بیر لە هەڵاتن کردەوە، شوێنەکە وابوو کە هیچ کەسێک بە ئاسانی نەیدەتوانی ڕابکات. هەڵاتنی سیرویســی نەهاوەندی ســاختە و بەرنامەی ســاواک بوو. ئەمجارەش ســاواک هەروەکو ڕەوتی ئیسلامی واتە عەباس عەلی شەهریاری، دەستی کردەوە بە فێڵ و تەڵەکەبازیی. ژمارەیەک لە لاوانی تێکۆشــەری بەســۆز لەلایــەن بەکرێگیراوێکــەوە بە ناوی سیرویســی

نەهاوەندی خوێنیان بە خاک تێکەڵکرا. سیرویسی نەهاوەندی چەندین کەسی بەناوی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی خەلقی ئێرانی لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە، کە زۆربەیان کرێکار و خوێندکار بوون، ئەوانە هەموویان دەستگیرکران. من یەکێک لەوانەم بینی، ناوی حوسێن نامشی بوو، تەمەنی لە سی ساڵ زیاتر بوو، ئەو کاتێ دەستگیرکرا گومانی لە سیرویسی نەهاوەندی هەبوو. ئەوانە ڕێکخراوی شیراز بوون و سیرویسی نەهاوەندی لێپرسراوی ڕاستەوخۆی ئەوان بوو.

ساواک دەیویست بە تەواوی ئەو گرووپە لەناوبەرێت، بۆ ئەم مەبەستە ساڵی (١٣٥٥) لە تاران بەرنامەیەکی دانا بۆ دەستگیرکردنی تەواوی سەرانی ڕێکخراوەکەیان. بە ناوی کۆبوونەوە سیرویسی نەهاوەندی حەوت کەسی لە لێپرسراوانی ڕێکخراوەکە لە ماڵێکدا کۆکردەوە، کاتێک لە ماڵەکەدا کۆدەبنەوە، سیرویسی نەهاوەندی خۆی دوادەخات و ناچێت، لەو کاتەدا ساواک گەمارۆیان دەدات و دەیاندەنە بەر دەستڕێژی گوللە. هەر لە جێدا هەر حەوت کەسەکە دەکوژن، کە ئەمانە بوون: ١- محەمەد عەلی پارپاد. ٢- ماهروخ فەیال. ٣- مینا ڕەفیقی. ٤- جەلال دەهقان. ٥- مەسعود سادقی. ٦- محمد حوسێن زەکی زادە. ٧- ڕەحیم تەشەری. ئەوان هیچ کەسێکیان بە زیندوویی دەرنەچوون. دوای ئەو ڕووداوە هیچ کەسێک نەیزانی سیرویسی نەهاوەندی بۆ کوێ ڕۆیشت و لە کوێ خەریکی کارە خیانەتکارییەکانییەتی. دوای شۆڕشیش کەسێک چاوی بە ئەو نەکەوتەوە.

ڕۆژانە ڕەوشی زیندان خراپتر دەبوو، بەهۆی زۆریی دەستگیرکردنی خەڵکانی تازەوە و قەڵەباڵغی ناو زیندان، وای لێهات جێگای خەوتنمان نەبوو. لەنێوان ئەو دەستگیرکراوە تازانەدا کەسانی وا هەبوو کە هیچ ئاگایان لە سیاسەت نەبوو، لایەنگری هیچ ڕێکخراوێک نەبوون، تەنها بەهۆی گومانی ساواک دەستگیرکرابوون و خرابوونە زیندانەوە. ساواک لە شەقامەکاندا بڵاودەبوونەوە، گومانیان لە هەر کەسێک بکردایە دەستگیریان دەکردن و دەیانخستنە ژێر ئەشکەنجە. زۆرێک

له دەسـتگیرکراوان جووتیاران و کرێکارانی ئازەربایجان بوون، کە بۆ بەدەسـتهێنانی پـارووە نانێک ڕوویان کردبووە تـاران. بیرم دێت ئەو زیندانییە تازە دەستگیرکراوانە لە ژووری ئەشکەنجەوە دەهاتنە دەر و دەهاتنەوە لای ئێمە هەموویان قاچیان فەلاقە کرابوو، بنەپێکانیان شـین ببوونەوە لەسەر ئەو ئازارەش کە هەیانبوو بە خۆبادان و خوێندنەوەی سـروودی شۆڕشـگێڕانەوە دەهاتنە نـاو بەندییەکانـەوە. زۆرێک لەو زیندانییانـە نەخوێندەوار بوون، بەڵام دواتر هەوڵی خۆیان دا و بەهۆی خوێندەوارەکانـی نـاو زیندان هەموویـان بوون بە خوێنـدەوار. ڕژێم لە بیری داڕشـتنی پیلانێک بوو تاکو ڕەوشـی زینـدان و زیندانییەکان بگۆڕێت، چونکە بەرگەی ئەو ڕەوشـەی نەدەگرت. بۆیە لە ناچارییدا بە بەهانەی بێ بنەما دەستی کرد بە دوورخستنەوەی زیندانییان. هاوڕێیانی ڕێکخراوی سـەربازیی و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی تر دوورخرانەوە بـۆ عادل ئابادی شـیراز، زیندانییەکانی مەشـهەد، بروجـەرد، تەبرێز، پڕکرابوون لە زیندانیی. تەنها کەسانێک کە لە زیندانی قەسر مابوونەوە لە کۆنەکان من و عەزیز یوسفی و چەند زیندانییەکی تر بووین. کاتێک هاوڕێکانمـان بەڕێکـران دوو دانە بەتانی کۆنـە و دڕاویان دا بە من و عەزیز یوسـفی. ئێمەشـیان هەروەکو زیندانییە تازە دەستگیرکراوەکان برد بۆ بەندی (٣)، لەوێ تەواوی زیندانییەکان لە پێشوازییماندا وەستان و ڕێزێکی زۆریان لێگرتین. پۆلیس بەم کارە ترسـیان لێنیشـت، دیارە ئـەو پێشـوازیی و ڕێزگرتنـە بەهۆی خۆڕاگریـی و بەرگەگرتنی من و عەزیز یوسفی بوو. دوای ماوەیەک پۆلیس هێرشی کردە سەر زیندانی بەندی (٣)، دەستیان کرد بە لێدان و ئەشکەنجەدانی زیندانییانی سیاسی، دەستیان بەسەر تەواوی کتێب و پێویستییەکانی تردا گرت.

عەلی ئەشـــرەف دەروێشـــیان: لەبـــارەی گرووپـــی ئەبازەڕ چ یادەوەرییەکت هەیە؟

ســـەفەرخان: ماوەیەک بوو لە زیندانی قەسر لەگەڵ چوار زیندانیی تەمەن (١٨- ١٩) ساڵ کە لە دادگاکانی ڕژێمدا حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووبوو، وەرزشـــم کرد، ئێستا کەمێک باسی ئەوانت بۆ دەکەم، ئـــەو چوار لاوە خەڵکی نەهاوەند بـــوون و گرووپەکەیان ناوی ئەبازەر بـــوو، ئەوان بۆ بەدەســـتهێنانی چەک پەلاماری پاســـەوانێکیان دابوو و پاســـەوانەکەیان کوشـــتبوو، ئەوان لەگـــەڵ مامۆســـتایەکدا پەیوەندییان هەبوو، مامۆســـتاکە ناوی محەمەد تالیبان بوو، لێپرســـراوی ئەو چوار لاوە بوو. محەمەد تالیبان حوکمی دە ساڵ زیندانیی درا و چوار لاوەکەش حوکمی لەســـێدارەدانیان بەســـەردا درا. من زۆر هۆگری ئەوان بووم، ڕۆژێکیان دوانیوەڕۆ بوو خەریکی وەرزشکردن بووم، زیندانییەک هاتە لام و گووتی: ئەو چوار کەسە ناویان خوێنرایەوە، پێدەچێت لەسێدارەیان بدەن، ئێســـتا ئەوان دەیانەوێت چاویان بە تۆ بکەوێت، منیش ڕۆیشـــتم بـــۆ بینینیان، بـــەڵام لەوێدا ســـڵاوکردن و خوداحافیزیی لـــە فەرهەنگی شاهەنشاییدا تاوانێکی گەورە بوو، بە ناچاریی بەرەو لای ئاودەستەکان ڕۆیشـــتین و لەوێ بە نهێنی بۆ دوایین جار خوداحافیزیمان لە یەکتری کرد. ئەوان کەسانی هێمن و لەسەرخۆ بوون، دەستمان خستە دەستی یەکتـــری، بـــۆ دوایین جـــار یەکترییمان مـــاچ کرد. زۆر ئاســـایی بوون، وەک ئـــەوەی لە ئەم بەندەوە بڕۆن بۆ بەندێکی تر. کەوتبوومە دەریای بیرکردنـــەوە. پاســـەوانێک بـــە ناوی مـــورادی لە بەرامبـــەرم پەیدابوو. گووتی: وا دەزانیت چاوم لێ نەبووە، چاوم لێبوو لەگەڵ ئەوانەی بران بـــەرەو لەســـێدارەدان ئەمـــلاولای یەکتریتان ماچ دەکرد. مـــن کە لەناو ئاگـــری زوڵم و ســـتەمی ڕژێمی دیکتاتۆرییدا ســـووتابووم، گووتم: من نەمزانیوە کە ماچکردنی هاوڕێ تاوانە، ئێستاش کە ئەو کارەم کردووە، چیت پێخۆشـــە ئەوە بکە. مورادی کە لەو ســـاڵانەدا خوێنی زیندانییانی کردبووە شووشەوە. زۆرترین زیندانییانی ئەشکەنجە دابوو، پێکەنی و

گووتی: نا تۆ هاوشاریی منیت و هەربۆیە شکاتت لی ناکەم. پاسەوانانی زیندان بەردەوام لە هەوڵی شکاندنی کەسایەتیی زیندانییاندا بوون، هەر زیندانییەک بە هەر هۆیەک بووایە لە شوێنی زیندانیکردنی بەڕێ بکرایە، ئـەوا خوداحافیـزی دەکرد. شـەوێک لە حەوشـی زینـدان خەوتبووم، هەسـتم کرد کەسـێک دەمجولێنێت، لە جێگاکەم هەڵسـام، سەیرم کرد زیندانییەک بوو بە ناوی عوسـمان کە بەیانییەکەی ئازاد دەکرا، ئەو بە نهێنی خوداحافیزی لە زیندانییەکان دەکرد، بۆئەوەی پۆلیس نەمانبینێت لەژێر بەتانییەوە خوداحافیزیمان دەکرد و یەکترییمان ماچ دەکرد. زۆر مانەوەم لە زیندان و لەو ڕەوشـە نالەبارەدا مێشـکی تێکدابووم، بەبێ خواردنی حەپی ڤالیۆم شـەوانە نەمدەتوانی چەنـد کاتژمێرێک بخەوم. پۆلیسـەکان وەک ئـەوەی تووشـی نەخۆشـیی ئازاردانـی زیندانییان بووبن، بەتایبەتی کەسـوکاری ئەو زیندانییانەی لە شـوێنە دوورەکانی وەک ئازەربایجـان و کوردسـتان و باکـوور و شـوێنە دوورەکانەوە دەهاتـن، زۆریان ئازار دەدان. زۆربەی ئـەو دایک و باوکە بێچارانەی کە لە تاران ئاشـنا و ناسـیاویان نەبوو، یان حەزیان نەدەکرد ببنە بار بەسەر خەڵکییەوە، شەوانە تاکو بەیانی لەبەردەم زیندانەکاندا دەمانەوە و چەندیـن شـەو چاوەڕوانی خۆشەویسـتەکانیان بوون، لـە کۆتاییدا بەبـێ ئەوەی چاویان بە خۆشەویسـتەکانیان بکەوێت، بە نائومێدییەوە دەگەڕانەوە بۆ شـارەکانی خۆیان. من سـاڵی یەک جار سەردانیکردنم هەبوو.

لە زیندانییەکانی شـادا ئەو زیندانییانەی کە بە زمانەکانی نافارسـی قسـەیان دەکرد، زوڵمیان زیاتر لێدەکرا. ئەوان کەسـوکارەکانیان کە لە شـوێنە دوورەکانەوە دەهاتن بۆ سـەردانیکردنیان، بەڵام لێپرسراوانی زینـدان بە بیانووی نەبوونـی کارمەندی کورد زمان، یان تورک زمان، نەیاندەهێشـت چاویـان بە زیندانییەکان بکەوێت. مـن بە درێژایی (٣٢) سـاڵ مانەوەم لە زینداندا شـاهیدی بینینی چەندیـن ڕووداوی خەمبار بـووم. لەیادمە ڕۆژێـک یەکێک لە زیندانە سیاسـییەکان، دوای ئەوەی

کەسـوکاری دێـن بـۆ سـەردانیکردنی، بـەڵام پۆلیـس بـە بیانـووی ئـەوەی کە کارمەندێکی تورکیان نییە بەشـداریی لە دیـدار و یەکتری بینینیـان بکات، بە ناچاریی کەسـوکاری دەگەڕێنـەوە بۆ ئازەربایجان، زیندانییەکەش دوای ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ناو هاوڕێکانی، بە دەنگێکی بڵند هۆنراوەیەکی شۆڕشگێڕانە دەڵێت. دوای خوێندنەوەی هۆنراوەکە، زیندانییە ئازەربایجانی و کوردسـتانییەکان هەموو بەیەکەوە دەستیان کرد بە خوێندنەوەی چەندین هۆنراوەی شۆڕشگێڕانە.

لـە کۆتایـی سـاڵی (١٣٥٣) کـە لـە بەنـدی (٣)ی زیندانـی قەسـر بـووم، ڕۆژێـک لە بڵندگـۆی زیندانـەوە هاواریان کـرد هەرچی زووە کەلوپەلەکانتـان کۆبکەنەوە. هەروەکو پۆلیـس پڕوپاگەندەیان کردبوو؛ بڕیاربوو هەموو زیندانییانی قەسر بگوازنەوە بۆ زیندانی ئەوین. دوای چەند خولەکێک لەپڕدا پۆلیس هێرشی کردە سەرمان؛ هەرچی هەمانبوو خسـتییانە ژێر چەکمەکانیانەوە، هەموو شـتەکانیان ورد و خاش کرد و شـکاندیانن. تەنانـەت بەتانی و دۆشەکەکانیشـمان کە کەسـوکاری زیندانییانی سیاسـی بە هەزار بەدبەختی هێنابوویانن، پارچە پارچەیان کـردن. دوای کەلەپچەکـردن، زیندانییەکانیـان برد بـۆ بەندەکانی تری زیندانی قەسـر. من، حاجی عێراقی، ئاغای ڕەبانی شـیرازی، ئەنواری، عەبدولڕەزای حیجازی و ئەفسـەرێکی عێراقی بە ناوی هاشـم نوری، کە دوای دەستگیرکردنی بە تاوانی سیخوڕیی، ساڵەها بە هەمان کاری سـیخوڕیی لەنـاو زینداندا بـەردەوام بوو، لـە کۆتاییـدا پەیوەندیی بە ساواکەوە کرد و ناردییانە ژوورێکی تایبەت، کە تازە نۆژەنکرابووەوە، ئەم هاشم نورییە لە عێراق پەیوەندیی لەگەڵ کەسێکدا هەبوو، بە ناوی بەختیـار، کـە گرتبوویان و حوکمـی هەتاهەتایی درابوو. ئـەو ناپیاوە ببـووە بەلا لەنـاو زینداندا، دەڕۆیشـت ڕاپۆرتی لەسـەر زیندانییەکان دەنووسـی، کار گەیشتە ئەوەی ئەو زیندانییانەی دەیانویست پەشیمان ببنەوە، هانایان بۆ ئەو دەبرد، ئەو پلەی سـەروانی هەبوو. دەیانگووت: دوای ئازادبوونی؛ سـەدام لەسـێدارەی داوە. چەند کەسـێکی ترمان لە

هاوشـێوەی ئەو هەبوو، وەکو ڕاشـد عەرەب کە کەسـێکی سادە بوو، کەسـێکی تریش هەبوو بە ناوی سیسـان کە ئەرمەنی بوو، دواتر بوو بە موسڵمان.

عەلی ئەشـرەف دەروێشیان: ئەی زەردەشـت فروهەر کەسێکی چۆن بوو؟

سـەفەرخان: ئەو وانەبوو، هەمیشـە جوێنی بە ڕژێـم دەدا، نامەی دەنووسـی، بەو نامەنووسینە هەندێک کەس گومانیان لێ دەکرد، بەڵام ئەو کەسـێکی باش بـوو، کاری خراپی نەدەکرد، هەرچەندە کەسـێکی بـزۆز بوو، هاواری دەکـرد، بەردەوام لەگەڵ پۆلیسـدا لە تێهەڵچووندا بوو، ئێستا ئەو مردووە، بەڵام پێویستە ڕاستییەکان بڵێین؛ ئەو بەردەوام پیاسـەی دەکرد و جوێنی دەدا. مـن ڕۆژێکیان پێم گووت کارێک مەکە کە زیندانییەکان ناڕەحەت ببن. گووتی: نا نا خەمت نەبێت، من دوژمنی سەرسەختی ئەم ڕژێمەم.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: هیچ کاتێک ڕوویداوە کەسێک لەتاو فشاری زیندان خۆی بکوژێت؟

سەفەرخان: زۆر کـەم، ئەوانەی خۆیان دەکوشت زیاتر زیندانییانی ئاسـایی بـوون، نەک سیاسـی، لە زیندانـی بەرازجان چەند کەسـێک نەیانتوانـی خۆیان ڕابگرن لە بەرامبـەر گەرما، بۆیە ئاگریان لە خۆیان بـەردا. دیارە ئەوانـەش زیندانییانی ئاسـایی بوون، بـەڵام زیندانییانی سیاسـی لەوانەبوو پێش لێکۆڵینەوە هەوڵی خۆکوشتن بدەن، بەتایبەت چریک فیداییەکان و موجاهیدەکان کەپسولی (سیاتور)یان لەژێر زماندا بوو بۆئەوەی قوتی بدەن و بمرن، یان وەکو دەیانگووت سیمین ساڵحی ویسـتوویەتی بە شووشـەی چاویلکەکەی دەمارەکانی دەستی ببڕێت، بەڵام کارمەندەکان پێیان زانیوە و دەستیان بەسەر هەموو چاویلکەکاندا گرتووە، موجاهیدێکیش هەبوو لەناو حەمامدا دەرمانی خۆپاککردنەوەی

خواردبوو و خۆی کوشــتبوو، بەڵام ئەو لەژێر ئەشــکەنجەدا تووشــی نەخۆشـیی دەروونیی ببوو، ئەو کوڕێکی لاو بوو، ئیتر کەســی ترم پێ شک نایات.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: باســی ئەو دکتۆرەم بۆ بکە کە بۆ چارەسەرکردنی گوێت سەردانت کرد؟

ســەفەرخان: لــە ســەرەتای پاییز و سەرتاســەری زســتان گوێم ئازارێکــی زۆری هەبــوو، ئــازار هێزی لێ بڕیبووم، بەردەوام دەســتم لەسەر گوێچکەم بوو، ڕۆژێکیان زیندانییەکان بردیانم بۆ نەخۆشخانەی زیندان، دەســتم لەسەر گوێچکەم بوو چوومە ژوورەوە، دکتۆرێکی لاو لەوێ بوو، ئەو تازە هاتبوو بۆ نەخۆشــخانەی زیندان، بۆ یەکەمجاری بوو کە زیندانییەکی وەکو من ببینێت، بە بینینم سەیری مووە سپییەکانی کردم و گووتی: (ئەها پیرەمێرد بۆچی بەم تەمەنەوە ئارامت نەگرتووە کەوتوویتــە زیندانەوە). منیش لە وەڵامی دکتۆردا گووتم: دکتۆر کاتێک مــن کەوتوومە زیندانەوە لە ئێســتای تۆ لاوتر بووم، مووەکانم ســپی نەببوون، من لە ئەنجامی مەینەتی و چەوسانەوە بەم ڕۆژە گەیشتووم. دکتۆر گووتی: تاوانت چییــە؟ لەکاتێکدا لەتاو ئازاری گوێم نەمدەتوانی لەســەر قاچەکانی خۆم بوەســتم. گووتم: تاوانی من عەشــقی وڵات و ئارەزووی بەختەوەریی چینی زەحمەتکێشانە، منیش هەروەکو کەسانی دیموکراسی دەمەوێت لە وڵاتی ئێمەدا هەموو کەسێک مافی خۆی هەبێت و بە یەکســانی لەســەر خاکی لەمێژینەی خۆی بژی، ئێران ئاوەدان و ئازاد بێت و خەڵکی بە زمانی دایکی خۆیان قسە بکەن.

لەو کاتەدا پزیشکێکی پیر کە چەندین ساڵ بوو لە زینداندا خزمەتی دەکــرد، زۆر باش منی دەناســی، گوێی لە گفتوگۆی مــن و دکتۆرەکە بــوو، ئەو هات و باســی ژیانی منی بۆ دکتــۆرە لاوەکە کرد. دکتۆر بە بیســتنی وتەکانی ئەو دکتۆرە چارەسەرێکی باشی بۆ کردم و گووتی: بەڕاستی تۆ کەسێکی قارەمانیت، خزمەتکردنی کەسانی وەکو تۆ ئەرکی

سەرشانی هەموو کەسێکی ڕاستگۆیە، مامە گیان بمبەخشە.
دوای وەرگرتنی چارەسەر و خوداحافیزی بەهۆی ئەو کارمەندانەوە کە هەمیشـــە وەکو مۆتەکە بە دوامەوە بوون، گەڕامەوە بۆ ناو زیندان، لەو ڕۆژە بەدواوە ئیتر هیچ کەسێک ئەو دکتۆرەی لە زیندان نەبینییەوە و هیچ کەسێک نەیزانی چارەنووسی بە کوێ گەیشت!

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: لە کاتی هەڵاتنی ئەشرەفی دەهقانی تۆ لە کام زیندان بوویت؟

سەفەرخان: ئەشـــرەف دەهقانی لـــە کتێبی ئازایەتی و بەرگریکردندا هەموو شـــتێکی نووســـیوە، ئـــەو ڕۆژەی ئەو لە زینـــدان هەڵات ڕۆژی سەردانیکردنی زیندانییانی سیاسی بوو، ژنێک هاتبوو بۆ سەردانیکردنی، ئەو ژنە لە دەرەوە هەموو کارەکانی هەڵاتنی بۆ ڕێکخستبوو، عەبایەکی بـــۆ ئەشـــرەف دەهقانـــی هێنابـــوو، لە کاتـــی دانیشـــتن و قســـەکردندا عەباکـــەی پێـــدەدات. ئەو ژنە لەگـــەڵ موجاهیدینی خەلق لـــە پەیوەندیدا بـــوو، دوای هەڵاتنـــی ئەشـــرەف دەهقانـــی، ژنەکـــە و چەند کەســـێکی تریان دەســـتگیرکردن. ئـــەو ژنە منداڵێکی شـــیرەخۆرەی هەبوو، دوای دەستگیرکردنی منداڵەکەیان برد بۆ بنکەی پۆلیس بۆ لای دایکی. دوای تەواوبوونی سەردانیکردن بە بڵندگۆ هاواریان کرد هەموو زیندانییەکان بڕۆنە ژوورەکانی خۆیان. من بۆ شەوەکەی هەواڵی هەڵاتنی ئەشرەف دەهقانیم زانی، بۆ ســـبەینێ پۆلیس هەڵیکوتایە ســـەر بەندەکان هەموو شتێکی بەسەر یەکدا کرد، نزیکەی سەدو پەنجا کۆمیدی تەختە هەبوون هەموویانیـــان شـــکاند و فڕێیاندایە دەرەوە، دەســـتیان بەســـەر هەموو کەلوپەلەکانمـــدا گرت، ســـەرۆکی زیندانیان گـــۆڕی و زیندانیان کرد بە دۆزەخ و ڕەوشـــەکە بـــە جۆرێک گـــۆڕا، ئەگەر لە نەخۆشـــخانە دەنکە حەبێکیان پێ بداینایە، دەبووایە پاســـەوانەکان ســـەیری بکەن و خۆیان دەمیان دەکردینەوە و حەبەکەیان دەکردە دەمتەوە و دەیانگووت قوتی بدە. ئەگـــەر ســـەردانیکاران باینجانێکیان بهێنایە، دەســـتیان بەســـەردا

دەگرت، دەبووایە زۆر بپاڕایتایەوە تاکو پێیان دەدایتەوە، ئەگەر کەسێک کەمێک قسەی بکردایە، دەیانبردە ژێرزەمینەکە و ئەشکەنجەیان دەدا. ڕۆژێک بێژەنی جەزەنی و دکتۆر شەیبانی و موسای خیابانیان برد، تاکو ئێوارە لێیاندان.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: لەدوای ئازادبوونت، چاوت بە ئەشرەف دەهقانی کەوتەوە؟

سەفەرخان: چونکە من لەگەڵ هەموو گرووپ و لایەنەکان ڕێک بووم، دوای ئازادبوونم زۆربەیان هاتن بۆ سەردانیکردنم، هەم چەپەکان و هەم مەزهەبییەکان، ئاخر مانای چییە ئێمە هەموومان ئامانجمان یەک بوو. ڕۆیشتنی شا و دواتر پیادەکردنی بنەمایەک بۆ کۆمەڵگە تاکو زوڵم و ستەم نەمێنێت، دیکتاتۆرییەت نەمێنێت، ئازادیی بەرقەرار بێت، هەژاریی و بەدبەختیی ڕیشەکێش بکرێت، ئەمە ئامانجی هەموومان بوو. دوای ئازادبوونمان هەرکەسە و چەند کەسێکی لە دەوری خۆی کۆکردەوە و خۆی کردە ڕێبەریان. فیداییەکان زۆریان هاتن بە شوێنمدا تاکو منیش لەگەڵ خۆیاندا ببەن، من نەڕۆیشتم. ئەشرەفی دەهقانی خۆشی هات و گووتم: نازانم ئێوە چیتان دەوێت، ئەو دوو سێ ڕۆژ لە ماڵی ئێمە مایەوە، ئەو دوای شۆڕش گەڕابووەوە بۆ ئێران و بەردەوام کەسێک پاسەوانی بوو، ڕۆژێک بە پاسەوانەکەی گووت: برۆ ئۆتۆمبێلەکە پڕ بکە لە کەلوپەل و بیهێنە بۆ سەفەرخان.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: لە کوێ ئۆتۆمبیلەکەیان پڕکردبوو؟

سەفەرخان: لە بارەگاکەی خۆیان، لە شەقامی مەیکە، بە پاسەوانەکەی گووت: برۆ فەرش و بەتانی و جلوبەرگ و قاپ و قاچاخ بهێنە. من گووتم: نامەوێت، گووتی: بۆچی ناتەوێت؟ لەوێ دانراون و هی ئەمریکاییەکانە. دواتر کە ئەشرەفی دەهقانی لە گرووپەکە جیابووەوە و کۆمەڵێکی لە دەوری خۆی کۆکردەوە، دەیانویست خۆیان چەکدار

بکەن. ڕوح ئەنگیزی خوشکیشی لە تەبریز دەستگیرکرا و لەسێدارەیان دا، هاوسەری خوشکەکەشی هەر لەسێدارە درا، بەهرۆزی دەهقانی براشی لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی سپارد، براکەی نووسەریش بوو، کتێبی ئەفسانەکانی ئازەربایجانی لەگەڵ سەمەدی بەهرەنگیدا نووسیبوو. من کاتێک لە زیندان ئازادکرام، لەگەڵ چەند کەسێک ڕۆیشتم بۆ تەبریز و چووم بۆ ماڵی دەهقانییەکان و چەپکەگوڵم پێشکەش کردن.

عەلی ئەشرەف دەەوێشیان: محەمەد دەهقانی برای ئەشرەفت بینی؟

سەفەرخان: بەڵێ بینیم، لە زیندانی قەسر بەیەکەوە بووین، ئەو لە ژمارە سێ بوو، ئەو وەک ئەوان نەبوو، کرێکارێکی ئاسایی بوو، کەسێکی زۆر توڕە بوو، ئەوەندەیان ئەشکەنجە دابوو تووشی نەخۆشیی دەروونیی ببوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: منیش لە بەندی سێ لەگەڵ ئەودا بووم، فێری زمانی ئینگلیزیم دەکرد، زۆریان ئەشکەنجە دابوو.

سەفەرخان: لە بنەماڵەی ئەواندا کەسێک نەماوە، تەنها ئەشرەفی دەهقانی ماوە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ماوە! مەگەر نەیانکوشت؟

سەفەرخان: نا، ماوە، منداڵیشی هەیە، ئێستا لە فەڕەنسایە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: شووی بە کێ کردووە؟

سەفەرخان: هاوسەری ئەشرەفی دەهقانی فەریبورزی سنجەریە، کە براکەی لەسێدارە درا، فەریبورز لە زیندانی ئەوین بوو، حوکمی هەتاهەتایی بوو.

عەلی ئەشـــرەف دەروێشـــیان: لەگەڵ فەریبورزی سنجەری لە زیندانی ئەوین بەیەکەوە بووین، کەسێکی کەمێک قەڵەو بوو.

سەفەرخان: بەڵێ، خەڵکی نەهاوەند و ئەو دەوروبەرە بوو، کوڕێکی زۆر بـاش بـوو، ئەویش هات بۆ ماڵی ئێمە. ئەشـرەفی دەهقانی لەگەڵ ئەوەدا هاوسـەرگیریی کرد، منداڵیشیان هەیە و لە فەڕەنسا دادەنیشن. ئـەوکات لە کوردسـتانیش بنکەیان هەبـوو، مەبەسـتم ئەوەیە هەموو زیندانییەکانی ئەوێ بنکەیان هەبوو. ئەشرەفی دەهقانی لە هەمان ساڵی شۆڕشـدا، ڕۆیشـتبوو بۆ کوردسـتان و لە بارەگاکەی خۆیان وتاری دابـوو، خەڵکیش چەپڵەی بۆ لێدابوو، لە ڕۆژنامەکانیشـدا نووسـرابوو خانمی کلاشـینکۆف بەدەسـت. بەڵێ، ئەوەی من دەیڵێم ئەوەیە زۆرێک لـە چریکـەکان، چریک نەبوون، لە زیندان بوون بـە چریک، هەموویان ئەوانە بوون کە کتێبیان خوێندبووەوە و هاتبوونە زیندان، بەڵام کاتێک هاتنـە نـاو زیندان بێژەن جەزەنی ئەوانی کرد بـە چریک، ماویەکانیش زۆر کاریگەر بوون، ئەوانیش ئەو زیندانییانەیان بۆ لای خۆیان پەلکێش دەکـرد. پەنجا گرووپ زیاتر لە زینداندا هەبوو. ئەوانەی لەو سـاڵانەدا دەسـتگیر دەکران هەموویان بەهۆی خوێندنەوەوە دەسـتگیرکرابوون. دە کـەس کتێبیـان خوێندبووەوە، یەکێک نـاوی یەکێکی تری دەگووت، ئەویش ناوی کەسـێکی تـر، ئیتر ئەوانیان هەموو دەسـتگیرکردبوو و کۆیـان کردبوونـەوە و هێنابوویاننـە زیندان، هەموویـان لاو بوون و هاوتەمـەن بـوون. ئـەوان کاتێـک دەهاتنە نـاو زینـدان، زیندانییەکان دەچـوون و دەیانهێنـان بـۆ لای خۆیـان و لێیان دەپرسـین تۆ چیت؟ ماوی؟ شەفەقی؟ ئەستێرەی سوریت؟ تودەیی؟ چریکی؟ هەندێک لەوانە دەیانگـووت چریک، هەندێکیـان دەیانگووت تودەییـم، ئیتر چریکەکان چریکەکانیـان دەبردە لای خۆیان، تودەییەکانیش تودەییەکانیان دەبرد، ئیتـر بەو جۆرە هەر لایەنە و لایەنی خۆی دەبرد. دواتر زۆرێک لەوانە لەسـێدارە دران و هەندێکیشـیان لەژێر ئەشکەنجەدا دەمردن. بە هاتنی ئـەو هەمـوو زیندانییە، زینـدان تـەواو قەرەباڵغ بوو. کاتێک کەسـێک

ماوەی زیندانییەکەی تەواو دەکرد و دەیویست بڕوات، لە پاڵ دیوارەکە دەوەستا و دروشمی دەدا و هاواری دەکرد و چەپڵەی لێدەدا، هەر ئەوە بووە هۆی ئەوەی پۆلیس هێرش بکەنە سەر زیندانییان.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەو زیندانییانەی دەهاتنە زیندانی قەسر زۆر حەزیان دەکرد تۆ ببینن. لەو بارەیەوە چی یادەوەرییەکت هەیە؟

سەفەرخان: یادەوەرییەکان زۆرن، کەسانێک کە لە دەرەوەی زیندان بوون، بەهۆی کەسانی ترەوە ناوی منیان بیستبوو، یان کەسێک باسی منی بۆ کردبوون. لاوەکان حەزیان دەکرد بزانن کە چۆن کەسێک هەیە و چەندین ساڵە لە زینداندایە، چۆن کەسێک ئەوەندە ساڵە لە زینداندا ماوەتەوە، ئەوان لە دڵی خۆیاندا بیریان کردبووەوە کە کەسانێک هەن لەم وڵاتەدا لەپێناو بیروباوەڕی خۆیاندا چەندین ساڵە لە زیندان، ئەوان بەو ناوانە ئاشنا بوون و حەزیان دەکرد لە نزیکەوە من ببینن. بۆ نموونە یەکێک لەوانە عەلی پایندە بوو، ساڵی (١٣٣٩) کە دەستگیر دەکرێت و دێتە زیندان بەدوای مندا دەگەڕێت، بۆئەوەی چاوی پێم بکەوێت، ئەو چەند جارێک دەستگیر دەکرێت و ئازاد دەبێت، تاکو ساڵی (١٣٤٩) بەهۆی پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوی تۆفان-دا دەستگیر دەکرێت، دیارە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەش نەبوو. بەهەرحاڵ دوای لێکۆڵینەوە بۆ چەندین زیندان گواسترایەوە، لەوانە زیندانی عەشرەت ئاباد، زیندانی جەمشیدیە، زیندانی ژمارە چواری قەسر، من ئەو کاتە لە ژمارەی سێی قەسر بووم.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: هەمان زیندان کە سێگۆشە بوو؟

سەفەرخان: بەڵێ، حەوشەیەکی سێگۆشەی هەبوو، کۆتایی مانگی ئەسفەندی ساڵی (١٣٥١) بوو، کاتژمێر یەک تاکو سێ کاتی بێدەنگیی بوو، هەندێک لە زیندانییەکان خەوتبوون، هەندێکیش بەبێدەنگیی

خەریکــی خوێندنــەوە بوون. لەو کاتــەدا ئەو دێتە بەندی ســێ. یەکەم کــەس کە چاوی پێــی دەکەوێت بێژەنی جەزەنی بــوو، کە لە هۆڵەکەدا بەدەم پیاسەکردنەوە خەریکی خوێندنەوە بوو، لەگەڵ ئەودا چاکوچۆنی دەکات و هەواڵی من دەپرســێت و دەڵێت: سەفەرخان لە کوێیە و چۆن ببینم؟ بێژەنیش پێی دەڵێت برۆ بۆ ئەو ژوورە و سەیری ئەوانە بکە کە خەوتوون، کامەیان لە هەموویان درێژتر بوو ئەوە سەفەرخانە.

عەلی پایندە بە پێکەنینەوە دەڵێت: لە تۆش درێژترە؟

بێژەن دەڵێت: سەر و گەردنی لە من بەرزترە، برۆ سەیرکە و خۆت بڕیار بدە.

مــن لــە ژووری ژمارە هەشــت بووم، ئــەو هاتــە ژوورەوە و منی دۆزییەوە و هاتە لامەوە و لە خەو هەڵیساندم.

عەلی ئەشرەف دەروێشــیان: پێت ناخۆش نەبوو کە لە خەوی کردیت؟

سەفەرخان: نەخێر مرۆڤ کە لە زینداندا بێت، هەمیشە چاوەڕوانی ڕووداوێکە بێن و لە خەو هەڵیسێنن و ببەن، بەڵێ، لە خەو هەڵیساندم و ئەمــلاولای یەکتریمــان ماچ کــرد. ئیتر خەوم ڕەوییــەوە، بەیەکەوە ڕۆیشتین بۆ چێشــتخانە و بەیەکەوە دانیشتین و باسی دۆسیەکەی و ئــەو کەســانەم لەگەڵدا کرد کە لە زیندانەکانی تــر بینیبوونی. من زۆر حەزم دەکرد ئەو زیندانییانەی تازە دەهاتن، وتووێژیان لەگەڵدا بکەم و پرسیاریان لێ بکەم. ئەو ساڵی (١٣٤٩) دەستگیرکرابوو، بردبوویان بۆ زیندانی (قزل قەلا)، دوای لێکۆڵینەوە بردبوویان بۆ زیندانێکی گشــتیی ئاســایی. لەوێ کێشــەی (سیاهگول) هاتبووە پێش، واتە ڕووداوی (١٩) ی بەهمەنی (١٣٤٩) (١٩٦١/٢/٨)، کە سیاگوڵییەکانیان دەستگیرکردبوو. ئیتر لە زیندانی قزل قەلا جێگا نەمابوو، چواردە کەســیان لە ئەندامانی سەرەکی سیاگوڵ بردبووە زیندانی ئەوین، ئەوانی تریان هێنابووە قزل قەلا. ئەوانەیان کە لێکۆڵینەوەیان تەواو ببوو، کەســوکاریان دەیانتوانی

ســەردانیان بکەن، ئەوانیان بردن بۆ جەمشــیدییە و لەژێر چاودێریی ساواکدا بوون.

عەلی ئەشــرەف دەروێشــیان: زیندانی جەمشیدییە کەوتووەتە کوێی تارانەوە؟

عەلی پایندە: (هاوڕێی سەفەرخان بوو، کە لە زۆربەی زیندانەکاندا بەیەکــەوە بوون، لە کاتی ئەم گفتوگۆیەدا ئەویش لە ماڵی ســەفەرخان بــوو) دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شــاری تــاران، کەمێک لە پشــت مەیدانی تەوحید.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەو زیندانە ئێستاش ماوە؟

سەفەرخان: بەڵــێ هەر ماوەو زیندانییشی تێدایە، بنکەی سەربازیی و زیندانیــی تێدایــە، ئەوکاتــە ســاواک سەرپەرشــتی ئــەو زیندانییەی دەکرد. دواتر لەگەڵ لێپرســراوانی زیندان کەوتنە کێشەوە و ساواکیان ئاگادارکردەوە کــە زیندانییەکانیان لەوێ بگوازنەوە. هەربۆیە لە مانگی ئەســفەندی (١٣٤٩) هەمــوو زیندانییەکانیــان گواســتەوە بــۆ زیندانی عەشــرەت ئاباد، کە زیندانێکــی بێکەڵک و وێرانە بوو. ئــەو زیندانییانە بچوونایەتە هەر زیندانێک زیندانەکەیان ڕێکدەخســت، چونکە دەبووایە لەوێدا بژین، تاکو ڕۆژی (٢٦)ی ئەسفەند کە سیاگوڵییەکانیان لەسێدارە دا، هیچ کەســێک ســەردانیکردنی نەبوو، ڕۆژنامەش قەدەغە بوو، تەنها بەشــێوەیەکی نهێنی ڕۆژنامە دەگەیشــتە دەســت زیندانییــەکان و بەو هۆیەوە ئاگاداری لەســێدارەدانی هاوڕێکانیان دەبوون. ســەردانیکردن قەدەغە بوو، ڕۆژنامە قەدەغە بوو. تەنها لەلایەن کەسێکی پاسەوانەوە کە لەگەڵ زیندانییەکاندا هاوڕێیەتی پەیداکردبوو، جار جارێک ڕۆژنامەمان بەدەست دەگەیشت.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ڕەوشـــی زیندانییەکان لەو کاتەدا چۆن بوو، زیندانییەکانی ناو زیندان لە چ بارێکدا بوون؟

ســـەفەرخان: ڕەوشی زیندان لە ســـاڵی (١٣٥١) هەروەکو ئەو کاتە وابوو کە خۆت لە ساڵی (١٣٥٠) بینیبووت. هەندێک لە بەشە ئیدارییەکانی نـــاو زیندان هەر بەدەســـت زیندانییـــەکان خۆیانەوە بـــوو، بۆ کاتەکانی خەوتن و هەڵســـان هەر خۆیان بڕیاریان دەدا، دیارە پۆلیســـیش ڕۆڵی خۆی هەبوو، بەڵام ڕۆڵێکی بەرچاویان نەبوو. واتە تەنها چاودێرییەکی ئاســـاییان دەکـــرد، بەڵام زیاتر زیندانییەکان خۆیـــان بڕیاردەر بوون لە کاروبـــاری ناو زیندانەکە. بۆ نموونە خۆیـــان کۆبوونەوەی هەفتانەیان ڕێک دەخســـت، ســـەرەتای کۆبوونەوەکانیان بە خوێندنەوەی ســـروود بـــوو، دواتـــر بڕیاریـــان لـــە کارە ئیدارییەکانی ناو زینـــدان دەدا. ئەگەر پۆلیس بیویســـتایە دەســـت بخاتە ناو کاروباریان، ئـــەوا ڕووبەڕوویان دەبوونـــەوە. بە گشـــتی ئازادییەکی کەم لە زینداندا هەبـــوو. لەو کاتەدا لە زیندانی قەســـر زۆرترین بڕیار بە دەســـت زیندانییەکان بوو، کاتێک عەلی پایندە گەیشـــتە بەشـــی چواری زیندانی قەسر، کۆبوونەوەیەکیان کـــرد و ئەویـــان کرد بە نوێنەری خۆیان، بۆیە ناچار بوون کێشـــەکانی نێـــوان زیندانییان و پۆلیس بەشـــێوەیەکی ئاشـــتییانە چارەســـەر بکەن. لـــەو کاتەدا ســـەرۆکی ئیدارەی زیندانەکان (تیمســـار تاهیری) بوو، لەو کاتەدا زیندانییەکان دەیانتوانی داواکارییەکانی خۆیان پێشـــکەش بکەن، دیـــارە چەند کەســـێک هەبـــوو توندڕەوییان دەکرد، هـــەر بۆیە ئەوانە ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبوونەوە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەو توندڕەوییە چۆن بوو؟

ســـەفەرخان: دیـــارە خـــۆت ئاگاداریت لـــەو کاتەدا زۆر کەســـیان لەسێدارە دا، بەتایبەت ئەو کەسانەی بە تاوانی پەیوەندییکردن بە چریک و موجاهیدین دەستگیرکرابوون. زیندانییەکان لەناو زینداندا مەراسیمی تایبەتیـــان بۆ ئەو لەســـێدارەدراوانە ڕێکدەخســـت، ئەو مەراســـیمانەش

زۆربەی کات پۆلیسەکانی ناڕەحەت دەکرد و ڕووبەڕووبوونەوە ڕووی دەدا. زیندانییەکان لە ژوورێکی گەورەدا کۆدەبوونەوە و باسی ژیان و تێکۆشانی کەسانی لەسێدارەدراویان دەکرد و سروودی شۆڕشگێڕییان دەگووتـــەوە، پۆلیس دژی ئەم جۆرە مەراســیمانە بوو، زیندانییەکانیش کاردانەوەیــان لــە دژی پۆلیس هەبوو. لەو کاتەدا زیندانی ژمارە ســێ و چــواری قەســر ســەرۆکێک و جێگرێکــی هەبوو، ســەرۆکەکە ناوی ســەرگورد (کومیلیــان) بوو، جێگرەکەش ناوی ســەروان (تەجزیەچی) بوو، واتە لە ساڵی (١٣٥١)دا.

عەلی ئەشــرەف دەروێشــیان: ئەوانەی ئــەوکات لەوێ بوون کەسانی میانڕەو بوون.

ســەفەرخان: بەڵێ ڕاســتە، ئەوانەی لەوێ بوون کەسانی میانڕەو بــوون، واتە مــن هیچ کات توندڕەوییــم لە ئەوان نەبینیوە، پێویســتە ڕاســتییەکان بڵێین، ســەرۆکی زیندانی قەســر کەســێک بــوو بە ناوی سەرهەنگ تەیموری.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: دەڵێن تەیموری خانەنشین کراوە؟

ســەفەرخان: بەڵێ، ئەو ئێســتا پیر بووە، ئەو کەســێکی باش بوو بــە دڵنیاییەوە تۆش ئاگاداریت، بە گشــتی هەمیشــە ســەرۆکی زیندان هاوشــارییەکانی خۆی لــە خۆی نزیک دەکردەوە. بــۆ نموونە جێگر و سەرۆک بەشەکانی لە هاوشارییەکانی خۆی دادەنا. سەرهەنگ تەیموری هەمەدانی بوو، لە تورک زمانەکانی هەمەدان بوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: خەڵکی دەوروبەری قروە بوو؟

ســەفەرخان: نازانــم قروەیی بوو، یان شــوێنێکی تــر، بەڵام ئەو هەمەدانییەکانی هێنابووە زیندان بە ناونیشانی جێگر و سەرۆک بەش، یەکێک لەوانە (کیمیلیان) ســەرۆکی زیندانی ســێ و چواری قەســر و

(تەجزیەچـی) هەمەدانـی بوو، کە بە شـێوەزمانی هەمەدانی قسـەی دەکرد.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: دکتۆر تەجزیەچی؟

عەلـی پایندە: بەڵـێ تەجزیـە چـی، تەجزیەچـی چەنـد جارێک زیندانییانـی ئاگادارکردەوە کەمێک ڕەفتارتان بگۆڕن، مەهێڵن سـاواک قـاچ بخاتـە ئێرە. ڕۆژێک سـێ گرووپیان لـە زیندانییـەکان بانگ کرد بـۆ کۆمیتـەی هاوبـەش، لـەوێ ئاگاداریـان کردنەوە ئەگـەر واز لەو توندڕەوییە نەهێنن، ئێمە ناچار دەبین هەڵوێسـتمان بگۆڕین. گرووپی یەکەم من و دوو کەسـی تر بووین، ئەو دوو کەسـەش یەکێکیان سەر بە ڕێکخراوی موجاهیدین بوو، ئەوی تریشـیان یەکێک بوو لەوانەی لە خۆپیشـاندانەکاندا دەسـتگیرکرابوو، گرووپی دووەمیش دکتۆر غوڵام ئیبراهیم زادەی خەڵکی کەنگاوەر بوو، کە لە سـاڵی (١٣٥٧) ئازادکرا و ئێستاش لە ژیاندا ماوە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: دەمناسی، پزیشک بوو.

عەلـی پایندە: بەڵێ، خەڵکی کەنگاوەر بوو، پزیشـکێکی باش بوو، زۆر هاوکاریی زیندانییەکانی دەکرد، گرووپی سـێیەم نازانم کێ بوون، کە بردیانن بۆ کۆمیتەی هاوبەش و ئاگاداریان کردنەوە و پێیان گووتن ئەگـەر ناتانەوێت ڕەفتاری خۆتان بگـۆڕن، ئێمە ناچار دەبین ڕەفتاری خۆمـان لـە بەرامبەر ئێـوەدا بگۆڕین. دوای ئەوەی ئەم سـێ گرووپە گەڕانـەوە بۆ زیندان و تەواوی قسـەکانیان بـۆ زیندانییەکان گێڕایەوە. زیندانییـەکان لـە دەوری یەکتـری کۆبوونـەوە و کەوتنـە وتووێژ، لە کۆتاییدا بەو ئاکامە گەیشتن کە پێویستە لەسەر کێشەکانی خۆیان، واتە کێشەی چەپ و توندڕەویی پاشەکشە بکەن. ئێستا دوو نموونە لەسەر چەپڕەوەکان باس دەکەم. ڕۆژێکیان لێپرسراوی فرۆشگای زیندان هات بۆ بەندی چوار و گووتی: مۆڵەتیان پێداوین کە دۆشەک بۆ زیندانییەکان

بکڕین، ئەگەر ئێوە حەز دەکەن دۆشەکتان بۆ بکڕین، ئەوا لیستێکمان بۆ بنووسن و ژمارەی دۆشەکەکان بنووسن تا بۆتانی بکڕین، نرخی دۆشەکەکانیشی گووت. بۆ نموونە (٨٠ یا ٩٠) تومەن بوو. نوێنەری زیندانییان هات و هاواری کرد کە فرۆشگا دەیەوێت دۆشەکی ئیسفنج بکرێت، واتە نوێنەری زیندانییان ئەو داواکارییەی بە تەواوی زیندانییان ڕاگەیاند. یەکێک لە زیندانییەکان داوایکرد کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵەی زیندانییان بکرێت. ئێمە لە زینداندا کۆمەڵەیەکمان دروستکردبوو، کە تەواوی ڕێکخراو و گرووپەکان بەیەکەوە لەناو ئەو کۆمەڵەیەدا بووین، لە هەموو شتێکدا هاوبەش بووین، تەنانەت لەو جلوبەرگانەشدا هاوبەش بووین کە لە دەرەوە بۆمان دەهات، هەموو شتەکانمان تێکەڵ دەکران و دواتر لەنێوان زیندانییاندا دابەش دەکران. بۆ ئەو دابەشکردنەش لێپرسراوێکمان دانابوو، بەڵام چەند کەسێک ناڕازیی بوون لەسەر دابەشکردنی ئەو جلوبەرگانە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: دوایی چی ڕوویدا؟

عەلی پایندە: بەهۆی کۆکردنەوەی جلوبەرگەکان، بەتایبەت جلی ژێرەوە، ڕووبەڕووی کێشەیەکی گەورە بووینەوە، نەخۆشیی پێست لەنێو زیندانییاندا بڵاوبووەوە و بوو بە هەرا، گووتیان بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە بەهۆی جلوبەرگەکانەوەیە، هەربۆیە ناچاربوون کارمەندانی زیندان لەسەر ئەو بابەتە ئاگادار بکەنەوە، چونکە دەبووایە نەخۆشەکان چارەسەر بکرێن و پێویستمان بە دەرمان هەبوو. پۆلیس کاری بەسەرمانەوە نەبوو، گووتیان چارەسەرتان دەکەین و دەتانبەین بۆ نەخۆشخانە، بەڵام ئێوە کارێکی هەڵەتان کردووە. نەیانبردین بۆ نەخۆشخانە، بەڵام دەرمانێکی زۆریان پێداین، زیاتر لە بیست شووشەی پڕ دەرمانیان پێداین. دەرمانەکە دوو جۆر بوو، پێیان دەگووت دەرمانی یەکەم و دەرمانی دووەم. دەرمانی یەکەممان لە خۆمان دەدا، دوای دە خولەک بەهەمان شێوە بە دەرمانی دووەم خۆمان چەور دەکرد.

زۆربـەی زۆری زیندانییـان تووشـی نەخۆشـییەکە ببـوون، تەنانەت ئەوانـەی لە کۆمەڵەکەشـدا نەبـوون و جلوبەرگیان تێکـەڵ نەکرابوو، هـەر تووش ببـوون، چونکە جێگەکەمان بەرتەسـک بـوو، هەموومان بە پاڵ یەکەوە دەخەوتین. هەر بەهۆی ئەو کێشـەیەوە بوو کە باسـی دۆشـەکەکان هاتـە پێش و کەوتینە گفتوگۆ نزیکـەی (٩٠٪)ی ئەوانەی لە کۆمەڵەکەدا بوون دژی کڕینی دۆشـەک بوون. گرنگترین هۆکاریش ئەوە بوو، کە حکومەت دەیویست بە هێنانی دۆشەک گیانی ئێمە ئاسودە بکات، بەم ئاسودەبوونەش گیانی شۆڕشگێڕیی ئێمە لەناوبەرێت. دیارە پێشـتریش قسەمان زۆر لەسەر ئەوە کردبوو کە نابێت خواردنی باش بخۆیـن، ئەگەر خواردنی باش بخۆین، لەوانەیە باوەڕی شۆڕشـگێڕیی خۆمان لەدەسـت بدەین و ئێمەش وەک زیندانییانی ئاسـاییمان لێبێت، ئەمـەش ئەوەیە کە حکومـەت دەیەوێت. بەڵێ، ئەم ڕووداوە لە سـاڵی (١٣٤٩/ ١٩٧٠) ڕوویـدا. بەڵێ، زۆربـەی زۆری زیندانییان دژی کڕینی دۆشـەک بوون، تەنهـا نزیکەی لە سـەدا دە، یان یانـزە لەگەڵ کڕینی دۆشـەک بوون، بەڵام دواتر چەندین کەسـی تر داوای دۆشەکیان کرد و ناردیان دۆشـەکیان بۆ هات، یەکەمجار تەنها هەشـت دۆشەک هات و دواتـر وردە وردە زیادی کرد، ئـەوەش یەکێک بوو لە توندڕەویی زیندانییـەکان. دیارە بیژەنی جەزەنی لەو بارەیەوە زۆر قسـەی لەگەڵ زیندانییان کرد، دەیگووت جلوبەرگ بپۆشـن، لەسەر قەرەوێڵە بخەون، ئـەوە چییـە چەندیـن پینەتان لـە جلوبەرگەکانتان داوە و لەسـەر ئەو زەوییە ڕەقە دەخەون. بیژەن دەیگووت: شۆڕشگێڕیی بەو هەڵسوکەوت و قسەکردنە نییە.

ئێستا شتێکم هاتەوە یاد، کە هەموو زیندانییەکان ئاگادارن، لە زیندانی عەشـرەت ئاباد زیندانییەک هەبوو. ئێستا ئەو کەسە باری دارایی زۆر باشـە و خاوەن پارەیەکی زۆرە. ئەو زیندانییە ناوی مەهدی بوو، ئەو بەهـۆی پەیوەندیی بە ڕێکخراوی تۆفان دەسـتگیرکرابوو، حوکمەکەی دوو سـاڵ بوو، دوای ئەوەی نیوەی زیندانییەکەی تەواوکرد، ئازادکرا.

ئەو جارێکیان قاتێک چاکەت و بیجامەی تازەی بۆ هاتبوو، کاتژمێرێکی پێ نەچوو کە سەیرم کرد پینەی لەسەر ئەژنۆی بیجامەکەی داوە و لە چەندین لاوە چاکەت و بیجامەکەی دڕاندبوو، پینەی لێدابوون، پینەکانیش ڕەنگیان سور و ڕەش بوون. کاتێک لەناو حەوشەکەدا پیاسەی دەکرد و بەو جۆرە بینیمان، لێی نزیکبووینەوە و گووتمان ئەوە چیت کردووە ئەو جلوبەرگانەت بۆ وا لێکردووە. لە وەڵامدا گووتی: نابێت ئێمە جلوبەرگی تازە بپۆشین، دەبێت جلە تازەکانمان بکەین بە کۆنە؛ تاکو زیاتر بەرگریی بکەین.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەمە خۆدەرخستن بوو، یان بیروباوەڕ؟

عەلی پایندە: بە دڵنیاییەوە بیروباوەڕ بوو، باوەڕ بکە ئەگەر بێژەنی جەزەنی نەبووایە ئەوان بە پێی پەتی دەگەڕان و بە ڕووتی دەخەوتن. زیندانییەکمان لابوو بە ناوی حوسێن ڕەحیمی، ئەو دە ساڵ حوکم درابوو، بەڵام دواتر لەسێدارەدرا، ئەو دەیگووت دەبێت ئەم دە ساڵە لەسەر بەردی ڕەق بخەوم.

ئەمانە نموونەیەک بوون لە توندڕەویی زیندانییەکان، یان توندڕەوییان لە بەرامبەر پۆلیسەکان، بیرمە شەوێک کاتژمێر دەی شەو بوو، پاسەوانێکمان ناوی کوێخا بوو، کەسێکی بەتەمەن بوو، خەڵکی هەمەدان بوو، کەسێکی باڵابەرز بوو، کات زستان بوو، بەفر باریبوو، هەوا زۆر سارد بوو، ئەم کوێخایە کاتژمێر دەی شەو هاتە حەوشی زیندانەکەوە و گووتی: بڕۆنە ژوورەوە دەمەوێت دەرگاکە دابخەم، زیندانییەکمان لابوو ناوی جیهان شاهی بوو، لەو ساڵانەدا لەگەڵ ئێمەدا زیندانیی بوو، کەسێکی بێدەنگ و بەڕێز بوو، ئەو لەلایەن زیندانییەکانەوە هاندرابوو، ڕۆیشت بەرەوڕووی پاسەوانەکە و کردی بە شەڕ لەگەڵیدا و شەپازلەیەکی بەهێزی لە پاسەوانە پیرەکە دا، ئەمەش لەلایەن هەندێکمانەوە کارێکی قبووڵ نەکراو بوو. ئەو کوڕە لاوە هەرگیز کەسێکی شەڕانی

نەبوو، لە بنەماڵەیەکی بەڕێز بوو، نە جوێندانی دەزانی و نە شـەڕکردن، کەسـێکی بێدەنگ بوو، بەڵام لەلایەن چەند زیندانییەکەوە هاندرابوو. ئەو پاسەوانە کە لێیدرا، یەکسەر بە زەویدا کەوت. من کە نوێنەری زیندانییەکان بووم، پاسـەوانە پیرەکەمان هەڵگرتەوە و بردمانە هۆڵەکە، سـەیرم کرد جیهان شـاهی وەستاوە و ئەو پاسـەوانە پیرە خەریکە دەگری. تەلەفۆن کرا و پۆلیس هاتن و گووتیان ئەم پاسەوانە کوڕەکەی لەم زیندانییەی کە لێـی داوە، گەورەترە. ئەم کوڕە چۆن توانیویەتـی ئەوها لێی بدات؟ ئێوە چۆن وەڵام دەدەنەوە. من نەمتوانی هیچ وەڵامێک بدەمەوە، تەنها ئەوەندە نەبێـت کەوتمـە پاڕانـەوە و داوای لێبووردنم کرد. کاتێـک گەڕامەوە بۆ ناو زیندانییـەکان، زیندانییەکان لێم هاتنە پێش و گووتیان بۆچی چوویت داوای لێبووردنت کردووە. من ویستم کێشەکە چارەسەر بکەم، لە لایەکی ترەوە هەوڵم داوە سـەروان (سـارمی) بە بابەتەکە نەزانێت، چونکە ئەو ئەفسـەرێکی زۆر بەد بوو، بەدوای بەهانەیەکدا دەگەڕا تاکو زیندانییەکان ببات و دارکارییان بکات. ڕۆژێکیان سـەروان سـارمی هاتە ژوورەکەی ئێمـەوە و لە دەرگاکەوە سـەیری ناو ژوورەکەی دەکـرد، زیندانییەکمان لابوو بە ناوی (بەهرامی بەراتی)، کە بەداخەوە ئێسـتا لە ژیاندا نەماوە و بەهۆی نەخۆشـییەکی سەختەوە کۆچی دوایی کردووە، بە هەموو هێزی خۆی یەک بۆکسی لە سنگی سەروان سارمی دا و ئینجا بە هەموو هێزی خۆی سەری خۆی کێشا بە دیوارەکەدا و بوورایەوە. نموونەی ئەو جۆرە توندڕەوییانەم زۆر لایە، دیارە ئەوانەی من باسمکردن لە زیندانی ژمارە چوار بوو، زیندانی ژمارە سێش بەهەمان شێوە بوو. توندڕەوییەکان بە جۆرێکـی تر بەردەوامیی هەبوو. ئەو زیندانییانەی لە ژمارە سـێ بوون، زیاتر کەسـانی بەتەمەن بوون، واتە کەسـانی شـارەزا و دنیادیدە لەوێ زیاتر بوون. ئەوکاتە، واتە ساڵی (١٣٥١) من لە زیندانی ژمارە سێ بووم، کەسـانی زرنگمـان لەلابوو، لەوانـە: بێژەنی جەزەنی کە کەسـێکی چەپ بوو، لـە ڕێکخراوی موجاهیدین مەسـعود ڕەجەویمان لابـوو، هەروەها موسـای خیابانی و چەند کەسـێکی تـر کە تەمەنیان لە چل سـاڵ زیاتر

بوو، هەروەها عەباسی شەیبانیش لەوێ بوو، ئەوانە کەسانێک بوون کە کەمتر دووچاری توندڕەویی دەبوونەوە. ڕێکەوتی (٣)ی خوردادی (١٣٥٣/ ١٩٧٤) بوو، کە زیندانییەکانی زیندانی (قزل حەسار)یان هێنا بۆ زیندانی قەسر، ئەوان ماوەی ساڵێک بەسەر سەرکوتکردنیاندا تێپەڕیبوو، بەڵام هێشتا ترس بەسەریاندا زاڵ بوو، بەندی سێ و چوار داخرابوون و دووبارە کرابوونەوە، بەڵام زیندانی ژمارە یەک دانەخرابوو. ئەو زیندانە هەمان ئەو زیندانە بوو کە لە یانزەی بەهمەنی (١٣٢٨) ئەو زیندانییانەی تەقەیان لە شا کردبوو؛ سەر بە حیزبی تودە بوون، هێنابوویاننە ئەم زیندانە. زیندانی ژمارە یەک زیندانێکی گەورە بوو، دەرگاکانی لە ئاسن دروستکرابوون.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەوە هەمان زیندانە کە من لێی زیندانیی بووم و لە بەندی چوار بووم و بەندی چوار و پێنج و شەش لەلایەکی ترەوە بوون.

سەفەرخان: بەڵێ، هەمان زیندان بوو، تۆ لە بەندی چوار بوویت و من لە بەندی شەش بووم و بەندی پێنجیش بەولاترەوە بوو، ڕێگاشیان بەسەریەکەوە بوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: حەمام و ئاودەستیش لەو ژوورەدا بوون کە دایانخستبوو.

عەلی پایندە: بەڵێ، ماوەیەک ژمارە یەک داخرابوو، تاکو لە ساڵی (١٣٣٣) کە ڕێکخراوی ئەفسەرانی تودە دەستگیرکران، دووبارە کرایەوە، نازانم تۆ کتێبی (ئەفسانەی ئێمە)ت خوێندووەتەوە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: بەڵێ، خوێندوومەتەوە لە نووسینی (غ-فروتن).

عەلی پایندە: بەڵێ، لە نووسینی (فروتن)ە، هەمان زیندان کە لەو

کتێبەدا باسکراوە زیندانی ژمارە یەکە. کە دوای سەرکوتکردنەکەی ساڵی (١٣٥٢) دووبارە کردیانەوە و زیندانییانی هەردوو بەندی (٣و ٤) گواسترانەوە بۆ بەندی یەک. یەک بەندی (٢و ٣) و یەک بەندی (٤ و ٥ و ٦)ی هەبوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: بەندی (٧و ٨)ی هەبوو.

عەلی پایندە: دواتر بەندی یەکیان دەستکاری کرد و دوو بەندی تریان لێ زیاد کرد، کە بەندی (٧ و ٨)ی بوون. دوای دەستکاریکردنی بوو بە بەندی (١و ٧و ٨)، کاتێک زیندانییەکانیان لە زیندانی (قسل حەسار)ەوە هێنا، شەوی یەکەم سەرهەنگ مەنسور زەمانی وتارێکی دا و هەمووانی تەهدید کرد و گووتی: دارکاریتان دەکەم و دەتانکوژم، زیندەبەچاڵتان دەکەم، هەر بە زیندوویی لە پاڵ درەختەکانی حەوشەکەدا دەتانخەمە ژێر خاکەوە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئیتر کوردەکانیان هێنا و کردیانن بە سەرۆکی زیندانی قەسر.

سەفەرخان: بەڵێ، کرماشانییەکان، ئەوان کوردانی کرماشان بوون.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: دیارە سەرۆکی تەواوی زیندانییەکە کوردێکی سنەیی بوو.

سەفەرخان: بەڵێ، خەڵکی سنە بوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: وا هەست دەکەم هەموو کورد بوون.

سەفەرخان: سەرهەنگ مەنسور زەمانی کرماشانی بوو، زۆربەی کوردەکان کرماشانی بوون.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: یەحیایی چۆن بوو؟
سەفەرخان: یەحیایی کرماشانی نەبوو، ژمارەیەک لە فەرمانبەران و پاسەوانەکان کرماشانی بوون.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: ئیتر کوردەکان هاتنە سەر کار.
ســـەفەرخان: بەڵێ. کوردەکان هاتن، بەڵام لە پاڵ ئەواندا کەسانێک هەبوون کە کورد نەبوون، وەکو ســـەروان ســـارمی کە کەســـێکی زۆر خراپ و بەد بوو، ئەو کورد نەبوو، یان ســـەروان عەلایی کە کەســـێکی زۆر باش بوو.

عەلی ئەشرەف دەرەویشیان: سەرەوان عەلایی کامە بوو؟
عەلی پایندە: هەمان ئەو سەروان عەلاییە کەسێکی ڕاست و دروست بـــوو، زۆر هاوکاریـــی زیندانییەکانـــی دەکـــرد و ســـاڵی (١٣٥٧) کاتێک بارودۆخـــی وڵات گۆڕا، پەیوەندیی کرد بـــە ڕێکخراوی موجاهیدینەوە، لـــە تێکهەڵچوونەکانی ناو بازاڕدا کوژرا، ئـــەو کادیری ئیدارەی زیندان بوو، ئەو ڕۆژەی کە سەرهەنگ زەمانی هات و وتاری دا، ئەویش لەوێ بوو. سەرهەنگ زەمانی جێگرێکی تری هەبوو، ئەو کەسێکی زۆر خراپ و بەدفەڕ بوو ناوی (قاســـم ژیانپەنا) بوو، ناســـرابوو بە قاســـمە ڕەش، چونکە کەســـێکی ڕەشپێســـت بوو. ئەو ڕۆژەی کە ســـەرهەنگ زەمانی وتـــاری دا ئەویش لـــەوێ ئامادە بـــوو، ڕۆژی دوای وتارەکەی زەمانی زیندانییەکانـــی ئاڵوگۆڕ پێکـــردن. ژمارەیەکیان ناردنـــەوە بۆ بەندی (٢ و ٣). پۆلیـــس بە زیندانییەکانی گووتبوو کە شـــوێنەکانتان دەگۆڕێت و دەچنە لای زیندانییانی تر، نابێت بەیەکەوە چاکوچۆنی بکەن و یەکتری لەئامێـــز بگـــرن. ئەوکات من نوێنـــەری زیندانییەکان بـــووم، کە چوومە ژوورەوە یەکـــەم کـــەس چاوم پێی کـــەوت، ئایەتوڵـــڵا لاهوتی بوو، کە پێشتر لە ساڵی (١٣٥١) لە زیندانی قزل قەڵا بەیەکەوە زیندانیی بووین. ئایەتوڵـــڵا لاهوتی هـــات بۆ لام و یەکتریمان لەئامێز گرت. پاســـەوانێک

چاوی لێمان بوو منی گەڕاندەوە بۆ ئەملاو ئایەتوڵڵا لاهوتیشـــی هێنایە لای منەوە، هەردووکمانی برد بۆ لای سەرهەنگ زەمانی و گووتی: ئەم دووانە یەکتریان ماچکردووە. سەرهەنگ زەمانی گووتی: من تەنها پێنج خولــەک دەبێت بە ئێوەم گووت نابێت یەکتری لەئامێز بگرن و یەکتری ماچ بکەن، ئێستا بۆ ئەو کارەتان کرد؟ سەرهەنگ زەمانی منی دەناسی و شـــارەزای ڕابردووم بوو لە زینداندا، خۆشـــی نەدەویستم و بەدوای بەهانەیەکدا دەگەڕا کە ئازارم بدات. من ویستم وەڵامی نەدەمەوە، بەڵام ئایەتولـــڵا لاهوتی وەڵامی دایـــەوە و گووتی: ئەم برادەرە هیچ تاوانێکی نەکـــردووە، مـــن هاتم بـــۆ لای و لەباوەشـــم گرت، من ســـاڵی (١٣٥١) لەگەڵ ئەودا لە زینداندا بووم، ئایا دەکرێت دوو کەس لە شوێنێکدا ببنە هاوڕێ و لە یەکتری داببڕێن و دوای ســـاڵ و نیوێک یەکتری ببیننەوە و یەکتری لەئامێز نەگرن. ئێستاش تۆ چیت پێخۆشە ئەوە بکە. وەڵامی منیـش هەمان وەڵامـــی ئایەتوڵڵا لاهوتی بوو. ســـەرهەنگ کەمێک ڕاما و دواتـــر ئێمەی گەڕاندەوە بۆ ناو زینـــدان و هیچی نەکرد. دوای چەند ڕۆژێک دووبارە منیان گواستەوە بۆ بەندی (٤ و ٥) لەوێ سەفەرخانم دۆزییەوە و یەکتریمان لەئامێز گرت و گووتم: سەفەرخان چی دەکەیت! یەکەمجـــار بـــوو ئەم وتەیە لە ســـەفەرخان ببیســـتم، گووتی: دەمەوێت ئازاری زیندان بکێشم، ئەو هەرگیز بەوجۆرە قسەی نەکردبوو. گووتم: چی بووە؟ کە سەیرم کرد زانیم زۆر ناڕەحەتە. گووتی: ئەم زیندانییانە کارێکیـــان کردووە ئەم زیندانەیان بە تەواوی گۆڕیوە، کە ئێســـتا خۆت دەبینـــی، تەنانـــەت جگەرە بە من نادەن، ئێســـتا من جگـــەرەی لە کاغەز دروستکراو دەکێشم، پۆلیس کارێکی کردووە تەنانەت جگەرەشمان پێ نادەن. بەهەرحاڵ باری زیندان زۆر گران ببوو، پاســـەوانی وەکو ستار مورادی پەیدابوو. نازانم بیرتە، یان نا.

عەلی ئەشـــرەف دەرویشـــیان: بەڵێ، لەیادمە بە زمانی تورکی قسەی دەکرد.

ســـەفەرخان: بەڵێ، ئەو تورک بـــوو، پاســـەوانێکی توندوتیژ بوو، بەبـــێ هـــۆ زیندانییەکانی ئازار دەدا، دیارە لەگـــەڵ مندا باش بوو، بەڵام زۆرجـــار بەبێ هـــۆ زیندانییەکانی دەبرد و ئەشـــکەنجەی دەدان. چەند پاســـەوانێکی تری لەو جۆرەش هەبوون، کە بەردەوام بەدوای کێشە و ئاژاوەدا دەگەڕان، هەروەکو (نامیان و عەبدی)، کە دوو جەللاد بوون و زیندانییەکانیان ئەشکەنجە دەدا و جێژیان لەو ئەشکەنجەیە وەردەگرت.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: ئەی لەبارەی کەشایی، کە سەرۆکی پاسەوانان بوو.

سەفەرخان: بەڵـــێ کەشایی! یەک هەفتە دوای هاتنی عەلی پایندە بۆ بەندی (٤ و ٥)، کێشـــەیەک هاتە پێش و ئەو لە کۆمەڵەکە هاتە دەرەوە، ئەمـــە بەلای زیندانییەکانـــەوە نامۆ بوو، چەند زیندانییەک ڕۆیشـــتن بۆ لای و گووتیان بۆچی لە کۆمەڵەکە چوویتە دەرەوە. هاتوچۆ و وتوویژ ماوەیەک بەردەوام بوو، پۆلیس و پاسەوانەکان هەستیان بەم هاتوچۆیە کرد و لە حەوشـــەکەوە هەموو شـــتێکیان دەبینی. ئەم ڕەوشـــە ماوەی (٢٤) کاتژمێـــری خایانـــد، دوای ئەو ماوەیە پۆلیس بانگی عەلی پایندەی کرد و بردیان بۆ ژووری تاکەکەسی. خۆت ژووری تاکەکەسی زیندانی قەسرت بینیوە.

عەلی ئەشـــرەف دەرویشـــیان: بەڵێ، بەو ژوورانەیان دەگووت ژووری دەرگای تەختە.

ســـەفەرخان: ڕاســـتە، پێیـــان دەگـــووت دەرگای تەختەیـــی، لەوێ ســـەرهەنگ زەمانی و ســـەروان ژیانپەنا، عەلی پایندەیان هەڵواســـی و دەســـتیان کرد بە لێدانی و پێیان دەگووت باســـی ئەو کۆبوونەوانەمان بۆ بکە کە لەگەڵ ئەو زیندانییانەی دەهاتن بۆ بەندی (٤ و ٥) ئەنجامتان

دەدا. ئەویش دەیگووت لەگەڵ ئەو زیندانییانە لە زیندانەکانی تر بەیەکەوە بووین و ئێمە دەمێکە یەکتری دەناسـین، ئێمە تەنها چاک و خۆشـیمان لەگـەڵ یەکتردا کردووە. دوای لێدانێکی زۆر، دواتر بۆ تەمێکردن سـێ ڕۆژ خسـتیانە ژووری تاکەکەسـییەوە، دواتر بردیانـە زیندانێکی تری ئاسـایی، چونکـە یاسـاکە ئەوها بوو نەدەبـوو زیاتر لە سـێ ڕۆژ لە ژووری تاکەکەسـیدا بمێنێتەوە، واتە زۆرترین کاتی مانەوە لە ژووری تاکەکەسیدا سێ ڕۆژ بوو. هەموو زیندانییەک پێش تەواوکردنی حوکمی دادگا، دەبووایە دوو سێ ڕۆژ بخرێتە ژووری تاکەکەسییەوە.

عەلی ئەشرەف دەرویێشیان: ئەو ژوورانەش زۆر تاریک بوون.

سـەفەرخان: بەڵـێ، تاریـک و گـەرم و پیـس بـوون. بەهەرحاڵ پاسـەوانەکان دەهاتن و ئەویـان دەبینی و دەیانگووت بۆچی ڕووتیت؟ ئەویـش دەیگووت من بە تەواویی خـۆم ڕووت نەکردووەتەوە، نابینن شۆرتم لەبەردایە و گەرمامە و چی بکەم؟ پاسەوانەکانیش دەیانگووت: نابێت، دەبێت جلەکانت بە تەواویی لەبەر بکەیت. عەلی پایندە دەیگووت من ئەو کارە ناکەم، پاسەوانەکانیش هەڵیاندەواسی و لێیان دەدا. عەلی دەیگـووت: ئەگـەر ئەوەندەم لێبدەن، ئـەوا مان دەگرم و نـان ناخۆم. منیش ڕۆیشـتم و نارەزاییـم دەربڕی، هەڕەشـەی مانگرتنم کرد. ئیتر ئەوانیش بە ناچاریی دەسـتیان لە عەلـی هەڵگرت و هێنایانەوە بۆ لای ئێمـە بۆ بەندی (٤ و ٥). دووبـارە زیندان خەریکبوو دەگەڕایەوە باری ئاسایی خۆی، بەڵام هێشـتا توندوتیژیی مابوو، دووبارە پێداویستییە وەرزشییەکانیان بە من دایەوە.

عەلی ئەشرەف دەرویێشیان: ئەو پێداویستییانە هەمان پێداویستی ئاسنین بوون.

سەفەرخان: بەڵێ، ئەو پێداویستییانە ئاسنین بوون، میلی وەرزشیم هەبـوو، من بـە تەنها دەژیام و لە کۆمەڵەکەدا نەبـووم. کۆمەڵە بۆ من

نەدەبوو، کێشەی هەبوو، ئەو کۆمەڵەیە بۆ کەسانی بەتەمەنی وەکو من نەدەبــوو، هەرچەندە حەزیشــم نەدەکرد لــە دەرەوەی کۆمەڵەکە بژیم، بەڵام لە دەرەوەی کۆمەڵەکە ئاسوودەتر بووم، کاتی خەو و خواردن و ئامادەکردنی خواردن بەدەست خۆم بوو، بۆیە بەو جۆرە بۆ من باشتر بــوو، دوای دەرچوونی عەلــی پایندە لە کۆمەڵەکە، چوار پێنج کەســی تریــش بەدوای ئەودا دەرچوون، کە دووانیان بریتیبوون لە عەبدوڵڵای مەهدی و سابیری قولیزادە، کە نازانم ئەوانت بینیبوو، یان نا؟

عەلی ئەشــرەف دەروێشــیان: عەبدوڵڵای مەهدیم بینیبوو، لە زیندانی ئەوین بەیەکەوە بووین.

ســەفەرخان: بەڵێ، بە دڵنیاییەوە دەیناسـیت، ئەو کەسێکی ناسراو بوو، نەجی ڕەسوڵی و سەید زیائەدین تەباتەبایش بوون.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: نەجی ڕەسوڵی کەسە لاوازەکە بوو.

ســەفەرخان: بەڵــێ، زاوای عەبدوڵــڵای مەهدیە، بەڵــێ، جگە لەوە خزمایەتیشــیان بەیەکــەوە هەیــە، ئەوانیش و ئەســغەری فەتاحیش کە ئێستا لە دەرەوەی ئێرانە بەیەکەوە لە کۆمەڵەکە هاتنە دەرەوە.

عەلی ئەشــرەف دەروێشیان: ئەســغەری فەتاحی کەسێکی باڵا کورتی چوارشانە بوو.

ســەفەرخان: بەڵێ، ئەوان لەســەر ئەو ڕەفتارانەی بەرامبەر عەلی پایندە کرا، لە کۆمەڵەکە هاتنە دەرەوە و خۆیان کۆمەڵەیەکیان دروستکرد و منیش چوومە ناو ئەو کۆمەڵەیەوە.

عەلی ئەشــرەف دەروێشیان: هۆکاری هاتنەدەرەوەی ئەوانم لە کۆمەڵەکە پێ بڵێ.

ســەفەرخان: کێشــەی هەریەکێکیان جیــاواز بوو، دواتر لە ســاڵی

(١٣٥٥) برادەرانی موجاهیدینیش لە کۆمەڵەکە هاتنە دەرەوە.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: ئەی دوای بردنی ئاغای ئەنواری و ئاغای حاجی عێراقی بۆ کۆمیتە؟

عەلی پایندە: بەڵێ، ئەو کێشەیە دواتر دروستبوو، ئەوان بە زۆری دوو کێشەیان هەبوو، یەکێکیان جیاوازیی ئایدیۆلۆژی بوو، کە چریکەکان ئەوانیان قبووڵ نەدەکرد. ئەوان بۆچوونێکی ماینرەوییان پێشنیارکردبوو، کە دواتر بووە هۆی جیابوونەوەی (ڕاهی کارگەر) بە ڕێبەرایەتی هیدایەتی سوڵتان زادە و ئەسغەری ئەیزەدی و محەمەدی شالگونی و ئیبراهیمی ئەنزایی بوو، کە زۆربەیان چووبوونە ناو گرووپی فەلەستینییەکان، لە ڕوانگەی مارکسییەوە ئەمانە لە ئەوان پێشکەوتووتر بوون، بە تایبەت محەمەد ڕەزای شالگونی زانیاری لە ئەوانی تر زیاتربوو.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: ناسری کاخساز لەگەڵ ئەواندا نەبوو؟

عەلی پایندە: نەخێر، ناسر لەگەڵ ئەواندا نەبوو، ئەو لە زیندانی ئەوین بوو، بەهۆی لێدانەوە مێشکی زیانی پێکەوتبوو خوێن لە گوێچکەیەوە دەهات. بەڵێ، ئەوانەی کە گووتم ڕێگەی کارگەر (ڕاه کارگر)یان دامەزراند، نزیکەی (٦٤) کەس دەبوون و لە کۆمەڵەکە هاتنە دەرەوە. لەو کاتەدا ئەو کێشەیە دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو. خاڵی دووەم ئەوەبوو کە هەندێک ئاماژەیان بە کێشە کەسییەکان دەکرد. بۆ نموونە ئەگەر کەسێکی نەخوازراوی بێ بیروباوەڕ فەرمانەکانی کۆمەڵەکەی جێبەجێ بکردایە، ئەویان دەخستە سەرووی کۆمەڵەوە، بەبێ ئەوەی کە سەیری ڕابردووی بکەن، بەڵام لەبەرئەوەی هەموو فەرمانەکانی ئەوانی جێبەجێ دەکرد، ئەوانیش کاری گرنگیان پێ دەسپارد. هەر بەو هۆیەشەوە بوو شەش حەوت کەس لە کۆمەڵەکە

هاتنـــە دەرەوە و لایەنگری هیچ لایەنێکیان نەکرد و خۆیان کەنار گرت، چونکــە بۆچوونەکانــی ئەوان ئــەوە نەبوو، بەڵکــو زۆر گەورەتر بوو، ئەوان ڕەخنەیان لەسەر ڕووداوەکان هەبوو.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: ڕەخنەیان لە چی هەبوو؟
سەفەرخان: ئەوان لە سەرەتاوە ڕەخنەیان لە دامەزراندنی کۆمەڵەکە هەبوو، بە هەڵەیان دەزانی، من دەمویســت لەبارەی ژیانی خۆم قسەت بۆ بکەم، بۆیە ئەمانەم بۆ باسکردیت، چونکە پەیوەندییان بە باسەکەوە هەبوو، بۆیە بەشێوەیەکی سادە ئاماژەم پێداوە.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: بەڵێ، پەیوەندییان هەیە.
سەفەرخان: ئەو کاتە من لە ژوورەکانی ژمارە (٤ و ٦) بووم، چەند کەسێکی تریش لەوێ هەبوون.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: شەهید زەندیش هەر لەوێ بوو؟
ســـەفەرخان: نەخێر شـــەهید زەند لە ژووری ژمارە یـــەک بوو، لە ژوورەکـــەی مندا محەمـــەد عەلی هەبوو، جەلال سەمســـامی هەبوو کە ســـەر بـــە موجاهیدین بـــوون. ئەبولقاســـمی ســـەرحەدی زادە و کامیل بەجنەوەردی و حوســـێن ڕەزاییـــش لەوێ بـــوون، ئاخوندێکیش لەوێ بوو، ئەو کەســـێکی زۆر چەپ بوو، نـــاوی کلانتەری بوو، نازانم دوایی چی بەسەرهات.

عەلی ئەشـــرەف دەرویشـــیان: حوجەتولئیســـلام بـــوو، یان ئایەتوڵڵا؟
سەفەرخان: حوجەتولئیسلام بوو، کەسێکی لاو بوو، زۆر چەپ بوو.

عەلـــی ئەشـــرەف دەروێشـــیان: حوســـێن ڕەزاییـــش ئەندامی کۆنفدراسیۆن بوو؟

سەفەرخان: ئەندامـــی کۆنفدراسیۆن بوو، لەگەڵ نوێنەرێکی ئەڵمانی کـــە ناوەکەیم لەیاد نەماوە هاتبوو بۆ ئێران، لەگەڵ ئەودا هاتبوو، بەڵام دەســـتگیریان کردبـــوو، لە ژوورەکەی بەرامبەر ئێمـــەدا ژووری ژمارە حـــەوت هەبـــوو، کە لەو ژوورەدا ئەم عەلی پایندە و عەباس ســـەماکار و ڕەزای عەلامـــەزادەی تێدابـــوون، لەگـــەڵ کوڕێکـــی شـــێتی خەڵکـــی سیســـتان. بەهـــزاد نەبەویش لەوێ بوو کە لەگەڵ کەســـێکی عێراقی بە ناوی عەبدول عەلی عۆدە، کە بە تاوانی ســـیخوڕیی دەســـتگیرکرابوو، ئەشـــکەنجەیەکی زۆریان دابوو، مێشـــکی تێکچووبوو، بەردەوام لەگەڵ تەواوی زیندانییەکاندا لە شەڕدا بوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: بەرنامەی ڕۆژانەی تۆ چی بوو؟

ســـەفەرخان: ئەگـــەر ڕەوشـــەکە لەبـــار بووایە و پۆلیس کێشـــەی دروســـت نەکردایـــە، بەیانیـــان زوو لە خەو هەڵدەســـام و ســـەرەتا لە حەوشـــەکەدا پیاســـەیەکم دەکـــرد، دوای خواردنـــی نانـــی بەیانی، یەک چارەکـــە کاتژمێر دەخەوتم و دواتر دەڕۆیشـــتم بـــۆ ئامادەکردنی نانی نیوەڕۆ. دیارە پێش خواردنی نانی نیوەڕۆ ســـەیرێکی ڕۆژنامەم دەکرد و زیندانییەکان ســـەردانیان دەکردم و باســـی باری ناوخۆ و دەرەوەی زیندانمـــان دەکـــرد. دوای نانخواردنـــی نیوەڕۆ، چونکە لـــە کاتژمێر (١ تـــا ٢) دەبووایـــە هەموومـــان بێدەنگ دانیشـــین، نزیکەی نیـــو کاتژمێر، یـــان کاتژمێرێـــک دەخەوتم، دواتـــر تەرمۆزەی چایەکـــەم هەڵدەگرت و دەڕۆیشـــتم لە حەوشـــەکەدا لەژێر درەختێکدا دادەنیشـــتم. (دیارە کاتی هاوین) و لەگەڵ زیندانییەکان دەکەوتمە وتووێژ، دیارە من بە شکاندنی شەکر حەساسییەتم هەیە، عەلی پایندە شەکرەکەی دەشکاند و دەیکردە کیســـەوە، ئەو بەرنامەیەم ئەو کاتە پیادە دەکرد کە کەشەکە لەبار بوو، پۆلیـــس هێرشـــی نەدەکـــردە ســـەرمان و زیندانییەکان تـــا ڕادەیەک لە

ئارامیدا بوون. لە پێش نانخواردنی ئێوارەدا ماوەیەک وەرزشم دەکرد. لە لای باشووری خۆرئاوای حەوشی بەندی سێ، شوێنێک هەبوو ئێمە دەڕۆیشــتین بۆ ئەوێ، زیندانییەکان کەلوپەلی وەرزشییەکانیان دەهێنا و کاتێک وەرزشــکردن تەواو دەبوو، کەلوپەلەکانیان تەسلیم بە پۆلیس دەکردەوە، چونکە قەدەغە بوو ئەو کەلوپەلانە لای خۆمان بمێنێتەوە.

لــەولای منەوە چەند کەســێکی تر هەبوون، ئەوانیش دەیانویســت وەرزش بکەن، یادەوەرییەک هاتەوە یادم لە کەسێک بە ناوی زاگرۆسی خوســرەوی، ئەو خەڵکی مهاباد بــوو، لە کوردەکانی مهاباد بوو، خۆی لــە بنەڕەتدا خەڵکــی نەغەدە بوو، بــەڵام لە مهاباد دەژیا، ئەو لەســەر ئەوە دەستگیرکرابوو، کە پەیوەندیی بە کوردەکانەوە هەبوو، پێنج ساڵ حوکــم درابوو، ئەو کەســێکی بەهێــز و پتەو و بەخــۆوە بوو، زۆر بە باشــی بە زمانی تورکی قســەی دەکــرد. ڕۆژێکیان کاتی عەسـر بوو، ئەم زاگرۆســە هات و دەســتیکرد بە وەرزشــکردن، کاتی هاوین بوو، هــەوا زۆر گەرم بــوو، زۆر بە پەلەپەل و بەخێرایی وەرزشــی دەکرد. دەســتیکرد بە بەرزکردنەوەی ئاسنی قورس و لەپڕێکدا هاوارێکی کرد و کەوتە سەر زەوی و بێهۆش کەوت و ئاگای لە خۆی نەما. بە زوویی هەندێک شەکراومان بۆ گرتەوە و کردمان بە دەمییەوە و دوای کەمێک بەهۆش خۆی هاتەوە و بردمانەوە ژوورەکەی خۆی. من ڕۆیشــتم بۆ حەمام و ئاوێکم بە خۆمدا کرد و هاتمەوە و ســەردانێکم کرد، ســەیرم کرد زاگرۆس باش بووەو قنج دانیشتووە خەریکی چایی خواردنەوەیە. منیش هێشتا خاولییەکەم بەسەر شانمەوە بوو، بۆ بەرزکردنەوەی ورەی ئەو بە زمانی تورکی پێم گووت: زاگرۆس تۆ بەو تەقوتۆقەت ویســتت ببیــت بــە تۆپچی. من ئەوەم گووت و زاگرۆس دەســتیکرد بە پێکەنین. ئەو کەسێکی بەڕێز و خۆشەویست بوو، لە کوردە تێکۆشەرەکان بوو، وابزانم ئێستا لە وڵاتی ئەڵمانیایە.

دوای وەرزشــکردن دەڕۆیشــتم بــۆ حەمام و دواتر نانــی ئێوارەم دەخوارد، دوای نانخواردنی ئێوارەش لە حەوشــەکەدا پیاســەم دەکرد

تاکــو کاتی خەوتن. ڕۆژی دواتریش لەســـەر هەمان بەرنامە بەردەوام دەبووم. چەند جارێکیش ڕێک دەکەوت چەندین ڕۆژ وەرزشم نەدەکرد، چونکــە کەلوپەلــی وەرزشــکردنیان پــێ نەدەدایــن. بۆیە بــە ناچاریی هەریەکەمان لە گۆشــەیەکدا دادەنیشــتین و بیرمان لــە گرفتارییەکانی خۆمــان دەکردەوە. ئێمــە لە زینداندا تووشــی کێشــەیەک ببووین، کە ئەویش سەرهەنگ زەمانی بۆی دروستکردبووین، کێشەکەش ئەوەبوو دەبووایــە زیندانییە مەزهەبییەکان بەیانیــان دوای هەتاوکەوتن نوێژی بەیانی بکەن. مەزهەبییەکان ئەو بڕیارەیان پەســەند نەکرد و دەستیان کــرد بــە مانگرتــن و دەیانگووت پێویســتە ئێمە نوێژەکانمــان لە کاتی خۆیــدا بکەین. هەربۆیە موجاهیــدەکان و مەزهەبییەکانــی تر بەیانیان زوو هەڵدەســتان و دەستیان دەکرد بە نوێژکردن. پۆلیسیش دەهات و دارکاریی دەکردن و دەیبردن بۆ شوێنی ئەشکەنجەدان و ئەشکەنجەیان دەدان. خۆ ئەگەر کەســێکیش پێویســتبووایە بەیانی زوو هەڵبســتایە و بچووایە بۆ حەمام، ئەوا ئەویش ئەشکەنجە دەدرا. چەندین جار پۆلیس هاتــن و ئەوانی ئەشــکەنجە دەدا، لەســـەر ئەو بابەتە ئێمــە نەمانتوانی بێدەنگ بین و ڕۆیشــتین بۆ لای پۆلیس و ناڕەزاییمان دەربڕی. پێمان گووتن ئێوە یان موســڵمانن، یان لانیکەم لە وڵاتێکی موسڵماندا دەژین، ئاخــر تاکو ئێســتا کێ دوای خۆرهەڵاتن نوێــژی بەیانی کردووە؟ ئێوە باوکیشــتان ئەو کارەی نەکردووە، ئەگەر خۆشتان نوێژخوێن بن، بەو جــۆرە نوێژ ناکەن، بۆچی فشــار بۆ ئەم نوێژخوێنانــە دەهێنن؟ ئەمانە مافی خۆیانە لە کاتی خۆیدا هەڵسن و نوێژەکانیان بخوێنن. لەسەر ئەم ناڕەزایــی دەربڕینە ئازاریاندایـن و چەند کەســێکیان بردین بۆ ژووری تاکەکەســی. ئەوانی تریشــمان گەڕاینەوە بۆ ژوورەکانی خۆمان. دوای چەنــد ڕۆژێــک هەمــوو ئەوانەی کە برابــوون بۆ ژووری تاکەکەســی گەڕاندیانەوە بۆ ژوورەکانی خۆیان.

ڕۆژێکیان کاتی بەیانی بوو، تازە نانی بەیانیمان خواردبوو، هەندێک کەس نانیان نەخواردبوو، پاسەوانێک هات و گووتی: هەمووتان بە پێی

پەتی برۆنە حەوشـــەکەوە، هیچ کەســێک بۆی نییە پێڵاوی لەپێدا بێت. بەندی (٤ و ٥ و ٦) نزیکەی پێنجسەد زیندانیی دەبووین، هەموومانیان بردە حەوشەکەوە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەوە ساڵی چەند بوو؟

عەلـــی پایـنـــدە: ســاڵی (١٣٥٣)، هاوینــی ســاڵی (١٣٥٣/ ١٩٧٤) بــوو، ئێمەیان بــردە ناو حەوشــەکە و لە لایەکی حەوشــەکەدا کۆیان کردینەوە، سەرم هەڵبڕی و سەیرم کرد لەسەرەوە ئەوەندەی ژمارەی زیندانییــەکان ســەربازیان هێنابــوو و لــە ســەربانی زیندانەکە کۆیان کردبوونــەوە. لەناویاندا ســەرهەنگ موحەڕەڕی و ســەهەنگ زەمانی هەبــوون، هەروەهــا ژیانپەنــا و چەنــد ئەفســەرێکی تریش. ســەرەتا جەنەڕاڵ موحەڕەڕی ڕۆیشــتە ســەربان بۆ وتــاردان و هەمان وتاری ســاڵی پێشــووتری دووبارەکردەوە و هەمان ڕستەی قەوام سەڵتەنەی دووبارەکردەوە، کە گووتبووی ئێمە بڕیارمان داوە هەڵسوکەوتی تازە ڕەچاو بکەین بەرامبەر بە زیندانییان. ئەو وتاری خۆی پێشــکەش کرد و دوای ئــەو ســەرهەنگ زەمانی هات، ئەو لــە وتارەکەیدا ئاماژەی بە ئــەوە داو گووتی: ئێمــە ئاگادارین هەندێک لە ئێوە دەتانەوێت یاســای زینــدان جێبەجێ بکەن، بەڵام لە ئەوانی ترتان دەترســن، وەک نموونە ناوی چەند کەسێکی هێنا و گووتی: ئەمانە دوای کاتژمێر پێنج دەتوانن نوێژەکانیــان بەبــێ کێشــە ئەنجام بــدەن، دەزانم چەند کەســێکتان لە کردەوەکانتــان پەشــیمانن، بەڵام لە ترســی هاوڕێکانتان ناوێرن دەری ببــڕن، بۆیە من لێرەوە بە هەمــوو ئەوانە دەڵێم: ئەگەر ئێوە دەتانەوێت لــە زیندان ئازاد بکرێن، ئەوا دەتوانن ڕاســتەوخۆ پەیوەندیی بە ئێمەوە بکەن تاکو ئێمەش کێشەکانتان بۆ چارەسەر بکەین.

ســەرهەنگ زەمانیــش وتارێکی پێشــکەش کرد، کە بــە لای ئێمە و مەزهەبییەکانــەوە وتارێکــی ناڕاســت و دووڕوو بــوو، ئەویــش هاتە خوارەوە و دوای وتارەکانی ئەوان، مەســعود ڕەجەوی ویســتی قســە

بـكات و گووتی: سـوێند بـه خودای گەورە، سـوێند بـه قورئان و به پێغەمبەر، ئێمە هیچ مەبەسـتێکی خراپکارانەمان نییە، تەنها دەمانەوێت بەیانیـان نوێژەکانمـان بکەیـن، بەڵام ئێـوە دەتانەوێـت ڕێگرییمان لێ بکەن و ئازارمان بدەن و دۆسـیەمان بۆ دروسـت بکـەن، لێمانگەڕێن با چەند بەیانییەک هەڵسـین و نوێژەکانمان بکەین، ئەگەر کێشەیەکمان دروسـتکرد، ئەوکات هەر کارێک دەکەن بیکەن. دوای ئەو شوکروڵڵای پاکـزاد مۆڵەتـی قسـەکردنی وەرگـرت و چـووە سـەر تەختەکـە و ڕووبەڕووی موحەڕەڕی وەستا و گووتی: تۆ ئاماژەت بە ئەوە کرد کە چەند کەسـێک پەشـیمانن لە هەڵوێستەکانیان، تکات لێدەکەم من لەگەڵ ئەو زیندانییانەدا نیم کە پەشیمانییان دەربڕیوە، من هەرگیز لە کارەکانی خۆم پەشیمان نیم.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ڕووبەڕووی سەرهەنگ موحەڕەڕی ئەو قسانەی کرد؟

عەلـی پایندە: بەڵێ، ڕووی کردبووە موحـەڕەڕی و زەمانی. پاک نەژاد گووتی: من نەک تەنها پەشیمان نیم، بەڵکو خۆشحاڵم کە چوومەتە دادگا و بەرگرییم کردووە، خۆشحاڵم کە بە حوکمی هەتاهەتایی حوکم دراوم، خۆشـحاڵم کـە لەگەڵ کەسـانێکدا لـە زینداندام، کـە دەتوانین بەیەکـەوە لـە بەرامبەر ئێوەدا بوەسـتینەوە، بەڵێـن دەدەم هەتا توانام هەبێـت لـە دژایەتیکردنی ئێـوەدا بـەردەوام دەبم، لێـرەدا تەنها تکای ئەوەتان لێ دەکەم من لەگەڵ ئەو کەسـانەدا حسـاب مەکەن کە دەڵێن پەشـیمانین لەو کارەی کردوومانە. تکایە ئاگاداربن من جیاوازم لەگەڵ ئەو کەسانەدا، ئەم قسانەی کرد و لەسەر تەختەکە هاتە خوارەوە.

دیـارە پۆلیس لەو وتانە هیـچ کاردانەوەیەکی نەبوو، هیچ کارێکیان نەکرد، سـەرهەنگ موحەڕەڕی و دارودەسـتەکەی ڕۆیشـتنە دەرەوە. لـەو ڕێکەوتـە بـەدواوە فشـارەکانیان کەمتـر کـردەوە. بـۆ سـبەی بەیانـی مەزهەبییەکان هەڵسـان بۆ نوێژکردن، بەڵام پۆلیسـەکان هیچ

کاردانەوەیەکیان نەبوو، ئەمە یەکێک بوو لەو ئاڵۆزییانە کە پۆلیسەکان خۆیـان خولقاندیان، خۆشـبەختانە ئـەم ئاڵۆزییە هیچ کێشـەیەکی لێ نەکەوتەوە، تەنها چەند کەسێکیان بردن و هەندێکیان لێدان و خستیاننە ژووری تاکەکەسـییەوە، بەڵام بە گشتی ئاڵۆزییەکە کۆتایی هات و هیچ زیانێکـی ئەوتـۆی لێ نەکەوتـەوە. لەو ماوەیەدا سـەفەرخان خەریکی ژیانی ئاسـایی خۆی بوو، نە گرفتاری هەڵوێسـتی توندڕەوەکان بوو، نە گرفتـاری بۆچوونەکانی پۆلیس بوو، ئـەو زیندانییەکی دوورخراوە بوو، زۆر کاریان بەسەریەوە نەبوو، زۆر ئازاریان نەدەدا، من ئەوکات زۆر ئاگاداری زیندانی ژمارە شـەش نەبووم، نازانم تۆ لە چ سـاڵێکدا ڕۆیشتبوویت بۆ ئەوێ.

عەلی ئەشـرەف دەروێشـیان: من لە سـەرەتای ساڵی (١٣٥٤) هاتمە بەندی یەک، سـەرەتا لە بەندی دوو و سـێ بووم، دواتر گواسـترامەوە بۆ (٧ و ٨). دوای ئەوەی دادگایـی کرام، بردیانمە بەندی (٤).

سەفەرخان: بەڵێ، من جارجارێک تۆم دەبینی، تۆ ئەوکات لە بەندی ژمارە چوار بوویت، بەندی ژمارە شەش لە بەندی ژمارە چوار هێمنتر و بێدەنگتر بوو.

عەلی ئەشـرەف دەروێشیان: بەڵێ ڕاست دەکەیت، دێتەوە یادم ڕۆژێکیـان میوانی تۆ بووم، لە هەمان تەرمۆزەکەی خۆت چایەکت بۆ تێکردم.

سـەفەرخان: بەڵێ تـۆش چایی ئـەو تەرمۆزەیەت خـواردەوە، تۆ دۆسـیەکەت لەگەڵ ناسـری ڕەحمان نەژاد بوو، دێتەوە یادم زۆر کات لەسـەر کێشـەیەکی بچووک لێیان قەڵس دەبووم، ئایـا هیچ کات لە تۆ قەڵس بووم؟

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: نەخێر، هیچ کات.

ســەفەرخان: ئەم عاجزبوونە جۆرێک بوو لە ســەرگەرمی، ئامانج لێــی ئــازاردان نەبــوو، ڕۆژێکیــان عەلــی پاینــدە دۆڵمــەی گەڵامێوی دروســتکردبوو، واتــە لەگــەڵ هەمان ئەو گرووپەی کە شــەش حەوت کەس بوون، ئەو هات بۆ لام و گووتی: ئەمڕۆ خواردن دروســت مەکە و نیوەڕۆ لای ئێمە میوانیت. گووتم: زۆر باشە.

ڕۆژانــە لە کاتــی نانخواردنی نیوەڕۆ و ئێوارەدا دەرگای هەرســێ بەنــدی (٤ و ٥ و ٦) دەکرانــەوە و هەمووومــان بەیەکــەوە نانی نیوەڕۆ و ئێوارەمــان دەخوارد، دەرگاکان کرانەوە و دیســانەوە عەلی هات بە شوێنمدا و گووتی: خواردن ئامادەیە وەرە با نانەکەمان بخۆین. منیش گووتم: تۆ بڕۆ ئێســتا منیش دێم، دوای دە خولەک دووبارە هاتەوە بە شوێنمدا و گووتی: خان بۆچی نایەیت، خواردنەکەمان سارد دەبێتەوە. گووتم: بڕۆ وا دێم، چەند خولەکیکی پێچوو من هەر نەڕۆیشــتم. عەلی دووبارە هاتەوە و گووتی: بابە خان بۆ نەهاتی. گووتم بڕۆ من هەرگیز نایــەم بۆ لاتان. ئەو پیداگریی کرد کــە بچم، منیش توڕە بووم و چەند ڕۆژێک خۆم لێ زیز کرد، بۆ بەیانی بە لامدا تێپەڕی و سڵاوێکی کرد، منیش بە هێواشی وەڵامم دایەوە، دواتر بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک چاوم پێی نەکەوتەوە، ئاگام لێی نەما. ڕۆژێک چاوم بە (نەجی ڕەسوڵی) کەوت و هەواڵی عەلیم لێپرســی. گووتی: بەهۆی سەرماوە نەخۆشکەوتووە و تایەکی زۆری هەیە و لە جێگادا کەوتووە. منیش کاتی عەسر تەرمۆزە چایەکەم و دوو پەرداخم هەڵگرت، چونکە نەخۆش بوو زیزبوونی خۆم وەلانا و چووم بۆ سەردانی.

بەڵێ، ســەرهەنگ زەمانی هەمــوو هەوڵەکانی لەپێناوی ئەوەدا بوو کــە زیندانییــان ئازار بــدات، واتە هەمــوو ئامانجی ئەوەبــوو کە لەناو زیندانــدا پشــێویی دروســت بــکات و نەهێڵێــت زیندانییــەکان ئارام و ئاســودە بن. ئەوەش ڕاستە هەندێک جار ئێمەی زیندانییش پشێوییمان دروســت دەکرد، زۆرباش لە یادمە ڕۆژی مەراسیمی (٢٨)ی مورردادی

ساڵی (١٣٥٣) بوو. کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ بوو، بڵندگۆی زیندان کەوتە کار و دەستی کرد بە ناو خوێندنەوە، هەر ناوێکی دەخوێندەوە؛ ئێمە بە سەرسوڕمانەوە سەیری یەکتریمان دەکرد. یەکەم ناویش کە خوێندرایەوە، بەهزادی نەبەوی بوو.

عەلی ئەشرەف دەرویێشیان: بۆئەوەی بڕۆن بۆ مەراسیمەکە؟

سەفەرخان: بەڵێ، بۆئەوەی بڕۆن بۆ مەراسیمی (٢٨)ی موورداد. بەهزادی نەبەوی بە هیچ جۆرێک باوەڕی بەو مەراسیمە نەبوو، بەدوای ئەودا ناوی ڕەزای عەلامە زادە و عەباسی سامکار خوێندرایەوە. دواتر ناوی چەند کەسێکی تر خوێندرایەوە، کە هیچ کام لەوانە لایەنگری مەراسیمی (٢٨)ی موورداد نەبوون، بەڵکو زۆر دژایەتییان دەکرد. لەپڕێکدا ناوی منیش خوێندرایەوە، من لەو کاتەدا خەریکی وەرزشکردن بووم و گوێم لە خوێندنەوەی ناوی خۆم نەبوو، ئەوانەی ناویان خوێندرایەوە، هیچ کامێکیان باوەڕیان بە مەراسیمی (٢٨)ی موورداد نەبوو، ئەم مەراسیمە تەنها بۆ ئازاردانی زیندانییان بوو. ئێمە بۆ ساڵی داهاتوو هەمان پێشبینیمان هەبوو، کە چەندین کەس ناویان بخوێندرێتەوە بۆ بەشداریکردنی هەمان مەراسیم، بۆیە ساڵی داهاتوو کە لە (٢٨)ی موورداد نزیکبووینەوە بە عەلی پایندەم گووت: یەک کەللە شەکری گەورەم بۆ بکڕە. عەلی گووتی: خان تۆ کەللە شەکرت بۆچییە؟ خۆ تۆ شەکر ناشکێنیت. گووتم: باسی مەکە، من کەللە شەکرێکم دەوێت بۆئەوەی ئەگەر بانگیان کردم بۆ مەراسیمی (٢٨)ی موورداد کەللە شەکرەکە بکێشم بە سەری پاسەوانەکەدا، یان بە سەری ئەو کەسەی دێت بە زۆر بمبات بۆ مەراسیمەکە. عەلی گووتی: کاکە ئەوان بەزۆر کەس نابەن، تەنها بانگتان دەکەن، خۆ ئەگەر بە بانگکردنەکە نەڕۆیشتن، دوایی لێکۆڵینەوەتان لەگەڵدا دەکەن، خۆ دیارە مەبەستیان لەو بانگکردنە چییە؟ تەنها دەیانەوێت ئازارمان بدەن و تووشی کێشەمان بکەن.

عەلی ئەشـــرەف دەروێشــیان: عەلـــی کەللـە شـــەکرەکەی بۆ دابینکردیت؟

سەفەرخان: نەخێر. کار بە ئەوە نەگەیشت، ناوی من نەخوێنرایەوە، مـن ئەم فێڵە لە زیندانییەکی کورد لــە زیندانی بەرازجان فێربووم، ئەو هەمیشــە کەللە شــەکرێکی پێبوو، من لێم پرســی ئەم کەللە شەکرەت بـۆ چییە هەمیشــە لەلاتە بۆ نایشــکێنی و بە چـاوە نایخۆیت، ئەویش وەلامـی دامــەوە و گووتی: ئەمــە لای خۆم دەیپارێــزم، تاکو لەکاتێکدا دەیکێشم بە سەری پاسەوانێکدا. بە هەرحاڵ هاوڕێکانم قسەیان لەگەڵدا کــردم و کەللــە شــەکرەکەیان بۆ دابیــن نەکردم، ئەو ســاڵە ناوی من نەخوێندرایەوە.

ژمارەیــەک زیندانیــی ناویــان خوێندرایەوە، یەکێــک لەوانەی ناوی خوێندرایــەوە عەلــی پایندە بــوو، عەلی هاتە لای مــن و گووتی: گوێت لێبــوو ناوی منیش خوێندرایەوە، من نامەوێــت بڕۆم، دەمەوێت دژیان بوەســتمەوە. گووتم: زۆرباشــە بزانم چــی دەکەیت؟ تەنهـا ئاگاداربە کوتەک زۆر نەخۆیت، کراسێکم هەبوو پێم دا و لەبەری کرد و ڕۆیشت لــە گۆشــەیەکدا خۆی خســتە ژێر بەتانییــەوە. چەند کەســێکی تریش کــە ناویان خوێندرایەوە، نەڕۆیشــتن و چوونە ژێــر پلیکانەکان خۆیان حەشاردا.

عەلی ئەشــرەف دەروێشــیان: لە ڕووداوە گرنگەکانی ســاڵی (١٣٥٣/ ١٩٧٤) چیت لەیادە؟

عەلــی پاینــدە: گرنگتریــن ڕووداوی ســاڵی (١٣٥٣) بردنــی ئەو زیندانییانــە بــوو کە لە لای ئێمە بــوون و دواتر هەموویان لەسـێدارە دران، ڕۆژی (٢٦)ی ڕەشەمەی (١٣٥٢) بوو، ڕۆژی سەردانیکردن بوو، ڕۆژێک بوو ئێمە دەمانویست بۆ شەوەکەی مەراسیمی ساڵوەگەڕی ئەو هاوڕێیانەمان بکەین کە لەســێدارە درابوون. هەمان شەو هاتن و ناوی

پەنجاو چوار کەسیان خوێندەوە. ئەو ڕۆژە یەکێک بوو لە ناخۆشترین ڕۆژەکانی زیندان، ئەو ناو خوێندنەوەیە لە کاتژمێر (٨)ی بەیانییەوە دەستی پێکرد تاکو کاتژمێر (٤)ی دوانیوەڕۆ. هەرجارەو ناوی دوو سێ کەسیان دەخوێندەوە و دەیانبردن، دوای تەواوبوونی ناو خوێندنەوە، تەواوی زیندانییەکان بەلای یەکەوە دانیشتن و دەستیان کرد بە گفتوگۆ. هەروەکو ئەوەی کە خۆت دەیزانیت، ساواکییەکان لەسەر فەرمانی شا بڕیاریان دابوو ساڵی (١٣٥٢) دەست بکەن بە چاکسازیی و لەناوبردنی تەواوی ئەندامانی چریک فیدایییەکان، بڕیاریان دابوو لە ماوەی (٥) ساڵدا بە تەواوی لەناویان بەرن. سەرەتا ئەم سەرکوتکردنەیان لە زیندانەوە دەستپێکرد، بەڵێ، لەو ڕۆژەدا ئەمە بەرنامەی ڕژێم بوو بۆ پاکردنەوەی کۆمەڵگا لە تەوژمی سیاسی، بەڵام لە هەمان کاتیشدا زیندانییەکان خۆیان بەهانەیان دەدا بە دەستەوە، خۆ دیارە ئەم بەهانەیەش نەبووایە، ئەوان خۆیان بەهانەیەکیان دروست دەکرد، ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان بۆ ئەنجامدانی کارەکانی خۆیان پێویستیان بە دۆزینەوەی بەهانە نییە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەوانەی بردیانن (٥٤) کەس بوون.
سەفەرخان: لەنێوان (٥٤ تا ٦٠) کەس بوون.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: بەڵام لەنێوان ئەوانەدا، هەر لەناو زیندان (نۆ) کەسیان هەڵبژارد بۆ کوشتن.

عەلی پاینده: بەڵێ، هەر لەوێ (نۆ) کەسیان کوشت، حەوت کەسیان دۆسیەکەیان لەگەڵ دۆسیەی بێژەنی جەزەنی بوو، دوو کەسەکەی تر سەر بە ڕێکخراوی موجاهیدین بوون، کازمی زوئەنوار و مستەفای جەوان سەر بە موجاهیدین بوون، حەوت کەسەکەی تریش لایەنگری بێژەنی جەزەنی بوون. دیارە مستەفای جەوان پلەیەکی بەرزی لە ڕێکخستندا هەبوو، کەسی پلە دووی موجاهیدین بوو، لانگرێکی زۆری هەبوو. دیارە بەهۆی ئەوەوە نزیکەی (٢٠) کەس بەیەکەوە هێنرانە

زیندان، نەک وەک ئەوەی ئەو ناوی دابن، بەڵکو لە ســەرەتادا یەکێکیان دەســتگیرکرابوو، ئیتر یــەک بۆ یەک ناوی هاوڕێکانیــان دابوو. کاتێک ئەمانە هاتنە زیندان بە کەسانی پلە یەک سەیر دەکران و ئەشکەنجەیەکی زۆریان دان. حەوت کەســەکەی تر کە لەگەڵ بێژەنی جەزەنیدا بوون و ساڵی (١٣٥٠) بە بڵاوکراوەوە گیرابوون.

ڕێکەوتی (٣٠)ی فەروەردین بوو، کات شــەو بــوو، ڕۆژنامەیان بۆ هێناین کاتێک زیندانییان ڕۆژنامەکەیان خوێندەوە، بۆیان دەرکەوت کە هەر نۆ کەسەکە گوللەباران کراون، تەواوی زیندانییان مات و مەلوول بوون. بۆ سبەی بەیانی کە کاتی وەرزش بوو؛ هیچ زیندانییەک نەیتوانی بچێت بۆ وەرزشکردن. ڕۆژانە یاریی دووگۆڵی دەکرا، بەڵام ئەو ڕۆژە یاریی دووگۆڵی و یاریی باسکە و هیچ جۆرە وەرزشێک ئەنجام نەدرا. تەواوی زیندانییەکان وەک شــێتیان لێهاتبوو، هەواڵ درا بە ســەرهەنگ زەمانــی، ئەویــش هات و هــاواری کرد بۆچی ناچن بۆ وەرزشــکردن، بەڵام هیچ کەسێک وەڵامی نەدایەوە، ئیتر ئەم بێدەنگییە تا ڕۆژی دواتر درێژەی کێشا و ڕۆژی دواتر زیندان باری ئاسایی خۆی وەرگرتەوە.

سەفەرخان: من یەکەمجارم نەبوو کە ئەم کوشت و کوشتارە ببینم، بەڵام ئەم ڕووداوە کاریگەرییەکی زۆری لەســەر دەروونی من هەبوو، ماوەیــەک هەروەک ئەوەی شــتێکم ونکردبێت، ئەمــلا و ئەولام دەکرد، چونکــە لەگەڵ ئــەو هاوڕێیانە زۆر نزیــک بــووم و تێکەڵییەکی زۆرم لەگەڵیاندا هەبوو، ئەوان بەردەوام دەهاتنە لای من و بەیەکەوە گفتوگۆمان دەکرد، زۆرجار نانی نیوەڕۆ و ئێوارەمان بەیەکەوە دەخوارد، بەتایبەت ڕۆژانە لەگەڵ بێژەن بەیەکەوە لە ســاڵۆنەکە پیاســەمان دەکرد، ڕاستە ئێمە بیرکردنەوەمان لەگەڵ یەکتردا جیاواز بوو، بەڵام هەمیشە ڕێزمان لە یەکتری دەگرت. ئیتر ڕۆژەکان تێپەڕین و هاوینی ساڵی (١٣٥٤) هات و ســاڵۆنی خەوتن دروســتکرا، دەرگای بەندی (٥) داخرا و زیندانییانی بەندی (٤ و ٦) ئاگادارکرانەوە کە لە ساڵۆنی بەندی (٦) بخەون.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: تۆ چ کاتێک لە زیندان دەتخوێندەوە؟
ســـەفەرخان: زۆربەی کات دوای نانخواردنـــی بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە کاتی خوێندنەوە بوو، هەموو زیندانییەکان دادەنیشتن و خەریکی خوێندنـــەوە دەبوویـــن، چونکـــە من دوا کەس بووم خواردنم دروســـت دەکرد، هەندێک جار میوانیشـــم هەبوو، کاتـــی خوێندنەوەم کەمتر بوو. ئەگەر خەریکی دروســـتکردنی خـــواردن نەبوومایە، کاتی نێوان بەیانی و نیـــوەڕۆم تەرخـــان دەکرد بـــۆ خوێندنـــەوە. زۆربـــەی زیندانییەکان دوای نانخواردنـــی ئێوارەیـــان تەرخانکردبـــوو بۆ خوێندنـــەوە، چونکە ئەو کاتە ڕۆژنامەکان دەگەیشـــتنە دەســـتمان و زۆربـــەی زیندانییەکان دەیانخوێندنەوە.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: هەندێک جار بە بۆنە جیاوازەکانەوە، بـــۆ نموونە ئەو مەراســـیمانەی کە خۆمان لە زیندان دروســـتمان دەکرد (وەکو ڕۆژی ســـەرکەوتنی گەلی ڤێتنام بەسەر ئەمریکادا) تۆ کفتەیەکی خۆش و بەلەزەتت دروست دەکرد...
سەفەرخان: بەڵـــێ، کفتەی باشم دروست دەکرد، چەند برادەرێکیش بەردەســـتییان دەکـــردم، هەندێکجـــار کفتـــەم بـــۆ دوو ســـەد کـــەس دروســـتکردووە، بۆ ئامادەکردنی کفتە سەرەتا لەسەر پارچە کاغەزێک ناوی هەموو پێویستییەکانی کفتەم دەنووسی و دەمدا بە سەرپەرشتیاری کۆمەڵەکەمان، ئەو هەموو پێویســـتییەکانی بـــۆ ئامادە دەکردم و منیش قۆڵم لێ هەڵدەماڵی.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: لەم کفتە دروستکردنەدا هەڵسوکەوتی پۆلیس چۆن بوو؟
سەفەرخان: پۆلیس بە هیچ جۆرێک نەیدەویست کفتە دروست بکەین، چونکـــە ئـــەو کارەی بە کاری هاوبەش و بەکۆمـــەڵ دەبینی، بۆ نموونە هەندێکجار دەهاتن مەکینەی قیمەی گۆشـــتەکەیان دەبرد و دەیانگووت

ئەم مەکینەیە هی پۆلیســە، منیش دەمگووت: ئەوە مەکینەی خۆمە و لە زیندانــی بەرازجانەوە لەگەڵ خۆم هێناومە. ئــەوان دەیانگووت نەخێر. دیــارە پۆلیــس و دیکتاتــۆرەکان هیــچ کاتێــک کاری هەرەوەزیی و بە کۆمەڵیان پێ خۆش نییە، ئەم کفتە دروســتکردنەش کارێکی بە کۆمەڵ بوو، چەند کەســێک گۆشتیان لە مەکینە دەدا، چەند کەسێک سەوزەیان پــاک دەکرد، چەند کەســێک برنجیان دەبژارد و دەیانشــۆرییەوە، هەر چەند کەســێک و کارێکیــان ئەنجام دەدا، بۆیە ئەم کارە بە هاوبەشــی دەکــرا. لە یادمە ڕۆژێکیان کفتەم دروســـت دەکرد، نزیکەی (٣٠) کەس لەبەر دەستی مندا کاریان دەکرد.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: من یادمە برنجیان دەهێنا بۆ زیندان و ئێمە برنجەکەمان پاک دەکرد، دواتر گووتیان ئەوانەی کە چاویان کزە دەبەخشرێن لە برنج پاککردن.

ســەفەرخان: بەڵــێ، ئەمــەش خۆی لە خۆیدا داســتانێک بــوو، ئەم برنج پاکردنە بەهۆی زیندانییەکانەوە نەبووایە وا بە ئاســانی بەدەست نەدەهات، لەدوای پێشــهاتی (سیاهگۆڵ)یەکان لە ساڵی (١٣٤٩) ژمارەی زیندانییــەکان زیادی کرد و بۆچوونی حکومەت بەرامبەر بە زیندانییان و جــۆری خواردن گۆڕا، چونکە ڕژێم هەســتی دەکرد ئاڕاســتەکان بە لایەکــی تــردا دەڕوات، هەربۆیە خواردنەکەمــان زۆر پیس بوو. بیرمە جارێکیان چەند پارچە تەلاشێک لە خواردنەکەماندا بوو، کاتێک حوسێن زادەی چاودێــر هاتــە ژوورەوە، هــادی جەفــرودی ناڕەزایی دەربڕی و گووتــی: ئەو خواردنەی پێمان دەدەن پیســە و تەلاشــەداری تێدایە. حوســێن زادەش بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد و گووتی: پێیان دەڵێم ئەمجارە مشک بکەنە ناو خواردنەکانتانەوە.

ئەوە بوو لە ساڵی (١٣٥٠) ناڕەزاییمان دەربڕی کە خواردنەکەمان خراپە و ناتوانین بیخۆین و پێویستە گۆڕانکاریی لە خواردنەکەدا بکرێت، دوای ماوەیــەک ئــەوان هەڕەشــەکانیان زیــاد کــرد و زیندانییەکانیش

لــە نارەزایــی دەربڕین بەردەوام بوون، دواجــار بڕیاریان دا خواردنی وشکەمان پێ بدەن و خۆمان خواردن بۆ خۆمان دروست بکەین.

عەلی ئەشرەف دەروێشــیان: لەبارەی گرووپی سوپاس، چیت دێتەوە یاد؟

سەفەرخان: ساڵی (١٣٥٤/ ١٩٧٥) چەند زیندانییەک کە حوکمەکەیان تەواو کردبوو؛ ئازاد نەکران و بۆ هێشتنەوەیان ڕەوانەی زیندانی ئەوین کران، لەناو ئەوانەدا کەسانی وەک هەیبەتوڵلای موعینی و فەرەیدوونی تەنکابی هەبوون، کە دواتر هەیبەتوڵلای موعینیان کوشت. من ماوەیەک لەگەڵ ئەواندا بووم، بەڕاســتی کەســانی ئازا و خۆڕاگــر بوون. دوای ماوەیــەک هاتــن و منیان برد بــۆ کۆمیتەی هاوبەش، کە ســەیرم کرد ژمارەیەکی زۆر زیندانییان لە زیندانی قەسرەوە هێنابوو بۆ چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی، ئەمانە دواتر بە گرووپی سوپاس ناسرابوون.

عەلی ئەشــرەف دەروێشــیان: ئەگەر لەیادت مابێت ئەوانە کێ بوون؟

ســەفەرخان: وا باشــترە ناویان نەهێنم، ئەوان لــە (٥)ی بەهمەنی (١٣٥٥) بەبۆنــەی ڕۆژی شەشــی بەهمەنــەوە چاوپێکەوتنیــان لەگەڵدا کرا، سەرپەرشتیاری ئەو چاوپێکەوتنە مەنوچەهری سەلیمی ئەقدەم لە ئەستۆی گرتبوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەو چاوپێکەوتنە لەگەڵ گرووپەکەی گوڵسورخیدا بوو؟

سەفەرخان: بەڵــێ، لەگەڵ ئەو گرووپە بوو، چاوپێکەوتنێکی باشیان لەگەڵــدا کــردن، گرووپی ســوپاس نزیکەی (٦٠) کــەس دەبوون، تەنها هێنایانن و لە تەلەفزیۆن نیشــانیاندان. منیشــیان لەگەڵ ئەواندا بردبوو، بــەڵام مــن نارەزاییم دەربڕی و گووتــم: من نایەمــە بەردەمی کامێرا،

ئەگــەر بــەزۆر بمبەن بــە دڵنیاییەوە خــۆم دەكوژم، هەربۆیــە وازیان لێهێنام و هێنایانمەوە زیندانی ئەوین. لەوێ زانیم كە ڕێكخراوی خاچی سور هاتوون و ئێمەش لە لای ئەوان سكاڵامان كرد، ئاخر هێشتا چەند مانگێك بەســەر پشكنینەكەی شــادا تێنەپەڕیبوو، كە ڕێكخراوی خاچی ســوری جیهانی بــۆ گفتوگــۆ و چاوپێكەوتنی زیندانییەكان ســەردانی ئێرانیــان كرد. ئەو زیندانییانەی كــە حوكمیان تەواوكردبوو و ئازادیان نەدەكــردن، ئەوانە نزیكەی (١٤٦) كەس بــوون، لەبەرئەوەی ژمارەیان زۆر بــوو، جێگاش كەم بوو، بۆیە هەر ســێ كەس، یان پێنج كەســیان كردبوونــە یــەك ژووری تاكەكەســییەوە. دوای چەنــد ڕۆژێك (١٢٦) كەســیان بردن بۆ زیندانی قەســر و تەنها بیســت كەســیان هێشتنەوە، ئەوەندەی من بزانم ئەو بیســت كەســە موحســین مودیر شــانەچی و ســەعید ئازەڕەنگ و سەمەد ئاینەچی و فەرەخ نیگاداری و عیسای هند نەژاد و عەبدوڵڵای شوكری و عەلی پایندە بوون.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: هەیبەتی موعینیان لەگەڵدا نەبوو؟

عەلــی پایندە: ئەویان بردبــوو بۆ زیندانی ئەویــن، خۆت دەزانیت لەدواییدا ئەویان كوشــت، ئەو تەنها كچێكــی بچووكی لەدوا بەجێما بە نــاوی (میهەن). ئــەوەی لەیادم بێــت دوای ئەوەی ئــەو زیندانییانەیان برد دوو دوو خســتیاننە ژووری تاكەكەســییەوە، كردیاننە دە ژووری تاكەكەسییەوە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەی لە كۆمیتەی هاوبەش؟

عەلی پاینــدە: بەڵێ، بەندی شەشــی كۆمیتەی هاوبــەش، ئەوێش هەروەكو ژووری (٢٠٩)ی زیندانی ئەوین زۆر ترســناك بوو، شەوێك كاتژمێــر یانــزە ئاگاداریــان كردیــن، هەركەســێك پانتۆڵەكــەی، یــان چاكەتەكــەی دڕاوە بــا لە دەرگا بــدات و ئێمە جلەكانی بــۆ دەگۆڕین. ئێمــە هەمووەمــان، یــان جلەكانمان دڕابــوون، یا بە ئەنــدازەی خۆمان

نەبـــوون، بۆیە هەموومان لە دەرگامان دا. ئەوانیش جلوبەرگیان هێنا و هەرکەسێک قاتێک جلیان پێدا. دووبارە دوای (١٠) خولەک بانگەوازیان کردەوە، هەرکەســێک پەرداخ و قاپی نییە با لە دەرگا بدات. هەموومان بەیەکــەوە بــە دەنگێکی بەرز دەســتمان کرد بە پێکەنیــن، چونکە هیچ کاتێک قاپ و پەرداخمان لە زینداندا نەبینیبوو.

عەلــی ئەشــرەف دەروێشــیان: بە هیـــچ جۆرێک ســـوراحی ئاوخوادنەوەیان پێ نەدەداین، چ شووشە و چ نایلۆن.

عەلـــی پایندە: بەڵـێ، بە هیـچ جۆرێـک ســوراحی و پەرداخیان نەدەدا، هەرکەســێک تینووی بووایە، بۆ خۆی دەڕۆیشــت لە بەلۆعەی ئاودەســتەکاندا ئاوی دەخــواردەوە، هەندێک جار ســوراحی نایلۆنیان دەدا. لە ئاکامدا لەناو زیندانییەکاندا بوو بە یەک پێکەنین و گاڵتەوگەپ، کە پاســەوانەکانیش کەوتبوونە پێکەنین. هەرچۆنێک بێت ســوراحییەک و دوو پەرداخی شووشــەیان پێداین، ئەمجارەیان بانگەوازیان کردەوە کــە کەوچک و چەتاڵتــان پێدەدەین. ئێمەش لە دەرگامــان دا، دووبارە بانگەوازیــان کرد کێ پارچە ڕاخــەری دەوێت، ئێمەش لە دەرگامان دا. دواجار گووتیان هەمووتان ئامادە بن سەر و ڕیشتان بۆ چاک دەکەین، ئەم ڕەوشــە تا کاتژمێری دووی دوانیوەشــەوی خایاند. کاتژمێر دوو هاتن و ســەر و ڕیشــیان بۆ چاک کردین و دواتر بردیانین بۆ حەمام. ئێمە وامان هەستکرد بەسەر سەرمانەوە دەوەستن، تاکو بە زوویی لە حەمام خۆمان بشۆرین، بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونەکەمانەوە ماوەی یــەک کاتژمێــر و نیو لــە حەمامدا ماینــەوە. هەموومان تــەواو خۆمان شــۆریبوو، بەڵام هێشتا نەهاتبوون دەرگامان لێ بکەنەوە و بمانبەنەوە بۆ ژوورەکانمان.

کاتژمێــر چوار بوو کە لــە حەمامەوە گەڕاینەوە، لەنــاو زیندانییاندا چەندین لێکدانەوە بۆ ئەو ڕەوشە کرا، چونکە ڕەوشەکە ئاسایی نەبوو، هەموومــان بــەدوای هۆکارەکەیدا دەگەڕاین، هەرکەســە و بە جۆرێک

لێکدانەوەی بۆ دەکرد، کە دەبێت کێ بییەوێت بێت بۆ سەردانی زیندان، هەرکەسەمان لە ژوورەکانی خۆماندا بووین، بەڵام بە دەنگی بەرز لەگەڵ یەکتریدا قسەمان دەکرد، پاسەوانەکانیش کاریان بەسەرمانەوە نەبوو. کەمێک خەوتین کاتژمێر هەشتی بەیانی هەموومانیان لە خەو هەڵساند و بردیانین بۆ ڕاڕەوەکە. دەرگاکە کرایەوە و سەیرمانکرد، (سەروان لوتفی) کە ئەوکات لێپرسراوی بەشی خراپەکاریی زیندان بوو لەگەڵ حوسێن زادە و دکتۆر جەوان و چەند کەسێکی تری ئەشکەنجەگەر و لێکۆڵەر هاتن. حوسێن زادە هاتە پێشەوە و گووتی: ئاغایان لەلایەن خاچی سوری نێودەوڵەتییەوە چەند کەسێک هاتوون، دەیانەوێت لەگەڵ ئێوەدا قسە بکەن، ئێمە تەنها چاوەڕوانی ئەوە لە ئێوە دەکەین کە ڕاستییەکان بڵێن و درۆ نەکەن.

ئێستا کەسێک بە ئێمە دەڵێت کە درۆ نەکەین و ڕاستگۆ بین، لەکاتێکدا خۆی سەدان کەسی بێتاوانی لەژێر ئەشکەنجەدا کوشتبوو، ئەو کەسە تاوانبارە لەدوای کودەتای (٢٨)ی مورداد پلەکەی نزم بوو، بەڵام دواتر بەهۆی زۆرداریی و بێ ڕەحمی خۆی و کوشتنی سەدان کەسی ئازادیخواز، بەردەوام پلەکەی بەرز دەکرایەوە، تاکو وای لێهات پێیان دەگووت دکتۆر حوسێن زادە. بەڵێ، ئەوان ڕۆیشتن و سێ کەس لە نوێنەرانی خاچی سور هاتن. هەموومانیان دابەشکرد بەسەر سێ گرووپی حەوت کەسی و شەش کەسی. لەناو هەر گرووپێکدا کەسێکی زیندانیی بۆ وەرگێڕ دیاریکرا. یەکێک لە وەرگێڕەکان سەعید ئازرەنگ بوو، یەکێکیان فەرەح نیگادار بوو، سێیەمیانم بیر نەماوە کێ بوو. ئەوان بە زمانی ئینگلیزی قسەیان دەکرد. ئێمە داوای بەڵگەمان لە ئەوان کرد، ئەوانیش ناسنامەی خاچی سوریان پیشان داین. ئێمە ئەو بیست کەسە کە لە زیندانییانی تر جیاکرابووینەوە، زیندانییانی تر هەموویان نیگەرانی ئێمە بوون، وایان هەست کردبوو بەڵایەکمان بەسەر هاتووە، ئەوان چەندین جار لە لێپرسراوانی زیندانیان پرسیبوو، کە ئاخۆ ئێمە چیمان بەسەرهاتووە، ئەوانیش گووتبوویان ئێمە نازانین ئەوە کاری ساواکە.

کاتێـک نوێنەرانی خاچی سـور سـەردانی زیندانی قەسـر دەکەن زیندانییـەکان دەڵێـن ئێمە یەک قسـەتان بۆ ناکەین تاکـو هەواڵی ئەو بیسـت زیندانییـەی هاوڕێمـان نەزانین، چونکـە هاوڕێکانمان پێشـتر پێشـینەی لەسـێدارەدانی بێژەنـی جەزەنـی و هاوڕێکانیـان دەزانی و نیگەرانـی ئێمـەش بوون، بۆیـە نوێنەرانی خاچی سـور گومان دەبەن لە چارەنووسـی ئەو بیسـت کەسـە. بۆیە سەردانی سـاواک دەکەن و سـاواک پێیان دەڵێـت ئەوانمان ئازاد کردووە. نوێنەرانی خاچی سـور دەگەڕێنـەوە بـۆ زیندان و بـە زیندانییان دەڵێن سـاواک گووتوویەتی هاوڕێکانتان ئازادکراون. زیندانییەکانیش دەڵێن بۆ ڕاسـتی و دروستی قسەکانی ساواک بڕۆن سـەردانی ماڵەکانیان بکەن، بزانن ئازادکراون، یـان نا، ئێمـە دڵنیاین ئەوان ئازاد نەکراون، ئەگەر ئازادکراون با نامەی ئیمزاکراوی ئازادبوونیان نیشانی ئێوە بدەن. ئەوانیش سەردانی ساواک دەکەنەوە. ئەمجارە سـاواک بە ناچاریی پێیان دەڵێت ئەوان لە زیندانی کۆمیتەی هاوبەشـن. ئینجا پێیان دەڵێن هـۆکاری ئەوەمان پێ بڵێن کە بۆچـی ئـەم زیندانییانەتان شـاردووەتەوە. جا نازانم وەڵامی سـاواک چـی بووە، هەربۆیە ئەوان بەدوای ئێمەدا گەڕابوون لە ئاکامدا ئێمەیان نیشاندان.

ئێمە لە کاتژمێر (٨)ی بەیانی تاکو (١٠)ی شەو لەگەڵ ئەواندا بووین، ئـەوان زۆر پرسـیاریان کرد، ئێمـەش هەرچی بینیبوومـان و هەرچی دەمانزانی بۆمان باسـکردن، دوای تەواوبوونی پرسـیار و لێکۆڵینەوە؛ نوێنەرانی خاچی سور ڕۆیشتن.

ڕۆژی دواتـر کاتژمێـر چـواری بەیانـی هاتـن و دەرگای ژووری یەکەمیان کردەوە، کە فەرەخ نیگادار و عەبدوڵڵای شوکری و موحسین مودیر شانەچی لەو ژوورەدا بوون. فەرەخ نیگاداریان برد و ڕۆیشتن. کاتژمێـر دووی دوانیوەڕۆ فەرەخ نیـگادار گەڕایەوە و بە دەنگی بەرز گووتـی: عەلـی پایندە خۆت ئامادە بکە ئێسـتا دێن و تۆش دەبەن. ئەو پاسـەوانەی کـە ئەوی هێنایـەوە فڕێیدایە ناو ژوورەکـە و دەرگاکەی

داخستەوە و منیان بردە لای دکتۆر جەوان و لێی پرسیم و گووتی: تۆ بە کەسێکی ڕاست و ڕاستگۆ ناسراویت. گووتم: بەڵێ، مەگەر چی بووە؟ گووتی: بۆچی درۆتان لەگەڵ خاچی سـور کردووە؟ ئەی بڕیار نەبوو ڕاسـتگۆ بن لەگەڵیاندا. منیش گووتم: هەرچیمان گووتووە ڕاست بووە، کـوا درۆی چیمان کردووە؟ دکتـۆر جەوان گووتی: بۆچی گووتووتانە بێژەنـی جەزەنـی و ئەوان لـە کاتی هەڵاتندا لێیـان دراوە و کوژراون، ئەی ئەوان نەیانویسـت ڕابکەن. منیش گووتـم: درۆم نەگووتووە ئێوە ئەوانتان کوشت.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەو دکتۆر جەوانە دکتۆرای لە چیدا هەبوو؟

سـەفەرخان: دەیانگووت لـە تەبریز خوێندوویەتـی و دکتۆرای لە مافدا هەیە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەو ناوە ناوی نهێنی بوو؟

سەفەرخان: نەخێر، ناوی خۆی بوو، سەری کەچەڵ بوو، ناوچاوانی شوێنی شکاوی پێوە دیاربوو، شوێنی دوورینەوەی ناوچاوانی دیاربوو، ئەوە نیشانەیەکی دیار بوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: دوای شۆڕش چییان لێهات؟

سـەفەرخان: چەند کەسـێک لەو تاوانبارانە کـە خەڵکێکی زۆریان کوشـتبوو، هەڵاتن بەرەو ئیسرائیل، چونکە لە هەمان شوێن دەورەیان بینیبوو، ئەوانیش بریتیبوون لە حوسێن زادە، پەروێزی سابتی، ڕەسوڵی و چەندانـی تر، ئەوان بە زوویی هەڵاتن و ڕۆیشـتن بۆ دەرەوە. بەڵێ، عەلـی پایندە بە دکتـۆر جەوانی گووتبوو: ئێوە هەمـوو هێز و توانای خۆتـان بەکارهێناوە بۆ ڕێگریکردن لە هەڵاتنـی زیندانییان، بۆ نموونە کاتێک من بەهۆی ئەشکەنجەی ئێوەوە تووشی نەخۆشیی بووم؛ کێشم

ئەوەنــدە دابەزیبوو کــە نەمدەتوانی بە ڕێگادا بڕۆم، ویســتتان بمنێرن بۆ نەخۆشــخانە، چەند پاســەوانێکتان لەگەڵ ناردم، پاســەوانێک لەلای ڕاستمەوە، پاســەوانێک لە لای چەپەوە، دەستەکانم کەلەپچە کرابوون، قاچەکانیشم پێوەند کرابوون، کاتێک خستیانمە ئۆتۆمبێلەوە چەکدارێک لە لای شوفێرەکەوە بوو، چەندین چەکداری تر لەگەڵمدا هاتبوون.

هەر لەســەر ئــەم ڕووداوە دووبارە منیان بــردەوە زیندانی ئەوین، چونکــە زۆر ناڕەزاییم دەربــڕی، دوای چەند ڕۆژێک دووبارە منیان لە زیندانــی ئەوینەوە بردەوە بۆ زیندانی قەسـر، لــەوێ لەگەڵ نوێنەرانی خاچی سور قسەم کرد و ئەبو توراب باقر زادە وەرگێڕ بوو.

عەلی ئەشــرەف دەروێشیان: دوای کوشتارەکەی مەیدانی ژاڵە، ئێوە ئەو کاتە لە زیندانی قەسـر بــوون، کاردانەوەتان چی بوو؟ ئێمە لە زیندانی ئەوین ماوەی پانزە ڕۆژ مانمان لە خواردن گرت.

ســەفەرخان: ئێمەش لە زیندانی قەسـر مانمان لە خــواردن گرت، پۆلیس بەردەوام دەهاتن و داوایان دەکرد مانگرتنەکە بشکێنین، هەموو هەوڵێکیــان شــکاندنی مانگرتنەکە بــوو، لەلایەکی تــرەوە ئەنجوومەنی داکۆکیکــردن لــە زیندانییانــی سیاســی هاتــن و پســتگیرییان کردین، ئەنجومەنێک بۆ داکۆکیکردن لە زیندانییانی سیاســی دروست ببوو، کە کوردێکی خەڵکی شاری سنەیان لەگەڵدا بوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەی لەبارەی سادقی وەزیرییەوە؟

ســەفەرخان: ئافەرین بۆ ســادقی وەزیری، ئەو چووبووە بەردەم ســەر لەشــکر بەهزادی و پێــی گووتبوو: باشــە ئێوە دەڵێــن گرووپە چەکدارەکان ئازاد ناکەین و ئەوانی تر ئازاد دەکەین، ئەی ســەفەرخان بۆچــی ئازاد ناکەن. ئەویش گووتبووی کاری ئەو بەدەســت ئێمە نییە، بە دەست شایە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئایا لەناو ئێوەدا کەسانێک هەبوون بەهۆی مانگرتن لە خواردنەوە تووشی بوورانەوە و بێهۆشیی ببن؟

سەفەرخان: هەموو لەو ناوە درێژ ببوون، هەرئەوە بوو هەناسەیان دەدا، ئێمــە مانمان لە هەموو خــواردن و خواردنەوەیەک گرتبوو، زۆر پەرێشان بووین، هیچ شتێکمان نەدەخوارد، چەند کەسێک تەواو بێهۆش ببوون، دەیانبردنە لای دکتۆر و بەزۆر دەیانویست خواردنیان پێ بدەن.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەی تۆ چۆن بوویت؟

ســـەفەرخان: من وا نەبووم، من جگەرەم زۆر کێشابوو، هەستم بە برســێتی نەدەکرد. (گاگیــک) هاتە لام و گووتی: شــتێکت بۆ دەهێنم و بیخــۆ. گووتم (گاگیک) ئێمە هەموومان بەیەکــەوە بەڵێنمان بە یەکتری داوە، ئــەوە خیانەتــە، مــن ئەگــەر خواردن بخــۆم کەواتــە خیانەتم لە هاورێکانم کردووە، ئێمە بەڵێنمان بە یەکتری داوە هەموومان بەیەکەوە مان لە خواردن بگرین، ئێســتا تۆ پەنیــرت هێناوە کە من بیخۆم، بەڵام مــن هەرگیز خیانەت لە هاورێکانم ناکــەم، زۆر هەوڵیان دا و گووتیان تۆ نەخۆشیی گەدەت هەیە وا باشترە مانگرتنەکەت بشکێنیت، بەڵام من بەقسەم نەکردن.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: کەسێک هەبوو مانگرتن لە خواردن نەکات؟

سەفەرخان: بەڵێ، هەبوو پێداو و هاشم نوری...

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەوان مانیان نەگرت.

سەفەرخان: نا ئەوانەی خواردنیان دەخوارد لە حەوت هەشت کەس زیاتــر نەبوون، دەرۆیشــتن خواردنیــان وەردەگرت و لە گۆشــەیەکی ژوورەکەدا دەیانخوارد.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: یەکەمینجار کەی تەلەفزیۆنت بینی؟
سەفەرخان: وەڵڵا مـن تەلەفزیۆنم نەبینیبوو، من ڕۆیشتبووم بۆ عێراق، ڕادیۆشم نەبینیبوو، ئۆتۆمبێلیش تەنها سەرۆکەکەمان جەنەڕاڵ کەبیری هەیبوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: هەمان کات کە ئەفسەری تیپ بوویت.
سەفەرخان: بەڵێ ئێمە ڕۆیشتبووین بۆ عێراق، سەیرم کرد لەوێ لە چایخانەکانـدا ڕادیۆ هەیـە، لە ئێران ڕادیۆ نەبوو، خۆ ئەگەر هەبووبێت تەنهـا ماڵە دەڵەمەنـدەکان هەیانبوو. من ڕادیۆم نەبینیبـوو، ئۆتۆمبێلم نەبینیبوو، هەموو شـتێکم لێرە بینی. ئەو کاتـەی کە تیپی ئازەربایجان بـڵاوەی پێکرا چەند کەسـێک ڕۆیشـتن بۆ باکـۆ لـەوێ ڕادیۆیەکیان دامەزراند بە ناوی (ئازەربایجان دیموکرات فرقەسـی)، کە دواتر ناوی گـۆڕا بە ڕادیۆی (پەیکی ئێـران)، تا ئەم دواییانەش ئـەو ڕادیۆیە هەر مابوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: تەلەفزیۆنت لە کوێ بینی؟
سەفەرخان: تەلەفزیۆنم لە زیندانی قەسر بینی، من گووتم: تەلەفزیۆن چییە؟ گووتیان وەک سـینەما وایە و بچووکترە مرۆڤ پیشـان دەدات و قسە دەکات.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: دواتر تەلەفزیۆنیان هێنا بۆ زیندان؟
سەفەرخان: بەڵـێ، زیندانییەکان پارەیان کۆکردەوە و تەلەفزیۆنیان کڕی.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: لە زینداندا ئارەزووی چیت هەبوو؟

سەفەرخان: من هیچ ئارەزوویەکی تایبەت بە خۆمم نەبوو، دەمگووت لە زینداندا دەمرم و ئازاد نابم، دیارە ئومێدێکی زۆریشم هەبوو بەوەی خەڵکی شۆڕش بەرپا بکەن و بێن و دەرگای زیندانەکان بشکێنن، من هەر یەکەم ساڵی زیندانیم ئەو قسەیەم کردبوو، بەڵام گەورەترین ئارەزووم ئەوەبوو کە لاوەکانمان بە ئازادیی بژین و ژیانێکی بەختەوەر بەسەربەرن.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: لەبارەی خەسرەوی گوڵسورخی چی دەزانیت؟

سەفەرخان: لەگەڵ خەسرەوی گوڵسورخی هەشت مانگ لە زیندانی ژمارە چوار بەیەکەوە بووین، ئەو بە دوو ساڵ حوکم درابوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئێوە بەیەکەوە بوون؟

سەفەرخان: بەڵێ، ئەو ئاگاداری هیچ نەبوو، گرتبوویان و هێنابوویان، تەنانەت لەو کاتەدا کە پۆلیس هێرشی کردبووە سەر بەندی چوار ئەویش لەوێ بوو، لێدانێکی باشی خوارد، ئەو لە زیندان هاوڕێیەکی هەبوو پۆلیس بە باتووم لەسەری ئەو هاوڕێیەی دابوو، ناوچاوانی شکابوو، ناوی ئەسەدوڵڵای عەمادی بوو خەڵکی ساری بوو، خوێن بە گیانیدا دەهاتە خوارەوە، بەڵام بەسەر خۆیدا نەدەهێنا و هیچی نەدەگووت، بەڵێ گوڵسورخی ئاگاداری ڕووداوەکانی دەرەوە نەبوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەی بۆچی خەسرەوی گوڵسورخی و کەرامەتوڵڵای دانشیان لەسێدارە دران؟

سەفەرخان: چونکە لە دادگادا بەرگرییەکی زۆریان کرد لە مارکسیزم و ڕاپەڕینی خەڵک، گووتبوویان ئێمە مارکسین و ڕێزیش بۆ ئیسلام دادەنێین، ڕۆژنامەکانی ئەو کاتە کەمێک لەسەریان نووسیبوون، لە

تەفزیۆنیش خۆیان و کەمێک لە وتەکانیانی نیشـــان دابوون، خۆ ئەگەر بەرگرییان نەکردایە لەسـێدارە نـەدەدران. کاتێک لە زیندان لەگەڵ مندا بـوو، پێی دەگووتم: پێویسـتە تەواوی زیندانییـەکان تێبگەیەنین کە بە باشی بەرگریی لە بیروباوەڕەکانیان بکەن.

عەلی ئەشرەف دەرویێشـیان: کەرامەتوڵڵای دانشیان خزمایەتی هەبوو لەگەڵ غوڵام یەحیای دانشیان؟

سەفەرخان: نەخێر خزمایەتی چی، غوڵام یەحیا تورک بوو، کەرامەت فارس بوو، خەڵکی شیراز بوو. کەرامەت ئەفسەر بوو، نۆکەری دەوڵەت بوو، هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نەبوو.

عەلی ئەشرەف دەرویێشیان: لەسێدارەدانی ئەوان کاریگەریی چی بوو لەسەر زیندانییەکان؟

سـەفەرخان: خەڵکیی هەموو کێشـەکانیان دەزانی، هەموو خەڵکیی ئاشـنا بـوون بە کارەکانـی ڕژێـم، دادگاییەکە دادگاییەکـی ڕووکەش بـوو، دەیانویسـت زیندانییان پەشـیمان بکەنـەوە و تۆبەیان پێ بکەن، بەڵام خەسـرەوی گوڵسورخی و کەرامەت بە پێچەوانەی ویستی ڕژێم هەڵسوکەوتیان کرد.

عەلی ئەشـرەف دەرویێشـیان: بۆچوونی تۆ چی بوو لەسـەر سیاگوڵییەکان؟

سەفەرخان: تۆ کە خوێندەواریت، ئایا بە هەزار کەس و دوو هەزار کەس و تەنانەت پەنجا هەزار کەسیش دەتوانرێت ڕاپەڕین بکرێت؟ لینین گووتوویەتی (وڵاتێک کە ئابوورییەکەی تێکشـکابێت و حیزبی بەهێزی هەبێت، ئەوا ئەو حیزبە دەتوانێت دەسـەڵات بگرێتە دەسـت). ئێمە هیچ شتێکمان نییە، بۆ نموونە کوردەکان چەندین ساڵە نان و خورما دەخۆن و خەبـات دەکـەن، زیندانیی دەکرێـن و دەکوژرێن، هیچ کارێکیشـیان

پێ ناکرێت، هەر حیزبێکیان بەسەر چەند دەستەیەکدا دابەشبوون و قسەی زلیش دەکەن. مەبەستم لەم سیاگولانەیە کە شەڕی پارتیزانییان دەستپێکردبوو. هۆکاری سەرکەوتنی (ماوتسی تۆنگیش) ئەوەبوو کە جووتیارەکانی بووژاندەوە. لە وڵاتی ئێمەدا کرێکار نەبوو، واتە کرێکاری بەکەڵک و شۆڕشگێڕ نەبوو، من کرێکارم زۆر بینیوە، بەڵام هەموویان کرێکاری تێکۆشەر نەبوون، کرێکارێک کە خاوەن خانووە و هەموو شتێکی هەیە، دەست و قاچیشی زنجیر نەکراوە و بە خۆشی دەڵێت کرێکار.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: کەواتە بە بۆچوونی تۆ جووتیارەکان دەبێت...

سەفەرخان: بەڵێ جووتیارەکان لەبەر خاتری زەوییەکانیان، نەک لەبەر خاتری ئایدیۆلۆژیا لە بەرامبەر زوڵمی دەرەبەگەکاندا ناچار بوون ڕاپەڕن.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: بۆچی تۆ هیچ کاتێک بۆ نانخواردن نەدەهاتیتە سەر سفرەی نەخۆشەکان؟

سەفەرخان: ئاخر ئەو سفرەیە بۆ ئەو زیندانییانە بوو کە نەخۆشیی گەدەیان هەبوو و ئازاریان هەبوو، ئەوان پێیان دەگووتم منیش بچم لەلای ئەوان نان بخۆم، چونکە خواردنی نەخۆشەکان لە خواردنەکانی تر باشتر بوو، ئەوان خزم و کەسەکانیان لە دەرەوەی زیندان خواردنی باشیان بۆ دەهێنان و خۆشیان خواردنی باشیان دروست دەکرد. بۆ نموونە شۆربای باشیان دروست دەکرد، زۆرجار بۆ بەهێزکردنیان هەنگوین و کەرەیان پێدەدان، زیندانییەکان پێیان دەگووتم تۆ کە ئەوەندە برسێتیت کێشاوە ماوەیەک بڕۆ بۆ سەر سفرەی نەخۆشەکان، بەڵکو کەمێک هێزت بە بەردا بێتەوە، منیش دەمگووت ناچم و لەسەر سفرەی ئاسایی دادەنیشم. تەنانەت دکتۆر (ڕەحیمیان) بۆ ماوەی یەک مانگ

دەرمانــی بەهێزکردنی بۆ نووســیم، دکتۆر ڕەحیمیــان خۆی زیندانیی سیاسی بوو، دکتۆری زیندانیش بوو.

عەلــی ئەشــرەف دەروێشــیان: ئــەو لەگــەڵ کام گرووپەدا دەستگیرکرابوو؟

ســـەفەرخان: ڕۆژێک حەمید ئەشــرەف لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا فیشــەکی بەردەکەوێــت، بە ناوێکی تــرەوە دەیبەنە لای ئــەم دکتۆرە، دکتۆریش نایناســێت و چارەســەری بۆ دەکات، دواتر چەند کەســێک دەســتگیر دەکرێــن و لە لێکۆڵینــەوەدا دەڵێن حەمید ئەشــرەف بریندار بووە و لەلای ئەو دکتۆرە چارەسەر کراوە، هەر بۆیە دکتۆر دەستگیر دەکرێت و لە لێکۆڵینەوەدا دەڵێت من چوزانم ئەمە چییە، من دکتۆرم و هەرکەســێک سەردانم بکات چارەســەری بۆ دەکەم. حوکمی سێ ساڵ زیندانیی درابوو، ئەو کەسێکی زۆر باش بوو، ئێستاش ساڵانە دەچم بۆ سەردانیکردنی و ئەویش دێت بۆ سەردانیم. ئەو لە ژووری ژمارە سێ بوو، کەسێکی خوێندەوار و زیرەک بوو، بەردەوام لەگەڵ زیندانییەکاندا لــە گفتوگۆدا بوو. بەڵێ من نەدەچوومە ســەر ســفرەی نەخۆشــەکان، مەگەر تۆ خۆت لێپرسراوی سفرەی نەخۆشەکان نەبوویت.

عەلی ئەشــرەف دەروێشیان: بەڵێ لێپرســراو بووم، بەڵام تۆ هیچ کاتێک نەهاتیتە ســەر ئەو سفرەیە، پۆلیسیش چەند جارێک هەڵیکوتایە سەرمان.

ســـەفەرخان: بەڵێ زیاتر لە چەندین جار، جارێکیان هێرشــیان کرد و تەواوی زیندانییەکانیان کردە حەوشەکەوە و پێڵاوەکانیان پێ دانان، بە پێی پەتــی ناردیاننەوە بۆ ژوورەکانیان، پۆلیس گووتبووی لەوانەیە زیندانییــەکان بە ئەم پێڵاوانەوە لە بیری هەڵاتندا بن. جارێکیان لە کاتی هەڵاتنی بێژەنی جەزەنی و هاوڕێکانی، پۆلیس هێرشــی کردە سەرمان، جارێکــی تر لــە کاتی هەڵاتنی ئەشــرەفی دەهقانی هێرشــیان کردەوە،

جارێکیش بەهۆی ئەوەی کەسێک بە ناوی (تەقی) کە تورک بوو، تفی لەو پاسەوانە پیرە کردبوو و هاتن و هەموو کۆمیدییەکانیان شکاند و هەرچییەکیان بەردەست کەوت، بردیان. زۆر شتی تریشم لە یادە، چەند جارێکیشیان هێرشیان کردە سەر زیندانی ژنانی سیاسی و زۆریان لێدان، هەروەها لە زینداندا ژمارەیەک زیندانی چەپڕەوییان دەکرد و پۆلیسیش هێرشی دەکرد، ئەگەر دوو کەس بەیەکەوە قسەیان بکردایە دەهاتن و دەیانگووت بۆچی بەیەکەوە قسە دەکەن؟ بۆچی هاتوویت بۆ ئەم ژوورە؟ بۆچی چوویتە ئەو بەندە؟ ئیتر هەفتانە دەهاتن و ژوورەکانیان دەپشکنی، بۆ نموونە ڕۆژێک کەسێک کە هاوپەیوەندیی موهەندیس (تەنازی) بوو ویستیان ئازادی بکەن، ئەویش هەر موهەندیس بوو، بە بڵندگۆ هاواریان کرد هەمووان بڕۆنە حەوشەکە، بە گشتی هەمووان ڕۆیشتن، من و عەلی خاوەری و یەحیای ڕەحیمی و عەلی کەمالی و ئەو مەنسورەی کە ئێستا لە وەزارەتی دەرەوە کار دەکات، نەڕۆیشتین.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: مەنسوری کێ بوو؟

سەفەرخان: جەوادی مەنسوری کەسێکی مەزهەبی بوو، ئەویش نەڕۆیشت، دوای ئەوەی کە وتارەکەی موحەڕەڕی تەواو بوو، هاتن و بە بڕیاری سەرهەنگ زەمانی هەموومانیان برد بۆ ژووری تاکەکەسی و باشیان لێداین، واتە ئەوانەی نەڕۆیشتبووینە حەوشە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەو سەرهەنگ زەمانییە بۆچی ئەوەندە ترسناک و بێبەزەیی بوو؟

سەفەرخان: لەسەرەوە فەرمانی پێدەکرا، خۆشی هەڵسوکەوتی خراپ بوو، دیارە ئێمە کەسانی باشیشمان زۆر بینیبوو، بۆ نموونە سەروان (مەزلومی) کەسێکی باش بوو، بەڕاستی ئەگەر توانای هەبووایە هاوکاریشی دەکردین، یان (ساقی) کە تورک بوو، لێپرسراوی (قزڵ قەڵا) بوو، دواتر (ساقی) کرا بە کادیری ئیداریی، بەڵام سەرهەنگ

زەمانی بەڕاستی جەللاد بوو، ئەو باتوومەکەی دەستی دەکرد بە قنگی زیندانییەکانـدا و دوایـی پێـی دەگووتـن دەبێت باتوومەکە بلێسـنەوە. ڕۆژێکیان لە پەنجەرەکەوە سەیری تەلەفزیۆنی بەندی (٤و ٥)م دەکرد، پاسـەوانێک کە خەڵکی ئەهواز بوو ڕۆیشـت و شـکاتی لێکردم. هاتن و بردیانم کە بۆچی سـەیری تەلەفزیۆنـی بەندەکانی تر دەکەم. منیش گووتم: بۆچی چی تێدایە؟ من وەستام و سەیری ئەملاو ئەولام دەکرد، بەڵێ بەو ڕووداوە زۆر ناڕەحەت بووم، هەرچەندە ئازاریان نەدام، بەڵام زۆر ناڕەحەت بووم. دواتر داوام کرد کە من بگوازنەوە بۆ ژوورەکەی ئاغای (خاوەری) خاوەریش بە جگەرەکێشانی من ناڕەحەت بوو، منیش بۆ ڕێزگرتن لە ئەو دەچوومە حەوشـەکەوە جگەرەم دەکێشا. خاوەری بەردەوام دەیگووت نەخۆشم.

عەلی ئەشـرەف دەروێشـیان: بەڕاسـتی ئـەو نەخۆش بوو، نەخۆشیی شەکرەی هەبوو، چاوەکانی خەریکبوو کوێر دەبوون.

سـەفەرخان: ئێجگار واش نەبوو، ئەو کەسـێکی بێ جوڵە بوو، لەم دواییانەدا دەیویست خواردنەکەشی بۆ بەرنە ژوورەوە، ئەو دەیویست بەردەوام لەسەر سفرەی نەخۆشەکان دانیشێت، من ئەم جۆرە ڕەوشتەم پـێ باش نەبوو. فشـاری زۆریان لە من کرد کە بچمە سـەر سـفرەی نەخۆشـەکان، بـەڵام من نەچـووم. کاتێک کە چوومـە زیندانی ئەوین، ئـەو مریشـکەی پێیان دەدایـن زۆر چەور بـوون. کاتێک خواردنیان بۆ دەهێنایـن لە تەنەکەدا بۆیان دەهێنایـن. یەکێک لە تەنەکەکانیان کونکون کردبوو بۆئەوەی چەورییەکەی بڕوات.

عەلـی ئەشـرەف دەروێشـیان: ئێسـتاش خەڵکـی دێـن بۆ سەردانیکردنت؟

سـەفەرخان: بەڵێ، من هەمیشە میوانم هەیە و سـەردانیم دەکەن، پێیـان سـەیرە کە مـن چۆن لـەدوای ئەو هەمـوو سـتەم و زیندانییە

مـاوم. دێـن تاکو ببینن چۆن ماوم، چۆن ئەو هەموو سـاڵە لە زینداندا ماومەتەوە، ڕۆژێک ژنێک هات بۆ سەردانم و گووتی: من لە کتێبی (ساڵە تەماوییەکان)ی عەلی ئەشـرەف دەروێشیان ناوی تۆم خوێندووەتەوە، هیوادار بووم تۆ ببینم. ئەو ژنە خۆشـی نووسـەرە و کاری وەرگێڕان دەکات، ئەو لەگەڵ هاوسـەرەکەیدا هاتبوو کە ناوی ئاغای موسـەوییە، ئەوان گۆڤاری (تەوسیعە) دەردەکەن.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەم خانووەی تێیدا نیشتەجێیت هی کـێـیـە؟

سەفەرخان: هی دەزگای شەهیدانە، مەگەر نازانیت؟

عەلی ئەشرەف دەروێشـیان: بەڵێ بیستوومە، بەڵام زۆر دڵنیا نەبووم.

سـەفەرخان: ئـەم باڵەخانەیە ئەبولقاسـمی سـەرحەدزادە و کازم بەجنەوەردی و دکتۆر شـەیبانی دروسـتیان کـردووە، ماوەیەکە لێرە بێـزار بـووم، ئەگەر قاتی یەکەمیان پێ بدامایە باشـتر بوو، بەڵام قاتی پێنجەمیان پێ دام. دەبێت بە شەسـت و هەشـت پلیکانەدا سەرکەوم و بچمە خوارەوە. سـەرەتا بۆ من باش بوو، بەڵام ئێسـتا کە نەخۆشم و سەکتە لێی داوم، زۆر ناڕەحەتە، چەند جارێک لە پلیکانەکان کەوتوومەتە خـوارەوە. دکتۆر شـەیبانی کەسـێکی زۆر بەڕێزە، ئـەو کوێرەوەریی زۆری کێشـاوە، ئەو سـتەم و زیندانییەکی زۆری لە ڕژێمی پێشـوودا چەشتووە، کەچی لەسەر ئەم هەموو کۆشک و تەلارەوە ئەو تەنها یەک خانووی هەیە و هیچی بۆ خۆی کۆ نەکردووەتەوە، ئەو ئێستاش وەک هەمان ئەو کاتە وایە کە لە زینداندا بوو، کەسێکی هێمن و سادەیە.

عەلی ئەشـــرەف دەروێشـــیان: کچەکەت و نەوەکەت سەردانیت دەکەن؟

ســـەفەرخان: بەڵێ، زۆرم زەحمەت پێوە دەبینن، دێن و ماڵەکەم بۆ پاک دەکەنەوە و خواردنم بۆ دەهێنن.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: چەند نەوەت هەیە؟

سەفەرخان: ســێ نەوەم هەیە، کوڕێک بە ناوی بەهرۆز و دوو کچ بە ناوەکانی بیتا و ســارا، ئەمانە منداڵی مەهینن، بەهرۆز ئێستا خۆشی منداڵی هەیە.

عەلی ئەشـــرەف دەروێشـــیان: ڕژێمی شـــا هیچ کاتێک داوایان لێکردوویت لە تەلەفزیۆن نیشان بدرێیت؟

ســـەفەرخان: بەڵێ، مەگەر پێم نەگووتیت من لەگەڵ ئەو شەســـت کەســـەی ســـاڵی (١٣٥٦) بردیانیـــن بـــۆ پاکانەکردن، ئـــەوان هەموویان پاکانەیان کرد و تەنها یەک کەسیان نەما پاکانە نەکات، تەنها من مامەوە و پاکانـــەم نەکرد، لـــە کاتی گەڕانەوەم هاوڕێیانـــم گووتیان هەموومان چاومـــان لەســـەر تەلەفزیۆن بـــوو تاکو چاومـــان پێت بکەوێـــت، بەڵام خۆشـــبەختانە تۆ دەرنەکەوتیت، ئیتر هاوڕێیان لە دەورم کۆبوونەوە و باوەشیان پێداکردم، گووتم: بینیتان چۆن پاکانەم نەکرد و یەک دەست چاکـــەت و پانتۆڵم زەرەر کرد. ئەو زیندانییانەی پاکانەیان کرد بردیانن بۆ سەرتاشـــخانە و جلوبەرگی تازەیان پێـــدان و ئازادیان کردن. دواتر منیان برد بۆ کۆمیتەی هاوبەش، پێش ئەوەی بگەمە ڕاڕەوەکە، پاکەتی جگەرەکەیـــان لـــێ ســـەندم، گووتم: بۆچـــی جگەرەکانـــم لێوەردەگرن؟ گووتیان: دوایی پێتی دەدەینەوە، لە ناکاو کەسێک هات و گووتی: ئێرە کۆمیتەی هاوبەشـــە و من ئاغای ڕەســـوڵیم، من تا ئەو کاتە ڕەســـوڵیم نەبینیبوو، بردیانمە ژوورێکەوە و جگەرەکانیان پێ نەدامەوە. ڕەسوڵی دەیویســـت فشـــارم لێ بـــکات و ماوەیەک جگەرەکانی پـــێ نەدامەوە و

منیش هیچم نەگووت. دواتر ڕەسوڵی هاتە ژوورەکەوە و جگەرەی بە زیندانییەکان داو بە منی نەدا، ئاگام لێبوو جگەرەکەی بە کەسێک داو ئاماژەیەکی بۆ من کرد کە جگەرەکە بە من بدات، وەک ئەوەی قینی لە من بێت، بەڵام من تەسلیمی نەبووم. لە زینداندا کەسانێک هەبوون لەپێناو ئازادبووندا هەموو کارێکیان دەکرد، بۆ نموونە کەسێکی وەک سیسیانی ئەرمەنی، کە دوایی بوو بە موسڵمان و بەردەوام ڕاپۆرتی دەنووسی.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: سیسیان سەر بە کام گرووپ بوو؟

سەفەرخان: سەر بە گرووپێکی چەکداریی بوو، کەسێکی زۆر چەپ بوو، دواتر بوو بە ڕاست.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەگەر بکرێت لەبارەی هۆشەنگی تیزابییەوە شتێک باس بکەیت.

سەفەرخان: هۆشەنگی تیزابی خوێندکاری کۆلێژی پزیشک بوو، دوایین ساڵی خوێندنی بوو، هاوینی ساڵی (١٣٤٥) دەستگیر دەکرێت و چوار ساڵ حوکم دەدرێت، هەر ئەو ساڵە حەمیدی ئەشرەفیش کە خوێندکاری کۆلێژی هونەر بوو، دەستگیر دەکرێت، حەمیدی ئەشرەفی یەکەمی کۆلێژی هونەر بوو، ماوەی دوو ساڵ لە زیندان مایەوە و ئازاد کرا و ڕۆیشت. هۆشەنگی تیزابی هاودۆسیەی محەمەدی ئیمانی و محەمەدی ئەمینی و ئاغایی و نەورۆزی بوو، ئەوان مەیلیان بە لای تودەییەکانەوە بوو، هۆشەنگ لە زینداندا بوو بە تودەیی و کەسێکی توندڕەو بوو، هەرکەسێک دژی بیروباوەڕی ئەو قسەی بکردایە بە توندی ڕووبەڕووی دەبووەوە. هەمووتان ئەوەتان بیستووە کە چۆن شەپازلەی لە حوجەتی کرمانی داوە. حوجەتی کرمانی سەر بە حیزبی میللی ئیسلامی بوو، واتە هاودۆسیەی ئەبولقاسمی سەرحەد زادە و کازمی بەجنەوەردی بوو، ئەمانە کەسانی لاو و باش بوون. حوجەتی

کرمانــی زۆر لایەنگــری گفتوگــۆ بوو، بــەو لاشــە لات و بێهێزەیەوە بــەردەوام پیاســەی دەکرد و ئــارەزووی لە وتووێــژ و گفتوگۆ بووە، کــە ئەوەش بووەتە هــۆی ئەوەی چەندینجار لێــدان بخوات. جارێکیان هاوینی ســاڵی (١٣٤٧) بوو، لە حەوشــەی بەندی چوار نانی بەیانیمان دەخوارد، سەیرم کرد حاجی عێراقی یەخەی کەسێکی بە ناوی خاقانی گرتووە دووری دەخاتەوە، خاقانی هاودۆســیەی کەســانێک بوو کە لە ڕاپەڕینــی پانزەی خورداد دەســتگیر کرابوون، ئەو کەســێکی قەڵەو و بــاڵا کورت بوو. نازانــم هۆکەی چی بوو کە خاقانی شــەپازلەیەکی لە حوجەتــی کرمانی دا، دوای چەند ڕۆژێک حوجەتــی کرمانییان برد بۆ بەندی سێ.

عەلی ئەشــرەف دەرویشیان: خاقانی لەسەر چی شەپازلەی لە حوجەتی کرمانی دابوو؟

ســەفەرخان: خاقانی لــە لایەنگرانــی ئایەتوڵڵا ڕەبانی بــوو، گوایە حوجەتــی کرمانی بڵاوی کردووەتەوە کە ئایەتوڵــلا ڕەبانی لە خاقانی نــاڕازی بــووە، خاقانیش لەســەر ئــەو قســەیە شــەپازلەیەکی لێداوە. حوجەتــی کرمانــی لــە بەنــدی ســێوە دوور دەخەنــەوە بــۆ زیندانی بەرازجــان، کاتێک دەیەوێت خوداحافیزی لــە هاوڕێکانی بکات، خاقانی شەپازلەیەک لە حوجەتی کرمانی دەدات. کاتێک هۆیەکەیم پرسی بۆچی ئــەو شــەپازلەیەت لێداوە، ئەو گووتی: جارێکیان بــە هاندانی حوجەتی (لاجوردی) ئەو شــەپازلەیەکی لە من داوە، منیش تۆڵەی خۆم کردەوە. هۆشەنگی تیزابی کەسێکی توڕە و دەمارگیر بوو، جارێکی تریش لەگەڵ زیندانییەکی عێراقی بە ناوی (عادل هەبە)، کە ئەندامی حیزبی کۆمۆنستی عێراق بوو، دەبێتە شــەڕیان، عادل هەبە ئەندازیار بوو، بە حەوت ساڵ حوکم درابوو، کاتێک چاوم لێبوو ئەو دوو کەســە بەرەنگاری یەکتری ببوونەوە، منیش ڕۆیشتم و یەک بۆکسم لێدا.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: لە عادل هەبەت دا؟

ســـەفەرخان: نەخێر، لە هۆشـــەنگی تیزابیم دا، چونکە عادل میوانی ئێمـــە بوو، بـــاش نەبوو لەگـــەڵ ئەودا شـــەڕ بکەم. دواتر هۆشـــەنگیان بـــردە ژێرزەمینەکە و دووریانخســـتەوە بۆ بەندی ســـێ، لەوێ بوو کە شـــەپازلەی لـــە حوجەتی دابوو، دواتـــر دووبارە هێنایانـــەوە بۆ بەندی چـــوار. من هۆشـــەنگم بردە ژوورەکـــەی خۆم، ماوەی یـــەک هەفتە لە ژوورەکـــەی مندا مایەوە، لەوێش ئارامی نەدەگرت. زیندانییانی لە خۆی کۆدەکـــردەوە و پڕوپاگەندەی بۆ دەکردن، دواتر لەوێش دوورخرایەوە و بردیـــان و دوای ماوەیـــەک لـــە ڕۆژنامەکانـــدا بینیم نووســـراوە، کە هۆشـــەنگ تیزابـــی لـــە ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا کـــوژراوە، بەڵام دواتر دەرکەوت لەژێر ئەشـــکەنجەدا کوشـــتبوویان. ئەو دکتۆر بوو، کەسێکی چەپی توندڕەو بوو، ئەگەر کێشـــەیەک ڕووی بدایە، ئەو یەکەم کەس بـــوو نارەزایـــی دەردەبڕی، دواتـــر لەگەڵ ڕەحمان هاتفـــی گرووپێکیان دروستکرد. ڕەحمان هاتفی لەدوای شۆڕش کوژرا، ئەو ڕۆژنامەنووس بـــوو، هەروەهـــا فێـــری فـــەرش چنین ببوو، کەســـێک هەبـــوو بە ناوی موشـــیر خەڵکـــی مەرەند بوو، ئەو ڕەحمانی هاتفـــی فێری فەرش چنین کردبوو. فەرشێکی چنیبوو، وێنەی ستارخان و ماکسیم گورگی لەسەر نەخشـــاندبوو، منیش بە شۆخییەوە پێم دەگووت: تۆ ویستووتە وێنەی ســـتارخان بکێشـــیت، بەڵام ئەمە وێنەی باقرخانە، پار ئەو فەرشـــەم لە ماڵی کەسێکدا بینی.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: لەبارەی ڕەزای شەلتوکییەوە قسەم بۆ بکە.

سەفەرخان: کەسێکی پاک بوو، شەلتوکی لە هەمووان خاوێنتر بوو، ئەوان هەموویان کەسانی باش بوون، بەڵام کاتێک لە زیندانی بەرازجان بووین زۆربەی ئەفســـەرەکان لەگەڵ زیندانییە ئاساییەکان نەدەگونجان

و دووره‌په‌ریز بوون، به‌لام دواتر باش بوون و تیکه‌لاوییه‌که‌یان زیاتر بوو. ڕه‌زای شــه‌لتوکی که‌ســێکی دڵپاک بوو، من وام بیست که دواجار سه‌ردانی دکتۆری کردووه گووتوویه‌تی دکتۆر کارێک بکه نه‌گه‌ڕێمه‌وه بــۆ زینــدان، واته ده‌رمانێکی وای پێدا کــه بیکوژێت، دوای ماوه‌یه‌ک له مردنی، له دکتۆرم پرســی به‌چی مرد؟ دکتۆر گووتی: منیش نازانم! وا هه‌ست ده‌که‌م نه‌خۆشیی شێرپه‌نجه‌ی هه‌بووبێت...

عه‌لی ئه‌شره‌ف ده‌روێشیان: به‌هرۆزی حه‌قی و هاوڕێکانی چۆن له زیندان هه‌ڵاتن؟

ســـه‌فه‌رخان: به‌هــرۆزی حه‌قــی لــه زیندانــی قه‌ســری تارانــه‌وه دوورخرابووه‌وه بۆ زیندانی شــاری (ســنه)، ئه‌و له ڕێکخراوی چریک فیداییه‌کان بوو، له‌وێشــه‌وه بۆ زیندانی به‌نــده‌ر عه‌باس دوورخرایه‌وه. مه‌شــعوف که‌لانته‌ریــش له زیندانــی به‌نده‌ر عه‌باس بــوو، ئه‌و به‌هۆی ئه‌شکه‌نجه‌ی زۆره‌وه تووشــی نه‌خۆشیی ببوو، له بارێکی زۆر خراپدا بوو، له‌ســه‌ر ئه‌و هه‌موو نه‌خۆشییه‌شــه‌وه که‌ســێک لێی ناپرسێته‌وه و هه‌ر ڕۆژه‌و به به‌هانه‌یه‌که‌وه په‌لکێشی دادگای ده‌که‌ن. به‌هرۆزی حه‌قی و محه‌مه‌د عه‌لی په‌رته‌وی، که قاچێکی فه‌له‌ج بوو، حه‌سه‌ن خۆشنووس و به‌هرۆز ســونعی کــه دوورخرابوونه‌وه بۆ زیندانــی به‌نده‌ر عه‌باس کاتێــک ده‌بینن مه‌شــعوفی که‌لانته‌ری نه‌خۆشــه و که‌ســێک ئاوڕی لێ ناداته‌وه، ده‌ست ده‌که‌ن به مانگرتن و خواردن ناخۆن. دوای دوو هه‌فته له مانگرتن له‌و هه‌وا گه‌رم و کوشــنده‌یه‌ی به‌نده‌ر عه‌باس موشــعوف ده‌گوازنــه‌وه بۆ زیندانی ئه‌وینــ. دواتر به‌هــرۆز و هاوڕێکانی به‌هۆی ئه‌شکه‌نجه‌دانی به‌رده‌وامی زیندانییانی سیاسی له‌گه‌ڵ پۆلیسدا تووشی ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه ده‌بنه‌وه و پۆلیس ده‌ڕژێنه ناویان و باشیان لێده‌ده‌ن. دوای ماوه‌یــه‌ک، لــه پاییــزی (١٣٥٤/ ١٩٧٥) محه‌مــه‌د عه‌لی په‌رته‌وی و به‌هرۆزی حه‌قی و حوســێن خۆشــنووس له زینــدان هه‌ڵدێن، به‌ڵام هه‌رسێکیان ده‌ستگیر ده‌کرێنه‌وه و به برینداریی و گیانی خوێناوییه‌وه،

هەریەکــەو دەیانبەنە ژووری تاکەکەســییەوە لەوێش دووبارە دەســت دەکەنەوە بە مانگرتن.

بەهرۆزی ســەنعی کە خوێندکاری کشتوکاڵ بوو لە کەرەج و خۆی خەڵکی مەشــهەد بــوو، دوای یەک هەفتە لە ئەشــکەنجەدان و گەرمای کوشــندە، تووشــی نەخۆشــیی دەبێت و ژیریی خۆی لەدەست دەدات. بەهرۆزی ســەنعی لــە کاتژمێر (١٢)ی شــەودا کە دوایین چرکەکانی ژیانــی خۆی بەڕێ دەکات، پۆلیس دێن و لە ژوورەکە دەیبەنە دەرەوە. بەهرۆزی حەقی و محەمەد عەلی و حوســێن خۆشنووس ماوەی (٢٥) ڕۆژ بەبــێ خواردن لە ژوورە تاکەکەســییەکاندا دەمێننەوە. ڕۆژێک بە بێهۆشــی دەیانبەنە حەوشەکە و پۆلیســەکان باتوومەکانیان دەکەن بە قنگیاندا و دواتر دەیانگەڕێننەوە بۆ ژوورە تاکەکەســییەکان، شەوانە تا بەیانی پاســەوان بەسەر ســەریانەوە دەبێت و لێیان دەدەن، دوای ئەو هەمــوو لێدان و ئەشــکەنجەیە هەریەکەیان بــە فانیلەیەکی عەلاگە و بە شۆرتێکەوە دەگوازنەوە بۆ زیندانەکانی تر.

هەرچۆنێــک بێــت جگە لــە ژمارەیەکی کەمــی زیندانییــان، تەواوی زیندانییەکانی تر بڕیار دەدەن لە بەرامبەر پۆلیســدا بەرگریی بکەن، کە بەڕاستی بەرگرییان کرد. هەموو سەردانیکردنێک قەدەغە بوو، تەنانەت ئەگــەر ســێ کەس بەیەکەوە لە ژوورێکدا بوونایــە بۆیان نەبوو لەگەڵ یەکتریدا قســە بکەن. شــەو و ڕۆژ زیندانییانیان دەبرد بۆ ئەشــکەنجە، زیندانییــان لەتــاو ئازار و لێــدان هاواریان دەکــرد، ئەوانیش بەردەوام لێیان دەدان، تاکو بێهۆش دەبوون.

لــە ڕۆژێکــی زســتانی ســاڵی (١٣٥٥/ ١٩٧٦) لێکۆڵــەرەکان هاتنــە نــاو زیندانی قەســر هەوڵیان دا دووبارە زیندانییان تووشــی کێشــە و ناڕەحەتی بکەن و باڵادەســتیی خۆیان بسەلمێنن، لێکۆڵەرێکی ساواکی لێم هاتە پێش و دەستی کرد بە قسەکردن.

لێکۆڵەر: تۆ ناتەوێت دوای چەندین ســاڵ لــە زیندانیت، لێرە بڕۆیتە دەرەوە؟

من: کێ هەیە حەز نەکات لێرە بڕواتە دەرەوە؟

لێکۆڵەر: ئەی بۆچی لەو بارەیەوە شتێک نانووسیت؟

مــن: ئەوانەی کە منیــان دەســتگیرکردووە و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردووم و بردوویانم بۆ دادگا هەموویان مردوون، ئەوانەشی کە لەگەڵ مندا لەســەر یەک کێشــە دەســتگیرکراوین، یان مردوون، یان خەریکی ژیانی ڕۆژانەی خۆیانن، ئێستا من چی بنووسم؟

لێکۆڵەر: تۆ دەتەوێت ببیت بە قارەمان؟

من: نەخێر، من کەســێکی ئاســاییم، بەڵام ئێوە دەتانەوێت من بکەن بە قارەمان، ئەگەر ســی ساڵ لەمەوبەر منتان ئازاد بکردایە، ئێستا هیچ کەسێک منی نەدەناسی.

لێکۆڵەر: ئەگەر شتێک نەنووسیت، تا مردن لێرە دەمێنیتەوە.

من: من هیچ شتێک نانووسم.

لێکۆڵەر: ناچارت دەکەم.

من: ناتوانیت.

لێکۆڵەر: کێبڵمان هەیە، حوســێنمان هەیە. (حوســێنی یەکێک بوو لە جەللادە ترسناکەکان، کە زۆر بە خراپی زیندانییانی ئەشکەنجە دەدا).

من: دەتوانیت هەموو ئەوانە تاقی بکەیتەوە.

ســاڵی (١٣٥٥/ ١٩٧٦) خەڵکــی ســتەمدیدەی ئێــران لە هــەر کاتێک زیاتر ڕووبەڕووی گرانیی ببوونەوە، لە کۆمەڵگای ئێراندا سانســۆر و چاودێریکردن ببوونە هۆی ئەوەی کە زۆرێک لە کەسایەتییە زانستی و کەلتوورییەکان کۆچ بکەن بۆ دەرەوەی وڵات. لەم ڕێگایەوە ئیمپریالیزم بەبێ خەرجکردنی کەمترین سەرمایە، لە ئەو کەسانە سوودمەند دەبوو. لە وڵاتی سانســۆرکراوی ئێراندا، لە ســاڵی (١٩٧٧)ی میلادیدا، ڕێژەی خوێندنــەوە زۆر کــەم بوو، لە وڵاتی ئێمەدا بە ئــەم هەموو ڕابردووی کەلتوورییــەوە بــە چەندین ملیــۆن خەڵکەوە لە ســاڵێکدا تەنها (٥٠٠ تا ٦٠٠) ناونیشانی کتێب بڵاودەکرایەوە. شا بە سیاسەتی دژە کەلتووریی و دژە خوێندنەوە هەوڵی دەدا خەڵکی بە ناهۆشیاریی بمێننەوە.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: زۆرێک لە ئێوەیان برد بۆ کۆمیتەی هاوبەش تاکو لەوێ پاکانە بنووســن و ئازاد بکرێن، کاردانەوەی ئێوە لەگەڵ ئەواندا چۆن بوو؟

ســـەفەرخان: ڕۆژێکی سەرەتای ســاڵی (١٣٥٥/ ١٩٧٦) لە بڵندگۆی زیندانەوە بانگەوازیان کرد، سەفەری قارەمانی بە زوویی کەلوپەلەکانی کۆبکاتــەوە و لەبــەر دەرگای پاســەوانەکان ئامــادە بێت. ڕۆیشــتم و بردیانمــە ژێرزەمینەکە، کاتژمێر و هەموو شــتەکانی تریان لێوەرگرتم. چاویان بەســتم و سواری ئۆتۆمبێلیان کردم. دوای ماوەیەک ڕۆیشتن، دایانبەزانــدم، بــە چــاوی بەســتراوەوە بردیانمــە ژوورێکــەوە، بــۆم دەرکەوت ئەو شوێنە کۆمیتەی هاوبەشە. کە چاویان کردمەوە سەیرم کرد جەللادە ناسراوەکانی وەکو ڕەسوڵی و حوسێن زادە و سەرهەنگ زەمانی لەبەر دەممدا وەســتاون. بە بینینی ئەوان زۆر ناڕەحەت بووم، ئەوانیش زانییان پەســت و توڕەم، بردیانم لــە ژوورێکدا دایاننام، تاکو لە هەلێکدا بە قســەی خۆش و پەیمانی درۆ، یان بە لێدان و هەڕەشــە پاکانەم پێ بنووسن.

دەوروبەری کاتژمێر یەکی نیوەشــەو بوو کە لە خەو هەڵیانســاندم، کە چاوم کردەوە ڕەسولیم لە پشت سەری خۆمەوە بینی. ئەو یەکسەر گووتــی: (باوکەکــەم منم هەڵســە با بەیەکــەوە بڕۆین)، ئــەو منی برد بــۆ ژوورەکــەی خــۆی، واتە ژووری ئەشــکەنجەدان، چــا و جگەرەی پێــدام، بــە زمانێکی لــووس گووتی: (تۆ ئــازاد دەکەم، بــڕۆ دەرەوە و خەریکــی ژیانی خۆت بە، بۆچی تۆ تاکو ئێســتا لە زینداندا ماویتەوە؟) لە وەڵامدا گووتم: ئاغای ڕەسوڵی من خۆم خۆمم نەخستووەتە زیندان، ئێــوە و دادوەرەکان منتان لە زینداندا هێشــتووەتەوە. ڕەســوڵی خۆی بــە خەمبــار و ناڕەحــەت نیشــان دا و چەنــد جوێنێکی بــە دادوەر دا. ئێتــر هیچ قســـەیەکی تری لەگەڵــدا نەکردم و گەڕاندمییــەوە بۆ هەمان ژوور کــە لێی بــووم. دوای یانزە ڕۆژ لە هەمان ژووری تاکەکەســیدا

دووباره نیوەشـــەوێک لە خەو هەڵیانســـاندم. ڕەسوڵی کەسێکی جەللاد و ئەشـــکەنجەگەر بوو، وا هەســـتم دەکـــرد ژن و ماڵـــی نەبێت، چونکە شـــەو و ڕۆژ لە ژوورەکەی خۆیدا بوو، ئەو هەمیشـــە کاتی نیوەشـــەو زیندانییەکانی دەبرد بۆ ژوورەکەی خۆی. بەڵێ، لە خەو هەڵیســـاندم و بردمی بۆ ژووری ئەشـــکەنجە و گووتی: بۆیە تۆم هێناوەتە ئێرە تاکو ئـــازادت بکەم و بڕۆیـــت، زیندانییەکان تۆیان کـــردووە بە قارەمان، من دەمەوێت ئەو قارەمانییە لەدەست ئەوان وەربگرمەوە.

منیش گووتم: زیندانییان لە منەوە قارەمانییان بۆ خۆیان بنیاد ناوە. ئەگەر ئەوان وەک قارەمانێک ســـەیری مـــن دەکەن، ئەوە ئاکامی کاری ئێوەیە، من بە ویستی خۆم لێرە نەماومەوە، دادگای سوپا تا ئێستا منی لە زینداندا هێشتووەتەوە.

ڕەســـوڵی دووبارە چەند جوێنێکی بە دادگا و نەســـیری ســـەرۆکی ســـاواک دا و گووتـــی: (ئێمـــە خزمەتکاری شـــاین، تەنها شـــا) دووبارە ناردمییەوە بۆ هەمان ژوور، لە ڕۆژی دوانزەیەمدا کە من لە کۆمیتەی هاوبەش بووم، ڕەســـوڵی دووبارە منی بردەوە بۆ ژووری لێکۆڵینەوە، بەڵام ئەمجارەیان ئەو بە تەنها نەبوو، بەڵکو حەسەن زادەشی لەلا بوو. لەگەڵ چوونە ژوورەوەم ڕەسوڵی ڕووی کردە حەسەن زادە و گووتی: ئاغای دکتۆر لەگەڵ قارەمانیدا قســـە بکە. من زانیم ڕەســـوڵی بە هێنانی حەســـەن زادە مەبەستی ترســـاندنی منە، حەســـەن زادە کەمێک یاریی بـــە پەنجەکانـــی کـــرد و گووتی: من و تۆ زمانمان یەکـــە، ئەو بە زمانی تورکی ماوەی یەک کاتژمێر و نیو قســـەی بۆ کردم، بەڵام من بە یەک وشـەی (یۆخ)، واتە نابێت، وەڵامی تەواوی وتەکانی ئەوم دایەوە. ئینجا حەســـەن زادە بە تووڕەییـــەوە ڕووی کردە ڕەســـوڵی و گووتی: ئاغای ڕەســـوڵی تیپی ئازەربایجان و حیزبی تودە مێشـــکی ئەمیـــان تێکداوە، دروشـــمی (کرێـــکاران و جووتیـــاران یەکگـــرن بە ســـوژن ئاخنراوەتە مێشـــکییەوە) ئەو هەڵســـا و ڕۆیشـــت. دوای ڕۆیشـــتنی حەســـەن زادە دووبارە بردیانمەوە بۆ ژوورە تاکەکەســـییەکە، دوای نیوەڕۆی هەمان

ڕۆژ دووباره بردیانمه‌وه بۆ ژووره‌که‌ی ڕه‌سوڵی، ئه‌مجاره‌یان یه‌کێک له ترسناکترین و بێبه‌زه‌ییترین جه‌للادی ساواک به ناوی (ڕه‌حمانی سه‌ربازجۆ) له‌وێ بوو، ڕه‌سوڵی زۆر له‌سه‌رخۆ گووتی: باوکه‌که‌م وه‌ره بنووسه، فه‌رمانیان پێکردووم که ئازادت بکه‌م، له ده‌ره‌وه باشتر ده‌توانیت بژیت، له‌دوای ئازادبوونت بڕیاره مانگانه بڕه مووچه‌یه‌کت پێ بدرێت تاکو ژیانت باشتر بگوزه‌رێت، به‌ڵام به‌و مه‌رجه‌ی دوای ئازادبوونت لاساریی نه‌که‌یت، منیش به تووڕه‌ییه‌وه گووتم: ئه‌گه‌ر ئازاد بکرێم پێویستم به مووچه‌ی ئێوه نییه، ده‌توانم به هێز و بازووی خۆم ژیانی خۆم دابین بکه‌م.

زۆرمان قسه کرد، ڕه‌سوڵی به توندیی گووتی: نووسراوت لێوه‌رده‌گرم، منیش گووتم تاقیم بکه‌ره‌وه، پارچه پارچه‌شم بکه‌ن وشه‌یه‌ک نانووسم، ئه‌ویش به هه‌موو هێزی خۆی ده‌ستی به مێزه‌که‌دا کێشا و گووتی: پێت ده‌ڵێم بنووسه. منیش گووتم: ته‌مه‌نی جوانیی خۆم له زینداندا به‌سه‌ربردووه و زیندان هێزی لێبڕیوم، ئه‌گه‌رنا تۆ نه‌تده‌توانی به‌و جۆره قسه‌م له‌گه‌ڵدا بکه‌یت.

به بیستنی ئه‌و قسانه‌ی من، ڕه‌حمانی هه‌ڵسا و به هاوکاریی پاسه‌وانێک به بۆکس کردیانمه ده‌ره‌وه. پاسه‌وانه‌که بلوزه‌که‌می هه‌ڵکێشا بۆ سه‌رسه‌رم و بردمییه‌وه بۆ ژووره‌که. ڕۆژی دواتر بردیانمه‌وه بۆ زیندانی قه‌سر، زیندانییه‌کان چاوه‌ڕوانی من بوون، به بینینم خۆشحاڵ بوون.

ماوه‌ی پانزه ڕۆژ بوو له کۆمیته‌وه گه‌ڕابوومه‌وه، کات نیوه‌ڕۆ بوو، بانگیان کردم بۆ ژووری پاسه‌وانان. کاتێک چوومه ژووری پاسه‌وانان، سه‌یرم کرد ڕه‌سوڵی له‌وێ دانیشتووه و سه‌روان (شه‌عله‌وه‌ر)ی جێگیری سه‌رۆکی زیندانیش له‌وێ بوو. ڕه‌سوڵی گووتی: به ئۆتۆمبێلی خۆم تۆ ده‌به‌م بۆ کۆمیته، له‌وێ ته‌نها چه‌ند دێڕێک بنووسه و هیچی تر، ناتبه‌م بۆ ته‌له‌فزیۆن و نامه‌که‌شت له ڕۆژنامه‌دا بڵاو ناکه‌مه‌وه. منیش بۆئه‌وه‌ی به ته‌واویی نائومێدی بکه‌م، گووتم: دڵنیابه هیچ نانووسم.

ڕەسوڵی بە بیستنی ئەو وەڵامەی من بە جۆرێک هارو دەهری بوو کە جێگای باوەڕ نییە، بە زوویی هێنایانمەوە بۆ ناو زیندان، وام هەست کرد کە من دوایین قسەی خۆمم کردووە و جارێکی تر بانگم ناکەنەوە، بـەڵام عەسـری هەمـان ڕۆژ لەگەڵ شەسـت زیندانیی تـردا بە چاوی بەسـتراوەوە بردیانین بۆ کۆمیتە. هەموومانیان بە تەواوی ژوورەکاندا دابەشـکرد، مـن و حاجـی مەهدی عێراقی و عەسـکەری ئـەولادی و حەیدەری لە ژوورێکدا بووین، ماوەی دوو شـەو و ڕۆژ بۆ نووسـینی پاکانە زیندانییەکانیان دەبرد بۆ ژووری لێکۆڵینەوە، شەوی سێیەم بوو کە ڕەسـوڵی هاتە بەر ژوورەکەی ئێمە و من و حاجی مەهدی عێراقی و عەسـکەر ئەولادی و حەیدەری بانگ کرد. من لە توڕەییدا دەلەرزییم بە ڕەسـوڵیم گووت: بێ هۆ من مەبە، من کەسـێک نیم نامە بنووسـم و پاکانـە بکـەم، ئەویش بـە توڕەییەوە گووتی: ((سـەیرکە زۆر کەس بڕیاریان داوە نامە بنووسـن و ئازاد بکرێن، تۆش وەرە نامە بنووسـە و لێرە بڕۆرە دەرەوە)).

گووتم دێم، بەڵام خۆم بە تاوانبار نازانم تاکو پاکانە بکەم.

ڕەسـوڵی ئێمەی بردە هۆڵێکی گەورەوە لەوێ نزیکەی (١٢٠) کەس خەریکی نووسـینی پاکانە بوون. ڕەسـوڵی وا بیری کردبووەوە کە من بە بینینی ئەوانە ورە بەردەدەم و منیش وەک ئەوان پاکانە دەنووسـم. دواتر بە هێواشـی هاتە لامـەوە و کاغەزێکی لەبەردەمم دانا. بە بینینی کاغەزەکە توڕە بووم و دڵم کەوتە پەلەپەل و خۆم خستە سەر زەوی. ڕەسـوڵی و سـاواکییەکان کە منیان لەو بارەدا بینی، گەڕاندیانمەوە بۆ ژووری زیندان، ئیتر لەوە بەدوا جارێکی تر ڕەسوڵی بەلامدا نەهاتەوە. سـێ ڕۆژ دواتـر نزیکـەی شەسـتودوو کـەس لەوانەی کـە نامەیان نووسیبوو، پاکانەیان کردبوو، کە لە زیندانی قەسر و زیندانی ئەوینەوە هێنابوویانـن، هەموویانیـان لـە هۆڵێکـی گـەورە کۆکـردەوە و پێیان گووتن ڕۆژی (١٥)ی ئەسـفەند ئازاد دەکرێن. دواتر لەبەردەم کامێرای تەلەفزیـۆن بە دەربڕینی سـوپاس بۆ شاهەنشـا هەموویان ئازادکران.

گەرچـی ئەوان هەموویان بە ئازادبوونیان خۆشـحاڵ بوون، بەڵام من لە هەموویان خۆشـحاڵتر بووم، چونکە توانیبووم لووتی ساواکییەکان بشـکێنم و ویژدانی خۆم ئاسـوودە بکەم. ئاسـوودە بووم بەوەی کە لـە سـەردەمی کۆمـاری ئازەربایجاندا ئەو بەڵێنەی بـە خەڵکیم دابوو، توانیبووم بەڵێنەکەم بەرمە سـەر و خیانەت لە گەل و نیشـتمان نەکەم، دواتر بـە کەلەپچەکراویی بردیانم بۆ زیندانی ئەوین، کاتێک هاوڕێکانم منیان بینی؛ هاتن بۆ پێشوازییم و لەئامێزیان گرتم.

عەلی ئەشـرەف دەروێشـیان: لـەو ماوەیەدا هیـچ ئاگاداری کەسوکارت بوویت؟

سەفەرخان: ماوەیەک بوو مەهینی کچم هیچ ئاگاییەکی لە من نەبوو، بـە ناچاریی بـە دوامدا گەڕابـوو، ڕووی لە هەر شـوێنێک کردبوو بە سوکایەتییەوە وەڵامیان دابووەوە. لەو ڕۆژانەدا خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادکردنی زیندانییانی سیاسی؛ چ لە ناوخۆی زیندان و چ لە دەرەوەی زیندان دەسـتی پێکردبـوو، ڕۆژنامە نهێنی و بڵاوکـراوەکان بەردەوام بـوون لـە بڵاوکردنـەوەی هەواڵی زیندانییـان، بڵاوکـراوەی (ئارمان) لـە یەکەم ژمارەی خۆیـدا وێنەیەکی منی چاپکردبـوو لەژێر وێنەکەدا نووسیبووی (٣٠) ساڵ پایەداریی سەفەرخان لە زیندانەکانی شادا.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: هەر لەو کاتەدا بوو کە خاچی سور هاتنە ناو زیندان؟

سەفەرخان: بەڵێ، ساڵی (١٣٥٦/ ١٩٧٧) لە زینداندا وا بڵاوبووەوە کە نوێنەرانی خاچی سـوری جیهانی و ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی سـەردانی زیندانەکانـی ئێران دەکـەن، لە کۆتایی سـاڵی (١٣٥٦)، واتە نزیکی جەژنی نەورۆز، ڕەوشـی ناو زیندان باشتر بوو، هەڵسوکەوتی کارمەندانی ناو زیندان گۆڕابوو، نامەنووسـین سانسۆری لەسەر نەما، مـن بە نووسـینی نامەیەک بـۆ کچەکەم ئەوم لـە نیگەرانی ڕزگارکرد.

(مەنوچەهــری) یەکێک بوو لە ســاواکییە جەلــلاد و بێبەزەییەکان، لەو ڕۆژانەدا زیاتر لە ساواکییەکانی تر هەوڵی فریودانی زیندانییەکانی دەدا.
مەنوچەهری ڕۆژانە ســەردانی زیندانی دەکرد، ڕۆژێک عەزیز یوسفی داوای لێکرد کە من بگوازرێمەوە بۆ زیندانی قەسر تاکو لەوێ چارەسەری گوێــم بۆ بکەن. مەنوچەهــری لە وەڵامدا گووتبــووی نایێنرم بۆ زیندانی قەسر، بەڵکو دەینێرم بۆ نەخۆشخانەی ژمارە یەکی سوپا. گوێم ئازارێکی زۆری هەبــوو، بــە زوویی بەڕێیان کردم بۆ نەخۆشــخانەی ژمارە یەکی ســوپا، پێم ســەیر بوو کە چۆن ســاواک وا بە زوویی وەڵامی داواکاریی هاوڕێکەمی دایەوە، دواتر دەرکەوت کە ئەو ئامانجێکی تری هەبوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئامانجی چی هەبوو؟

ســەفەرخان: ئەوان دەیانویســت نوێنەرانی خاچی سوری جیهانی چاویان بە من نەکەوێت، بۆیە نەک تەنها ناردیانم بۆ لای دکتۆری گوێ، بەڵکو بۆ لای دکتۆری دەروونییشــیان ناردم، کــە دکتۆرێک بوو پلەی ســەرتیپی هەبوو، ئەوانە دکتۆری ئەڵقــە لەگوێ و کرێگرتە و نۆکەری ســاواک بوون، بۆ گەیشــتن بە پلە و ســامانی زۆر ببوونە داردەستی ســاواک، تەنانــەت ئەگەر پێویســتی بکردایە هاوکاریــی جەللادەکانیان دەکــرد بــۆ ئەشــکەنجەدانی زیندانییان. ئــەو دکتۆرە لەســـەر بڕیاری ســاواک بە ناونیشانی بوونی نەخۆشیی دەروونی ماوەیەکی زۆر منی لە نەخۆشخانە هێشتەوە، لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەم لەگەڵ دکتۆردا لێی پرسیم: بۆچی بەیانی کاتێک چاییان بۆ هێنایت نەتخواردەوە.
من نان و چای بەیانیم خواردبوو، لە قســە بێبنەماکانی ئەم دکتۆرە نۆکــەرەی ڕژێــم ســەرم ســوڕمابوو و کەوتبوومە گومانــەوە، دواتر تێگەیشــتم کە ســاواک بۆئــەوەی نوێنەرانــی خاچی ســوری جیهانی ئــاگاداری ژیانــم من نەبن لە زینداندا، بۆیە هەروەکو ســەدان زیندانیی تری سیاسی دووریانخستبوومەوە.

عەلی ئەشـــرەف دەروێشـــیان: لەکاتێکدا ســـاواک دەیزانی کە عەزیز یوسفی خۆشی بە سەختی نەخۆشە؟

سەفەرخان: بەڵێ، دەیانزانی، زۆر باش دەیانزانی، ئەو گورچیلەکانی خـراپ ببوون، فشـاری خوێنی هەبوو، تەنگەنەفـەس بوو، ئازاری دڵی هەبوو، ئەو کاتە ماوەی (٢٥)ساڵ بوو لە زینداندا بوو، ماوەی دە ساڵ بوو دوورخرابووەوە بۆ زیندانی بەرازجان، تەواوی تەمەنی لاویی خۆی لە زینداندا بەسەربردبوو، ئەویشیان دوو جار بردبوو بۆ نامەنووسین و پاکانە، ئەویش بە توونديی ڕووبەڕووی ساواک وەستابووەوە. تەنانەت جەللادێکی وەک ســەرهەنگ زەمانی کە سەرۆکی زیندان بوو، حسابی بۆ دەکرد، ئەو هەمیشــە کتێبی باشــی لابوو، پۆلیســەکانیش جورئەتی ئەوەیــان نەدەکرد بچنە جێگاکەی عەزیز یوسـفی کـە پڕبوو لە کتێب. ناچـار بـوون هەرچۆنێک بێت ئەو ئـازاد بکەن. واتـا بۆئەوەی خاچی سوری جیهانی ئەو نەبینێت، ئازادیان کرد، لە کاتی ئازادکردنیدا ڕەزای شــەڵتوکی لەگەڵ خۆیدا برد و ڕۆیشــت بۆ نووسـینگەی ســەرهەنگ زەمانــی. لــەوێ بە بێمنەتی لــە بەردەمیدا دەوەســتێت و دەڵێت: ئاغای ســەرهەنگ من نامــەم نەنووســیوە و پاکانەم نەکــردووە، بەڵام تۆ و ســاواک ناچــارن من ئازاد بکەن. ڕەزای شــەڵتوکی کــە گەڕایەوە ئەم قسانەی بۆ ئێمە گێڕایەوە.

عەلی ئەشـــرەف دەروێشیان: لەبارەی عەزیز یوسفییەوە، هیچ شتێکی ترت لەیاد نییە؟

ســـەفەرخان: عەزیــز یوســفی دووجــار هاتووەتە زیندان، ســاڵی (١٩٢٧/ ١٩٤٨) کـە ئەویان هێنایە زینـدان بەهۆی بڵاوکردنەوەی چەند بڵاوکراوەیەکــەوە بوو، ئەو کات ئەو کوڕێکی لاو بوو، هێشــتا ڕیشــی نەهاتبوو، من بۆ یەکەمجار لە زیندانی تەبریز ئەوم بینی، جاری دووەم دوای دوو ســێ ســاڵ لە ئازادبوونی دووبارە لەگــەڵ چەند کوردێکی تــردا دەســتگیر دەکرێتەوە. عەزیز یوســفی و جەلیـل گادانی و غەنی

بلوریـــان لەگەڵ نزیکەی (٢٠٠- ٣٠٠) کەســـی تر هەمووومان لە زیندانی ئورومیە بەیەکەوە بووین، دواتــر هەمووومان بەیەکەوە دوورخراینەوە بۆ زیندانی بەرازجان. عەزیز یوســفی و غەنی بلوریان بە لەسێدارەدان حوکمدرابــوون، بەڵام لــە دەرەوە کــوردەکان بۆیان تێکۆشــابوون و حوکمەکەیان بۆ کرا بە هەتاهەتایی، لە هەموویان چالاکتر جەلیلی گادانی بوو، بیســتم کە گەڕاوەتــەوە بۆ ناو حیزبی دیموکراتی کوردســتان[١]، ئاخــر ئەو لە ســەرەتادا کۆمەڵە بــوو لە یەکتری جیاببوونــەوە، دواتر بیســتم گەڕاوەتەوە بــۆ شــــوێنی یەکەمی. ڕۆژێک ڕادیــۆی (بی بی ســی)م کردبووەوە و گوێم لێدەگرت، لە لەندەن چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکرد، پێشکەشــکارەکە پرســیاری لێکرد: ئێوە بۆچــی جیابوونەتەوە، جەلیل گادانی لە وەڵامدا گووتی: ئێمە شۆڕشگێڕین و ئەوان سـازشکار، پێشکەشــکارەکە گووتی: ئەگەر تۆ شۆڕشــگێڕیت، لێــرە چی دەکەیت؟ شوێنی شۆڕشگێڕەکان شاخەکانە.

ئــەوان چەند کەســێکیان لێکوژرا وەکو قاســملو و شــەرەفکەندی، دواتر گوێبیستی چاوپێکەوتنی عەبدوڵڵای حەسەنزادە بووم کە جێگری شەرەفکەندی بوو، لە ئەویشیان پرسی بۆچی لە یەکتری جیابوونەتەوە، ئــەو گووتی: لە یەکتری جیا نەبووینەتەوە، ئێمە بووینەتە دوو دەســتە و هەریەکەمان بە ناوێک کار دەکەین. قســەکانی ئەو زۆر جوان بوون، بەڵــێ ئەو گووتــی: ئێمە بەیەکەوەیــن، ئەوان بە نــاوی کۆمەڵە و ئێمە بــە نــاوی دیموکرات. لەکاتێکــدا کە ئەوهاش نەبوو، ئــەوان لە یەکتری جودا ببوونەوە، قاســملوی بێ چارە کەســێکی زۆر زانا بوو، ئەو زاناو مرۆڤدۆست بوو، من چەند جارێک لە مهاباد ئەوم بینیوە، شەرەفکەندیش کەسێکی خوێندەوار و هەڵکەوتوو بوو.

١جەلیلــی گادانــی، هەرگیز کۆمەڵــە نەبووە، ئەو ماوەیەک لە حزبــی دیموکرات جیا بووەوە، دواتر تێکەڵ بوونەوە. (وەرگێڕ)

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: هەڵسوکەوتی عەزیز یوسفی لەگەڵ زیندانییەکانی تر چۆن بوو؟

سەفەرخان: عەزیز یوسفی ئەگەرچی کەسێکی زۆر توند بوو، بەڵام بیروباوەڕێکی پتەوی هەبوو. لەگەڵ کەسانی تریشدا ڕەفتارێکی هێمنانەی هەبوو، لە بەندی شەشی زیندانی قەسر لەگەڵ حاجی ئەنواری لە یەک ژووردا بوون، ئەوان هەمیشە قسەی خۆش و شۆخییان بەیەکەوە دەکرد. ڕۆژێک کە هەمووان بەیەکەوە خەریکی خوێندنەوە بوون، ئاغای ئەنواری لەسەر کتێبەکە سەری بەرزکردەوە و ڕوویکردە عەزیز یوسفی و گووتی: عەزیز یوسفی ئێوە کەی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی لە ئێران دادەمەزرێنن، تاکو ئێمە هەرکاتێک ویستمان بەلوعەی ئاوی ماڵەکەمان بکەینەوە لەجیاتی ئاو شیر و شەربەتی پێدا بێت و بیخۆینەوە. عەزیز یوسفی بە هێواشی سەری لەسەر کتێبەکە بەرزکردەوە و گووتی: حاجی گیان هەرکاتێک حۆرییەکانی ئێوە ئامادەکران.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: دوای مانگرتنتان لە خواردن، لە نەخۆشخانەی سوپا چی ڕوویدا؟

سەفەرخان: دوای مانگرتنمان لە خواردن، ساواک ناچار بوو، دووبارە من بگەڕێنێتەوە بۆ زیندانی ئەوین.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: نوێنەرانی خاچی سوری جیهانی بە بینینی ئێوە چییان گووت؟

سەفەرخان: چەند ڕۆژێک بەسەر هاتنەوەی من بۆ زیندانی ئەوین تێپەڕیبوو، نوێنەرانی خاچی سوری جیهانی هاتن بۆ زیندان، دوای کۆکردنەوەی زیندانییان لە یەک شوێن، تەواوی کارمەندانی زیندانیان کردە دەرەوە. ئەبوتورابی باقرزادە و ڕەفیق بوونە وەرگێڕی من و زیندانییەکان. ڕوویان کردە من و گووتیان: خۆت بناسێنە. منیش گووتم: من سەفەری قارەمانیم و پەیوەندییم بە تیپی دیموکراتی ئازەربایجانەوە

هەبووە. زیاتر لە (٣٠) بەهاری تەمەنی خۆمم لە خراپترین زیندانەکانی شادا بەسەر بردووە، ئەو شایەی کە خۆی بە میراتگری شارستانییەتی کۆنی ئێران و کۆڕشی مەزن ناساندووە.

بـە ناباوەڕییەوە دووبارە پرسـیاری کردەوە: ئایـا دەکرێت پێمان بڵێیت لەم ماوەیەدا چەندجار زیندانیی کراویت؟ منیش بەمجۆرە وەڵامم دایەوە، من لەدوای هێرشـی شـا بۆ سـەر ئازەربایجان و تێکشـکانی هێزەکەمان لە سـاڵی (١٣٢٥) ماوەیەک خۆم شـاردەوە، لە سـەرەتای ساڵی (١٣٢٧) کاتێک شا حکومەتی سەربازیی ڕاگەیاند، دەستگیر کرام، لـەو ڕێکەوتـەوە زیاتـر لە تەمەنی کەسـێکی تەمـەن مامناوەند من لە زینداندام.

نوێنەرانـی خاچی سـوری جیهانـی ژیاننامە و بەسـەرهاتی منیان یاداشـت کـرد و لەگـەڵ خۆیانـدا بردیـان. خاچی سـوری جیهانی لە سـەردانەکانی تریانـدا کەم و زۆر ئـاگاداری ژیاننامـەی من بوون و لەبارەی منەوە ڕاپۆرتی خۆیان نووسـیبوو، تەنانەت سـەرۆکی خاچی سـوری جیهانی سەردانی شای کردبوو، داوای ئازادکردنی منی لە شا کردبوو، بەڵام شـا زۆر بێشـەرمانە گووتبووی: ئـەوە گونجاو نییە و ئازاد ناکرێت. لە سـەردانێکی تریاندا بۆ زیندان، خاچی سوری جیهانی ئەو نامەیەیان نیشـاندام کە بۆ ئازادبوونی من دابوویانە شـا. گووتیان تـۆ ماوەی سـی سـاڵە لـە زینداندایت، ئێمـە هیوات بـۆ دەخوازین بە زووترین کات ئازاد بکرێیت، نوێنەرانی خاچی سور گووتیان، بەڵام شا گووتوویەتی ئازادکردنی سـەفەرخان گونجاو نییـە و داواکەی ئێمەی ڕەتکردووەتەوە، لە هاوینی (١٣٥٧) دووبارە گواسـتیانمەوە بۆ زیندانی قەسر.

عەلی ئەشـرەف دەروێشـیان: یەکەمین خۆپیشـاندانی سـەر شەقامەکان، چ کاریگەرییەکی لەسەر دەروونی تۆ هەبوو؟

سـەفەرخان: ئەو حەفتا کەسـەی کە ڕۆیشـتن پاکانەیان نووسی

و سوپاسـی شـایان کرد، دیاربوو ساواک دەیانویسـت چەند کەسێک ئـازاد بکەن، ڕۆژانـە دەیانبردن و دەیانهێنانـەوە، دەیانبردنە کۆمیتە و دەیانهێنانەوە، ڕەوشەکە لە گۆڕانکارییدا بوو، لە کۆمیتە و لە ژوورەکاندا کە پێشـتر هیچ ڕاخەرێکیان تێدا نەبوو، کۆمباریان هێنا و ڕامانخسـت، قاپ و کەوچک و پەرداخیان پێداین، سـابوونیان لە شـوێنی دەستشۆر دانا، ئەشکەنجەدان نەمابوو، هەفتەی دوو جار میوەیان پێدەداین، خەیار و شـووتییان بۆ دەهێناین، سـەردانیکردن زۆر بوو، خوشک و دایک و بـرا لە لای زیندانییەکانەوە دادەنیشـتن، واتە ئەو کاتەی کە دەهاتن بۆ سـەردانی کەسـە زیندانیکراوەکەیان، وەک ناڕەزایی لەسەر زەوییەکە دادەنیشـتن و دواتر هەڵدەسـتان و دەڕۆیشـتن لە بـەردەرگای دادگا دادەنیشـتن و مانیـان دەگرت، ئەوان هەڵگیرسـێنەری شـۆڕش بوون. دایکی عەزیزی سـەرمەدی و دایکی سـەلامەتی ڕەنجبەر و هاوسەری موهەندیـس پەروێـزی زۆر چـالاک بـوون، خەڵکیـان کۆدەکردەوە و دەچوون لەبەردەرگای دادگا مانیان دەگرت.

عەلی ئەشرەف دەروێشـیان: ڕۆژی (١٧)ی شەهریوەری (١٣٥٧) **ئێمە لە زیندانی ئەوین بووین، بۆ پاڵپشتی ئەو خەڵکە بێتاوانەی کە بە دەسـتی بەکرێگیراوانی ڕژێم شـەهید کران، مانگرتنمان لە خواردن ڕاگەیاند. ئێوە کە لە زیندانی قەسـر بوون، ڕەوشی ئەوێ چۆن بوو؟**

سـەفەرخان: لەو ڕۆژەدا لە تـاران و یانزە شـاری تر حکومەتی سەربازیی ڕاگەیەنرا، کرێکارە ئازاکانی پاڵاوگەی نەوتی تاران مانگرتنی سەرتاسـەرییان ڕاگەیاند، ئەمە یەکەمین مانگرتنی سەرتاسەریی ئێران بـوو. بە بۆنـەی کوشـتارە بێڕەحمەکـەی (١٧)ی شـەهریوەر ئێمەی زیندانییانی زیندانی ژمارە یەکی قەسر، کە پێکهاتبووین لە هەشت بەند، لـە ڕۆژی (١٨)ی شـەهریوەر مانگرتنی خۆمان بـە هاوکاریی تەواوی زیندانییـان ڕاگەیانـد، مانگرتنەکـە بەهـۆی کوشـتاری مەیدانی ژاڵەی

قارەمانــەوە بوو، دواتر لیژنەیەک هاتــن و داوایان لێکردین مانگرتنەکە بشــکێنین، بەڵام ســەرکەوتوو نەبوون و ئێمە مانگرتنەکەمان بەردەوام بــوو. زیندانییــەکان هێزیــان لەبــەر بڕابــوو، هەمــوو لــە ژوورەکاندا کەوتبــوون، بنەماڵەی زیندانییانی سیاســی مانگرتنەکانیان لە فەرمانگە و دامەزراوە حکومییەکان و دادگاکاندا درێژە پێدا و داوای ئازادکردنی زیندانییانی سیاسییان دەکرد. ڕژێمی شا پێشبینی لەناوچوونی حەتمیی خۆی کردبوو، دەستیان کرد بە ڕشتنی گازی فرمێسکڕێژ و تەقەکردن لــە خەڵکانــی خۆپیشــاندەر و هەوڵیــان دەدا بــە هــەر ڕێگەیــەک بێت بڵاوەیان پێ بکەن، بەڵام ڕەوشــی شــۆڕش لە وڵاتدا لە ســەرکەوتندا بــوو. ئیتر نە ســتەمکاران دەیانتوانی بە ناوی یاســاوە خوێنی خەڵکی بکەنە شووشەوە، نە جەماوەریش ئامادە بوون چیدی گرفتاری زوڵـم و ستەمی ڕژێمی شا بن. میللـەت باوەڕی تەواویان بە لەناوچوونی ڕژێم هەبوو، بۆیە لە گیانبازیی و فیداکاریی درێغییان نەدەکرد و دروشــمی (زیندانییانی سیاســی دەبێت ئازاد بکرێن)یان هەڵگرتبوو. سەدان کەس بەهۆی نووسینی ئەم دروشمە لەسەر دیوارەکانی شارەکان بەر گوللە کەوتن و شــــەهیدکران.

ئازادیی

عەلی ئەشـــرەف دەروێشـــیان: بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی چییان کرد؟

ســـەفەرخان: لە مانگی مهـری ســاڵی (١٣٥٧) (١٩٧٨/١٢) تەواوی بنەماڵەی زیندانییانی سیاســی، بەتایبەت زیندانییانی تاران و تەبرێز بە خۆپیشــاندان و چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەکاندا هێرشــێکی توندیان دژی ڕژێمی شاهەنشا دەست پێکرد.

هــەر لەو ڕۆژانــەدا مەهینــی کچم لەگــەڵ ڕۆژنامــەی (ئایندەگان) کــە نووســەرانی ئــەو ڕۆژنامەیــە لــە ڕێــگای شۆڕشــەوە هاتبوون، چاوپێکەوتنێکــی ئەنجــام دابوو، لــە چاوپێکەوتنەکــەدا گووتبووی: من حەوت مانگ لەدوای دەســتگیرکردنی باوکم لەدایک بووم، هەتا باپیرم مابــوو ئەو چاودێریــی دەکردین و بەخێوی دەکردیــن. دایکم زۆرجار باســی خەبات و تێکۆشانی باوکمی بۆ دەکردم، بەڵام هێشتا من باوکی خۆمــم نەبینیبــوو، کاتێک مــن تەمەنم بوو بە پانزە ســاڵ دایکم کۆچی دوایی کرد، من لە تەمەنی (١٩) ســاڵیدا هاوسەرگیرییم کردووە، ڕەنگە پێتان ســـەیر بێت کە من تا ئەو کاتەش هێشــتا باوکی خۆمم نەبینیبوو، هۆیەکەش ئەوە بوو لەدوای تەمەنی پێنج ساڵی منەوە باوکم لە زیندانی ئورمیەوە دوورخرایەوە بۆ زیندانی بەرازجان. دوای هاوســەرگیرییم، هاوســەرەکەم بۆ سەردانی باوکم بردمی بۆ زیندانی بەرازجان، تا ئەو کاتەش نەمدەزانی باوکم شێوەی چۆنە، تەنها ئەوەی لەبارەی باوکمەوە باســیان دەکرد، ڕووخســاری دەهاتە بەرچاوم. هاوسەرەکەشم تا ئەو کاتــە باوکمی نەبینیبوو، کاتێک چووم بۆ ســەردانیکردنی باوکم و ئەو هاتە لامان؛ ئینجا هەســتم کرد ئەوە باوکمە. ئەو ماوەی چواردە ســاڵ بوو هیچ کەسێک سەردانی نەکردبوو، بەتایبەت ئەو کاتانەی لە زیندانی

بەرازجـان بـوو. بە باوکمم گووت: من کچی تۆم، هاوسەرەکەشـم پێ ناسـاند، ئینجـا باوەشـمان بە یەکتریدا کـرد و دامانە قوڵپـەی گریان. بەهۆی ئێمەوە هەموو ئەو زیندانییانەی لەوێ بوون دەسـتیان کرد بە گریـان. باوکم کەسـێکی بەهێز و ورەبەرز بوو، لە تـەواوی ئەو ماوە درێژەی زیندان هەستی بە بێهێزیی خۆی نەکردووە.

ڕۆژی سێی مانگی ئابان، ڕۆژی سەردانیکردنی زیندانییانی سیاسی بوو، کەسوکاری زیندانییان بە بیستنی هەواڵی ئازادبوونی زیندانییان لە هەموو لایەکی ئێرانەوە بەرەو تاران هاتبوون، ناوی من لە لیسـتی ئەو زیندانییانـەی کە ئازاد دەکران، بوونی نەبوو. کەسـوکاری زیندانییانی سیاسـی کە زانیبوویـان ناوی من لە لیسـتی زیندانییانـی ئازادبووندا نییـە، هەموویان دڵخۆشـیی کچەکەمیـان دابووەوە، ئـەو ڕۆژە کاتێک سەردانیکردن کۆتاییهات، لێپرسراوانی زیندان بە کەسوکاری زیندانییان گووتبوو سبەی چواری ئابان ژمارەیەکی تر لە زیندانییان ئازاد دەکرێن، ئەم فیڵەی پۆلیس بۆ ئەوە بوو کە کۆبوونەوەی کەسوکاری زیندانییان لـەو نـاوە نەهێڵن، نەوەکا کێشـە دروسـت بێـت و پەلامـاری زیندان بدەن. کەسـوکاری زیندانییان نەیاندەزانی ژمارەی زیندانییانی سیاسی چەندە. کاتژمێر (٩)ی شـەو دووبارە لە بڵندگۆی زیندانەوە ناوی چەند زیندانییەکی تر خوێندرایەوە و داوایان لێکرا کەلوپەلەکانیان کۆبکەنەوە و بـەرەو دەرگای دەرەوە بـڕۆن. لـەو کاتـەدا چەنـد کاتژمێرێک بوو سـەردانیکردن کۆتایی هاتبوو، بە ئومێـدی ئازادبوونی زیندانییەکانیان خەڵک گەڕابوونەوە بۆماڵەکانیان. لەو ڕۆژانەدا لەناو زیندان دەربڕینی خۆشی و شادیی بوو. ئێمە ئەو زیندانییانەی کە ئازاد دەکران، بەڕێمان دەکـردن و ئەمـلاولای یەکتریمان ماچ دەکرد. ئـەم ئازادکردنەی چەند کەسـی دوایی لە کاتژمێر دەی شـەو کۆتایی هات. من زۆر ماندوو و شـەکەت بـووم، ددانم ئـازاری زۆری هەبوو، ڕۆیشـتم بۆ لای دکتۆر ئیسـماعیلی عالیخانی، کە ئەویش هێشـتا ئازاد نەکرابوو، ئەو دکتۆری ددانی ناو زیندان بوو. گووتم: دکتۆر ددانم ئازاری زۆرە. دکتۆر پێکەنی

و گووتی: دەرمانێکی باشم بۆ تۆ هەیە، هەندێک ئیسپرتۆی سپی کردە ددانەکەمــەوە. من وام هەســت دەکرد کچەکەم هاتبێت بۆ ســەردانیم، لەبەر خۆمەوە دەمگووت من ئازاد ناکرێم.

دووبارە بڵندگۆ دەســتی کردەوە بە ناوخوێندنەوە، من شــەکەت و ماندوو دانیشــتبووم، بەهرۆزی حەقی بە خێرایی هاتە لامەوە و بڵندی کــردم و گووتی: هەڵســە، گووتم: بۆ کوێ؟ گووتــی ناوت خوێنرایەوە. گووتــم: وازبهێنە ئەوە بڵندگۆیە و وا منیش لێرە دانیشــتووم، گوێم لێ نەبــووە ناوم بخوێنرێتەوە. گووتی: هەڵســە ناوت خوێنرایەوە. بەهرۆز پێش خۆی دام و گووتی برۆ، من باوەڕم نەدەکرد، زۆر پەســت بووم، بە بەهرۆزم گووت وازم لێبێنە، ئێســتا کاتی شۆخیکردن نییە. بەهرۆز گووتی: ســەفەرخان بەخودا شــۆخی ناکەم بەڕاســتیمە. ســەیرم کرد چەنــد هاوڕێیەکــی تر بــەرەو لای من هاتــن، ئیتر بە ڕێــزەوە بردیانم قاتێــک چاکەت و پانتۆڵی جوانیــان لەبەر کردم و بەڕێیان کردم بەرەو حەوشەکە.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: ئەو چاکەت و پانتۆڵە بە ئەندازەی خۆت بوو؟

ســـەفەرخان: هەمبوو، هاوڕێیەکم هەبوو، لــە کارگەی بەرگدرووی زینــدان کاری بەرگدروویــی دەکــرد، تــەواوی جلوبەرگــی پۆلیــس و شــارەوانییەکان ئــەو دەیدوورین، ئەو زیندانــی هەتاهەتایی بوو، بەڵام کەســێکی چەپ بوو، منی زۆر خۆشدەویســت و هــەر ئەو جلوبەرگی بــۆ دەدووریــم، چونکە ئەو جلوبەرگەی لە زیندان پێیان دەداین، بۆ من نەدەبوون، هەندێک لە زیندانییەکان چەند قات جلیان دەدڕاند، بۆئەوەی دووبــارە بدوورێتــەوە و قاتێکی بۆ من لێ دروســت بکــەن، بەڵام ئەو بەرگــدرووەی هاوڕێــم کاتێک خۆپیشــاندان دەســتی پێکرد و باســی ئازادبوونی زیندانییان بڵاوکرایەوە. گووتی: وەرە ئەندازەت بگرم، بەڵکو یــەک قــات چاکەت و پانتۆڵت بۆ بدرووم. گووتم: پێویســت ناکات قاتم

هەیە، ئەویش قاتێکی جوانی بۆ درووم. بەڵێ، چاکەت و پانتۆڵم پۆشی، هەمــوو هاوڕێکانم کە گوێبیســتی خوێندنەوەی ناوی من بوون، بەرەو لام هاتــن و ســروودیان دەخوێنــد و دەیانگووت: بژیت ســەفەرخان- بژیت ســەفەرخان. لــەو کاتەدا هەر زیندانییەک گوێــی لە خوێندنەوەی نــاوی هاوڕێکــەی بووایــە بــە خۆشــییەوە بــەرەو ڕووی دەهات. من هێشــتا باوەڕم بە ئازادبوونــی خۆم نەدەکرد، بۆ دڵنیابوون ســەرێکم لە نووســینگەی زیندان دا، پرســیم ناوی من خوێندراوەتەوە، یەکێک لە کارمەندەکان ناچار بوو دۆسیە و بڕیاری ئازادبوونم نیشان بدات. من گووتم: پێویستە بگەڕێمەوە و خوداحافیزی لە هاوڕێکانم بکەم، سەرەتا پۆلیس ڕێگایان پێ نەدام، بەڵام پێداگرییم کرد و گووتم: ناڕۆمە دەرەوە تــا خوداحافیزیی لە هاوڕێکانم نەکەم. بــە ناچاریی ڕەزامەند بوون، بە هێمنــی چوومەوە ناو هاوڕێکانم و قوڕگم گیرابوو، قســەم بۆ نەدەکرا. هاوڕێکانم هەلهەلەیان دەکێشــا و خۆشــحاڵیی خۆیــان دەردەبڕی، بە هەزار زەحمەت دەنگم بڵند کرد و گووتم: خۆزگە من لەدوای هەمووتان ئازادبکرامایە. ئەو شــەوە زیندانییەکان کە هەریەکە و خەڵکی شوێنێک بوون، لە خۆشییاندا فرمێسک بە چاوانیاندا دەهاتە خوارێ.

دوای ئەوەی خوداحافیزییم لە تەواوی زیندانییان کرد، هاتمە دەرەوە، کارمەندانــی زیندان بردیانم بەرەو لای ئۆتۆمبێلێک کە ژمارەیەکی زۆر زیندانیی ئازادکراوی تێدابوو، دوای ماوەیەک پاســەوانێک دایبەزاندم و بردمی بۆ ژووری سەرتیپ موحەڕەڕی. کە سەیرم کرد دکتۆر سەحابی و کوڕەکەی موهەندیس سەحابی لەوێ بوون، یەکڕاست چووم بۆ لای ئەوان و یەکتریمان لەباوەش گرت. دکتۆر سەحابی گووتی: گوێم لێبوو کە ناوت خوێنرایەوە، بۆیە لێرە مامەوە تاکو لەگەڵ خۆمان تۆش بەرین بــۆماڵی خۆمان، دەزانم تۆ لە تاران شــارەزا نیت. منیش تکام لێکردن کە بمگەیەننە ماڵی کچەکەم.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: سـەفەرخان لە ڕێگا بیرت لە چی دەکردەوە؟

سـەفەرخان: بە بینینـی دکتۆر سـەحابی و موهەندیس سـەحابی خۆشـحاڵ بـووم، دەمزانـی ئـەوان بۆچـی چاوەڕوانی مـن دەکەن و دەیانەوێت لەگەڵیاندا بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە، ئەوان دەیانویسـت ئابڕووی ڕژێـم ببەن و بڵێن ئێمـە ڕێزی تەواومان لە زیندانییانی ئازا و قارەمان گرتووە ئەگەر سەر بە هەر لایەنێک بن، بەتایبەت کە خۆشیان ئازار و ئەشکەنجەی زیندانیان چەشتبوو.

دەنگی خۆپیشاندان لە هەموو لایەکەوە بەرز ببووەوە، من لە ماوەی سـیودوو سـاڵدا لە دەرگای هیچ ماڵێکـم نەدابـوو، نەچووبوومە هیچ ماڵێکەوە، بە خۆشـی خۆم سـواری ئۆتۆمبێل نەبیووم و هیچ منداڵێکم ماچ نەکردبوو، جگە لە ژوورە تاریکەکانی زیندان، هیچ شـوێنێکی ترم نەبینیبوو. ئەو هاوڕێیانەی لەسێدارە درابوون و ئەوانەی کە ئەشکەنجە درابوون، لەبەر چاوم بوون، ئەوەم دەهاتەوە یاد کە چۆن ئەفسەرێکی پلەبـەرز لـە زیندانـی تەبریز میرزا باقـر حاجـی زادەی هونەرمەندی شـانۆکاری دابووە بەر شـەق و پێلەقە، ئەو داماوەش هاواری دەکرد. ئەو ئەفسەرە هەڕەشەی لێدەکرد و دەیگووت: بەردێکت پێوە دەبەستم بە فڕۆکەی سەربازییەوە دەتبەستمەوە و فڕۆکەکە هەڵدەفڕێنم، چونکە تۆ کەسـێکی خائین و وڵاتفرۆشیت، بەڵام ئەو کەسێکی نیشتمانپەروەر بـوو، بەکرێگیراوانـی ڕژێم بە نیشـتمانفرۆش و خائین و تیرۆریسـت ناویان دەبرد. لەیادمە ڕۆژێک ئەو ئەفسەرە پلەبەرزە گووتی: سەرۆکی بەشـی سیاسـی ئاگادار بکەنەوە کـە لێکۆڵینەوەیەکـی ورد لەگەڵ ئەم خۆفرۆش و وڵاتفرۆشەدا بکات. میرزا باقری حاجی زادە لە بەرامبەری وەسـتایەوە و گووتی: من هیـچ پارەیەکم نییە، قابلەمەی ماڵەکەمم برد تاکو بیفرۆشم، چونکە کەفیلیان لێم دەویست، بەڵام کەس ئامادە نەبوو لێـم بکڕێت، ئێسـتا من چۆن دەتوانم ئەم نیشـتمانە بـەم گەورەییەوە بفرۆشـم. سـاواکییەکان ئەگـەر کەسـێکیان دەسـتگیربکردایە و هیچ

بەڵگەیەکــی تاوانباربوونی پــێ نەگیرایە، ئەوا عەینــەک و فلْچەی ددان شــۆرین و پێنووســەکەیان لێوەردەگرت و بە تاوانی ڕۆشنبیر و دژی ڕژێــم دەیانکــرد بە دۆســیەکەیەوە و تاکو بلێن لەســەر ئــەم بنەمایە دەستگیرکراوە.

تەواوی لاوانی خەباتگێڕ و تیکۆشــەری وەکو ئەسکەندەری سادقی نــەژاد، ئەمیر پەرویــزی پویان، ئەحمــەد زادەگان، بەهرۆزی دەهقانی، عەلــی ڕەزای نابەدل، مەنافــی فەلەکی زەهتاب، مەشــعوفی کلانتەری، بێژەنــی جەزەنــی و هاوڕێکانی، دکتۆر فاطمی، ســەعید ســولْتان پور، خەســرەوی گوڵسورخی، ســەعید موحســین و هاوڕێکانی، هۆشەنگی ئەنوشــە و هەزاران هەزار ناوی تر دەهاتنەوە بەر چاوم. میرزا باقری حاجــی زادەش کــە هونەرمەندێکی گــەورە بوو، لە تەمەنــی پیرییدا لە گۆشەیەکی شەقامی شاری تەبریز لە سەرماندا ڕەقبووەوە و مرد، ئایا ئەو کەسێکی نیشتمانفرۆش بوو؟

بەڵێ، لەو کاتەوە کە تووشی دکتۆر سەحابی و موهەندیس سەحابی بووم و کەوتمە ڕێ بەرەو ماڵی کچەکەم، ئەو ڕووداوانە هەروەکو فیلم دەهاتنە پێش چاوم.

عەلی ئەبشــرەف دەروێشــیان: چۆن چوویتە ماڵیان، کچەکەت کاردانەوەی چی بوو؟

ســەفەرخان: دکتۆر ســەحابی کەســێکی دنیادیدە بوو، ئەو هەوڵی دا هەواڵەکــە بــە جۆرێــک بە کچەکــەم بڵێت کە تووشــی بوورانەوە و دڵەڕاوکــێ نەبێت. کە گەیشــتینە بــەر دەرگای ماڵیان، دکتۆر دابەزی و زۆر بــە هێمنی لە زەنگــی دەرگای دا، کچەکەم چەند ڕۆژێک لەوەوبەر چاوپێکەوتنێکــی لەگــەڵ ڕۆژنامەی (ئاینــدەگان) ئەنجــام دابوو، وەک هەرکەســێکی خەباتگێڕ خۆی و هاوســەرەکەی (موحســینی عەباسی) چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد پۆلیس بێن و دەستبەستیان بکەن، کچەکەم هاتە دەرەوە و دەرگاکەی کردەوە و سڵاوی کرد.

دکتۆر سەحابی پرسیاری لێکرد: تۆ کچی سەفەرخان نیت؟

مەهین: بەڵێ! بفەرموون، چیتان دەوێت؟

دکتۆر سەحابی: هەواڵت نییە ئەو کەی ئازاد دەکرێت؟

مەهین: نەخێر هەواڵم نییە، ئەمڕۆ ڕۆیشــتم بۆ ســەردانی، ناوی لە لیســتی ئازادبوونــدا نەبوو، باوکی بێچارەم دەبێت تــا کەی لە زینداندا بێت؟

دکتۆر سەحابی: کچم نائومێد مەبە ئینشائەڵڵا ئازاد دەبێت.

مەهین: (ئاخێکی هەڵکێشا) لەوانەیە تەمەن دەرفەت نەدات باوکم بێتەماڵی ئێمە.

دکتــۆر ســەحابی: ئەگەر تۆ دەعوەتێکمان بــۆ بکەیت، من هەواڵێکی خۆشت پێدەدەم.

مەهیــن: من خــۆم و منداڵەکانم دەکەم بەقوربانــی باوکم، دەعوەت چییە؟ دەترسم بەم کاتی نیوەشەوە شتێکی لێ بەسەرهاتبێت.

دکتــۆر ســەحابی: نــا کچی خــۆم، باوکت هیــچ کێشــەیەکی نییە و ســەلامەتە، هەموو شــتێک لەباشــیدایە، باوکتم هێنــاوە، فەرموو ئەوە سەفەرخانە و ئەوەش ئێمە.

مەهیــن هەروەکو ئافرەتێکی شــێت بەخێرایی هاتە دەرەوە و چاوی بە من کەوت، من لەســەر پێشنیاری دکتۆر ســەحابی چەند هەنگاوێک لەولاتــر خــۆم دابــووە پاڵ دیوارەکە و ســەیری ئەوانــم دەکرد، بەڵام ئەم ســەیرکردنە وەک سەیرکردنی پشتی شیشــە ئاسنینەکانی زیندان نەبوو. بەرەو ڕووم هات و باوەشمان بۆ یەکتری کردەوە و یەکتریمان لەئامێز گرت. فرمێســکم بە چاواندا دەهاتە خوارەوە، موهەندیسیش لە دوورەوە سەیری ئێمەی دەکرد، بە دەنگەدەنگی ئێمە نەوەکانم لە خەو هەڵسان و بەسەر سوڕمانییەوە ســەیری بابەگەورەیان دەکرد، بەرەو لایان ڕۆیشتم فرمێسکەکانم ڕووخساری ئەو گوڵانەیان تەڕ کرد.

بەرەو گوندی شیشوان

عەلی ئەشـــرەف دەروێشـــیان: دوای ئازادبوونت لە زیندان، لە کوێ نیشتەجێ بوویت؟

ســـەفەرخان: ماڵی مەهینی کچم لە شەقامی جەمشـــیدئاوا بوو، کە ئێســـتا ناوەکەی گـــۆڕاوە بە شـــەقامی جەمالـــزادە، خەڵکـــی دەیانزانی مـــن لە کوێم، ئیتر هاتوچۆ و ســـەردانیکردن دەســـتی پێکـــرد، لەوانەیە زۆربەی خەڵکی تاران هاتبن بۆ ســـەردانیکردنم. ڕۆژانە لە کاتژمێر (٦)ی بەیانییەوە تاکو (١١)ی شـــەو دەرگای ماڵەکە کراوە بوو، سی کەس ســـی کەس خەڵکی دەهاتنە ژوورەوە، ژمارەیەکی زۆریش لەبەردەرگا دەوەستان تاکو نۆبەیان بەرکەوێت و بێنە ژوورەوە. بۆ هەر سی کەس و چارەکە کاتژمێرێک دیاریکرابوو بۆ بینینم، هەرکەســـێک دەهات منی دەبینی و دەگەڕایەوە. بینینی ئەو خەڵکە زۆرە بۆ من مایەی خۆشحاڵیی بـــوو، بەڵام ماندووش دەبـــووم، هەندێک جار وا ڕێدەکەوت کاتژمێر (٢ و٣)ی شـــەو دەخەوتـــم، بەیانیـــان کاتژمێر (٦) لە خەو هەڵدەســـتام بۆ پێشوازیکردن لە میوانەکان.

بـــەردەوام لـــە گەڕەکـــەکان خۆپیشـــاندان بوو، هێشـــتا ســـەرەتای ســـاڵی (١٣٥٧) بوو، ڕۆژێک لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد، خۆپیشـــاندان و هاوارکـــردن و ڕاکـــەڕاک بوو، چاوم لێبـــوو کۆمەڵێک هەڵاتن و هاتنە کۆڵانی ماڵی کچەکەم، لەدوایانەوە پۆلیس دەســـتی کرد بـــە تەقەکردن لێیـــان، پیاوێک هاتـــە کۆڵانەکە و ژنێکـــی جوانی لەگەڵدا بوو، نازانم هاوســـەری بوو، یان خوشـــک، هەردووکیان گەنج و جوان بوون، ئۆتۆمبێلێکی پڕ لە پۆلیس دوایانکەوتن، پۆلیسێک لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزی و نیشـــانەی لە پیاوەکە گرتەوە و تەقەی لێکرد، فیشـــەکێک بەر ســـەری کەوت و کـــەوت بە زەویدا، ژنەکەش دەســـتیکرد بـــە هاوار و

گریان، خەڵکی بەسەریان چڕژا و پیاوەکەیان خستە ئۆتۆمبێلەوە و بردیان. خەڵکێکی زۆر لەو ناوە کۆبوونەوە و پۆلیس هاتن و بڵاوەیان پێکردن، چەند کەسێک لە ترسی پۆلیس هاتنە ماڵی مەهین. پۆلیسەکانیش هاتنە ژوورەوە، کاتی نیوەڕۆ بوو، ئەوانەی هاتن و لەسەر سفرەکە دانیشتن، نزیکەی (٢٠ تا ٢٥) کەس دەبوون، گووتم هەندێکتان بڕۆنە سەربان، پۆلیسەکان هاتنە سەرەوە و لە ئێمەیان پرسی. ئایا کەسانێک هاتوونەتە ئێرە؟ گووتم: نەخێر ئەمانە میوانی ئێمەن. ئاغای عەباسی هاوسەری مەهینی کچم گووتی: من خاوەن ماڵم. پۆلیسەکان گووتیان: ئەمانەی لەسەر سفرە دانیشتوون کێن؟ ئاغای عەباسی گووتی: ئێ ئەوانە میوانەکانمانن. پۆلیسێک گووتی: باشە ئەم کەسەیان ناوی چییە؟ ئاغای عەباسی نەیتوانی وەڵام بداتەوە. ئەفسەرەکە گووتی: ئەوانی تریان بۆ کوێ چوون؟ ژوورەکان گەڕا و ڕۆیشت بۆ سەربان و ئەوانی تریشیان هێنایە خوارەوە. ئێمە و چەند کەسێک لە خۆپیشاندەران کەوتینە نێوەندگیریی و داوامان لێکردن ئەمجارە لێیان ببوورن و لەگەڵ خۆیاندا نەیانبەن، ئەوانیش شل بوون و زۆر گرنگییان پێ نەدان و ڕۆیشتن. بەردەوام دەرگامان کراوە بوو، خەڵکی لە ترسی هێرشی پۆلیس دەهاتنە لای ئێمە. بەهەرحاڵ وازیان لێهێنان و هەمووانیان ئازادکرد و خۆیان ڕۆیشتن. پێم سەیر بوو، نازانم چۆن پۆلیسەکان ئەو کارەیان کرد، لەوانەیە لەبەر ئەو خوێنە بووبێت کە لە کۆڵانەکەدا ڕژابوو. کاتێک پۆلیسەکان ڕۆیشتن خەڵکێکی زۆر هاتنە شوێنی خوێنە ڕژاوەکە و چەپکە گوڵیان لەسەر خوێنەکە دانا، بەدڵنیاییەوە بریندارەکە مردبوو، چونکە فیشەک بەر سەری کەوتبوو.

بیرم کردەوە من ئەگەر بمەوێت لێرە بژیم، لێرە ڕەوشەکە ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبێت، ڕۆژێک دانیشتم لەگەڵ ئاغای عەباسی و مەهینی کچم و چەند خزمێک کەوتینە گفتوگۆ. بڕیارم دا بڕۆم بۆ تەبریز. بەهرۆزی حەقی ماڵی لە تەبریز بوو، گووتی: ئەگەر دەتەوێت بچیت بۆ تەبریز دەبێت بێیت بۆ ماڵی ئێمە. دیارە ئێمە لە تەبریز چەند شوێنێکمان

لەبەرچــاو گرتبــوو. گووتم: باشــە دێمەماڵی ئێــوە، هەمووما‌ن لەگەڵ بەهرۆزدا هاوڕا بووین، دیارە زۆر لە یەکترییەوە نزیک بووین، بەهرۆز لە پێش ئێمەدا بەرەو تەبریز بەڕێکەوت، تاکو ماڵەکەی ئامادە بکات. ئێمە ڕۆژێــک کاتژمێر(٥)ی بەیانی لەگەڵ (١٢ تــا ١٣) ئۆتۆمبێل لە تارانەوە بەڕێکەوتیــن. مــن و ئاغای عەباســی و پەرویێزی برای و دوو کەســی تر لە ئۆتۆمبێلی یەکەمدا بووین، زۆر هێمن و لەســەرخۆ دەڕۆیشــتین، هەوڵمان دەدا دوای نیوەشــەو بگەینــە تەبریز، چونکە لە تەبریز هەواڵ بــڵاو ببــووەوە کە ئێمە دەڕۆین بۆ ئــەوێ و لەوانەیە خەڵکی کۆببنەوە و هەراو دەنگەدەنگ دروســت ببێت. کاتژمێر (٢)ی نیوەشەو گەیشتینە تەبریز، بە شــەقامی شەشــی گوڵاندا ڕۆیشــتین، چونکە ماڵی خوشکی بەهرۆز لەوێ بوو.

گەیشــتینە ماڵــەوە، کۆڵانەکــە کەمێــک تەســک بــوو، خانووەکەش بچــووک بــوو، ئەوان بەپەلــە ماڵەکەیــان ڕێکخســتبوو. کاتژمێر (٢)ی شــەو گەیشــتین و لێی خەوتیــن، کاتژمێر (٨)ی بەیانــی زەنگی دەرگا لێیدا. تیپی مۆســیقای تەبریز هاتبوون، کە سەرپەرشتکاریان حەسەنی مۆســیقار بوو، دواتــر عەبدولعەلی هات، چەنــد هونەرمەندێکی تریش هاتــن. ئەو چەنــد ڕۆژەی کە من لــە تەبریز بووم، ئەوانیــش لەو ماڵە بــوون و بــەردەوام ئاهەنگیان ســاز دەکرد، هونەرەکەیــان زۆر جوان بوو، هەندێک جار قەرەباڵغی دروســت دەبوو، پۆلیس دەهاتن و گازی فرمێســکڕێژیان لە حەوشــەکەدا دەڕشــت و چاوەکانمان ئاوی دەکرد. تەبریــز لە تــاران قەرەباڵغتر بوو، ڕۆژانە لــە کاتژمێر (٣٠: ٨) بەدواوە بەلێشــاو خەڵکی دەهاتن بۆ ســەردانیکردنم، بە جۆرێک ڕۆژانە پۆلیس دەڕژانە ســەرمان، ئــەوان کاریان بەســەر منەوە نەبــوو، بەڵام گازی فرمێســکڕێژیان بەســەر ئەو کەسانەدا دەڕشــاند کە لە دەرەوە بوون، هیچ کەسێکیان دەستگیر نەدەکرد، تەنها ئاگادارکردنەوەیەک بوو. تاکو ڕۆژێک ئەفسەرێکی پۆلیس هات بۆ لام و گووتی: ئێمە بەدەست ئێوەوە ماندوو بووین، وا باشــترە ئێوە خۆتان بڵاوە بەو خەڵکە بکەن کە دێنە

ســـەردانتان، یان تەبریز جێبهێڵە و بڕۆرە شـــوێنێکی تر، بەڕاستی ئێمە لـــە تواناماننـــدا نەماوە و ناشـــمانەوێت ئـــازاری تۆ بدەین. ئـــەو زۆر بە ئەدەبەوە قســـەی لەگەڵدا کردم. گووتم: بەســـەرچاو بەمزووانە دەڕۆم. ئەفسەرەکە دانیشت و چایەکی خواردەوە و ڕۆیشت.

شەو خزمان و دۆستان لە دەورم کۆبوونەوە، بڕیارم دا کە ئەو ماڵە جێبهێڵم، بەڵام هیچ شوێنێکم شک نەدەبرد ڕووی تێ بکەم، بۆیە بڕیارم دا بڕۆم بۆ گوندی شیشـــوان، واتە گوندەکەی خۆمان. کاتژمێر (١٠)ی بەیانـــی بە کاروانێکـــی زۆری ئۆتۆمبێلەوە کەوتینە ڕێ، چونکە چەندین ئۆتۆمبێلـــی تـــر لەگەڵمان بەڕێکەوتـــن، هەر بۆیە چەندین ســـەربازیش شـــوێنمان کەوتن. کاتێک گەیشتینە شـــاری ئازەرشەهر، شەش مەڕیان لەبـــەر پێماندا ســـەربڕی، کاتێک لە ئازەرشـــەهر تێپەڕین ســـەیرم کرد دوو ئۆتۆمبێلی گەورەی پڕ لە سەرباز لەگەڵ ئێمەدا دێن، ئێمە هێواش بووینەوە، ئەوانیش ئۆتۆمبێلەکانیان هێواشـــکردەوە، ئیتر تێگەیشـــتم بە بڕیارێک لەگەڵ ئێمەدا دێن، تاکو گەیشـــتینە شـــاری عەجەبشێر هەر بە دوامانەوە بوون، لە عەجەبشـــێر خەڵکی ڕژانە ســـەر جادە و دەستیان کـــرد بە وتنەوەی دروشـــمی شۆڕشـــگێڕیی و هاواریـــان دەکرد بژیت ســـەفەرخان، بژیـــت ســـەفەرخان. کەمێکی تر ڕۆیشـــتن و ئەفســـەرێک هـــات و بڵاوەی بە خەڵکەکە کرد، هاتە پێش ئێمە و عەلی شـــۆفێری لە ئۆتۆمبێلەکـــە دابەزانـــد و گووتی: ناوت چییە؟ ئەویـــش ناوی خۆی پێ گووت و ئەفسەرەکە گووتی: چەکەکەتم پێ بدە. عەلی گووتی: چەکم پێ نییە، ئەفســـەرەکە گووتی: چەکەکەت لە ئۆتۆمبێلەکەدایە، عەلی گووتی: سەیری ناو ئۆتۆمبێلەکە بکە. ئەفسەرەکە سەیری کرد و هیچی نەبینی، بـــەڵام ئێمە چەکێکمان پێبوو شـــاردبوومانەوە، لە شـــاری عەجەبشـــێر تێپەڕین و دوای دە خولەک گەیشتینە گوندی شیشوان.

عەلی ئەشــرەف دەرویشیان: منیش هاتم بۆ ئەوێ، لە شیشوان هاتمە خزمەتت؟

سەفەرخان: بەڵێ، لەگەڵ خوشکەزاکانتدا هاتیت.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: منیش یادەوەرییەکم لێرە هەیە.

سەفەرخان: منداڵانی خوشکەکەت سروودیان بۆ خوێندمەوە، بەڵێ، ئێمە چوار پێنج ڕۆژ لە شیشــوان بووین. زۆر کەسمان بینی. دوو سێ کەس هاتن و من گلەییم لێکردن. گووتم: فلان کەس تۆ بۆچی ئەو کاتە ئــەو کارەت کــرد؟ بۆ ڕۆیشــتی هاوکاریی فلان ئاغات کــرد، ئەوانیش ســەریان داخســت و هیچ وەڵامێکیــان پێ نەبوو. ڕۆژێک ڕۆیشــتم بۆ ماڵــی یەکێــک لە ئاغاکان کە لە کاتی کێشــە و ئەڵۆزییــەکان هەڵاتبوو، خەڵکی ڕژابوونە ســەر ماڵەکەی و زیانێکی زۆریــان پێگەیاندبوو. ئەو ئاغایە ناوی قاسم ئاغا بوو، من یادەوەریی زۆرم لەگەڵ ئەم ئاغایانەدا هەیــە، زیندانێک لــە ژێرزەمینی ماڵی ئەم ئاغایانەدا هەبوو، خەڵکیان لێ ئەشــکەنجە دەدا. دیارە خەڵکیش بەرگرییان لــە خۆیان دەکرد. دێتەوە یادم هەندێک کات بە تایبەتی لە ڕۆژی عاشورادا خەڵکی هەڵیاندەکوتایە سەریان و زیندانییەکانیان ئازاد دەکرد، بەهەرحاڵ. شەوێکیان کاتژمێر (٩)ی شــەو بوو، ئەو ئەفســەرەی لە عەجەبشێر هات و پێشی پێگرتین و داوای چەکی لێکردین، هات بۆ ماڵمان. کەســێکی هێمن و لەســەرخۆ بوو، زۆر جیاوازتر لەو ڕۆژەی لە عەجەبشــێر بینیم، زۆر بە بێدەنگی و دۆســتانە هات و دانیشــت، چایەکیان بۆ هێنا و داوای لێبووردنی لە مــن کرد و گووتی: ئاغاکان ئێمەیــان وا تێگەیاندبوو کە ئەگەر تۆ لێرە بمێنیتەوە، بەو هێزەی لەگەڵتایە دەســت بەســەر بنکە ســەربازییەکەدا دەگــرن. ئێمــەش بە بیســتنی ئەو هەواڵە ترســمان لێ نیشــت، ئێســتا ئێمــە دەزانین تــۆ بەرنامەیەکی خراپــت نییە، هەربۆیــە هاتووم داوای لێبووردنت لێ بکەم. ئینجا گووتی: تۆ لێرە بمێنەرەوە و کارت بەســەر کەســەوە نەبێت، هەر کارێکت هەبوو ئێمە ئــاگادار بکەرەوە. من چوار

پێنج ڕۆژ لە شیشوان مامەوە، دواتر ڕۆیشتم بۆ ئورمیە، سەردانی زەنور و خوالێخۆشبوو ئەبولفەزڵی قزلباخیم کرد، کە یەکێک بوو لە هاوڕێیانی زیندانم.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەم ئەبولفەزڵ بە خزمایەتی دەگاتە تۆ؟

سەفەرخان: نەخێر، ئەو هاوڕێی زیندانم بوو، بەداخەوە لە ساڵی (١٣٦٠) لە تێکهەڵچوونێکدا لە بەندەر ئەنزەلی کوژرا.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئێستا ئەگەر دەکرێت باسی دووەم پرۆسەی هاوسەرگیریتمان بۆ بکە.

سەفەرخان: باشە ئەگەر پێویست بکات بۆتان باس دەکەم.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئاخر ئەو زۆر پێداگریی کرد و گووتی: با سەفەرخان کەمێک لەبارەی منەوە قسە بکات.

سەفەرخان: هەروەکو پێشتر باسم کرد هاوسەری یەکەمم ساڵی (١٣٤٣/ ١٩٦٤) کۆچی دوایی کرد، کاتێک لە ساڵی (١٣٥٧) لە زیندان ئازادکرام لەگەڵ خزم و کەسەکانم ڕۆیشتم سەردانی گۆڕەکەیم کرد، دوای چەند ڕۆژێک بیرم کردەوە کە ئەگەر کەسێکی باشم دەست بکەوێت، وا باشترە دووبارە هاوسەرگیریی بکەمەوە، بەڵام مەهینی کچم دژی ئەوە بوو هاوسەرگیریی بکەمەوە، دوای ماوەیەک لە هەمان گوندی شیشوان ژنێکیان بۆ دۆزیمەوە، بەڵام کچەکەم گووتی: نابێت هاوسەرگیریی بکەیت، من حەز ناکەم کەسێک بێتە ئەمماڵە و جێگای دایکم بگرێتەوە، منیش لەبەر خاتری کچەکەم وازم لێهێنا، بەڵام بە دڵ پێم ناخۆش بوو. مەهین دەیگووت: من سەردانت دەکەم و تەواوی کارەکانی ناو ماڵت بۆ ئەنجام دەدەم، ئیتر بەرنامەکەم هەڵوەشایەوە و هاوسەرگیریم نەکرد. مەهین ماوەیەک دەهات و سەردانی دەکردم،

بـەڵام هێـواش هێواش ئەویـش بێتاقەت بـوو نەدەهات بەلامـدا، بۆیە دووبـارە بڕیـارم دا کـە هاوسـەرگیریی بکەم. ژنێک هەبـوو لە تاران دادەنیشـت، ئـەو لـە ئاوارەکانی سـۆڤیەت بوو، لە تاران ئارایشـتگای هەبوو، ئەم موحتەرەم خانمە کە هاوسـەرگیرییم لەگەڵدا کرد، هاوڕێی ئـەو ژنە سـۆڤیەتییە بوو، ڕۆژێـک موحتەرەم خانم بۆ ئارایشـتکردن سـەردانی ئـەو ژنـە دەکات، ئەویش پێشـنیاری بۆ من کـرد کە بچمە داخوازیـی موحتـەرەم خانم. ئەوەبـوو یەکتریمان بینـی و پێکهاتین و بەیەکەوە هاوسەرگیرییمان کرد.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: موحتەرەم خانم هاوسەری پێشووی مردبوو؟

سـەفەرخان: نەخێر، لە یەکتری جیا ببوونەوە، یەکێک لە کوڕەکانی موحتـەرەم خانـم لە وڵاتـی ئەڵمانیـا دەژی و کاری بازرگانی دەکات. ئـەو کاتە موحتـەرەم خانم کارمەند بوو، دەچووە سـەر کار، بەیانیان کاتژمێر پێنج هەڵدەستا و دەڕۆیشتە سەر کار، زۆر ئازا و گورجوگۆڵ بـوو، هیچ کێشـەیەکی بۆ من دروسـت نەدەکرد، بـەڵام دوای ئەوەی خانەنشـین کرا لە ماڵەوە دانیشـت و کێشەکان دەستیان پێکرد. ڕۆژانە دەوروبـەری من قەرەباڵغ بوو، بـەردەوام میوانمان دەهات، منیش ئەو کاتـە هێـز و توانام باش بوو، موحتەرەم خانمیش وەک ئێسـتا نەبوو، پێشـوازیی لە میوانەکان دەکرد و خزمەتی دەکردن. ئەو کات ماڵەکەم ببووە دیوەخانێک، ئەو کەسانە زیاتر سەردانیان دەکردم کە لە زینداندا کەسـەکانیان بێسـەر و شـوێن ببوون، بە جۆرێک ماڵەکـەم قەرەباڵغ بوو، کە بۆ پلینیۆمی شانزەیەمی حیزبی تودە بانگهێشتی منیان نەکرد، گووتبوویـان ماڵەکـەی بووەتە بارەگای چریک فیداییـەکان، دیارە ئەو کەسانەی سەردانی ماڵی منیان دەکرد، هەمەجۆر بوون.

عەلی ئەشرەفدەروێشـیان: وا باشـترە بێینەوە سـەر باسـی هاوسەری دووەمت.

سـەفەرخان: بەڵێ، یەکێـک لـە تایبەتمەندییەکانی مـن ئەوەیە کە حەزدەکـەم تەواوی کارەکانی ژیانی خـۆم، خۆم ئەنجامیان بدەم، واتە ئامـادە نیم کەسـێک هاوکاریيم بـکات، لە زیندانیش هـەر ئاوها بووم، تەنانـەت چاییەکەشـم خـۆم ئامادەم دەکـرد و دەمکـردە تەرمۆزەوە. تەرمۆزەکەم ناسراو بوو، هەموو زیندانییەکان چاییان لێ خواردبووەوە، تـا ئـەو ڕۆژەی لە زیندان ئازادکـرام تەرمۆزەکەم هـەر مابوو، دواتر وەک یادگارییەک دام بە بەهرۆز. بەڵێ، تایبەیمەندیی من ئاوها بوو کە هەموو کارەکانم خۆم ئەنجامیان بدەم. لەدوای سـاڵی (١٣٦٠) ئامانجی کچەکەم ئەوەبوو کە ڕێگریی بکات لەوەی کە هاوسـەرگیریی بکەم، بە جۆرێک کچەکەم دەستی بەسەر کارەکانی مندا گرتبوو، کە نەتوانم بیر لە هاوسـەرگیریی بکەمـەوە. لە سـاڵەکانی (١٣٦٠و ١٣٦١) من هێز و توانام باش بوو، بەردەوام میوانم دەهات و خەڵکی بەزۆریی هاتوچۆیان دەکـردم، بـەردەوام چەند مریشـکێکم چـاک دەکرد و دەمخسـتە ناو بەفرگرەکـە. ڕۆژی چەند جارێک خواردنم ئامادە دەکرد، هەرکەسـێک دەهات بۆ سـەردانیم، ئەگەر برسی بووایە، بە زووترین کات خواردنم بۆ ئامادە دەکرد. ئیتر بۆم دەرکەوت ئەم کارە ناکرێت، میوان بە تەنها دانیشـێت و منیـش لە چێشـتخانە خەریکی ئامادەکردنـی خواردن بم. کاتێک موحتەرەم خانم بووە هاوسـەرم، ئەویش ویسـت و ئارەزووی خۆی هەبوو.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: لە ماڵەوەش هەروەکو زیندان پشتت بەخۆت بەستووە؟

سەفەرخان: بەڵێ، بەهەمان شـێوەی زینـدان، بەداخەوە موحتەرەم خانم بەو جۆرە نەبوو، کەسێکی توند بوو، بەردەوام شەڕە دەنووکمان بوو، بەردەوام دەمەقاڵێمان بوو، بەردەوام کێشەمان هەبوو، ئەگەر من

دانـم بە خۆمـدا نەگرتایە، کێشـەکانمان زیاتر دەبوون. تـا ئەو کاتەی دەچـووە سـەر کار و لە مـاڵ دوور دەکەوتەوە خـراپ نەبوو، کاتێک دەگەڕایەوە بۆ ماڵ شەکەت و ماندوو بوو، کارەکانی ناو ماڵ هەمیشە لە ئەسـتۆی من بوو، خۆم کارەکانم ئەنجام دەدا. ساڵی (١٣٦١) کاتێک ئاڵۆزییـەکان دروسـتبوون، ئەندامانـی حیزبـی تودە دەسـتگیرکران، ڕۆژێکیان منیش دەسـتگیرکرام و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردم، نزیکەی (٤ تا ٥) کاتژمێر هێشـتیانمەوە، بەڵام دوای ئەم لێکۆڵینەوەیە ئازادیان کـردم و گەڕامـەوە بـۆ ماڵـەوە، ئیتر لـەو کاتـەوە تا ئێسـتا کاریان بەسـەرمەوە نییە. پێیـان دەگووتم تۆ ئەندامی سـەرکردایەتیی حیزبی تودەیت. دیارە من ئەندامی فەخریی ئەو حیزبە بووم. تا سـاڵی (١٣٦٣) لە شـەقامی ڕۆستەم نزیک مەیدانی شـۆڕش ژیانێکی ئاسایی دەژیام، لەو سـاڵەدا نەخۆشـکەوتم و کیسی ئاو لەسـەر جگەرم دروست بوو، ڕۆیشـتم بۆ نەخۆشخانەی شەهریار و نەشتەرگەرییان بۆ کردم، بەڵام نەشتەرگەرییەکەم سـەرکەتوو نەبوو، لە نەخۆشخانە هاتمە دەرەوە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خراپتر دەبووم، لەسەر جێگا کەوتبووم، نە خواردنم دەخوارد، نە قسەم دەکرد. ڕۆژ بەڕۆژ لاوازتر دەبووم، ئازارێکی زۆرم هەبـوو. ڕۆژێکیان ئازارەکەم ئەوەنـدە زۆر بوو خەریک بوو لە هۆش خۆم دەچووم، ویسـتم تەلەفۆن بکـەم، تەلەفۆنەکەم لێدا و بوورامەوە، ئیتـر بەهـرۆزی نـەوەم دێـت و لـە دەرگا دەدات و دەرگا ناکرێتەوە، ناچـار لە سـەربانەوە دێتە خوارەوە و پەنجەرەکە دەشـکێنێت و دێتە ژوورەوە. سـەیر دەکات من بێهۆش کەوتـووم، بەخێرایی دەمگەیەنێتە لای دکتۆر. چەند دکتۆرێک دێنە سـەرم و پشـکنینم بۆ دەکەن و بۆیان دەردەکەوێت تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بووم، بەڵام هیچیان بە من نەگووت. یەکێک لە دکتۆرەکان ماچی کردم و گووتی: هەرچییەکت بێت من ڕاسـتییەکان بە تۆ دەڵێم. خەڵکێکی زۆر لەبەر دەرگا وەسـتابوون، چاوەڕوانی ئەنجامی پشکنین بوون، لە کۆتاییدا دکتۆر گووتی: وەرەمێک لەسـەر سـییەکانی هەیە، ئەویش ئەوەندە گرنگ نییە و نەشتەرگەریی

بۆ دەکەم ســەرکەوتوو دەبێـت. بۆ ڕۆژی دوایــی بردیانم بۆ ژووری نەشــتەرگەریی، دوای نەشــتەرگەریی وەرەمەکە دەبڕن و دەینێرن بۆ تــاران، کە وەڵامەکــەی گەڕابووەوە گووتبوویان ئــەو وەرەمە گومانی شــێرپەنجەی لێدەکرێـت. لــە ڕۆژی نەشــتەرگەریی و ڕۆژانــی دواتر چەندین کەس لە دەورم کۆبوونەوە. ماوەی یەک ساڵ لەژێر چاودێریی پزیشکیدا بووم.

عەلی ئەشــرەف دەروێشــیان: ئەو ماوەیەی لە زیندان بوویت؛ لەگەڵ کەسدا تووشی کێشە بوویت؟

سەفەرخان: بەڵێ، یەک جار تووشی شەڕ بووم.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان: لە کام زیندان بوویت؟

سەفەرخان: لە زیندانی قەسر بووم، ئاغای شەهید زەند هەڵسوکەوتی لەگەڵ مندا باش نەبوو، ئەو بێچارەیە دوای ماوەیەکی کەم لە ئازادبوونی بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە کۆچی دوایی کرد، ئەو ماوەی (٢٥) ساڵ لە زینداندا بوو. ڕۆژێکیان من خەریکی وەرزشکردن بووم، هاوینی ساڵی (١٣٥٣) بــوو، نازانــم چی بوو، هاتوهاواری کرد بەســـەرمدا و گووتی: شــەعبان بێمــۆخ، چونکــە وەک شـــەعبان بێمۆخ وەرزشــم دەکرد. من سەرەتا تێنەگەیشتم، بەڵام دوایی لە چەند کەسێکم پرسی، ئەو برادەرە چی گووت و مەبەســتی چی بوو. کە بۆم دەرکەوت چی گووتووە، بە تورەییەوە ڕۆیشتم بۆ لای، عەزیزی سەرمەدی پێشی پێگرتم و بەزۆر هێنامییــە ژووری چێشــتخانەی بەندی شــەش، کــە ژوورێکی بچووک بوو. هێشــتا ئەو میلە ئاسنەی وەرزشــم پێ دەکرد، هەر بە دەستمەوە بوو، بە تورەییەوە قســەم دەکرد. ســێ کەســی تر لێم هاتنە پێش تاکو هێمنم بکەنەوە. ڕاستییەکەی ئەوەبوو دەمویست بچم وانەیەکی دابدەم. ئەویــش زۆر ترســابوو چووبووە پەنایەکەوە و ســەیری دەوروبەری خۆی دەکرد و بە چەند کەسێکی گووتبوو تووخوا ئاگادارم بن مەهێڵن

لێم نزیکبێتەوە، بەو چەند کەسەی گووتبوو بەخوا بمگرێت دەمکوژێت. بەهەرحـــاڵ زیندانییـــان منیان گـــرت و ســـوێندیان دام وازی لێبهێنم و بردیانمەوە بۆ ژوورەکەی خۆم. دواتر چەند برادەرێک ڕۆیشتن بۆ لای ئەو و پێیان گووتبوو بۆچی جوێنت پێداوە؟ ئەو کەسێکی ناتەواو بوو، قسەی ناشرینی بە هەموو کەسێک دەدا، من زۆر شتم لەبارەی ئەوەوە بیســـتبوو، تاوانی بەدڕەوشـــتی دەخستە پاڵ زۆرێک لە زیندانییان، کەم کەس هەبوو لە زیندان ئەو تاوانی نەخستبێتە پاڵ. من زۆر لێی پەست بووم، ئەویش باش ترســـابوو. ئەو میلە ئاســـنەی وەرزشـــم پێ دەکرد، هێشـــتا بە دەســـتمەوە بوو، ویســـتم بیکێشـــم بە ســـەریدا، بەڵام دوایی دڵم پێی دەســـووتا. ئەو هیچ کەســـێک لە دەرەوەی زیندان نەدەهات بۆ سەردانیکردنی و دواتر هاوکارییشم دەکرد.

یەکەمین چاوپێکەوتن/
ڕۆژنامەی کەیهان ژمارە (١٠٥٩٥/ ٤ی ئابانی ١٣٥٧)

دوای سی ساڵ، لەم ئازادییە چاوەڕواننەکراوەدا، من خۆم بە قەرزارباری خەڵکی دەزانم، ئەگەر ئەو خەڵکە بەیەکەوە ڕانەپەڕینایە و نەهاتنایە سەر شەقام، ئەوا دەبووایە من تا کۆتایی تەمەنم لە زینداندا ژیان بەسەر بەرم. ئەم ئازادییەی کە بە هەوڵ و تێکۆشانی خەڵکی بەدەست هات، پیرۆزبایی لە تەواوی جەماوەر دەکەم.

بۆچی بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئازادییە خوێن کەم ڕژاوە؟ کەم گوللە لە سنگی ئازادیخوازان دراوە؟ من (٣٢) ساڵ لەمەوبەر و دوای (٥) ساڵ لە خەبات و تێکۆشان لەناو دیموکراتەکانی ئازەربایجان، کە لە کۆتاییدا دەستگیرکرام و خرامە کونجی زیندانەوە، خەباتی من لە دژی ڕژێمێکی سەرمایەداریی بوو، هەربۆیە بە حوکمی هەتاهەتایی حوکم درام.

ساڵی (١٣٥٥) لەگەڵ (٧٠) زیندانیی تر بۆ نووسینی پاکانە بردیانم بۆ زیندانی ئەوین، من بە هیچ جۆرێک ئامادە نەبووم پاکانە بنووسم، هەر بەهۆی ئەو خۆڕاگرییەمەوە بوو بۆ ماوەیەکی زۆر لە خراپترین شوێنی زیندانی ئەوین هێشتیانمەوە. سەرۆکی زیندان پێی گووتم دەبێت هەتاکو دەڕزێیت لەم شوێنەدا بمێنیتەوە، منیش پێکەنیم و گووتم: من کەسێک نیم بڕزێم، من پیاوی ناو کونجی زیندانەکانم.

پێتان سەیر نەبێت ئەگەر شارەزای شارەکان نەبم و شەقامەکان نەناسم، من بەردەوام هۆش و بیرم لای زیندانییانی سیاسییە، ژیانی من واتە کونجی زیندان، من ئەو لاوانەم بینیوە کە هێشتا موو لە ڕووخساریان نەهاتبوو، ئەوان بەهۆی خوێندنەوەی کتێبێک خرابوونە زیندان، من ئێستا ناتوانم هیچ بڵێم، هەموو ژیانی من یادەوەرییە.

من هێشتا ناتوانم هەست بە وشەی جوانی ئازادیی بکەم.

ژیانــی من پەڕاوێکە بــە مەرەکەبی خوێن هەمــوو یادەوەرییەکانی (٣٢)ساڵی تێدا نووسراوەتەوە.

خۆ لێم دەپرســیت ئارەزووت چییە؟ من بە ڕاشــکاویی پێت دەڵێم. ئارەزووی من ئازادیی تەواوی پارتەکانە و ئازادیی تەواوی زیندانییانی سیاسییە.

پێشوازیکردن لەلایەن خەڵکەوە

ماڵی سەفەرخان ڕووبەڕووی هێرشـێکی بێوێنەی خەڵک ببووەوە، بە جۆرێک کە ژوور و هۆڵ و حەوشە و بەردەرگای ماڵی ئەم زیندانە ناسـراو و خۆڕاگرە بەردەوام پڕبوو لە خەڵک، خەڵکی دەسـتە دەسـتە دەهاتـن بـۆ سـەردانیکردنی و لەئامێزیـان دەگرت و ماچیـان دەکرد. بەهۆی قەرەباڵغییەوە زۆرێک لەو کەسانەی کە دەیانویست چاویان بە سەفەرخان بکەوێت، بۆیان هەڵنەکەوت کە چاویان پێی بکەوێت، ئەوان ڕێز و خۆشەویستی خۆیان بە چەپکە گوڵێک بۆ سەفەرخان دەردەبڕی و بە نووسـینێک لەسـەر چەپکە گوڵەکە ڕێزی خۆیـان بۆ دەردەبڕی. نووسینی سەر چەپکە گوڵەکان زیاتر ئەم دروشمانە بوون:

-سڵاوی گەرمی خۆم پێشکەش دەکەم بە سەفەرخانی قارەمان.

-ئازادیی تۆ لە زینداندا سەرکەوتنە بۆ تەواوی خەباتگێڕان.

-ئازادیخوازانـی ئێـران، تۆ و زیندانییانی تریـان ئازادکرد، یادی تۆ هەتاهەتایـە لەناو دڵی خەڵکی ئێراندا بە زیندوویی دەمێنێتەوە. ناوی تۆ لـە پاڵ ناوی کوێرئوغلی و سـەمەدی بەهرەنگی لە مێژووی ئێراندا بە نەمریی دەمێنێتەوە...

تـەواو

٢٠٢٢/٧/٣

سێکانیان

بیرەوەرییەکانی

سەفەرخان

چەندین ساڵ بوو ناوی سەفەرخانم بیستبوو، دەمزانی کەسێکی ئازەرییە و خەڵکی ئازەرشەهر و تەبرێزە، ئەویش هەر وەکو غەنی بلوریان، عەزیز یوسفی، جەلیلی گادانی، بێژەنی جەزەنی و خوسرەوی گوڵسورخی زیندانییەکی ئازا و بەورە و خۆڕاگری زیندانەکانی ئێران بووە، بەڵام هیچ زانیارییەکی ئەوتۆم لەسەر شێوازی خەبات و تێکۆشان و ئاوارەیی و دەستگیرکردن و خۆڕاگرییەکانی ناو زیندانی نەبوو...

وەرگێڕ

بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
directorate of media, printing and publishing sulaimany

سلێمانی
٢٠٢٢